حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکـــۆی سلێمانی
کۆلێجی زانسـتە مرۆڤـایەتییـەکان
بەشی مێژوو

# سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوە و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی چین - ئەمریکا (١٩٧٨-١٩٩٢)

توێژینەوەیەکە لەلایەن

ئەیوب ظاهر تۆفیق

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژوو، پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. هیوا عزیز سعید

(٢٧٢١) کوردیی (٢٠٢١) زایینی

**پێشکەشە بە:**

- **هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەرو دڵسۆزی خاک و نیشتیمان.**
- **بە جگەرگۆشەکانم کاکە لەوەند و لیان خاتوون.**
- **هەموو مامۆستایانی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی .**

# سوپاس و پێزانین


• سوپاسی خودای مەزن و دلۆڤان دەکەم، کە هیچ کارێک بەبێ پاڵپشتی و هاوکاریەکانی لە دایک نابێت و هەمیشەش بە چاوی زەین لە هەموو کارەکانی ژیانمدا هەستم بە باڵادەستی کردووە.

• سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم (پ. ی. د:هیوا عزیز ) کە هەر لە سەرەتای رێگا و دەستپێکی ئەم توێژینەوەیەدا بە رێنماییەکانی هاوکاری کردم و بە تێبینیەکانی لێکۆڵینەوەکەی زیاتر دەوڵەمەند کرد و هەوڵ و ماندووبوونی بەرز دەنرخێنم.

• سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی دەکەم کە لە قۆناغی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەردا ئەرک و ماندووبوونیان لەگەڵدا کێشاوم.

• رێز و دەستخۆشیم بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی کە بە رێنوێنی و پشتگیرییەکانیان لە هێنانە بەرهەمی ئەم توێژینەوەیەدا هاوکارم بوون.

• سوپاسی کارمەندانی کۆنسوڵی چین لە هەرێمی کوردستان دەکەم بە سەرچاوەی بەسود یارمەتیان دام بەتایبەتی بەڕیز (ما یالۆنگ).

• سوپاسی هەر یەک لەم بەڕێزانە دەکەم کە هەر یەکەیان بەجۆرێک یارمەتیدەرو هاندەری سەرکەوتنمان بوون (م. یاسین حمە سعید، جیهاد سابیر شریف، م.کاروان حسن، یاسر محسن، هێمن محمود) .

• سوپاسی هاوڕێ و هاوسەفەری ژیانم خاتوو: (کۆچەر محمود حسن) دەکەم کە هاوکارم بوو لە وەرگێڕانی سەرچاوەکان و تایپ کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، جگە لەوەش هاوبەشی هەمووخۆشی و ئەرکەکانم بوو لە ماوەی دوو ساڵی خوێندنی ماستەرەکەمدا.

• سوپاسی سەرجەم ئەو کەسایەتیانە دەکەم کە بەجۆرێک لە جۆرەکان هاوکارییان کردووم.

# لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| Op. Cit. | Opus Citato |
| Ibid | Ibidem |
| P | Page |
| CIA | Central Intelligence Agency |
| F.B. I | Federal Bureau of Investigation |
| Dr. | Doctor |
| Vol. | Volume |
| No. | Number |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ . س | هەمان سەرچاوە |
| ل | لاپەڕە |
| د. | دکتۆر |
| ب | بەش و بەرگ |
| ژ | ژمارە |
| ب.س.چ | بێ ساڵی چاپ |
| چ | چاپ |
| و | وەرگێڕان |
| ط | الطبعة |
| ت | الترجمة |
| ج | الجزء+مجلد |
| د | الدكتور، دکتۆر |
| ص | صحيفة |
| ع | عدد |
| م.س | المصدر السابق |
| ن.م | نفس المصدر |
| م.پ | منبع پیشن |
| هـ.م | همان منبع |
| ب.م.ط | بدون مكان الطبع |
| ب.س.ط | بدون سنة الطبع |

# پێڕست


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١ |
| **دەروازە -بارودۆخی چین پێش ساڵی ١٩٧٨ (ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی)** | ٦ |
| یەکەم - پێگەی جیۆگرافی و جیۆپۆلەتیکی چین | ٧ |
| دووەم - ڕەوشی ئابووریی چین ١٩٤٩-١٩٧٨ | ١١ |
| سێیەم - ڕەوشی سیاسی چین | ١٩ |
| چوارەم – ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئایینی | ٢٩ |
| **بەشی یەکەم-چین لە قۆناغی ڕیفۆرم و کرانەوەدا ١٩٧٨-١٩٩٢** | ٣٥ |
| باسی یەکەم - چاکسازی ئابووری: | ٣٦ |
| یەکەم - چاکسازی لەکەرتی کشتوکاڵدا | ٤٢ |
| دووەم - چاکسازی لە نرخەکان | ٤٨ |
| سێیەم - چاکسازیی لە کەرتی پیشەسازی | ٥٠ |
| چوارەم - چاکسازییەکانی لە بواری کەرتی بازرگانیدا | ٥٣ |
| پێنجەم - سیاسەتی دەرگای کراوەو وەبەرهێنانی بیانی لەچین | ٥٦ |
| شەشەم –زانست و تەکنەلۆژیا | ٥٩ |
| باسی دووەم - چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی | ٦٤ |
| **بەشی دووەم – پەرەپێدانی سستمی سەربازی و هێزی نەرم** | ٨١ |
| باسی یەکەم - پەرەپێدانی سیستمی سەربازی | ٨٢ |
| باسی دووەم - هێزی نەرم وەک میکانیزمی سیاسەتی چاکسازیی ناوخۆیی چین (١٩٧٨-١٩٩٢) | ٩٦ |
| یەکەم - چەمکی هێزو هێزی نەرم | ٩٦ |
| دووەم - ڕەگ و ڕیشەی هێزی نەرم لە چین | ٩٨ |
| سێیەم – هێزی نەرم وەک ڕەهەندێکی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی چین | ١٠١ |
| چوارەم – ئامانجەکانی سیاسەتی هێزی نەرم | ١٠٦ |
| **بەشی سێیەم-پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا ١٩٧٨-١٩٩٢** | ١١٠ |
| باسی یەکەم - مێژووی پەیوەندییەکانی چین - ئەمریکا ١٧٨٤- ١٩٧٨ | ١١١ |
| باسی دووەم - پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی چین- ئەمریکا ١٩٧٨-١٩٩٢ | ١٢٤ |
| باسی سێیەم - پەیوەندییە ئابوورییەکانی چین- ئەمریکا١٩٧٨-١٩٩٢ | ١٤٠ |
| باسی چوارەم - پەیوەندییە کولتوورییەکانی چین- ئەمریکا١٩٧٨-١٩٩٢ | ١٥١ |
| **بەشی چوارەم-پاڵنەر و ئاستەنگی پەیوەندییەکانی چین-ئەمریکا** | ١٦٢ |
| باسی یەکەم - پاڵنەرەکانی دروستبوونی پەیوەندییەکانی چین- ئەمریکا | ١٦٣ |
| باسی دووەم - ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی چین- ئەمریکا | ١٧٣ |

| | |
|---|---|
| ئەنجام | ١٩٢ |
| ڕاسپاردە | ١٩٥ |
| سەرچاوەکان | ١٩٦ |
| پاشکۆکان | ٢١٥ |
| وێنەکان | ٢٣٠ |
| الملخص | ٢٣٤ |
| Summary | 1 |

## پێشەکی

### گرنگی توێژینەوە:

چین لە مێژووی ئاسیادا بایەخ و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕووی مێژووی دەسەڵاتداری و پێگەی ژیاری ناوچەکە، وەک یەکێک لە ناوەندە بەهێزەکان ئەژمارکراوە، ئەگەر لە مێژووی کۆندا، سەرچاوەی بیروباوەڕی تایبەت و کاریگەر بووبێت و لەو ڕێچکەیەشەوە بیر و ئەندێشەی سیاسی و ژیارییان ئاراستەی وەرگرتبێت، کە وەک زلهێزێکی ناوچەکە و ئەوسای دونیا دەرکەوتبێت، ئەوا سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوەی چین(١٩٧٨-١٩٩٢) ئەرزشێکی گەورەتری لە مێژووی هاوچەرخی چیندا داگیرکردووە، بە تایبەت کە ئەم سیاسەتە مەیدانخوازیی و ئاستەنگی زۆری هەبوو، بوێرییەکی گەورە لە پشتیەوە ئامادەبوو.

لایەنی گرنگی ئەم سیاسەتە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەندێک ئەم پرۆسەیە بە (گۆڕانکاری بەبێ پشتبەستن بە تیۆرێکی دیاریکراو) پەسند دەکەن، واتە سەربەن و سەرچاوەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆژیی تایبەت و تەنهای نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی وەک وڵاتێکی سۆسیالیستی ناسراوە و بوونیادنراوە، بەڵام لە سوودوەرگرتن لە تێز و تەرزە فیکری و ئابووری و کولتوورییەکانی سەرمایەداریی سڵی نەکردۆتەوە، بۆیە وەک ئەزموونێکی ناوازەی جیهانی سێی ئەو کات و وڵاتانی تازە گەشەسەندووی ئەم سەردەمە سەیر دەکرێت.

لەم دیدگایەوە لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی چاکسازی و گۆڕانکاریی چین لە وڵاتێکی داڕوخاوی زۆرینە لە خوار هێڵی هەژاری و کشتوکاڵیی دواکەوتوو، بۆ وڵاتێکی پیشەسازی و خاوەن تەکنەلۆژیا کە لە زۆربەی لایەنەکاندا، کە لە ئێستادا شارەزایانی مێژووی چین، وەک دووەم وڵاتی دونیا دوای ئەمریکا هەژماریدەکەن، بایەخ و گرنگی بۆ هەر وڵاتێک هەیە کە خەون و خولیای گەیشتن بە هەمان ڕەوتی گەشەسەندنی هەیە.

### ئامانجی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە چین وەک هێزێکی ئابووریی جیهانی، چونکە توێژینەوەی لەم شێوەیە بەهای گەورەی هەیە بۆ لێکۆڵەر و توێژەرانی مێژوو، خوێندنەوە و شیکردنەوەی دیارترین ئەو کاریگەریانەی یارمەتی سەرکەوتنی ئەزموونی چاکسازیی چینیان داوە لە سێبەری ئەو دۆخ و گۆڕانکارییە ئابوورییانەی لە ماوەی (١٩٧٨-١٩٩٢)دا چین و وڵاتانی جیهانی پێدا تێپەڕ بووە، (سەردەمی چاکسازی و کرانەوە) لە میانەی خستنەڕووی سیاسەتی چاکسازیخوازی کە سەرکردەی چین (دینگ شیاوپینگ) داڕێژەری بوو، پاشانیش شیکردنەوەی قوڵی دیارترین قۆناغەکانی بەرەوپێش چوونی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی وزانست و تەکنەلۆژییا و چاکسازی سیاسی وکۆمەڵایەتی و سەربازی لە ئامانجە دیارەکانی ئەم توێژینەوەیە بووە.

لەم پرۆسەیەدا ئابووری چین بە خێراییەکی بەرچاو کەوتە سەر ڕێڕەوی بەڕێوبردن و پێشکەوتنەوە، بە شێوازێک وردە وردە ئاستی ڕکابەرێتییەکەی گەیشتە پلەی هێزە ئابوورییەکانی جیهان، هاوکات ڕوونکردنەوەی کاریگەریی کرانەوە و هەستانەوەی ئابووریی چین لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی چین، ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بووە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەر هۆکارگەلێک ئەم بابەتە گرنگ و شیاوی لێکۆڵینەوەی زانستییە، لەلایەک هەژاری کتێبخانەی زانکۆیی و ڕۆشنبیریی کوردیی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە چین و نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی، لەلایەکی ترەوە چین وەک وڵاتێکی تازە گەشەکردووی بەهێز کە وەک خۆیان لە ستراتیژی خۆیاندا دایاننناوە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببنە یەکێک لە جەمسەرە بەهێز و کاریگەرەکانی دونیا، وادەکات ئێمەش لە ئێستاوە ئاگاداری ڕەوت و چۆنیەتی و بوونیادەکانی ئەم هێزە بین و بە ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستی کوردیی بناسێنین، ئەوە جگە لەوەی دەکرێت ئەزموونی گۆڕانکاریی و گەشەپێدانی ئابووری و کولتووریی چین، لە پرۆسەی گۆڕین و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا لەبەرچاوبگیرێت، بەتایبەتی لەم پرۆسەیەدا ئابووریی چین بە خێراییەکی بەرچاو کەوتە سەر ڕێڕەوی بەڕێوبردن و پەرەسەندن، بە شێوازێک کە لەڕووی کاتیشەوە ئەزموونێکی تایبەتی هاوشێوەی یابان و وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بە کاتێکی کورتخایەن هەنگاوی دوورمەودا و کاریگەریان لەژیانی کۆمەڵ بەرجەستەکرد.

### میتۆدی توێژینەوە:

لەئاستە گشتییەکەی میتۆد دا، ئەم توێژینەوەیە هەر دوو میتۆدی توێژینەوەی چۆنێتی و چەندێتی (quantitative and qualitative research methods)ی تێدا بەکاربراوە، بەتایبەت کە هەوڵدراوە داتا و زانیارییەکان بۆ سەلماندنی بیرۆکەو بونیادی تیۆریی توێژینەوەکە سودیان لیوەربگیرێت، لە ئاستە تایبەتییەکەشدا؛ سروشتی ئەم توێژینەوەیە دەخوازێت میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی شیکاریی لە کرۆنۆلۆژیا و خستنەڕووی ڕووداوەکان و هۆکاربەندیی و ئەنجامگیرییان پشتی پێببەسترێت.

مێژووی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا، وەک کایەیەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناچار بە بەکارهێنانی میتۆدی پراگماتیکییانەی کردووین، بەتایبەت کە ئەم میتۆدە پشت بە هەردوو پرنسیپی هێز و بەرژەوەندی دەبەستێت، لەو سۆنگەیەشەوە هەوڵمانداوە پاڵنەر و ئاستەنگ و مێژووی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا بخوێنینەوە.

### گرفتی توێژینەوەکە:

دۆخی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کرۆنا هاوکاتی دەستپێکی توێژینەوەکەی ئێمە بوو، نەمانتوانی سەردانی دەرەوەی وڵات بەتایبەتی چین بکەین و بەڵگەنامەی پێویست بەدەستبخەین، یەکێکیتر لە گرفتەکانمان

زمانی چینیمان نەزانی، بەڵام وێڕای داننان بە هەموو ئەم کەموکورتی و سنووداریییەوە بە پێی ئەو توانا و کاتەی لە بەردەستدا بووە، هەوڵدراوە توێژینەوەکە وەک ئەوەی پێویستە ئەنجامبدرێت.

**پلانی توێژینەوەکە بەم جۆرە دابەشکراوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەروازەو چواربەش و ئەنجام لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

لە دەروازەدا پوختەیەکی مێژوویی لە باروودۆخی ئابوریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی چینمان بەر لە قۆناغی چاکسازیی و کرانەوە باسکردووە، چونکە بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە وەک یەکەم توێژینەوەی ئەکادیمی زانکۆیی بەزمانی کوردیی ئەنجامدراوە، پێویستبوو کە لەم دەروازەیەدا چین بە خوێنەرانی بناسێنێت.

لەبەشی یەکەمدا کە تایبەت کراوە بە چین لە قۆناغی ڕیفۆرم و کرانەوەدا ١٩٧٨-١٩٩٢، لە میانەی دوو باسی سەرەکیدا، ڕیفۆرمی ئابووریی و چاکسازیی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و وەبەرهێنان و کایەی زانست و تەکنۆلۆژیا، وەک میکانیزمی سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی روونکراوەتەوە. هەروەها پرۆسەی چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی باسێکی تری ئەم بەشەی پێکهێناوەو گرنگترین هەنگاوەکانی ئەم بوارە خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم تایبەتە بە پەرەپێدانی سستمی سەربازی و هێزی نەرم وەک میکانیزمی سیاسەتی چاکسازیی ناوخۆیی چین (١٩٧٨-١٩٩٢)، لەم بەشەداو بە دوو باس، پرۆسەی چاکسازیی سەربازیی لە نوێگەریی چەک و جبەخانەو ڕێکخستنەوەو دارشتنەوەی پەیکەری سەربازیی بە ووردی قسەی لەسەرکراوە، پاشان لایەنێکی گرنگی سیاسەتی دەرەکی کە بریتییە لە هێزی نەرم، وەک میکانیزمێکی گرنگی سیاسەتی کرانەوەی چین بەڕووی جیهان ئاماژەی بۆکراوە.

لەبەشی سێیەم پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا، لە چوارباسدا وەک دوو هێزی جیاواز لەیەکتر لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاو سستمی سیاسیی و بەرژەوەندییەکانیان، بەتایبەتی لەبوارەکانی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و کولتووریی باسکراوون، کۆی ڕێکەوتننامەو سەردانی بەرپرس و شاندە باڵاکانی هەردوولا و قەبارەی پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕیی نێوانیانمان خستۆتەڕوو.

بەشی چوارەم وەک ئەنجامگیری و شیکاریی بەشی سێیەم، باسمان لە گرنگترین پاڵنەر و ئاستەنگەکانی پەیوەندییەکانی چین-ئەمریکا کردووە، کە سەرەڕای خواستی لێک نزیکبوونەوەو تەریببوونی بەرژەوەندییەکان کە پاڵنەری دروستبوونی پەیوەندییەکان بوون، هاوکات کۆمەڵێک بەربەستی ناوخۆیی و دەرەکی و لە هەندێک کاتیشدا یەکتربڕینی بەرژەوەندییەکان، ئاستەنگ و خاوبوونەوەی پەیوەندییەکان بینراوەو کاریگەریی لەسەر هەردوولا دروستکردووە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بۆ توێژینەوە لەم بابەتە دەتوانین ئاماژە بەچەند سەرچاوەیەکی گرنگ بدەین کە بایەخی سەرەکییان لە نوسینی ئەم نامەیە هەبووە، کتێبی ئیزرا ڤۆگڵ، Deng Xiaoping and the Transformation of China ئەم

کتێبە خەڵاتی لیۆنێل گێڵبەری بەدەستهێناوە، ڤۆگڵ پرۆفیسۆری زانکۆی هارڤارد و پسپۆڕی مێژووی چین و یابان بووە، زۆر بەوردی باسی لە سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوەی چینی کردووە، ڕۆڵی دینگ شیاوپینگی لە چاکسازییەکانی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەکی چین خستووەتەڕوو، بۆیە لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەیە زانیاریی دەگمەن و نەبیستراوی تێدایە.

یەکێکی تر لەو بەرهەمانەی تایبەتمەندی خۆی هەیە کتێبی A concise History Reader of the people's Republic of China کە دەزگای بڵاوکراوەی چینی بۆ زمانە بیانییەکان بڵاوی کردۆتەوە، زۆر بەوردی و پوختی باس لە مێژووی سیاسی و ئابووری چین دەکات، باس لە پەیوەندیەکانی چین و ئەمریکا دەکات بەتایبەتی لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم.

هەروەها کتێبی هەردوو نوسەری چینی WU LI وSUI FUMIN بەناوی The Sinope Día Series: China's Economy، وولی بەڕێوبەری پەیمانگای لێکۆڵینەوەی چینی هاوچەرخ و بەڕێوبەری ئەکادیمیای زانستی ئابوری و کۆمەڵایەتی چینە، خاتوو سوو فومینیش دکتۆرای هەیە لە زانکۆی پەکین و یاریدەری بەڕێوبەری پەیمانگای ئەکادیمیای زانستی ئابوری کۆمەڵایەتی چینە، بەوردی باس لە جوگرافیای ئابوری چین و سەرچاوە مرۆییەکانی دەکات، باس لە مێژووی گەشەی ئابوری چین دەکات لە ماوەی شەست ساڵی ڕابردودا، بەتایبەت دۆخی دواکەوتووی ئابوریی چین لەسەردەمی ماو، پاشان لە گەشەی ئابوری و ئابوریی بازاڕی سۆسیالیستی لەسەردەمی دینگ شیاو پینگدا، نوسەران چەندین داتاو گرافیک و نەخشەی وردیان خستووەتەڕوو.

هەروەها کتێبی ڕۆبەرت سوتەر بەناوی (Historical Dictionary of United States–China Relations )، ڕۆبەرت توێژەرێکی سیاسییە بەشێوەیەکی پوخت و زانستیانەو بێلایانانە کرۆنۆلۆژیای پەیوەندییەکانی ئەمریکا- چینی هەرلە یەکەم پەیوەندیانەوە لە ساڵی ١٧٨٤ هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ باس کردووە. نوسەر تەواوی پەیوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانی ئەمریکا چینی لەیەکەم پەیوەندییانەوە خستۆتەڕوو.

هەروەها کتێبەکەی نوسەران لیو شیە تشنج، ولی شی دونج بەناوی (الصین و الولایات المتحدة الأمریکیة خصمان أم شریکان) زۆر بەوردی کرۆنۆلۆژیای پەیوەندیی چین و ئەمریکایان لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کولتووری و ئاسایشی نێودەوڵەتی باسکردووە، زۆر بەوردی باسیان لە کێشەی تایوان کردووە، باس لە ململانێ و پاڵنەرو ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین دەکەن.

نامە زانکۆییەکان لایەنێکی گرنگی سەرچاوە بەکارهاتووەکانن لەوانەش تێزی دکتۆرای سلام فاضل حسون المسعودي بەناونیشانی (هنري کیسنجرو دوره في سیاسة الانفتاح الأمریکي علی الصین (١٩٦٩-١٩٧٧)، هەروەها تێزی دکتۆرای زینب عبدالله منکاش بەناونیشانی (العلاقات الأمریکیة الصینیة بعد الحرب الباردة وأبعادها السیاسیة والإقتصادیة)، ئەم تێزانە بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ تێگەشتن لە پەیوەندیەکان و ڕەهەندە سیاسی و ئابوریەکانی نێوان ئەمریکاو چین سودی زۆرمان لێ بینیون، ئەمانەو دەیان سەرچاوەی دیکە کە بەشێوازیی جۆراوجۆر سوودییان لێوەرگیراوە.

**چێوەی توێژینەوە:**

چێوەی تیۆری توێژینەوەکە بریتییە لە: چین لە ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩٢، کە سەردەمی دەسەڵاتی یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین سەرکردەی مێژووی هاوچەرخی چین (دینگ شیاوپینگ)ە، ئەم سەرکردەیە تەنها لەوەدا گرنگ نییە کە چاکسازییەکانی و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی لەبناغەوە بونیادنایەوە.بەڵکو بەهەمان ئەندازەو زیاتریش کۆی بونیادی فیکری و ئایدیۆلۆژیی چینییەکانی لەو پەرگیری و داخراوییە ڕزگارکرد، کە سەردەمانێک بوو تێیکەوتبوون، لەوەش گرنگتر دروستکردنی مۆدێلێکی نوێی فەرمانڕەوای و ئایدیۆلۆژیی بوو، کە بواری کرانەوەو ڕەخنەکاریی بەجۆرێک ڕەخساند، کە مۆدێلی سۆسیالیزمی چینی لە هەمان شکستی مۆدێلی سۆڤیێتی ڕزگارکرد، هاوکات کردییە یەک لە هێزە کاریگەرە ئابووری و سیاسییەکانی جیهان.

## دەروازە

# بارودۆخی چین پێش ساڵی ١٩٧٨

# (ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی)

(چین)[1] وشەیەکی سانسکریتییە، ئەوانەی بەم زمانە دەئاخفن بە (چاینا-China) نێویان بردووەو هێشتا ڕوون نییە وشە سانسکریتییەکە لە چییەوە هاتووە، لە سەدەی شانزەیەمی زایینیەوە چووەتە نێو زمانە ئەوروپییەکانەوە، سەرەتا پورتوگالییەکان و پاشانیش ئینگلیزەکان لە پورتوگالییەکانەوە وەریانگرت و لەئەمانەوە بەناو زمانەکانی تری ئەوروپیدا بڵاوبۆتەوە، هەندێک لە مێژوونوسان پێیانوایە ناوی چین سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین، لە ناوی فەرمانڕاوەی(Ts'in) ٣٠٠پ.ز هاتووە، هەندێکیتر پێیانوایە وشەکە تبتیەو لەوشەی( چین شیتووsen-teu (Chin. she't tuu بەواتەی سەرزەمینی ڕۆحەکان دێت، هەندێکیتر لە نوسەرەکان پێیانوایە لە وشەی ,Chi-na یان Shi-na لە دەقە سانسیکریتییەکاندا هاتووە، بەواتای سەرزەمینی بنەماڵەی تسین tsin دێت، بەڵام چینیەکان وڵاتەکەیان بە جۆنگوا (中国–Zhongguo) ناودەبەن، بە واتای نیشتمان یان وڵاتی ناوەندیی دێت[2].

## یەکەم - پێگەی جیۆگرافی و جیۆپۆلەتیکی چین:

چین لە ڕووی ڕووبەرەوە لە پاش ڕوسیاو کەنەدا سێیەم گەورەترین وڵاتی جیهانە[3]، دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ٣٩-٥٥ باکور و هێڵی درێژی ١١٦-٢٠ ڕۆژهەڵات.[4]

بیست و دوو هەزارو هەشت سەد کیلۆمەتر سنووری وشکانی هەیە، چواردە دەوڵەت دەوری داوە: کۆماری کۆریای دیموکراتی میللی و مەنگۆلیا لەباکورەوە، ڕوسیا لەباکوری خۆرهەڵات و کازاغستان و قیرغیزستان و تاجیکستان لەباکوری خۆرئاوا، ئەفغانستان و پاکستان و هیندستان و نیپاڵ و بهوتا لە

---

[1] کورد وشەی (چین)ی لە کولتورو چیرۆک و ئەفسانەکانی گەلانی ئێرانی و فارس زوباندا وەرگرتووە، لەلایەن عەرەبەکانەوە ڕای جیاواز هەیە لەسەر ناوی چین، مەسعودی پێیوایە کاتێک نوح کۆچی دوایی کرد زەوی لە نێوان نەوەکانی دابەشکراوە، نەوەکانی (یافث)ی کوڕی نوح ڕۆژهەڵاتیان بەرکەوت، پاش ئەوەی عابوری کوڕی سوبیل ی کوڕی یافث کەشتیەکی گەورە دروستدەکات و هەمو نەوەکانی سەردەخات و کۆچدەکەن تا دەگەنە ناوچەیەکی فراوان، دەستدەکەن بە ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی شارو دەرهێنانی کانزاو کشتوکاڵکردن، پاش مردنی عابور (صاین)ی کوڕی بووە جێنشینی، ئەوەش بە باوکی چینی دادەنێن کە ئەوەش بنەچینەی چینیەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی عابور، یاقوتی حەمەوی لە باسکردنی بنچینەی ناونانی چین دەڵێت چین پێشتر بە (غرابنا) ناونراوە بەناوی (غبر) ی کوڕی کەمادی کوڕی یافث. پاشان ئەوەشی باسکردووە کە بنچینەی ناونانەکە دەگەڕێتەوە بۆ (صینی) کوڕی بغبدی کوڕێ کەماد کە یەکەم کەس بون چونەتە ئەو زەویانە و نیشتەجێی بوون. (أ.م.د.افتخار عبدالحكيم رجب العكيدي وأسماء مجيد محمود فرج الفهداوي: الأديان والمعتقدات في الصين، مجلة الدراسات التاريخية والحضارية (مجلة علمية محكمة)، المجلد ٤، ع١٣، كلية التربية للبنات ـ قسم التاريخ، جامعة الأنبار،٢٠١٢، ص١).

[2]. (Berthold Laufer; The Name China, 1912, T'oung Pao, Brill, p.3-9 ؛ زيغنيو بيرجنسكي: رقعة الشطرنج الكبرى، ت: امل الشرقي، الاهلية و التوزيع، الاردن، ١٩٩٩، ص١٥٠).

[3] شيوى قوانغ: جغرافيا الصين، ت: محمد ابوجراد، دارالنشر باللغات الاجنبية، بكين، ١٩٨٧، ص١.

[4] http://www.csgnetwork.com/llinfotable.html /2/6/2021,10:33pm.

خۆرئـاواو باشـوری خۆرئـاواو میانمـارو لاوس لە باشـورەوە[1].هەروەهـا درێـژی کەناراوەکـانی دەگـاتە ١٨٠٠٠ کیلـۆمەتر[2]، سـنوری ئـاوی لەگەڵ ٩ وولات هەیە کەبـریتین لە کۆریـای بـاکور، کۆریـای باشـوور، یابان، فلیپین، برونوی، مالیزیا، ئەندەنوسیا، سەنگافورە،ڤێتنام[3]

ولاتی چین دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کیشـوەری ئاسـیاوە، بە درێژایی کەنـاری خۆرئـاوای زەریـای هـێمن درێژبـوەتەوە، هـێڵە سـنوریەکانی وەکـو کەڵەشـێرێک وایە دەقـوقێنێ، بە جـۆرێ سـەری بە ئاڕاسـتەی خۆرهەڵات و بەشـی دواوەی ڕوودەکـاتە خۆرئـاوا، بە گشـتی ڕووبەری زەویەکەی 9.6 ملیـۆن کیلـۆمەتر چوارگۆشــەیە، تەوەرەکــانی بــاکوورو باشــوورو خــۆرهەڵات و خۆرئــاوای ولاتەکە زیــاتر لە (5000) کیلۆمەترە، هەروەها ماوەی نێوان شاری هاربین لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بۆ هـایکۆ لە باشـووری چـین بەفرۆکە زیـاتر لە٦ کـاتژمێرە، لە چـانگچونی بـاکووری خـۆرهەڵاتەوە بـۆ ئـۆرۆمچی لەوپەڕی خۆرئـاوای چین نزیکەی ٧ کاتژمێرە[4]، ناوچەی ئاوی ڕووبەری (4.73) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەی چین پێکدەهێنن، کەناراوی کیشوەری دەگاتە هەژدە هەزار کیلۆمەتر[5].

چـین دەکەوێـتە خـۆرهەڵاتی ئاسـیاو بەسـەر کەنـاری خۆرئـاوای زەریـای ئـارام دەڕوانێـت، درێـژی سنورەکەی لە باکورەوە بـۆ باشـوور(5500) کیلـۆمەترە، لە هێڵـی ناوەڕاسـتی کەناڵـی دەریـاوانی سـەرەکی ڕوبـاری هیلـۆنگ لە بـاکوری شـارۆچکەی مـۆخە لە نـاوچەی هیلـۆنگیانـگ تـا دەگـاتە ئاسـتی تسـنگمۆی دەریایی لە دورگەکانی نانشا لە دەریای چینی باشوور درێژ دەبێتەوە[6]، پانی سنورەکەی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆر ئاوا (5200) کیلۆمەترە[7].

لە چینــدا 34 نــاوچەی کــارگێڕیی و 23 هەرێــم و پێــنج نــاوچەی ئۆتۆنــۆمی و چــوار شــارەوانی ژێردەسـەڵاتی ڕاسـتەوخۆی حکـومەتی ناوەنـد هەیە، پەکـین یـان (بەیجـین) پـایتەختی ولاتەکەیە، شـارەکە یەکەی کارگێڕیی سەرەکی چینە[8]، هەروەها دووهەرێمی بەڕێوبردنی تایبەت کەبریتیین لە: هۆنگ کۆنـگ و مەکاو لەخۆدەگرێت[9].

---

[1]سـەرچاوەکە ئەگەرچـی باسـی چـواردە ولات دەکـات، بەلام تەنهـا نـاوی سـیانزە ولاتـی هێنـاوەو نـاوی ڤێتنـامی نەهێنـاوە. Foreing Language press: China, foreing language presses co. Ltd, Beijing, 2019, p.52

[2]عبدالأمير عباس عبد و علي ياسـين عبدالله: الإتجاهـات الحديثـة فی الإسـتراتيجية الإسـرائيلية تجـاه الصـين تحليل جغرافي سياسي، مجلة العلوم القانونية و السياسية، ج٤ ، ع١، الجامعة ديالى،٢٠١٥،ص١٥.

[3] Junjie Wang et al: Spatially Explicit Inventory of Sources of Nitrogen Inputs to the Yellow Sea, East China Sea, and South China Sea for the Period 1970–2010, Earth's Future magazine, issue 3, united states, August 2020, P3.

[4]Wu Li and Sui Fumin: The Sinopedia Series: China’s Economy, Cengage Learning Asia Pte Ltd, United States, 2010, p.3-4

[5]Ibid, P. 4.

[6]شیوی قوانغ: م.س، ص١.

[7]Foreing Language press: China…, p.52.

[8]Wu Li and Sui Fumin :Op. Cit, P. 7.

[9] پرتوگالیەکان توانیان لە ساڵی ١٨٤٠ مەکاو داگیربکەن و حکومەتێکی خۆجێییـان تێدا دامەزراند، لـە ٢٠ کـانونی یەکـەمی ١٩٩٩ بەپێی ڕێکەوتنێک حکومەتی چین دەسەڵاتی خۆی بۆ مەکاو گەڕاندەوە. لە دەرەنجامی جەنگی ئەفیون لەنێوان چین-بەریتانیا هۆنگ کۆنگ لە ساڵی ١٨٤١ درایە بەریتانیا، لە ١ تەمموزی ١٩٩٧ چین بەپێی ڕێکەوتنێک حوکمی خۆی بۆ هۆنگ کۆنگ گێڕایەوە. (باهر مردان(الدكتور): جمهورية الصين الشعبية معلومات عامة، بكين ،٢٠١٥، ص٥؛
Jonathan Fenby: Modern China the Fall and Rise of a Great Power: 1850 to the Present, New York, 2008, P. 570

ژمـارەی دانیشـتوانی چـین بە پێـی داتـای سـەرژمێری فەرمـی شەشـەمی سـاڵی ٢٠١٦ دەگـاتە 1,339,724,85 کەس، واتـا نـزیکەی19.9٪ ی دانیشـتوانی جیهـان، لەگەڵ زیـادکردنی دانیشـتوانی کـارگێڕی هۆنـگ کۆنـگ 7,97,600 کەس و دانیشـتوانی ماکـاو 522,300کەس، دانیشـتوانی تـایوان 23,162,123 کەس، بەپێی هەمان ئامار ژمارەی دانیشتوانی چین دەگاتە 1,370,506,108 ملیار کەس[١].

چـین ڕووبـاری زۆری هەیە کە زیـاتر لە ١٥٠٠ ڕووبـاریـان بـۆ سسـتمی ئـاودانی ڕووبەرێکـی زۆر لە زەوی کە زیـاترە لە هەزار کیلـۆمەتر چـوار گۆشـەیە بەکـاردێن، ڕووبـاری یانگسـتی درێـژیەکەی دەگـاتە ٦٣٠٠ کیلـۆمەتر، بە درێژتـرین ڕووبـاری چـین و بە سـێیەم ڕووبـاری جیهـان لە دوای ڕووبـاری نیـل و ئەمـازۆن دادەنرێـت، لە دوای ڕووبـاری یانگسـتی ڕووبـاری زەرد بە دووەم گەورەتـرین ڕووبـاری چـین دادەنرێت، درێژیەکەی ٥٤٦٤ کیلۆمەترە[٢].

بەگشتی پلەی گەرمی و ئاوو هەوای چین مامناوەندە، بەتـایبەتی لە بـاکور کە سـاڵانە ڕێژەیەکـی زۆر باران دەبارێت و بۆ هەموو بەرو بومێکی هەمە چەشنە گونجاوە[٣]، ڕێژەی باران بـارین و شـێ و پلەکـانی گەرمـا جیـاوازە، لە زسـتاندا کـاریگەری بـای وشـکی ئاسـیای ناوەڕاسـت دەبێـت، لە هاوینـدا بـای وەرزی شێدار هەڵدەکات و جیاوازی پلەی گەرمی نێوان باکوورو باشوری کەمدەکاتەوە[٤].

تۆبۆگرافیای چین لە شاخ و بـان و گـردو حەوز و دەشـتایی پێکهـاتووە[٥]، ٣٣٪ شـاخ و ٢٦٪ بـان و١٠٪ گردو تەپۆڵکەو نزیکەی ١٢٪ دەشتای نزم و ١٩٪ حەوزە[٦].

لە ڕووی سامانی سروشتی و زەوی کشتوکاڵیەوە چین وڵاتێکی دەوڵەمەندە[٧]، دەوڵەمەندترین وڵاتە لە ڕووی سـامانی ئاژەڵ، زیاتر لە ١٠٤ هەزار جۆر ئاژەڵی تێدایە، کە زیـاتر لە ١٠٪ ی ئـاژەڵی جیهـانە، چـین خـاوەنی ١٢٪ی تێکڕای یەدەگـی مـادە کانزاییەکـانی جیهـانە، یەدەگـی خەڵـوزی چـین گەیشـتۆتە 1,3 ملیـار تـۆن، یەدەگـی خـاوی ئاسـن 45,7 ملیـار تـۆن، هەروەک سـامانێکی زۆری نەوت و گـازی سروشـتی هەیە، بەڵام تێکڕای پشکی تاکەکەس بۆ سەرچاوەی سروشتی بە بۆنەی زۆری دانیشتوانەکەیەوە زۆر کەمە[٨].

---

[١]صلاح حسن ربيح الربيعي: التجربة الاقتصـادية الصـينية ١٩٧٨–٢٠٠٠،اطروحـة الـدكتوراه، كلية الاداب قسـم التـاريخ، جامعـة بغداد، ٢٠١٨، ص٢١.

[2]Wu Li and Sui Fumin: Op.Cit, P .3-4.

[3]G. B. Roorbach: Chin: Geography and Resources, Vol. 39, Sage Publications, Inc. in association with the American Academy of Political and Social Science, USA, 1912, P.144-146.

[4]David Curtis Wright: The History of China, Second Edition, Greenwood histories of the modern nations, London, 2011, P.3-5.

[5]Jing'ai Wang and Et al: Physical Geography of China and the U.S, ResearchGate, Beijing, 2014, P. 24-25.

[6]Ashish Sirsikar: China's Geography: A Boon or Bane? VIVEKANANDA INTERNATIONAL FOUNDATION, New Delhi, 2016, P.9-10.

[٧]محمد عطية محمد ريحان: التجربة الإقتصادية الصينيـة و تحدياتها المستقبلية، رسالة ماجستير فى الإقتصاد، كلية الإقتصـاد والعلوم الإدارية، جامعة الأزهر، ٢٠١٢، ص ٢٦.

[٨]عبدالرحمن أوجانة: الصعود الصيني فى العالم المعاصر من خـلال أهـم المؤشـرات والتقـارير الدوليـة (١٩٩١–٢٠١٦)، رسـالة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح، كلية الحقوق و العلوم السياسية، ٢٠١٧، ص٣٢-٣٣.

جوتیاران زۆرینەی دانیشتوانی چین پێکدەهێنن، کەرتی کشتوکاڵی پێگەیەکی بەرزی هەیە، رووبەری زەویە کشتوکاڵیەکان نزیکەی ٧٪ ی تێکرای زەویە کشتوکاڵیەکانی جیهانە، توانای دابینکردنی ٥٪ خۆراکی جیهانی هەیە، زیاتر لە ٩٠٠ ملیۆن جوتیار هەن و حکومەتی چین گرنگییەکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ و جوتیار و ناوچە گوندنشینەکان دەدات[1].

ناوچەی بیابانی و نیمچە بیابانی و لەوەڕگاکان دەکەونە باکوور و خۆرئاواوە، ناوچەی دارستان دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوا و باشوورەوە، ناوچەی چاندنی دانەوێڵە و بەتایبەتیش گەنم و توتن، لەگەڵ چاندنی پاقلەمەنی و ئەوانەی ساڵانە یەک بەرهەمیان هەیە، لەناوچەکانی (خەبی، هینان، شاندونگ، چانسی و گانسو) هەن. ناوچەی چاندنی برنج لە سیچوان و یونان، ناوچەی کشتوکاڵی دووانەیی برنج و گەنم، دەکەوێتە (جیانگسۆ و ئینهەوا و خوبی و چیگیانگ)، ناوچەی چاندنی برنج و چای دەکەوێتە (چیگیانگ و فۆجیان و جیانگسی و هۆنان)[2].

[1] Foreing Language press: China…, p.132.

[2] صلاح حسن ربيح الربيعي:، م.س، ص٢١-٢٢.

## دووەم - ڕەوشی ئابووری چین ١٩٤٩-١٩٧٨:

سەردەمی (ماو تسی تۆنگ ١٩٤٩-١٩٧٦)[١] پارتی کۆمۆنیستی چینی[٢] دەستی بەسەر ئابووریی و سیاسەت و ژێرخانی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی چیندا گرتبوو[٣]، ئەمەش لاوازی و بێسەروبەری ئابووریی و نا دادپەروەریی لەسەرچاوەکانی ئابووریی لەنێو خەڵکدا دروستکردبوو، بڕوابوونی ماو بە جێبەێکردنی مارکسی ڕەها، وایکرد سستمێکی ئابووریی ناوەندی دابمەزرێنێت[٤]، لەڕووی ئابوورییەوە مۆدێلی سۆڤییێتی بەسەر ئابووریی چیندا زاڵبوو، کارگەو بانکەکان و کەرتی کشتوکاڵی و کەرتە ئابوورییەکان لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکرابوون، دژی بازاڕی ئازادو سەرمایەی بیانی بوون[٥]، چین سستمێکی سۆسیالیستی دامەزراند، هەرچەندە ماو لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٩ ڕایگەیاند کە سیاسەتیان بریتیە لە ڕێکخستنی سەرمایەداری نەک تێکشکاندنی، بەڵام دەوڵەت لەسەرەتای پەنجاکان سەرمایەی خستە

---

[١]ماو تسی تۆنگ: دامەزرێنەری کۆماری چینی میللی، لە ٢٦ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٣ لە ناوچەی Shaoshan "شاوشان"ی هەرێمی Hunan (هونان) لەدایکبووە، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بەشداری شۆڕشی چینی دژی بنەماڵەی (کینگ)ی فەرمانڕەوا کردووە. خوێندنی کۆنفۆشیوسی لە گوندەکەی خوێندووە، لە ساڵی ١٩١٢ چۆتە قوتابخانەی ناوەندی لە هەرێمی هونان، ماو ئامانجی بوو ببێتە مامۆستا، بەو هۆیەوە لە ساڵی ١٩١٨ لە زانکۆی پەکین دەستی بەخوێندن کرد ، پێوەندی بە بزووتنەوەی مارکسی و چەپەکانەوە کرد، لە ساڵی ١٩٢٠ وەک کۆمۆنیستێکی توندڕەو دەرکەوت، لە ١٩٢١ یەکێک بوو لەو ١٢ کەسەی لە شەنگەهای پارتی کۆمۆنیستی چینیان دامەزراند، لە ساڵی ١٩٣٧ بوو بە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست، دوای سەرکەوتنی لە جەنگی ناوخۆیی لە ساڵی ١٩٤٩ ماو کرایە سەرۆکی چین، لە ٩ ئەیلول ١٩٧٦ لە پەکین بە جەڵتەی دڵ کۆچی دواییکرد. (بۆ زیاتر بڕوانە: سها عادل عثمان البياتي: ماوتسي تونغ و دوره السياسي في الصين، رساله ماجستر، جامعة بابل، كلية التربية للعلوم الانسانية، ٢٠١٤،ص١٧-٣٠)؛

(Edwin Pak-Wah Leung: Political leaders of Modern China: a Biographical Dictionary, Toronto,2002, P .122-124.)

[٢] پارتی کۆمۆنیستی چین: ساڵی ١٩٢٠ دەستەی (کۆمنترن)ی ڕووسی بڕیاریدا حزبی شیوعی لەچین دابمەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستە نوێنەرێکیان بەناوی گریگۆری فویتنسکی Voitinsky.N.G نارد، پەیوەندی بە بیرمەندو پرۆفیسۆری چینی (چن توهسیو) کرد، چین توانی لە ٥ی ئایاری هەمان ساڵ شانەیەکی بچوک لە حزب دروستبکات، لەشەنگەهای بارەگای حزبی دامەزراندو ڕۆژنامەیەکی مانگانەی بەناوی new youth کردە زمانحاڵ، لە ئەیلولی ١٩٢٠ ماو پەیوەندی بەم شانەیەوە کرد، چەند لقیکی ئەم حزبە بەنهێنی لە چەند هەرێمێکی چین کرانەوە، دواجار بە ئامادەبونی ١١ ئەندامی سەرەکی، یەکەم کۆنگرەی لەساڵی ١٩٢١ لە شەنگەهای بەسترا، بەفەرمی لە ٧ی تەموزی ١٩٢١ دامەزراندنی حزب ڕاگەیەنرا، چین تو-هیسو کرا بە سکرتێری گشتی حزب، ماو کرا بە سەرۆکی لقی حزب لە هونان. (بڕوانە: سها عادل عثمان البياتي: م.س، ص٤٤-٤٨ ).

[3]Gregory Veeck And Et al: China's Geography Globalization and the Dynamics of Political, Economic, and Social Change Rowman & Littlefield Publishers, Second Edition, United Kingdom, 2011, p.8.

[4]Khalid Manzoor Butt( Prof. Dr) and Sarah Sajid: Chinese Economy under Mao Zedong and Deng Xiaoping: Journal of Political Studies, Vol. 25, 2018, ،p.170

[5]David Wen-Wei Chang: China under Deng Xiaoping Political and Economic Reform, Palgrave Macmillan, United States of America, 1988, P.164.

ژێردەستی خۆی، (زۆربەی خاوەن موڵکەکانیان کردە بەڕێوبەری کارگەکان)، سەرمایەداری دەوڵەتی بیرۆکراتی شوێنی سەرمایەداری تایبەتی گرتەوە[1].

قۆناغی پێش چاکسازییەکانی چین لە مێژووی دروستبوونی چینی میللەوە لە ١٩٤٩ بۆ ١٩٧٨ درێژبویەوە، چین خاوەنداریتی نمونەی سۆڤیێتی لە گەشەپێداندا کرد، بەجۆرێک پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار دەستی بەسەر بەڕێوەبردنی کاروبارە ئابوورییەکاندا گرت، دەوڵەت لە جوڵەی دەرامەتەکان و تایبەتکردنی لە نێوان کەرتەکاندا دەسەلاتی ڕەهای هەبوو، ئاڵوگۆڕی لەگەڵ دەرەوە پاوانکردو لە چەند بوارێکی تەسکدا کورتیکردنەوە[2]. بۆیە کۆماری میللی چین ئابوورییەکی دواکەتووی هەبوو، چونکە پیشەسازیی زۆر دواکەوتووبوو، ماو ئابوورییەکی ناوەندی بەڕێوەدەبرد، خۆی بەرپرس بوو لەدانانی ئامانجەکانی بەرهەم و نرخ دانانی بەرهەمەکان و سەرچاوەکانی ئابووری[3].

لەپێناو خێراکردن و ئاسانکردنی پیشەسازیی، چین وەبەرهێنانی فراوانی لە بەرهەمەکاندا کرد، کۆمپانیاکانی دەوڵەت دەستی بەسەر سێ لەسەر چواری بەرهەمی پیشەسازیدا گرتبوو، سەرچاوە دەرەکییەکان وەکو دامەزراوە تایبەتەکان و وەبەرهێنانی بیانی بە گشتی ڕێگەپێنەدراو بوو، بازرگانی دەرەکی سنورداربوو، ئەمەش ناکارامەیی لە تەرخانکردنی سەرچاوەی سامان و کەمی هاندان بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و کەمبوونەوەی کوالیتی بەرهەمەکانی لێکەوتبووەوەو دەرەنجامێکی زۆر خراپی هەبوو، سیاسەتەکانی ماو لە (بازدانی گەورە بۆ پێشەوە١٩٥٨-١٩٦٢)و(شۆڕشی کولتووری١٩٦٦-١٩٧٦)[4] بوونە هۆی دروستبوونی ئاژاوەی سیاسی و دارمانی ئابووریی، کە کاریگەری لەسەر گوزەرانی چینییەکان هەبوو[4].

لەساڵانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٦٠ ولاتی ئابووری چین بە دۆخێکی نالەباردا تێپەڕبوو، بە تایبەتی لە بازرگانی دەرەکیدا، چونکە دروشمەکانی حکومەت و بەرنامەکانی جەختیان لەسەر تواناکانی ناوخۆ بوو، تەنها ئەو کالاَیانە ڕێگەپێدراوبوو کە چین نەیدەتوانی لە ناوخۆدا بەرهەمیان بهێنێت[5]، تاساڵی ١٩٥٥ کەرتی تایبەتی نەماو تەنها کەرتی حکومی هەبوو[6].

هەوڵدرا کە چین لەو دۆخە ئابووریە دواکەوتویە ڕزگاری ببێت. ئەم قۆناغە بە بەدیهێنانی چەند کارێک لە کەرتی کشتوکاڵی جیادەکرێتەوە، یەکەم چاکسازیی دەرکردنی بڕیاری ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٠، بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریتی دەرەبەگایەتی و دابەشکردنەوەی زەوی بەسەر هاولاَتیاندا دەستپێکرد، بە هۆی ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری گەلانی چین بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون، دەوڵەت یاسای چاکسازیی

[1]شارلی هور: الصين ثورة من؟، مركز الدراسات الاشتراكية، مصر، ١٩٩٥، ص١١.

[2]عبدالرحمان بن سانية: م،س، ٢٠١٢-٢٠١٣ ،ص١٢٥.

[3]Wayne M. Morrison: China’s Economic Rise: History, Trends, Challenges, and Implications for the United States, Congressional Research Service, 2019, p.2.

[4]Marcus Vinicins De Freitas: Reform and Opening─ Up: Chinese Lesson to the World, Policy Center for the New South, Morocco, 2019, p. 16.

[5]Wayne M. Morrison: Op.Cit, p.2.

[6]VICTORIA MANTZOPOULOS AND RAPHAEL SHEN: The Political Economy of China’s Systemic Transformation 1979 to the Present, PALGRAVE MACMILLAN, First edition, United States of America, 2011 ,P.4-5.

کشتوکاڵی کۆماری گەلی چینی لە ٢٨ حوزەیران ١٩٥٠ ڕاگەیاند، تەواوی بڕیارو سستمی خاوەنداریتی زەوی لە وڵاتەکە هەڵوەشاندەوە، دووبارە زەوی بەسەر جووتیارەکان دابەشکرایەوە، ئەمەش لە پێناوی ڕزگارکردنی هێزی بەرهەمهێنانی دەوروبەری شارەکان و گەشەپێدانی زیاتری کشتوکاڵ، بە بەراورد بە ساڵانی پێش دامەزراندنی کۆماری میللی ١٩٤٩، ئەم ڕێوشوێنە مێژووییە بوو، بە بنەمای سەرەکی هەڵسانەوەو پێشکەوتنی چین هەژماردەکرا، لە ڕووی کۆمەڵایەتی کاریگەریی تەواوی هەبوو[١]، چونکە بەپێی ئەم یاسایە هەر لاوێک بە لای کەمەوە شەش یەکی هێکتارێکی دەستدەکەوت[٢].

لەساڵی ١٩٥٢ زۆربەی کەرتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان لە چاو ساڵانی پێش دامەزراندنی کۆماری میللی چین ١٩٤٩ باشتربوون، هەرچەندە دەستتێوەردانی سەربازیی چین لەکۆریا لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٠ بەشێکی زۆری داهاتەکانی چینی برد، ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی بونیادنانی ئابووریی، بەتایبەتی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بڕیاریاندا هەموو جۆرە بازرگانییەک لەگەڵ پەکین ڕابگرن[٣].

لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا سەدەی ڕابردوو ماو جولانەوەی (سێ دژەکە)و (پێنج دژەکەی) ڕاگەیاند، مەبەستی یەکەمیان پاککردنەوەی وڵاتبوو لە بیرۆکراتی ناوخۆو پاشماوەی ڕژێمی ناسیۆنالیستی و دژبەرەکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی، مەبەستی دووەم نەهێشتنی بازرگانی ناشەرعی و بەرتیلخواردن و خۆدزینەوە لە باج و سیخوڕی بەسەر ئابووریی و دزینی کەلوپەلەکانی دەوڵەت بوو[٤].

لە نیسانی ١٩٥٣ چاکسازیی زەویوزار تەواوبوو، نزیکەی ٤٧ ملیۆن هێکتار زەوی لەموڵکدارەکان سەنرایەوەو بەسەر نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن جوتیاری هەژارو بێزەوی دابەشکرا[٥].

ڕێکخستنی ئابووریی نوێ لە گرنگترین ئەرکەکانی حکومەتی چینی میللی بوو، ئەمەش بە گۆڕینی سستمی سەرمایەداری بۆ سستمی سۆسیالیستی، کە کەرتی گشتی تێدا دروستبوو، ئەویش بە ملکەچبونی هەموو ڕەوتە ئابوورییەکان لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی حکومەتدا[٦].

قۆناغی ١٩٤٩ بۆ ١٩٥٣ بە دۆخێکی خراپی ژێرخانی ئابووریی و هێزی بەرهەمهێنان و هەڵاوسان دەناسرایەوە، حکومەت چەند چاکسازییەکی خێرای کرد، ماوەی پانزە ساڵی دانا بۆ ئەوەی چین بۆ وڵاتێکی سۆسیالیستی بگۆڕێت، ئەویش لەژێر گوتاری (ڕێکردن بە هەر دوو قاچەکە)ی (ماو تسی تۆنگ) کە مەبەستی گرنگیدان بوو بە هەر دوو کەرتی پیشەسازیی و کشتوکاڵیی[٧].

---

[1]Jiang Yongqing: 70 years of the peoples Republic, china pictorial press, 2019, Beijing, p.6 .

[٢]فرنسوا لومان: م.س، ص ٩.

[٣]م.ن، ص ٩.

[4]VICTORIA MANTZOPOULOS AND RAPHAEL SHEN: Op.Cit ،p4.

[5]foreign languages press: A concise History Reader of the people's Republic of China, China international book trading corporation, first edition, Beijing, 2016, p.49.

[٦]رأفت غنمي الشيخ (الدكتور) واخرون: تاريخ اسيا الحديث و المعاصر، عين للدراسات و البحوث الانسانية والاجتماعية، ٢٠١٤، ص٢٦.

[٧]عبدالرحمان بن سانية: م.س، ص١٢١.

سـاڵی ١٩٥٣ حکـومەت پلانـی گەشـەپێدانی ئـابووریی و نەتەوەیـی دارشـت، ئـابووریی سـۆڤیێتی لە مولّکایەتی دەولّەت بۆ کەرتی پیشەسازیی گرتەبەر، واتە وردەوردە کەرتی ئابوری بەناوەندی کرد ،کە لە (پلانی پێنج)[1]دا دەرکەوت[2]، سەرەتای ئەم پلانە لە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٧ دەستیپێکرد، ئەم پلانی پێنج یەکە بـووە بنـاغەی پرۆسـەی گەشەسـەندن، لەو مـاوەیەدا یـازدە پـلان جێبەجێکـرا، پلانـی پێنج دوو لەبـواری جێبەجێکردندا بوو، پێنجیان لەسەردەمی ماو جێبەجێکرا کە ئەمانە بوون:

**پلانی پێنج – یەک ١٩٥٣-١٩٥٧:**

ئامانج لەم پلانە گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی گەشەسەندنی ئابووریی و پیشەسازیی بوو، بەتـایبەتی پیشەسازیی قورس (کانزاکاریی، پیشەسـازی ئاسـن و پیشەسـازی پۆڵا ) لە سـەر شـێوازی سـۆڤیەتی، لە ئاکامدا بەرهەمە پیشەسازییەکان دوو بۆ سێ هێندە زیادیانکرد، بەرهەمی خەڵوز گەیشتە ١٣٠ ملیۆن تۆن و ئاسن پێنج ملیۆن تۆن و پۆڵا چوار هێندە زیادیکردو ٥.٤ ملیۆن تۆن بوو[3].

لەم قۆنـاغەدا سـۆڤیێت بە هەزاران ڕاوێژکـاری تەکنیکـی بونیادنـانی کـارگەو دارشـتنی پلانـی گەشـەی پیشەسازیی و تۆڕی هێڵی ئاسنین و ئەندازیاری تەلارسازیی و وێستگەی کارەباو... تاد هاوکاریی چینـی کرد[4]، هەروەها لەبواری پیشەسازی سـەربازیی و ووزەو دەرمـان و ئاسـن و پۆڵاو نەوت و خەڵـوز ١٥٦ پرۆژەی ستراتیژیی وەک وەبەرهێنان لەچیندا دەستپێکرد[5].

لەکۆتـایی سـاڵی ١٩٥٧ کشـتوکاڵ و پیشـەی دەسـتی و پیشەسـازی هەرەوەزیـی پێشـکەوتنێکی زۆری بەخـۆیەوەبینی[6]، لەم قۆنـاغەدا بەرهەمـی کشـتوکاڵ ١٤٪ و پیشەسـازیی ١٦٪و کەرتەکـانی تـریش ٨٪ گەشـەیانکرد[7]، بازرگـانی سـاڵانە855,13 ملیـۆن دۆلار قـازانجیکرد، کە560,9 ملیـۆنی لەڕێگەی ئـاڵوگۆڕی لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستەکان و295,4 ملیۆنی لەگەڵ وڵاتانی تر بووە[8].

---

[1]ئامـانجە سـەرەکیەکانی پلانـی پێنجـی، بونیادنـانی ژێرخـانیکی نەتەوەیـی بـوو، زیـادکردنی بەرهەمە پیشەسـازییەکان و باشـترکردنی پەیوەنـدییەکانی نێوان دەولّەت و خەڵـک بـوو، لەسـاڵی ١٩٥٣ تـاکو ئێسـتا چین لەسـەر ئەو پـلانە بەردەوامە، (بڕوانە: Wu Li and Sui Fumin: Op.Cit, p.47)

[2]J O N A T H A N D. S P E N C E: T H E SEARCH FOR MODERN CHINA, Vail-Ballou. Manufacturing by Arcata Halliday/Hawkins, first edition, United States of America, 1990, P.541.

[3]فرانسواز لوموان: م.س، ص١٠؛

DavidPong and Others: Encyclopedia of Modern China, Vol. 1, London ,2009, P. 58.

[4]J O N A T H A N D. S P E N C E: Op.Cit, P.544.

[5] بۆزانیاری زیاتر دەربارەی جۆرو شیوازی پرۆژە ستراتیژییەکانی سۆڤێت لە چیندا بڕوانە:

(Wu Li and Sui Fumin: Op.Cit, p .43).

[6]Ibid, P .44.

[7]Central intelligence Agency: comparison of the first five-year plans of communist china and the USSR, 1959, p.16-19.

[8]Gene T. Hsiao: The Foreign Trade of China: Policy, Law, and Practice, Australian National University Press, Canberra,1977, P.11.

**پلانی پێنج – دوو ١٩٥٨–١٩٦٢:**

ئامانجەکانی ئەم پلانە بریتیبوون لە: فراوانکردنی پیشەسازیی قورس، توندوتۆڵکردنی سۆسیالیزم لە ڕێگەی گواستنەوەی موڵکایەتی تایبەت بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە خاوەنداریێتی بە کۆمەڵ،هاندانی گەشەپێدانی ئابووریی لە ڕێگەی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و پیشەی دەستی و گواستنەوەی بازرگانی، دەستپێکی گەشەسەندنی کولتووریی و زانستی، بەهێزکردنی پارێزگاریی لە وڵات، باشترکردنی ئاستی بژێوی خەڵک. بەهۆی ئەم پلانەوە گەشەی ساڵانەی ئابووریی گەیشتە ١٠٪، هەرچەندە ڕێژەی دانیشتوان لە زیادبوون بوو[١]، بەڵام بەهۆی کاریگەریی سیاسەتی (بازدانی گەورە بۆ پێشەوە)، ئەم پلانە وەستا[٢]، بەتایبەت کە حکومەت سیاسەتی پشتبەخۆبەستنی جێبەجێکردو لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنیستی بازرگانی دەکرد، ساڵ بەساڵ ڕێژەی دەستکەوتی بازرگانی کەمیکرد[٣].

خشتەی کەمبونەوەی ڕێژەی داهات لە قۆناغی پلانی پێنج-دوودا[٤]

| ساڵ | ڕێژەی داهات بە ملیۆن دۆلار |
|---|---|
| ١٩٥٨ | ٤.٢٩٠ |
| ١٩٥٩ | ٣.٧٦٥ |
| ١٩٦٠ | ٢.٦٢٠ |
| ١٩٦١ | ١.٦٨٠ |
| ١٩٦٢ | ١.٤٠٥ |

یارمەتیدانی پیشەسازیی بچووک و کێڵگەی گوندەکان دەستپێیکرد، بە هۆی ئەو پڕۆژەیەوە ملیۆنان کرێکارو جووتیار بەخێرایی و بەردەوامی کاریان دەکرد، ٨٠٪ لە کەرتی کشتوکاڵ و بە کۆمەڵ کارییاندەکرد، حکومەتیش کۆنترۆڵی تەواوی کەرتی کشتوکاڵی کردبوو[٥].

تیشک خستنە سەر بەرهەمهێنانی ئاسن لە پێناو بیناسازیدا، بووە هۆی تێکدانی هاوسەنگی نێوان کەرتەکانی بەرهەمهێنان، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەرامەتەکانی وزەو ژینگە هەبوو[٦]. لە ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٢ لە میانەی پێکهێنانی خێرای کۆمەڵە میللییەکان (کۆمۆنەکان) وسیاسەتی بازدانی گەورە بۆ پێشەوە بووەهۆی سەرهەڵدانی پشێوی وبرسیەتی وقات و قڕی، پلانی پێنج – دوو هەڵوەشایەوە، هاوکات پشێوی دووەم لە کاتی شۆڕشی کولتووریی دروستبوو[٧].

---

١ رأفت غنمي الشيخ (الدكتور) واخرون: م.س، ص٢٦.

[2]Lawrence R. Sullivan: Historical Dictionary of the People's Republic of China, Second Edition, Scarecrow Press, Inc, United States of America,2007, p 155.

[3]Gene T. Hsiao: Op.Cit, P. 11.

[4] Ibid,p11.

[5]XIN MENG And Et al: The Institutional Causes of China's Great Famine1959–1961, Oxford University Press, 2015, p. 1572.

[6]foreign languages press: A concise History Reader ..., p.147.

[7]David Pong and (et al): vol3,p,371-376.

ماو لە قۆناغی شۆڕشی کلتوریدا ئەوانەی لە هێڵی سۆسیالیستیدا دوورخستەوە کە هزری سەرمایەدارییان هەبوو، هەوڵیدا دەسەڵاتی سیاسی خۆی بگێڕێتەوە[1]، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی چین بەمەبەستی قەرەبوی زیانەکانی ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٦، چاکسازی لەسەرجەم سێکتەرەکانی وڵاتدا دەستپێکرد[2].

چین لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ پلانی گەشەکردنی زانست و تەکنەلۆژیای دەستپێکرد، لە ١٩٦٦ ئامانجەکەنی پلانەکە هاتنەدی، توانی بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی و موشەکی دورهاوێژو کۆمەڵێ ئامێری تری وەک کۆمپیوتەرو مایکرۆسکۆپی کارەبایی و ڕادیۆو تەلسکۆپ و کامێرای خێرای دروستکرد[3].

## قۆناغی چاککردنەوە ١٩٦٣-١٩٦٥

مەبەست لەم قۆناغە چاککردنەوەی یان قەرەبوکردنەوەی ئەوزیانانەبوو کەبەهۆی پلانی پێنج –دوو وولاتی توشی دارمانی ئابوری کردبوو، هەروەها ئامانجی پێشخستنی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بوو.لەم قۆناغەدا بەرهەمی پیشەسازی ١٧٪ و بەرهەمی کشتوکاڵ ١١٪ گەشەییان کرد[4].

## پلانی پێنج – سێ ١٩٦٦-١٩٧٠:

ئامانجی سەرەکی ئەم پلانە دابینکردنی خۆراک و پۆشاک بۆ دانیشتوان، گرنگیدان بە کشتوکاڵ لەڕوی چۆنیەتی و چەندێتیەوە، گرنگیدان بە سوپای نیشتیمانی بۆ پاراستنی سنورەکانی دەوڵەتی چین، وە گرنگی دانێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵی لەجیاتی کەرتی پیشەسازی[5].

لەم ماوەیەدا بازرگانی گەشەکردنی بەخۆوەبینی، کرانەوە لەگەڵ یابان و هۆنگ کۆنگ و سەنگاپورەو ئوستralیاو کەنەدا و فەرەنساو ئەڵمانیای ڕۆژئاواو ئیتالیا دەستپێکرا، بە پێچەوانەوە لەگەڵ سۆڤێت کەمترین ڕێژەی بازرگانی هەبوو، لەگەڵ ئەمریکا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ئەنجامنەدراوە[6]، ئەم پلانەش بەهۆی شۆڕشی کولتوورییەوە تەواونەکرا[7].

---

[1] Chris Bramall: Chinese Economic Development, Routledge, USA and Canada, 2009, P .118.

[2] VICTORIA MANTZOPOULOS AND RAPHAEL SHEN: Op.Cit,P.8.

[3] Foreign languages press: A concise History Reader ..., p.189.

[4] عبدالرحمان بن سانيه: م.س، ص١٢٦-١٢٧.

[5] فاطمة عوامر: تأثير القوة السيبرانية على الإستراتيجيات الأمنية للدول الكبرى ـ دراسة حالة الصين، رسالة الماستر، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٧-٢٠١٨، ص٤٩-٥٠.

[6] Gene T. Hsiao: Op.Cit, p.13.

[7] Lawrence R. Sullivan: Historical Dictionary of the People's Republic …, p 155.

**پلانی پێنج - چوار ١٩٧١-١٩٧٥:**

ئامانجی بوو سەرجەم گەشەسەندنی پیشەسازیی و کشتوکاڵ ساڵانە بگاتە ٢.٥٪، لەو پێنج ساڵەدا وەبەرهێنانی ژێرخانی دەوڵەت بگاتە ١٣٠ ملیار یوان، بەرهەمی دانەوێڵەو لۆکەو ئاسن و پۆڵاو خەڵوزو کارەباو هێڵی شەمەنەفەر زیادبکرێت[١].

ئامانجێکیتری ئەم پلانە بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی و بۆ ئەم مەبەستە حکومەت ١٣٠ ملیار یوانی بۆ تەرخانکرد و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی بەڕێژەی ١٢.٥٪ و زیادکردنی بەرهەمەکانی (دانەوێڵە، لۆکە، پۆڵا، خەڵوز) بوو[٢].

**پلانی پێنج - پێنج ١٩٧٦-١٩٨٠:**

لە ساڵی ١٩٧٥ لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی (پلانی دەیی بۆ گەشەپێدانی ئابووریی نیشتیمانی بۆ ١٩٧٦-١٩٨٥) دارِشت، کە پلانی پێنج پێنجی لە خۆگرتبوو، ئامانجی ئەم پلانە لە سێ ساڵی کۆتاییدا بەدەستبێت، واتە ١٩٧٨-١٩٨٠ بریتیبوو لە: دروستکردنی سستمێکی پیشەسازی سەربەخۆو سستمێکی ئابووریی نیشتیمانی، بەڵام لە مارسی ١٩٧٨ پلانی دەیی گۆڕانکاری تێداکرا، داواکرا سەرجەمی بەرهەمی پۆڵا تا ساڵی ١٩٨٥ بگاتە ٦٠ ملیۆن تۆن، پەترۆڵ ٢٥٠ ملیۆن تۆن، بونیادنانی ١٢٠ پرۆژەی ستراتیژی، یەکەم ساڵی جێبەجێکردنی پلانەکە ساڵی کۆچی دوایی ماو بوو، ساڵی ١٩٧٧-١٩٧٨ پلانەکە سەرکەوت، بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکاڵییە سەرەکییەکان بەرزترین ئاستی تۆمارکرد[٣].

**خشتەی ژمارە تێکڕای گەشەی ساڵانە لە ماوەی پلانی پێنجی چین[٤]:**

| پلانی پێنجی | بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی | کشتوکاڵ | پیشەسازی | پیشەسازی سوک | پیشەسازی قورس |
|---|---|---|---|---|---|
| پلانی ١ (١٩٥٣-١٩٥٧) | ١٠.٩ | ٤.٥ | ١٨.٠ | ١٢.٩ | ٢٥.٤ |
| پلانی ٢ (١٩٥٨-١٩٦٢) | ٠.٦ | ٤.٣ | ٣.٨ | ١.١ | ٦.٦ |
| چاککردنەوە (١٩٦٣-١٩٦٥) | ١٥.٧ | ١١.١ | ١٧.٩ | ٢١.٢ | ١٤.٩ |
| پلانی ٣ (١٩٦٦-١٩٧٠) | ٩.٦ | ٣.٩ | ١١.٧ | ٨.٤ | ١٤.٧ |
| پلانی ٤ (١٩٧١-١٩٧٥) | ٨.٨ | ٤.٠ | ٩.١ | ٧.٧ | ١٠.٢ |
| پلانی ٥ (١٩٧٦-١٩٨٠) | ٨.١ | ٥.١ | ٩.٢ | ١١.٠ | ٧.٨ |

لەم خشتەیەدا تێبینی دەکرێت دەوڵەت بەڕوونی ڕویکردۆتە گەشەپێدانی پیشەسازیی و زیاتریش لەسەر پیشەسازی قورس،بەپێی پلانی پێنجی ماوشکستی هێناوە لە لە گەشەکردنی چین لەسەرجەم سێکتەرەکاندا.

[١] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٥٦.

[٢] فاطمة عوامر:م.س، ص٥٠.

[٣] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٥٧-٥٨.

[٤] عبدالرحمان بن سانيه: م.س، ص١٢٦-١٢٧.

لە ساڵی ١٩٧٢ پاش سەردانەکەی (ڕیچارد نیکسۆن Richard Nixon)[1]، کە کۆتایی بە بەستەڵەکی نێوان ئەمریکاو چین هێنا، بازرگانی چین بەرەوپێشچوو[2].

هەرچەندە چین شانبەشانی گەشەپێدانی ناوخۆیی، گرنگیی بە بازرگانی و پەیوەندی دەرەکی دەدات، بەڵام بە هۆی هەڵویستە سیاسییەکانییەوە، لەلایەن وڵاتانەوە گەمارۆو کۆتوبەند کرابوو، بەمەش ئاستی بازرگانی ئەو وڵاتە نزم بوو کاریگەری لەسەر ئابووریی گشتی وڵات هەبوو[3].

لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٨ گرژییە سیاسییەکان توندوتیژییان کەمبووەوە، لە ساڵی ١٩٧٥ (دینگ شیاو پینگ)[4] ئەندامی لیژنەی ناوەندیی حزب، ڕاپۆرتێکی ٢٠ خاڵی پیشکەشکرد، پشتگیری بەڕێوەبردنێکی توند بۆ دامەزراوەو هاوردەکردنی بەرنامەی تەکنەلۆژی و چاکردنی ئاستی بژێویی دانیشتوانی کرد[1].

---

[1] ڕیچارد میلهوس نیکسۆن: سی و حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکایە، لە ٩ی کانونی دووەمی ١٩١٣ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی بە چالاکی سیاسی کردولە پارتی کۆماریی بوو، لە ساڵی١٩٥٠ کورسییەکی لە ئەنجومەنی پیران بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٥٢ ئەیزنهاوەر کردی بە جێگری سەرۆک، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ کورسی سەرۆکی بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٧٢ سەردانی مۆسکۆی کردو ڕێکەوتننامەی کەمکردنەوەی موشەکی دژ بە موشەکی بالیستی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێتدا واژۆکرد، هەمان ساڵ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ماو تسی تۆنگ و چو ئین لای لە پەکین کۆبووەوە، لە ٩ ی ئابی ١٩٧٤ دەستی لە کارکێشایەوە، لە ٢٢ نیسانی ١٩٩٤ کۆچی دوایکردووە.

JOHN C. FREDRIKSEN: BIOGRAPHICAL DICTIONARY OF modern world leaders 1900 TO 1991, Facts on File, United States of America,2004, P.334-335).

[2]NICHOLAS R. LARDY: Foreign trade and economic reform in China1978-1990, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, first edition, united states of America ,1992, p.11.

[3]Laixiang Sun: Aggregate Behaviour of Investment in China, 1953-96: An Analysis of Investment Hunger and Fluctuation, Palgrave Publishers Ltd, New York,2001, P. 51.

[4] دینگ شیاو پینگ (تینگ سیاو پینگ، دینگ شیان شینگ، دینگ هیسیاو پینگ) (١٩٠٤ – ١٩٩٧) لە شاری (شیشینگ Xixiang) لە هەرێمی سیچوانی Sichuan لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە فەرەنسا چاوی بە (چو ئنلای) کەوت، چوە پارتی کۆمۆنیستی چینەوە، لە زانکۆی سن یاتسنی مۆسکۆ مارکسیزم و لینینیزمی خوێند، ساڵی ١٩٢٩ گەڕایەوە چین و لە دامەزراندنی سوپای سور هاوکاریی ماوی کرد، دینگ لە ١٩٤٩ بووە یارمەتیدەری سەرکەوتنی کۆتایی شیوعی بەسەر هێزەکانی کۆمینتاندا، لە ساڵی ١٩٥٥ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە کاتی شۆڕشی کولتووریدا دەستگیرکراو لە ساڵی ١٩٧٣ بە هەوڵی (چو ڕونگجی) هاوڕێی ئازادکرا، لە ساڵی ١٩٧٧ دینگ گەڕایەوە ناو ڕیزەکانی حزب، دوای ساڵێک بووە ئەمینداری گشتی، لە کانونی یەکەمی ١٩٧٨ ەوە تا ساڵی ١٩٩٢ (سەرۆکی باڵا)ی پارتی کۆمۆنیستی چین بووە، لەسەر هەردوو ئاستی دەوڵەت و حزب چەند پلەیەکی وەرگرت، لەسەر ئاستی یەکەمیان بووە سەرۆکی کۆنگرەی ڕاوێژکاری سیاسی گەلی چین (١٩٧٨ – ١٩٨٣)و سەرۆکی لیژنەی سەربازیی ناوەندیی کۆماری چینی میللی (١٩٨٣ – ١٩٩٠)، لەسەر ئاستی حزبیش بووە جێگری سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین (١٩٧٧ – ١٩٨٢)و سەرۆکی لیژنەی سەربازیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین (١٩٨١ – ١٩٨٩)و سەرۆکی لیژنەی ڕاوێژکاریی ناوەندی (١٩٨٢ – ١٩٨٧)، گەیشتە پلەیەک کە بە دەماری سەرکردایەتی یان جەوهەری سەرکردایەتی ناسراوە، واتا سەرکردەی دانپێدانراو و ناوەندی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی چین، بەتایبەتی دوای خستنی سەرۆک وەزیران (هوا کو فینگ) لە کانونی یەکەمی ١٩٧٨ و بەخشینی پلەکەی بە یەکێک لە پشتیوانەکانی. بڕوانە:

(John C. Fredriksen: BIOGRAPHICAL DICTIONARY OF modern world leaders 1992 TO THE PRESENT, Facts on File, Inc, United States of America, 2003, P. 132-133؛ Edwin Pak-wah Leung: Political leaders of modern China: a biographical dictionary, Greenwood Press, United States of America،2002, p.26-29) .

لە کۆنگرەی یانزەی حزب لەمانگی دوانزەی ١٩٧٧. هیچ ڕاپۆرتێکیان لە بارەی گەشەی ئابووریی چینەوە نەخستەڕوو، بەڵکو لەسەر ڕێبازی سیاسی ڕابردوو بەردەوامبوون، هەموو کەموکورتیەکان خرانە ئەستۆی شوێنکەوتووانی سەرمایەداریی و (تاقمی چوار کەسی)[٢] کە نەیاری بیرو بۆ چوونەکانی ماوبوون[٣].

## سێیەم – ڕەوشی سیاسی ١٩٤٩-١٩٧٨:

چین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بەهۆی هەڵمەتەکانی داگیرکاری وولاتانی ڕۆژئاواوە بۆسەرچین، سەردەمێکی بەخۆوە بینی کە بە هەڵوەشانەوەیەکی گەورە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی جودا دەکرایەوە[٤]. ماوەی سالانی ١٨٣٩- ١٩٤٩ بەسەدەی زەلیلی دادەنرێت، چین بەدەستی هێزە بێگانەکان توشی بەزینی سەربازیی و نوشتی بووە، کارەساتی مرۆیی و قاتوقڕیی و دابەشکردنی خاکی نیشتیمان و پێدانی بە دەوڵەتانی بێگانەی تێدا ڕوویداوە[٥].

هەر لەساڵی ١٧٧٣ بەریتانیا لە ڕێگەی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەلاتی بەشێوەیەکی ئاشکراو قاچاخ قۆرخی بازرگانی (ئەفیون)یان کردو ئەفیونیان هەناردەی چین کرد، بەمەش قازانجێکی زۆریان کرد، هەرچەندە حکومەتی (کینگ١٦٤٤-١٩١٢)[٦] چەندینجار دژی ئەو کارە وەستایەوە، بەلام بەریتانیەکان

---

[١]فرانسواز لومان: م.س، ص١٤.

[٢] کۆمەڵەیەکی چەپڕەوی توندبوون چوار لە دیارترین سەرکردەکان بوون، کە حزبی شیوعیان پێکهێنا، لەمیانەی شۆڕشی کولتووری لە نێوان ساڵەکانی (١٩٦٦-١٩٦٧) ژنەکەی ماو جیانگ کینگ Jiang Qing بووە سەرۆکیان، لەگەڵ کەسانی وەک جانگ ژیانگ چونکوا (Zhang Chunqiao) کە سەرکردەیەکی سیاسی بوو لە شەنگەهای، یاوون یوان (Yao Wen Yuan) ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بوو زۆر متمانەپێکراوی جیانگ کینگ بوو، وانگ هۆنگ وین (Wang Hong Wen) سەرەتا کرێکارێکی پیشەسازی بوو لەلایەن ماوەوە کرایە سەرکردەیەکی سیاسی، لە دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی کولتووری ئەو تاقمە تێکشکێنرا، چونکە ویستیان دوای مردنی ماو لە ڕێگەی کۆدەتایەک لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ واتە دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر مردنی ماو، دەستبگرن بەسەر دەسەڵاتەکانی چیندا، هەمویان بە تۆمەتی ناپاکی و ئەنجامدانی چەوساندنەوە و توندوتیژیی دژی هاولاتیانی چینی لە کاتی شۆڕشی کولتووریی دەستگیرکران و دادگاییکران.
(Lawrrence sivile: Historical Dictionary of the People's Republic....p.224; David Pong: Op.cit, Vol 1, p.373; Robert Sutter: Historical Dictionary of United States–China Relations, The Scarecrow Press, Inc, Lanham, 2006, p 64).

[3]Clem Allan Tisdell: Op.Cit, p 274.

[٤]نادیه کاظم العبودي: تطور الاوضاع السیاسیة الداخلیة في الصین ١٨٥٠-١٩١١، اطروحة الدکتوراه في التاریخ الحدیث، جامعة بغداد، ٢٠٠٦، ص٢٢٣.

[٥] ناصر التمیمي: صعود الصین – المصالح الجوهریة لبکین والتداعیات المحتملة عربیا، مرکز دراسات الوحدة العربیة بالتعاون مع معهد دراسات الشرق الأوسط، جامعة شنغهاي للدراسات الدولیة – الصین، في بیروت بتاریخ ٢١ – ٢٢ شباط ٢٠١٧، ص٥٩

[٦]بنەماڵەی (کینگ) یان (مانچو) ١٦٤٤–١٩١٢: بنەچەی ئەم بنەماڵەیە دەچێتەوە سەر هۆزەکانی مەنگولی کە لە مەنشوریای باکوری چین نیشتەجێبوون، لە سەردەمی خێزانی (مینگ ١٣٦٨ – ١٦٤٤)دا خراپی دۆخی سیاسی ناوخۆیی چینیان قۆستەوە و دەستیان بەسەر دەسەلاتدا گرت و حوکمیان کرد، سەرەڕای ئەو جیاوازییە دیارەی لە سپاردنی ئەرکی

گوێیان پێنەدا[1]، ناردنی ئەفیون بۆ بەندەرەکانی چین ببووە هۆی پەرەسەندنی زۆری ئەم بازرگانیە لە چین و ٪١٠ دانیشتون ئالودەبوبون، بە تایبەتی لەناو چینی ڕۆشنبیرو سوپادا زۆر بەربڵاوبوو[2]. چین لە ساڵی ١٨٣٩ نوێنەرێکی بەناوی (لین زشو–Lin Zexu ) ناردە لای بەریتانەکان، تاکو بازرگانی ئەفیون لە بەندەری کانتۆن بوەستێنن، بەریتانەکان گوێیان پێنەدا، لە ٢٥ حوزەیران چین دەستی بەسەر هەموو هەمبارەکانی ئەفیوندا گرت و هەڵیڕشتنە ناو دەریاوە[3].

بازرگانانی بەریتانی بەم کارە زیانیکی زۆریان بەرکەوت، لەم سەروبەندەدا بەریتانییەکان پەرچەکرداریان نواند و شەڕلە نێوان هەردولا دەستی پێکرد ،کە لە حوزەیرانی ١٨٣٩ دەستی پیکرد و تاکو ساڵی ١٨٤٢ ز بەردەوامی هەبوو ئەم جەنگە بەجەنگی (ئەفیونی یەکەم) ناسێنرا، بە سەرکەوتنی تەواوەتی بەریتانیا کۆتاییهات[4]. لە دوای سێ ساڵ لە شەڕ ئەنجامەکەی واژووی ڕێکەوتنی نانچینگ (Nanjing)بوو[5]، بەهۆی جەنگی ئەفیونەوە نەخۆشی و هەژاریی لەناو دانیشتوندا بڵاوبویەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی ئابوریی کردە سەر گەلی چین، حکومەت باجێکی زیاتری سەپاند بەسەر دانیشتوندا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بکەونە ژێر هێڵی هەژاریەوە و برسیەتی و قاتوقڕی لە ناوکۆمەڵگەدا بڵاو بویەوە[6].

شکستی چین لەم جەنگەدا زەمینەی هاتنی زیاتری هێزە بیانییەکانی بۆ داگیرکردنی چین و وەرگرتنی جیاووگی زیاتر هێنایە ئاراوە، لە ٦ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٥٦ بۆ جارێکیتر فەرەنسا وبەریتانیا و پاشان ئەمەریکاو ڕوسیا جەنگی ئەفیونی دووەم لە دژی چین ڕادەگەیەنن شکستی پێ دەهێنن

---

کارگێڕیی و سەربازییەکاندا بۆ ئەندامانی خێزانەکەیان هەبوو، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرییان لە گەلی چینی کەمتربوو، کولتوری دیکەیان وەرگرت و دەستیان بە کۆنفۆشیوسیەوە گرت و کردیانە ئایینی سەرەکی ئیمپراتۆریەتەکەیان، چونکە لەگەڵ فەلسەفەیان لە حوکمڕانیدا و فەرمانبەرداری ئیمپراتۆر پێکدەهاتەوە، بڕوانە:

James Z. Gao, Historical Dictionary of Modern China (1800-1949): Historical Dictionaries of Ancient Civilizations and Historical Eras, No. 25, Toronto,2009, P. 224; WolFram Eberhard, a History of China Second Edition, London, 1960, P. 414.

[1] دار النشر باللغات الاجنبية: حرب الافيون، دار النشر باللغات الاجنبية، بكين، ١٩٧٩، ص٨-١٢

[2]William T. Rowe: CHINA'S LAST EMPIRE the great qing, the belknap press of harvard university press, London, 2009, p167.

[3]Ibid, p.170; Peter Ward Fay: The Opium War 1840–1842, The University of North Carolina Press, United States of America, 1997,p228.

[4]JONATHAN FENBY :Modern china the fall and Rise of a Great Power 1850 to the present, HarperCollins Publishers, United States of America, 2008, p 9-10

[5]بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بریتیبوون لە: چین دەبێت ٢١ ملیۆن دۆلار و زۆرترین ماف و جیاووک بە ئینگلیزەکان بدات، بەخشینی هاوولاتی ئینگلیز لەملکەچبون بۆ یاساکانی سزادان و شارستانی چین. شاری هۆنگ کۆنگ و ئازادی کاری مژدەدەری بە ئینگلیزەکان درا. تەنها ٪٥ی گومرگ لەسەر کالای ئینگلیزەکان دانرا، بەریتانیا ئازادی بازرگانی لە پێنج بەندەری سەرەکی چین واتە کانتۆن، فوچۆ، نیکپۆ، شانگهای و ئاموی دەستکەوت. بڕوانە: (نادیة كاظم محمد العبودي: حروب الافيون من صفحات التدخل الاجنبي في الصين ١٨٣٩-١٨٩٥، دار الكتب والوثائق ببغداد، بغداد، ٢٠١٦، ص٣٨-٣٩.

[6]June Teufel Dreyer: ChinaS Political System Modernization and Tradition. 8 Edition, Pearson Education, United States, 2012, p.42.

ولەکۆتایشـدا لە ١٨ تشـرینی یەکەمـی ١٨٦٠ ڕێکەوتننـامەیەکی زۆرەملـێ بەهەمـان شـێوەی ڕێکەوتنـی نانچینگ بەسـەر چیندا دەسـەپێنن، بەمشـێوەیە وولاٌتـی چین دەکەوێتە ژێر دەستی هێزە ڕۆژئاوایەکـان ئەمەش کاریگەریەکی خراپی کردە سەر گەلانی چین و بووە هۆی بلاٌ بونەوەی قاتو قڕی وهەژاری لەناو دانیشتواندا، هەروەها بووە هۆی سەر هەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕین[1].

هەر لەم ساڵانەدا چوار ڕاپەڕینی گەورە دژی حکومەت وهێزە بیانییەکان بەرپابوون کە بریتی بـوون لە: ڕاپەڕینـی موسـڵمانەکان لە هەرێمـی یونـان (Yunnan) لە باشـوری رۆژئـاوا لە نێـوان سـاڵانی ١٨٥٥–١٨٧٣، وەشۆڕشـێکی تـر لەلایـان تورکەکـانەوە لە بـاکوری ڕۆژئـاوا لە نێوان سـاڵانی ١٨٦٢–١٨٧٣، و لە بـاکووری ولاٌتـدا لە لایەن (نـین–Nien)ەکـانەوە لەنێـوان سـاڵانی ١٨٥٣–١٨٦٨ سـەریهەڵدا، ڕاپەڕینـی تایپینگەکانTaiping لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠–١٨٦٤مەترسی دارترینیان ڕاپەڕینی تایپینگەکان بوو[2].

شۆڕشی تایپینگەکان لە دژی (ئیمپراتۆریی کینگ١٦٤٤–١٩١٢) بەرپاکرا، هۆکاری سەرهەڵدانی هەژاری خەڵکی بـوو. (هونـگ شـی چـوان) سـەرکردایەتی ئەم شۆڕشـەی کـرد، ڕێکخسـتنێکی سـەبازی لەپیـاو و ئـافرەت کە بەزۆری جوتیـار بـوون دامەزرانـد، دەیوسـت فەرمـانڕەوای مـا نچـو (یـان حکـومەتی کینـگ) بڕوخێنێت[3].

ئەم بـزوتنەوەیە بەرفراوانتـرین بـزوتنەوەی سیاسـی و ئـایینی سـەدەی نـۆزدەیەم لە چـین دادەنرێـت، دروشـمەکانی بریتیبـوون لە: دابەشـکردنی دادپەروەرانەی زەوی، موڵکـایەتی هـاوبەش (سۆسـیالیزم)، برایەتـی و یەکسـانی نێـوان ژن و پیـاو، تـوانی زۆربەی خەڵکـی چـین بهێنێـتە ڕیـزی خـۆیەوە و لە سەرانسەری ولاٌتدا پەرەبسێنێت[4].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان نەیانتوانی لە ئاڕاستەکردنی شۆڕشـەکەیاندا سـەرکەوتوو بن، چونکە کەسـانی شـارەزا و بەتوانایـان بـۆ دروسـتکردنی حکـومەتێکی کـارگێڕیی لە بەردەسـت نەبـوو، هەروەهـا حکـومەت بەیـارمەتی ولاٌتـانی ڕۆژئـاوا لە سـاڵانی ١٨٥٨ بـۆ ١٨٦٠، پشـتیوانی دەوڵەتـانی فەڕەنسـاو بەریتانیـای بەدەستهێنا، بەهاوکاری ئەم ولاٌتانە شۆڕشەکەی سەرکوتکرد، سەرەنجام نزیکەی ٢٠ بۆ ٤٠ ملیۆن کەس بەهۆی ئەم ڕاپەڕینەوە مردن[5].

لە سـاڵی ١٨٩٤ یابـان هێرشـی کـردە سـەر چـین، دورگەی فەرمـۆزە (تـایوان) و کۆریـاو بەشـێکی کەناراوییەکانی چینی داگیرکرد و بەڕێکەوتننامەی شیمۆنسکی[6]، سـاڵی ١٨٩٥ کۆتـایی بە جەنگەکە هـات[1]،

---

[1] نادیة کاظم محمد العبودي: حروب الافیون ....، ص٥٧–٥٨.

[2]فوزی درویش:العملاق الصینی بین الماضی والحاضر، مکتب جزیرةالورد، القاهرة، ٢٠١٤، ص١٥.

٣. نادیة کاظم العبودي: تطور الاوضاع السیاسیة ،....ص٦٤–٦٥ .

[4] Martin Jacques: When China Rules the World; the end of the western world and the birth of a new Global Order, the penguin press, New York, 2009, p.87.

[5]Martin Jacques: Op.Cit, p 87.

[6]ئەم پەیمانە لە ١٧ نیسانی ١٨٩٥ بەسترا بە پێی ئەم پەیمـانە :کەنداوی( لیـاو تۆنـگ) و (تـایوان) دران بە یابـان، چـین وەک قەرەبوی جەنگ بڕی ٢٠٠ ملیۆن تایل بدات بە یابان، چین مافی بەکار هێنانی بەندەرەکانی بە یابان بەخشی. بڕوانە:
David Levinson and Karen Christensen, Modern Asia Encyclopedia of, China-India Relations to Hyogo, Vol. 2, New York, 2002, Pp.10-11.

پاش ئەوە لە ساڵی ١٨٩٨ بە هۆی ئەو دۆخە ناجێگیرەی چینی گرتبوەوە دژی هەژاری و حکومەتی کینگ و هێزە بیانیەکان و مژدەدەرەکان، ڕاپەڕینێکی جوتیاری بەناوی (بۆکسەرسboxers ) سەریهەڵدا، دەستیان بەکوشتنی مژدەدەرەکان کردو ئەندامانی هێزە بیانیەکان و هەندێ ناوچەیان ڕزگارکرد، بەڵام ئەم ڕاپەرینەش بە هاوکاری هێزە بیانیەکان لەساڵی ١٩٠١ سەرکوتکرا[٢].

پاش ئەم شکستەی چین و ئەو ڕەوشە ناهەموارەی بەرۆکی گرتبوو لە سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێ هەوڵی چاکسازی لە لایەن دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی چینەوە دران، لەوانە: لەکانگ یووی (١٨٥٨–١٩٢٧)، یان فوو و هوانگ –هسیان (١٨٤٨–١٩٠٥)، لیانگ چی چاو (١٨٧٣–١٩٢٩) و تان سو–تانگ (١٨٦٥–١٨٩٧) و وانگ کانگ –نیان (١٨٦٠–١٩٢٩)، بەڵام بە هۆی ململانێکانی نێوان چاکسازیخوازان و پارێزگارانەوە هەوڵەکان سەریان نەگرت و حکومەت چاکسازیخوازانی دەستگیر کردن[٣].

سیستەمی نەریتی چین نەیتوانی ئەم چاکسازییە بەرفراوانە لە نێو خۆیدا هەرسبکات. بەڵام دواجار دکتۆر (سن یات سن)[٤] توانی ئەم بزوتنەوە چاکسازییە بۆ شۆڕشێکی میللی بگۆڕێت. سن ساڵی ١٩٠٥ بەمەبەستی ڕوخانی فەرمانڕەوای کینگ بەرەی یەکیەتی شۆڕشگێڕی دامەزراند، پاشان ئەم بەرەیە ساڵی ١٩١١ بەشداری ڕاپەڕینی (وچانگ–wuchang ) کرد و توانیان حوکمی سەدان ساڵەی کینگ بڕوخێنن[٥]، لە ١ی کانونی دووەمی ١٩١٢ لە نانچینگ کۆماری نوێی چینی ڕاگەیاند[٦]. ماوەی نێوان ١٩١٢ بۆ ١٩٤٩ بە بەسەردەمی کۆماری یەکەمی چینییەکان ناوزەددەکرێت، ئەم ساڵانە بە ساڵانی جەنگ و داگیرکاریی و

---

[١] نادية كاظم العبودي: تطور الاوضاع السياسية ....، ص١٤٥.

[2] John King Fairbank and merle Goldman: China anew history, second edition, the belknap press of Harvard university, London, 2006, p 231-232

[٣] نادية كاظم العبودي: تطور الاوضاع السياسية ....، ص١٥٥–١٨٠.

[٤] دکتۆر سن یاتسن لە خێزانێکی جوتیار لە ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٨٦٦ لە گوندی سوهینگ (Tsui-heng نزیک شاریhsiang shan سەر بە هەرێمی گوانگدۆنگ Guangdong لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی لە قوتابخانەی مژدەدەرەکان خوێندووە، پاشان لە هۆنگ کۆنگ لە قوتابخانەیەکی ناوەندیی حکومی وانەی ئینگلیزی وتۆتەوە، لە ساڵی ١٨٨٦ لە گوانژۆ کۆلێژی پزیشکی تەواوکرد، بیری ناسیۆنالیستی و دیموکراتخوازی کاریتێکردووە، لە ساڵی ١٩٠٥ ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی (بەرەی شۆڕشگێڕانی چین) دامەزراند، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١١ سەرکردایەتی ڕاپەڕینی wchang کرد و کۆتایی بە حوکمی سەدان ساڵەی فەرمانڕەوای کینگ هێنا، لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩١١ ئەنجومەنی نیشتیمانی، سن یا تسنی وەک سەرۆک وەزیران هەڵبژارد، لە ١ی کانونی دووەمی ١٩١٢ کۆماری نوێی چینی ڕاگەیاند، لە ١٢ ئازاری ١٩١٢ لە گەڵ چەند فراکسۆنێکی تردا پارتی نەتەوەی چینی کە بە (کۆمینتانگ) ناسراوە دروستکرد، بەهۆی کێشەو ململانێکانی ناو ئەم حزبە کودەتا بەسەر سن کرا، پاشان لە ١٢ مارسی ١٩٢٥ کۆچی دواییکرد، (بڕوانە: عباس محمود العقاد: سن ياتسن أبو الصين، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة،مصر، ٢٠١٢،ص١٠٢–١٠٧.)؛

(Giulio Vezzosi: Sun Yat – sen aglobe –trotter with a cause , university of pisa History of modern and contemporary china , 2012-2013, p4-14)

[5] Marilyn A. Levine and Chen San-ching: The Guomindang in Europe A Sourcebook of Documents, INTERNATIONAL AND AREA STUDIES, at the University of California, United States of America, 2000, p.4.

[6] John King Fairbank and merle Goldman: China anew history, second edition, the belknap press of Harvard university, London, 2006, p250

شۆڕش و گۆڕان و گەشەی ئابووریی و سەربازیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریی و ڕۆشنبیریی جیادەکرێتەوە[1].

لەو ماوەیەدا کێشەو ململانێ و جەنگی ناوخۆ کەوتە نێوان پارتی (کۆمیتانگ)[2] و پارتی (کۆمەنیست) لەلایەک و (ئەمیرەکانی جەنگ)[3] لە لایەکی تر.

پاش چەند مانگێک لە ڕاگەیاندنی کۆماری چین ساڵی ١٩١٣ سەرۆک کۆمار (یوان شی کای)[4] کودەتای بەسەر سن یاتسن کرد، سن هەڵهات و یوان حوکمی سەربازیی ڕاگەیاند و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەو لایەنگرانی پارتی کۆمیتانگی گرت و زیندانیکردن[5].

---

[1] DENIS TWITCHETT and JOHN K. FAIRBANK: THE CAMBRIDGE HISTORY OF CHINA, vol 12, United States of America, 2005, p1.

[٢] ئەم پارتە (Guomindang) یان کۆمینگتانگ، وشەیەکی چینیە بەمانای پارتی چینی نیشتیمانی دێت (Kuomintang Chinese Party) لە لایەن سن یات سن لە ئابی ساڵی ١٩١٢ دامەزرا، بەڵام لە ململانێی نێوان سن و سەرۆکی جەنگی یوان شیکای بۆ دەستگرتن بەسەر کۆماری نوێدا بەخێرایی قەدەغەکرا، لە ساڵی ١٩١٩ سن حزبە شۆڕشگێڕییە نهێنیەکەی ڕێکخستەوە، بەڵام لەڕووی دارایی و سەربازیەوە بێهێزبوو، سن ڕویکردە سەرکردەکانی ڕووسیای سۆڤێتی بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی، ئەم پارتە لە ساڵانی ١٩٢٨ تا ساڵی ١٩٤٩ ئامانجی نەتەوەیی دیموکراسی بوو، هەوڵی بەدیهێنانی یەکپارچەیی چین و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی داگیرکەری دەدا، لەدوای کۆچی دوایی سن لە ١٩٢٥، سەرکردایەتی پارت کەوتە دەست چیانگ کای شیک، ئەویش تا دوای سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٤٩ لە سەرکردایەتی پارتەکە بەردەوامبوو.

(Xiaobing Li: China at War AN ENCYCLOPEDIA, ABC-CLIO, United States of America,2012,p.151-153; David Pong: OP.Cit,Vo1.3,P.267)

[٣] ئەمیرەکانی جەنگ–Warlord ، یان سەرکردە (سەرگەورە)کانی جەنگ، زاراوەیەکە ڕۆژئاواییەکان لەماوەی ١٩١٦ – ١٩٢٧ بۆ بەشێک لە سەرکردە سەربازییەکانی سوپای چینیان بەکاریانهێنا، ئەوان حاکمی هەندێ لە هەرێمەکانی چین بوون کە دوای مردنی سەرۆکی چین (یوان شی کای) ساڵی ١٩١٦ لە پەکین جیابونەوەو لە شێوەی سوپادا خۆیان ڕێکخست و یاسای تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەشێک لە فەرماندەکانی سوپا سەر بە ئەمیرەکانی جەنگ بوون، کە گوێڕایەڵییان بۆ ئەوان بوو نەک بۆ حکومەتی ناوەند، چینییەکانیش ناویان نابوون (چونەکان) کە تاکەکەی (چون)ە بە واتای حاکمی سەربازی، ئەوانەش جێگرەوەی ڕاستەقینەی یوان شی کای بوون، لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو باڵادەستبوون. بڕوانە: نادية كاظم محمد العبودي: الوضع السياسي في الصين في ظل حكم سادات الحرب (٦ حزيران ١٩١٦ – تشرين الأول ١٩١٨، بغداد، ٢٠٠٩، ص٦-١١ .

[٤] (یوان شی کای –YUAN SHIKAI ): ساڵی ١٨٥٩ لە خێزانێکی ناوداری شینگ چینگ لە هەرێمی هێنان لە دایک بووە، تاساڵی ١٨٧٨لە پەکین لەژێر سەرپەرشتی مامی بووە ،لە جەنگی چین- یابان ١٨٩٤-١٨٩٥ بەشداری کردووە ، بووەتە فەرماندەی سوپا، لە جەنگی دژبە شۆڕشی بۆکسەرس ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە، پشێوێ شۆڕشی بۆکسەرسی قۆزیەوەو هێزێکی گەورەی چەکداری لە باکور کۆکردەوەو بووە فەرماندەیان ، لە ڕاپەڕینی ووچان١٩١١ لەگەڵ سن یاتسن ڕێککەوت و بۆ ڕوخانی حکومەتی کینگ یارمەتی( سن)یدا ، دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە ئەنجومەنی نیشتیمانی دامەزرێنراو،ساڵی ١٩١٢ یوان بە سەرۆکی کۆماری چین هەڵبژێردرا، بە هۆی ململا نێکانی لە گەڵ سن بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی کۆمینگتانگی دا ، (سن)ش جەنگی لە دژی یوان ڕاگەیاند ، یوان لە ٢٣ی ئازاری ١٩١٦ کۆچی دوای کرد . بڕوانە:

(James Z. Gao: Historical Dictionary of Modern China (1800–1949), The Scarecrow Press, Inc, Lanham,2009,P419-421)

[5] John King Fairbank and merle Goldman: Op,Cit , p250-251

پاش مردنی یوان شی کای دەسەڵات کەوتە دەست (ئەمیرەکانی جەنگ–Warlord)[١]. پاش مردنی سن (چیانگ کای شیک)[٢] بووە سەرۆکی کۆمیتانگ و لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست تاساڵی ١٩٢٧ لەیەک بەرەدابون، لەدژی ئەمیرەکانی جەنگ و هێزە ڕۆژئاوایەکان و یابان[٣] جەنگان[٤]، تا بە هۆی جیاوازی بیروڕا و پاوانخوازیی هەردوو لایان (چیانگ کای چیک) هێرشی کردە سەر کۆمۆنیستەکان لە پارتە هاوپەیمانەکەی و زۆرێک لە ئەندامەکانی کوشت، لێرەوە جەنگی ناوخۆ لە نێوان پارتی کۆمینگتان و پارتی کۆمۆنیست دەستیپێکرد[٥].

بە هاتنی ساڵی ١٩٣٦ دۆخی سیاسی لە چیندا بە شێوەیەکی گەورە گۆڕا بوو، چونکە یابان لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ باشوری مەنشوریای داگیرکردبوو[٦]، لە تەموزی ١٩٣٧ هێرشی کردەوە سەرچین[٧]، ئەوەش حکومەتی کۆمینگتان و پارتی کۆمۆنیستی ناچار بە وەستانی شەڕی یەکتر کرد، دژی دوژمنە دەرەکییەکە بوونەوە[٨].

لە دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم ١٩٣٩–١٩٤٥ پارتی کۆمۆنیستی چین لەو پشێوییەدا بە خێرایی هەژموونی زیادیکرد، بە یارمەتی سۆڤیەت چەکێکی زۆری دەستکەوت، پاشان چووە ناو

---

[١] فوزی درویش: العملاق الصینی بین الماضي والحاضر، مكتب جزیرة الورد، القاهرة، ٢٠١٤، ص٤١–٤٢.

[٢] چیانگ کای شیک –CHIANG KAI-SHEK : سەرکردەیەکی سیاسی چینە، ساڵی ١٨٨٧ لە (فینگیا) لە هەرێمی (ژیشیانگ) لە بنەماڵەیەکی بازرگان لە دایک بووە، ساڵی ١٩٠٧ چووەتە ئەکادیمیایی سەربازی بۆودینگ، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی سەربازی چووەتە یابان ، ساڵی ١٩١١ گەڕایەوە چین بەشداری شۆڕشی ١٩١١ کرد، بەشداری چالاکیەکانی هێزی شۆڕشگێران لەدژی حکومەتی کینگ کردووە ، پاشان لە دژی یوان شیکای جەنگاوە ، دوای سن یاتسن سەرکردایەتی پارتی کۆمینگتانی گرتەئەستۆ ، لە ساڵی ١٩٢٧ تا ساڵی ١٩٤٩ جەنگی لە دژی پارتی کۆمۆنیست کردووە، لەکۆتایدا ساڵی ١٩٤٩شکستی هێناو بۆ تایوان هەڵهات لەوێ کۆماری نیشتیمانی چینی دامەزراند، لە نیسانی ١٩٧٥ کۆچی دوای کرد بڕوانە:

(James Z. Gao: Op,Cit,P56-59.)

[٣] ساڵی ١٩١٥ یابان ٢١ داواکاری خستە بەردەم یوان شی کای، یەکێ لەداواکان ئەوەبوو کە ڕاوێژکارە یابانیەکان دەبێت لە دامودەزگای شارستانی و سەربازیی چین دابمەزرێن، ئەمە تورەیی چین و ڕۆژئاواییەکانی لێکەوتەوەو شەڕ بەرپاکرا، یابان چەند ناوچەیەکی چینی داگیرکرد، بەمشێوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە چیندا مایەوە، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی پارتی کۆمۆنیست و سوپای کۆمینگتانگ و هێزی هاوپەیمانان، ساڵی ١٩٤٥ لەناو خاکی چین دەرکرا. بڕوانە:
David Levinson and Karen Christensen: Modern Asia Encyclopedia ofChina-India Relations to Hyogo, Thomson Gale, Vol. 2, New York, 2002, P11; Wolfram Eberhard: A History of China, University of California Press, fourh edition, los Angeles,1977, p489-492.

[4] John King Fairbank and merle Goldman: Op,Cit , p283-284

[٥] هلدا هوخام: تاریخ الصین منذ وما قبل التاریخ حتی القرن العشرین، ت.اشرف محمد کیلانی، المروع القومی للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٣٣٠–٣٣٧.

[٦] فوزی درویش: الشرق الاقصی: الصین و الیابان ١٨٥٣–١٩٧٢، ط٣، مصر، ١٩٩٧، ص١٥١.

[7] Rana MItter: forgotten Ally chinas World War 11, 1937-1945, first edition, boston newyork, 2013 P84

[8] Ibid, p.96.

شـەڕێکی تـری نـاوخۆییەوە[1] کە ئەنجـامەکەی بە سـەرکەوتنی کۆمۆنیسـتەکان و شکسـت و هەڵهـاتنی کۆمینتانگەکان بوو[2].

دواجار ماو تسی تۆنگ و پارتی کۆمۆنیست لە یەکی تشرینی یەکەمـی ١٩٤٩ لەمەیدانی تیانانمین بە ئامادەبونی سێسەد هەزار کەس کۆماری گەلی چینیان ڕاگەیاند، ماو بوبە سـەرۆکی کۆمـاری میللـی چین و (چـو ئـنلا) [3]ی بـوبە سـەرۆک وەزیـران، هەردوکیـان هەتـا ڕۆژی مردنیـان لەو پۆسـتانە مـانەوە[4]. سـەرکردەکانی کۆمیتانـگ لە دورگەی تـایوان کۆمـاری چینـی نیشـتیمانیان دامەزرانـد[5]، بەهـۆی شـەڕی ناوخۆوە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی داڕوخان، بەجۆرێک ٧٥٪ بەرهەمیان کەمیکرد[6].

ماو هەوڵیدا دەسەڵاتی پتەوتربکات و سیمای سـەربازیی بۆ مەدەنی بگۆڕێت، هاوکات چین بە هـۆی (کێشـەی تـایوان)[7] و( جەنگـی کۆریـا ١٩٥٠-١٩٥٣)[1] پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ ئەمریکـا ورۆژئـاوا تێکچـوو،

---

٢. شەڕی ناوخۆ لە سەرەتای ١٩٤٦ لە نێوان حکومەتی نیشتمانی و کۆمۆنیستەکان لەدوای دانانی پلانێک لە لایەن چیانگ کای شیکەوە کە هێزی بە تاکە ئامرازی یەکلاکردنەوەی ململانێی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی چین دانا و لایەنی دیپلۆماسـی پشتگوێخسـت، پـلانەکەی بریتـی بـوو لە گێـڕانەوەی ئەو شـار و گونـدانەی کۆمۆنیسـتەکان لەسـەرجەم بەرەکـانی شـەڕدا گرتبوویان، هەروەها دەستگرتن بەسەر تۆڕە سەرەکییەکانی پەیوەندی، هێزەکانی حکومەت بەپێی ئەو پلانە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦ جوڵەیان کرد و هێرشێکی فراوانیان دەستپێکرد کە تاوەکو ساڵی ١٩٤٩بەردەوامبوو، دواجار پارتی کۆمۆنیست سەرکەوت و کۆمینگتانگەکان شکستیانهێناو بۆ دورگەی تایوان هەڵهاتن. بڕوانە:

DavidPong and Others: Encyclopedia of Modern China, Vol. 1, London ,2009, P. 271.; Martin Stuart-Fox: A short history of China and Southeast Asia: tribute, trade and influence, The Australian Copyright, Australia, 2003, p .142-148.

[2]GEORGE F. BOTJER: A SHORT HISTORY OF NATIONALIST CHINA 1919-1949 Academic Press Canada Limited, Toronto, 1979, p238-270.

[3] چـوئینلای: سـەرکردەیەکی پـارتی کۆمۆنیسـتی چـین بـوو لە ٥ ئـازاری سـاڵی ١٨٩٨ لە هـواین لە هەرێمـی کیانگسـو لە خێزانێکی خانەدان لەدایکبووە، ساڵی ١٩١٧ لە زانکۆیەکی یابان لە سەرەتای لاوێتییەوە پەیوەندی بە باڵی چەپڕەوی چینەوە کردووە، نووسینەکانی مارکس و لینین کاریگەری لەسـەر بووە، لە سـاڵی ١٩١٩ بەشداری لە خۆپیشـاندانی خوێندکاران لە پەکین کردووە، دواتر لەساڵی ١٩٢٠ چۆتە فەرەنسا و لە شاری پاریس نیشتەجێبووە. لەسـاڵی ١٩٢٢ چـووە بۆ بەرلـین، لە ساڵی ١٩٢٦ بۆ وڵاتەکەی گەڕاوەتەوە، پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیسـتی چینەوە کردووە و ئەندامێکی دیـاربووە، لەبەرتواناو لێهاتوویەکانی پارتی کۆمۆنیست لە دانوسـتاندنەکانیدا پشـتی پێبەسـتووە. لە کـاتی دامەزراندنی کۆمـاری میللـی چیندا بووە یەکەم سەرۆک وەزیران و لەو پۆستەدا مایەوە تا لە هەشتی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ دا کۆچی دوایی کرد.

(JOHN C. FREDRIKSEN: BIOGRAPHICAL DICTIONARY OF modern world leaders 1900…, p. 500-501).

[4] foreign languages press: A concise History …, p36.

[5]سامر خير احمد و ليو شين: لقاء الشرق حوار بين خبيرين عربي و صيني حول العلاقات العربية الصينية، سند الدولة ناشرون و موزعون، عمان، ٢٠١٩، ص١٢٧.

[6] Borisov and B. T. Koloskov: Soviet-Chinese Relations, 1945-1970, Indiana University Press, Canada,1975, p68.

[7] دوای ئەوەی پـارتی کۆمۆنیسـت بە سـەرکردایەتی "مـاو تسـی تۆنـگ" دەسـەڵاتی چینـی لە ١٩٤٩ وەرگـرت، حکـومەتی کۆمینتانگ ناچار بوو بچێتە تـایوان، کە ١٠٠ میل لە کەنـاری دەریـای چینەوە دوور بـوو، مارشـاڵ (چیانـگ کـای شـیک) لە ١٩٥٠ حکومەتی نیشتمانی چینی لەتایوان ڕاگەیاند، لەوکاتەوە تا سەرەتای حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو ئەمریکا پشـتگیری جیابونەوەی تایوانی لەچین کرد، کێشەی تایوانی وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بەچین بەکارهێنا. (أميمه علی طه: العلاقـات الصينية – الأمريكية بعد الحرب الباردة، الماجستير في العلاقات الدولية، جامعة الخرطوم، ٢٠٠٢، ص١٠٢).

لەبەرئەوە ماو گرنگی زیاتری بە لایەنی سەربازیدا، تاوەکو وڵات بەرەو دژە خۆرئاوایی و لایەنگری سۆڤیێتی بەرێت[2]. ماو دروشمێکی هەبوو دەیوت: "سەرەتا ناو ماڵ پاکبکەرەوە، پاشان پێشوازیی لە میوانەکان بکە"، مەبەست دوبارە دارشتنەوەی بواری ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی چین بوو[3].

لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا وەک سیاسەتێک ماو بە مەبەستی ناسینی دۆست و نەیارەکانی ناوخۆ هەڵمەتێکی نیشتیمانی ڕاگەیاند[4]، هەڵمەتەکەی ناونا (لێگەڕێ با سەد گوڵ بپشکوێ)[5]، ئەم هەڵمەتە ئازادیی بە ڕۆشنبیران و نوسین و لایەنی ڕۆژنامەوانی و هاوڵاتیاندا ڕەخنە لە ماو و پارتی کۆمۆنیست و حکومەت بگرن، ماو ناسینی نەیارەکانی مەبەست بوو، دواجار ئەوانەی ڕەخنەیان لە ماو گرت، بە زیندانیکردن و دوورخستنەوە لەکارەکانیان سزادران[6].

یەکێک لە سیاسەتەکانی ماو کەلەکۆتای پەنجاکاندا جێبەجێکرا هەڵمەتی (بازدانی گەورە بۆ پێشەوە١٩٥٨-١٩٦٢)بوو کە هەڵمەتێکی ئایدیۆلۆژیی چەپی ڕادیکاڵ بوو لەسەر ئاستی نەتەوەیی، پارتی کۆمۆنیست لەساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٢ بانگەشەی بۆ کرد، زنجیرەیەک گۆڕانکاریی ئابووریی گشتگیری لە چێوەی پلانی پێنجیدا ئەنجامدا، دیارترینی پیشەسازی قورس بوو، ئامانجی بونیادنانەوەی پەیکەری ئابووری و ڕژێمی سیاسی بوو بەپێی دونیابینی کۆمۆنیستی، بەپێی پلانەکە ماو بۆ ئەوەی بۆشایی نێوان گوندو شارەکان نەهێڵێت کۆمۆنەکانی درووستکرد، تا وەکو یەکەی سیاسی ناوچەیی کاربکەن وکۆنترۆڵکردنیان ئاسان بێت، بەهۆی خراپی پلانەکەوە و گرنگی دانێکی زۆر بەلایەنی پیشەسازی قورس و فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ ئەم هەڵمەتە هەڵوەشایەوەو زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس بەهۆی برسێتییەوە مردن، هەروەها بەهۆی ئەم سیاسەتەی ماوەوە کێشەو ململانێ کەوتە ناو سەرکردایەتی سیاسی چینەوە،ماو لەساڵی ١٩٥٨ ناچار کرا کە دەست لەکاربکێشێتەوە[7].

---

١ لە تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٥٠ هێزەکانی سوپای خۆبەخشی چینی وەک هاوپەیمانی کۆریای باکور بەشداری جەنگی کۆریایان کرد، ئەمریکا پشتگیریی لە کۆریای باشور کرد، تا کۆتایی جەنگەکە نزیکەی ٢.٣ ملیۆن چینی بەشداریی ئەو جەنگەیان کرد، لە تەموزی ساڵی ١٩٥٣ کۆتایی بەجەنگ هات.

(Xiaobing Li: China at War AN ENCYCLOPEDIA, ABC-CLIO, United States of America, 2012, p.63-80.)

[2]Gautam Jagg, (et al) : CHINA’S ECONOMIC REFORMS Chronology and Statistics, Institute for International Economics, 1996, P. 9.

٣بلحربي عومار: الثقافة الكونفوشيوسية: دراسة في الأبعاد الثقافية للصعود الإستراتيجي الصيني، اطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر ٣. ابراهيم سلطان شيبوط، 2019/2018، ص٥٧-٥٨.

[4] Roderic Macfarquhar: The politics China the Eras Mao and Deng, Cambridge University Press, second Edition, USA,1997, P13-14.

٥ بنچینەی زارەوەکە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوای (ژۆو Zhou ١١٢٢-٢٢٥ پ .ز) دەگەڕێتەوە، دروشمێک هەبوو (لێگەڕێ با سەد گوڵ بپشکوێ، لێگەڕێ با سەد قوتابخانە و ڕێباز ڕکابەری یەکترکەن)، بەهۆی شۆڕشی هەنگاریا لەساڵی ١٩٥٦ لەدژی پارتی دەسەڵاتداریی کۆمۆنیستی ڕاگەیەنرا، ماو ترسی لێنیشت لەوەی شۆڕشەکە کاریگەری لەچین دروستبکات، بۆیە هەڵمەتەکەی کۆتاییهێنا، بڕوانە:.(Lawrence R. Sullivan: Historical Dictionary of the People’s Republic … p.260-261)

[6]Richard Curt Kraus: The Cultural Revolution a Very Short Introductio, Oxford University Press, Great Britain,2012, p.7.

[7]The Hutchinson Encyclopedia of Modern Political Biography, Helicon Publishing, New Mill House, 2005, P.635.

لیژنەی ناوەندیی پارت بڕیاریدا ماو ناچار بکات دەست لەسەرۆک کۆماری بکشێنێتەوەو خۆی بۆ کورسی سەرۆک کۆمار نەپاڵێوێت و (لیو شاوچی)[١] بە سەرەک کۆماری چین بۆ ساڵی ١٩٥٩ پەسەندکرد، بە هۆی ڕووداوەکانی شۆڕشی کولتووری کە ئەندازیاریی ماو و پشتیوانەکانی بوون، ئەم دۆخە زۆری نەخایاندو ماو پۆستی سەرۆک کۆماری لە لیۆ سەندەوە[٢].

حکومەتی چین بە سەرکردایەتی ماو لەو ساڵانەدا دەستیان بەسەر تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان گرت و زۆربەیان هەناردەی ئەوروروپای ڕۆژهەڵات دەکرد، کە لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکاندا بوو، لە بەرامبەریشدا چەکی وەردەگرت و لە رووی سیاسیشەوە پاڵپشتی بەدەست دەهێنا، لە هەمان کاتیشدا پاڵپشتیەکی مەزنی بە پارە و خۆراکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دژە کۆلۆنیالیزمی هەر یەک لە کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی دەکرد[٣].

پاش ئەوەی ماو دەسەڵات دەگرێتەوە دەست، لە پێناو پاکتاوکردنی نەیارەکانی شۆڕشی کولتوری ١٩٦٦–١٩٧٦ ڕاگەیاند، کە جوڵانەوەیەکی پەرگیربوو بە یارمەتیەکی گەورەی هاوسەرەکەی (جیانگ چینگ) کە ئەندامی دیاری سەرکردایەتی ناوەندی ئەو شۆڕشە بوو، بۆ لەناوبردنی هەموو دژبەرەکانی فیکری ماو و بەرنامەکەی تێکۆشا، زۆربەی ناوەندەکانی خوێندنی داخست و بەرهەمی خاوکردەوە و پەیوەندییەکانی چینی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پچڕاند، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦ چەند خۆپیشاندانێک لەلایەن لاوان و بە فەرمانی ماو ڕێکخران، خۆپیشاندەران نیشانەی سوریان لەبەرکردو چاپی کتێبی سوری بچوکیان هەڵگرتبوو، دروشمی (دەزگای حزب تێپەڕێنن و دوژمنەکانی ماو ملکەچبکەن) یان بەرزکردەوە، دواتر بە پاسەوانی سوور ناسران، کە ژمارەیان زیاتر لە ٢٥ ملیۆن ئەندام بوو،[٤] ئەم کەتیبانە دەسەڵاتێکی فراوانیان پێبەخشرابوو چەندین کرداری زەبروزەنگ و کوشتنیان ئەنجامدا بەبێ هیچ هۆکارێکی ڕوون و تەنها بە پاساوی (بەرگریکردنی فیکرەکانی ماو) کەشێکی ترس و تۆقاندنی لەناوخۆی چیندا درووست کرد، کارەکانیان گەیشتە زانکۆکان و سزادانی سەرۆک و مامۆستاکانیانی بە تۆمەتی مەیلداریان لەگەڵ بۆرجوازیەکان، سوتاندنی کتێب و دانراوی نوسەرە گەورەکان لە گۆڕەپانە

---

[١] لیوشاوچی: ساڵی ١٨٩٨ لە هەرێمی هونان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٢٠ پەیوەندی بە یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی کردووە، بۆ خوێندن دەچێتە مۆسکۆ و پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی چینییەوە کردووە، ساڵی ١٩٢٢ دەگەڕێتەوە چین، بەشداری ڕێپێوانی درێژی کردووەو لەساڵی ١٩٤٩ جێگری سەرۆک کۆماربووە، ساڵی ١٩٥٩ ماو بەهۆی شکستی بازدانی گەورە لەلایەن لیژنەی ناوەندی حزبەوە ناچار کرا واز لە پۆستی سەرۆک کۆماری بهێنێت، لیۆ دەبێتە سەرۆک و بەهۆی فشارەکانی ماو و لایەنگرانیەوە پاش ماوەیەک واز لە سەرۆک کۆماری دێنێت و لە ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوای دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

(John C. Fredriksen: Biographical Dictionary of Modern World Leaders 1900 to 1991, Facts on File, Inc ،United, States of America ،2004, P.265).

[2] VICTORIA MANTZOPOULOS AND RAPHAEL SHEN: Op.Cit.P.9. ؛محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٥٣.

[3] NICHOLAS R. LARDY: Foreign trade and economic reform in China, 1978-1990, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, United States of America, 1992, p16.

[٤] دیڤید پیترۆزا: شۆڕشی کلتووریی چین، و. هەژار ڕەحیمی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ب.س.چ، ل٣٥– ٤٩.

گشتییەکاندا و وێرانکردنی مۆزەخانەکان و گۆڕینی قوتابخانە و پەرستگاکان بۆ بەندیخانە بەڵام دواجار سەرکردەکانی سوپا دۆخەکەیان هێورکردەوەو کۆمەڵگە گەڕایەوە بۆ ژیانی سروشتی خۆی، لەگەڵ دارمانی شۆڕشی کولتووریی لە ساڵی ١٩٧٦ سەرۆک وەزیران (چوئینلای ١٨٩٨-١٩٧٦) دەستی بەسەر دۆخەکەدا گرت[١]. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٨ گرژیە سیاسیەکان توندو تیژیان پێوە نەما، تا ساڵی ١٩٧٧ سەرەڕای ئەوەی بە نیسبەت چینەوە کۆتایی بە شۆڕشی کلتوری هاتبوو، سەرکردایەتی سیاسی ببون بەدوو باڵەوە بریتیی بوون لە: باڵی چاکسازی خوازان و وەباڵی ڕادیکاڵیەکان دژایەتیان دەکردن و دواجار لە ساڵی ١٩٧٨بەسەرکەوتنی باڵی چاکسازیخوازان بەڕێبەرایەتی دینگ شیاو پینگ کۆتایی هات [٢]

لە ساڵی ١٩٧٦ سێ ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا؛ یەکەمیان لە مانگی یەکدا (چو ئینلای) مرد، کە سەرۆک وەزیرانێکی دڵسۆزی چاکسازیی ئابووریی بوو، زۆر تامەزرۆبوو بۆ پێشخستنی چین لە ڕووی هەر چوار نوێگەرییەکەوە (پیشەسازی، کشتوکاڵ، سوپا، تەکنەلۆژیا)، ماو بە هۆی ململانێ سیاسیەکانیانەوە، ئامادەی بە خاکسپاردنی تەرمی چو نەبوو. لە ئەیلولی ١٩٧٦ ماو کۆچی دوایی کرد، پاش ماوەیەکی کەم لە مردنی ماو، (تاقمی چوار کەسی) ش دەستگیرکران، کە بووبوونە هۆی دروستکردنی ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا[٣].

(هواگۆ فینگ Hua GuoFeng)[٤] کە ئایدیۆلۆژیای ماوی هەبوو، وەک سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست و سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری سەربازیی دیاریکرا[٥]، هوا کەسێکی لاوازبوو، توانای بڕیاری بوێرانەی نەبوو، ئەمەوای کرد جێگرەکەی (دینگ شیاو پینگ) دەربکەوێت و ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە چاکسازی ئابووریی ببنی[٦].

---

[1] David Pong and (et al): Encyclopedia of Modern China, Gale Cengage Learing, Vol.3, United States of America ,2009, P. 371-376.

[٢] فرانسواز لومان : م.س، ص١٤

[3]Clem Allan Tisdell: Economic Reform and Openness in Chinas Development Policies in the Last 30 Years, ECONOMIC ANALYSIS & POLICY, VOL. 39 NO. 2, September, 2009, p .273.

٤ هواگوفینگ (١٩٢١- ) لە(پەی فینگ)ی هەرێمی (شانخی) چین لە دایکبووە، لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە پەیوەندیی بە سوپای سورکردووە، بەشداری جەنگی دووەمی جیهانی بووە، پاش دامەزراندنی کۆماری میللی لە هەرێمی هونان سەرپەرشتی چاکسازیی کشتوکاڵ و کۆمۆنەکانی کردووە، لە ١٩٧١ ڕاوێژکاریی سەرۆک وەزیران (چو ئین لای) بووە، لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ بووەتە سەرۆک وەزیران، پاش مردنی ماو بووە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست، لە ئەیلولی ١٩٨٠ لە پۆستەکەی دورخرایەوە.

(JOHN C. FREDRIKSEN: Biographical Dictionary of Modern World Leaders: 1900 ..., p. 209-2010)

[5]David Wen-Wei Chang: Op.Cit, P.30-31.

[٦]م.د. علاء عباس نعمة الصافي: الإصلاح و النهوض في الصين (١٩٧٨-١٩٨٨)، مجلة الباحث، ع الثامن و العشرون، ٢٠١٨، ص٤٠٩.

## چوارەم - ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئایینی:

پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕەگەزیی چین فرەچەشنە، زیاتر لە (٥٦) گەل و ئیتنیکی تێدایە[١]، گەلی (هان) بە تەنها (٩٣٪)ی کۆی دانیشتوانی چین پێکدەهێنێت، ئەوانی دیکە (٧٪) دانیشتوانی چینن[٢]. گەورەترین کەمینە گەلی (ژوانگ)ە، نزیکەی (١٥) ملیۆن کەسن و بچوکترین کەمینە گەلی (لهۆبا Lhoba)یە (٢٠٠٠) کەسن، بەگشتی کەمینەکان دەکەونە ناوچەکانی باکوری خۆرئاوا، باشوری خۆرئاوا و باکوری خۆرهەڵات[٣]، بەتایبەت مەنگۆلیای ناوخۆو شینجیان و نینگشیاو گونشی و تبت و یوننان و گویتش و شینگهای و سیچوان و قانسو و هیلونگجیانگ و لیاونینگ و جیلین و هونان و هوبی و هاینان و تایوان و ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی، بەتەنها لە هەرێمی یوننان ٢٥ کەمینە دەژین[٤].

جگە لە نەتەوەی هان کە زیاتر لە ٩٣٪ چین پێکدەهێنا ،پارتی کۆمۆنیست هەر لەسەرەتای پەنجاکاندا دانی بە کەمینە ئیتنیکیەکان نا، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٦٤ دانی بە ٣٨ کەمەنەتەوەی و لە دوای ١٩٦٤ وە ١٥ کەمینە ورەگەزی تر نا، پاشماوەیەکی تریش دانی بە ٢ کەمینەی ترنا ولە ناو ناسنامەکانیان دیاری دەکران، ڕێگەش بەبەشێک لەو کەمینانە درا کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوبەرییان هەبێت وەک تبتییەکان ومەنگۆلەکان[٥].

بەگشتی بەر لە دروستبوونی کۆماری میللی چین، کۆمەڵگە لە سێ چین و توێژ پێکهاتبوو؛ چینی باڵا و دەستڕۆشتوو، کە گەورە فەرمانبەرەکانی دەوڵەت و خاوەن زەویەکانی دەگرتەوە، جوتیاران کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی دەگرتەوە، چینی پیشەوەرو بازرگانەکان لە شارەکاندا بڵاوبوونەوە[٦].بەڵام لە قۆناغی حوکمڕانی ماودا، ماو هەوڵی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای مارکسی و نەمانی چینایەتی و بەناوەندی کردنی سەرجەم کەرتەکانی پیشەسازی وکشتوکاڵ و بازرگانی دەدا[٧].

لەسەردەمی ماودا پێکهاتە و ڕەهەندی ڕەفتاری چینەییەکان بۆ چوار گروپ پۆلێن دەکران، ئەوانیش: ١- لە ڕوی نیشتەجێبونەوە دابەشبونی دانیشتوان لە نێوان شارو گوندا ٢- دوالیزمی کۆمەڵ و دەوڵەت

---

[١] ئەو گەلانەی لە چوارچیوەی وڵاتی چیندا دەژین بریتین لە: ئاچانگ، بای، باۆنان، بلانگ، بۆیی، دای، داور، دینگ، دێرونگ، دۆنگ، دۆنگ شیانگ، ئیوینکی، گەوشان، جێلاو، هان، هانی، هێژی، هووی، جانگ، جینگپۆ، جینۆ، قازاک، کیرقیز، کۆری، لاهوو، لهۆبا، لی، لیسو، مانچوو، ماونان، مایۆ، مۆنبا، مۆنگۆل، مولایۆ، ناکسی، نوو، ئۆرۆقین، پومی، کیانگ، ڕووسی، سالار، شیی، شووی، تاجیک، تەتەر، تبتی، توو، تەوژیا، ئیگۆر، ئۆزبەک، ڤا، خێبی، یاوو، یی، یووگور، ژوانگ.

(Rongxing Guo:China’s Ethnic Minorities ,Social and economic indictors, Routlege ,London ,2013, P. 2–3) .

[٢] دانییل بورشتاین و أرنیە دي کیزا: التنین الأکبر، الصین في القرن الحادي والعشرین، ت: شوقي جلال، سلسلة عالم المعرفة، رقم ٢٧١، المجلس الواطني للثقافة والفنون والاداب، الکویت، ٢٠٠١، ص٢٦٤ .

[3]Rongxing Guo: Op.Cit, p. x.

[4]Foreing Language press: China, …, p.84.

[5] Weili Ye with Xiaodong Ma: Growing Up in the People’s Republic: Conversations between Two Daughters of China’s Revolution, Palgrave Macmillan, New York, 2005, p. 36-37

[٦]نادیە کاظم العبودي: التحدیث والإصلاح في الصین في أواخر العصر الامبراطوري دراسة تاریخیة، مکتب زاکي للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠١٥، ص١٤.

[7]Roderic Macfarquhar: The politics China the Eras Mao and Deng, Cambridge University Press, second Edition, USA,1997, P17-18.

له پێکهاتەی ئابووریدا ٣- دابەشبونی کار بە پێی پیشە لە نێوان کرێکاراندا ٤- لە ڕوی سیاسییەوە دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر شۆڕشگێڕ و دژە شۆڕش[١].

لەڕوی خوێندنەوە لەپێش شۆڕشی کولتووریدا، ماو لەڕیفۆرمی پەروەردەو فێرکردندا بە مۆدێلی سۆڤیێتی، زانکۆو کۆلێژی ئەندازیاری و پۆلەتەکنیکی دامەزراند، زمانی ڕوسی کردە دووەمین زمانی خوێندن[٢]، لە سەرجەم بوارەکاندا یاسای یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دەرکرد، بەشداریی ژن لە بەرهەمهێنان و چالاکی سیاسیدا زیادبوو[٣].

لە سەرەتای پەنجاکاندا حکومەتی چین هەنگاو بەهەنگاو سیستمی سیاسی بەرەو سۆسیالیستی برد، حکومەت دەستی بەسەر زەوی خاوەن موڵکەکان گرت و بەسەر جوتیاراندا دابەشیکرد، پاشان لەشێوەی کۆمەڵەی هەرەوەزی ڕێکیخستن تا لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا ماو کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی لە ناو (کۆمۆنەکان)دا ڕێکخست، بەجۆرێک خاوەنداری زەوی دەگەڕایەوە بۆ ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە، لە کۆتایی ١٩٥٥، ٥٩٪ ی خێزانە جوتیارەکان لەناو کۆمەڵە هەرەوەزیەکان ڕێکخران، دوساڵ دواتر ڕێژەکە گەشتە٨٨٪[٤].

کۆمۆنەکان ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و جۆراوجۆر بوون و پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە لامەرکەزی بوو، ئەم کۆمۆنانە کشتوکاڵ و پیشەسازیی و بازرگانی و کولتوور و کاروباری سەربازییان پێکەوە کۆکردبووەوە، هەروەها دەزگاکانی جێبەجێکردنی هەرێمەکان لەگەڵ دەزگا جێبەجێکارییە هەرەوەزییەکان تێکەڵبوون، دەسەڵاتی کۆمۆنەکان فراوان بوو وەکو: بەرهەمهێنان و فێرکردن و دارایی و ئاساییش و دادوەری، لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٧ و سەرەتای ساڵی ١٩٥٨، ١٢٢ ملیۆن خێزان چونە ناو ئەو سیستمەوەو کە ئەمەش ٩٨٪ کۆی جوتیارانی چینی پێکدەهێنا[٥]، کادرانی پارتی کۆمۆنیست سەرپەرشتی کۆمۆنەکانیان دەکرد، کرێی جوتیار لەسەر بنەمای کارەکەی بوو، جوتیار ڕۆژ بەڕۆژ هەژارتر دەبوو، لەکۆتایی حەفتاکاندا ژمارەیان گەیشتە ٥٢٣٠٠ کۆمۆن کە دابەشکرابون بەسەر ٦٩٩٠٠٠ دەستە و ٥.١٥٤ پێنج ملیۆن و سەدو پەنجاو چوار تیمی بەرهەمهێنان، تیمی بەرهەمهێنانیش مەبەست لە لادێکان بوو کەهەر تیمێک لە ١٥٠ کەس پێکدەهات[٦].

بەگشتی دانیشتوانی لادێکان بێبەشبون لە کۆمەڵێ جیاووکی وەک چاودێری تەندروستی و خوێندنی زۆرەملێ و خوێندنگەی باش و نیشتەجێبونی گشتی و خواردنی جۆراو جۆر، بەشێکی زۆریان هەژاربوون، تاساڵی ١٩٧٨ بە ڕێژەی ٧٨٪ جوتیارانی لادێ لە کەرتی دەستەکۆیی لادێکاندا و کریکارانی شاریش لە کەرتی دەستەکۆیی دەوڵەتیدا کاریاندەکرد، تەنها ١٪ یان ٢٪ لە کرێکاران دەیانتوانی ساڵانە

---

[1]Yanjie Bian: CHINESE SOCIAL STRATIFICATION AND SOCIAL MOBILITY, Hong Kong University of Science and Technology, Hong Kong, 2002, p.92-93.

[2]William John Cox: An Essential History of China Why it Matters to Americans, Mind kind Publications, 2015, p143-144.

[٣]عبدالرحمان بن سانية: م،س، ص١٢٧.

[4] Linda Yueh: The Economy of China, Edward Elgar Publishing Limited, UK, 2010 p15

[5] Philip P. Jones and Thomas T Poleman: Communes and The Agricultural Crisis in Communist China, Stanford University, Food Research Institute Studies, Vol .3, No. 1, 1962, P. 7-8).

[6] Linda Yueh: Op,Cit, p15.

پیشـەکانیان بگـۆڕن[1]، بەڵام دوای سـاڵی ١٩٧٨ سسـتمی بەرپرسـیاریتی خێزانـی جێبەجێکـرا، بەپێـی ئەم سستمە زەوی بەسەر جوتیاران دابەشکرا و بەرهەمی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد[2].

لەسـەردەمی مـاوداو بەتـایبەتی لە سـاڵی ١٩٥٨ جیـاوازییەکی زۆر لە نێـوان دانیشـتوانی لادێکـان و دانیشـتوانی شـار هەبـوو، زۆر جـار بە بەدوو کـۆمەڵگە وەسـفدەکران، لە ناسـنامەکانیان بە خێزانـی کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵی تۆماردەکران، ناکشتوکاڵی کەمەبەست لە دانیشتوانی شاربون، لەنـاو (یەکەکانی کار) کاریاندەکرد، بەبەروارد لەگەڵ خەڵکی لادێکان، بیمەی کۆمەڵایەتی و خواردن و شوێنی نیشـتەجێیان هەرزان و لەڕێـگەی کـارتێکی حکـومەتەوە دەسـتدەکەوت، بەڵام دانیشـتوانی لادێکـان لەنـاو کۆمۆنەکانـدا کاریاندەکردو لە ڕەوشێکی خراپدا دەژیـان و لە ناچاریـا کەلـوپەل و ئـامێرە کشـتوکاڵیەکانیان دەفرۆشـت، کرێ و بیمەی کۆمەڵایەتی بە پێی کارەکانیان پێیاندەدرا، بیمەی کۆمەڵایەتی لە پێنج گرنتیەکەی خێزان کە بریتی بوو لە: (خۆراک، جلوبەرگ، گەرمکەرەوە، بیمەی تەندروستی و گۆڕستان) پێکدەهات، ئەویش تەنها بۆ بڕێکی کەمی دانیشتوانی لادێکانبوو، بەتایبەت بۆ بێباوک، بەتەمەنەکان و ئەوانەی توانـای کارکردنیـان نەبـوو، بـۆیە دانیشـتوانی لادێکـان پشـتیان بەخۆیـان دەبەسـت، حکـومەت مەگەر بەهـۆی کارەسـاتی سروشتیەوە پارەی بۆ گوندەکان تەرخان بکردایە[3].

بەشـێک لە جووتیـاران هێنـدە هەژاربـوون ناچـاربوون لە هەنـدێک نـاوچەدا کـچە سـاواکانیان بە دراوسێکانیان بفرۆشن، یان هێشتا منداڵبوون بە شوو دەدران و تا کۆتـایی تەمەنیـان دەبوونە کەنیزەکی مێردەکانیان. ئەمە وایکرد ڕێژەی خۆکوشتن بەرزبێت[4].

ژمارەی دانیشتووان زۆربوو، چونکە خێزانەکان منداڵی زۆریـان دەبـوو و زیـاتریش حەزیـان بە کوڕ بوو، خێزان باوک سالار بوو و دۆخی تەندروستی خراپ بـوو، کێشـەی ئـاوی پاکیـان هەبـوو، بە گۆزە و دەفر لە ڕووبار و چەمەکانەوە ئاویان بۆ خواردنەوەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان بۆ نێو گوندەکان دەبرد[5].

بەهۆی ئەو ڕەوشە ئابوریی و کۆمەڵایەتییە خراپەی سەردەمی ماو دروستبوو، کۆچی نـاوخۆ زیـادی کـرد. بەتـایبەتی کۆچکردنی دانیشـتوانی لادێ بـۆ شـارەکان، لە سـاڵانی ١٩٤٩-١٩٦٠ دانیشـتوانی لادێکـان هەوڵیانـدەدا لە شـارەکاندا لە کەرتـی پیشەسـازی کـاربکەن، هەروەهـا بە ئامـانجی کـۆنترۆڵ کردنـی ئەو ناوچە تازە ڕزگارکراوانە پارتی کۆمۆنیست کادیرەکـانی خـۆی لە ناوچەکـانی بـاکور بـۆ باشـوری دەنـارد لەوێ نیشتە جێببن، بۆ نمونە لە نێوان ١٩٥٢ بۆ ١٩٥٨، 379.000 کەسی نارد لە شاندۆنەوە بۆ هێلۆنژاینگ نیشتەجێکران[6].

1 Ibid, p.93.

[2] Xueyi Lu: SOCIAL STRUCTURE OF CONTEMPORARY CHINA, World Scientific Publishing Co. Pte. Ltd, London,2011, p.22.

[3] Weili Ye with Xiaodong Ma: Op,Cit, p. 25-26.

[4] نیکوس کازانتزاکیس: چین و ژاپن ت: محمد دهقان، نشر آتیه، تهران، ١٣٧٩، ص ٢٣٥.

[5] هـ .م، ص ٢٨٢.

[6] Weili Ye with Xiaodong Ma: Op,Cit, p44-45

بەهۆی هەڵمەتی بازدانی گەورە ١٩٥٨ بۆ پێشەوە شەپۆلێکی گەورە لە کۆچیکردنی دانیشتوانی لادێ بۆ شارەکان دەستیپێکرد حکومەت نەیتوانی بەر بەولێشاوەبگرێت، ملیۆنان لەخەڵکی هەوڵی هەڵهاتنیان دەدا بۆ وڵاتانی دراوسێ یان لە ناوخۆدا کۆچیاندەکرد بۆ هەرێمی شینجیان یان ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات. حکومەتیش بە پێی پلانی بازدانی گەورە بەپێچەوانەوە دەستیکرد بەناردنی دانیشتوانی شار بۆ لادێکان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦٣ زیاتر لە ٢٦ ملیۆن کەسی ناردە لادێکان، لە ساڵانی ١٩٦٣سەرەتای حەفتاکان ملیۆنان کرێکار لە کەناری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوا بەمەبەستی کارکردن کۆچیان کرد، لە ماوەی شۆڕشی کولتوریەوە هەزاران کەس لەشارەکانەوە بەزۆر نێردرانە لادێکان و نیشتەجێکران[1]. دیاردەی جەردەیی و دزی لە وڵاتدا باوبوو و بە تایبەتی لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی ماودا لە ناوچەکانی باشووری وڵات و لە گوند و ناوچە کەناراوایەکاندا نزیکەی یەک ملیۆن و پێنج سەد کەس بە دزیکردن لە نێو وشکانی و جەردەیی لە دەریادا خەریک بوون، دەستیان بە سەر کەشتیەکاندا دەگرت و سەرنشینەکانیان دەستبەسەر دەکرد و داوای پارەیان لە کەسوکاریان دەکرد یان گوێ و لووتیان دەبڕین[2].

ماو لە ساڵی ١٩٦٦ شۆڕشی ڕۆشنبیریی و کولتووریی سەرپێخست، ملیۆنان قوتابی لە خوێندنگە باڵاکان و زانکۆکان دەرچوون، زۆرینەیان وەک پاسەوان و سەرباز لە نێو (گارد یان سوپای سوور)[3]دا دامەزرێنران[4]، ئامانجی شۆڕشی کولتووریی گۆڕینی داب و نەریت خوو و بیرکردنەوەو کولتووری کۆن بوو[5].

شۆڕش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئابووریی و بەفیرۆدانی دەرامەت و پرۆسەی خوێندنی باڵا هەبوو، لە ١٩٦٦ زانکۆکانی داخست و دواتر هەنگاو بە هەنگاو لە ساڵی ١٩٧٠ کرانەوە[6]، کۆمەڵێک لە سەرکردە باڵاکانی پارتی کۆمۆنیست (لیو شاوچی، لین بیاو، دینگ شیاو پینگ، چین یون، چو ئینلای) دژی

[1] Weili Ye with Xiaodong Ma: Op,Cit, p.44-45.

[2] نیکوس کازانتزاکیس: م،پ، ص ٢٨١.

[3] گاردی سوور، هێزێکی میلیشایی بوو، لە خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆ لە ١٨ی ئابی ١٩٦٦ بە پشتیوانی ماو و هاوسەرەکەی (جیانگ چین) Jiang Qing بە فەرمی دامەزرێنرا، ئەندامانی کەسانی دڵسۆز بە ماو و کۆمۆنیزم بوون و لە سەر بیروباوەڕەکانیان توندڕەوبوون، لە ڕێی ئەم دامەزراوە گەلێک لە ڕکابەرەکانی خۆیان لە نێو پارتی کۆمۆنیستی چیندا پاکتاوکرد و لە بیری ئەوەدا بوون کە گاردی سوور جێگەی سوپای نیشتمانی چین بگرێتەوە، بەڵام گاردی سوور ئاژاوەی نێوخۆیی دروستدەکرد بە تایبەتی کوشتنی هاوڵاتیان و ئەو کەسانەی کە بە بۆرژوا تۆمەتبار کران، دواجار بە گلۆپی سەوزی ماو سوپای چین سەرکوتیکردن و لە ساڵی ١٩٦٩ هەڵوەشاندنەوە. دوای ئەوەی ئەم دامەزراوە سەربازییە بە بیانووی کۆنەپەرستی و شۆڕشی فەرهەنگی بە هەزاران کەسیان بەتۆمەتی ڕای جیاواز گرت و ئەشکەنجەیاندان. (بڕوانە:
John Gittings:The Changing Face of China From Mao to Market , New York, 2006, P.69-76;

[4]J O N A T H A N D. S P E N C E: T H E SEARCH FOR MODERN CHINA, Vail-Ballou. Manufacturing by Arcata Halliday/Hawkins, United States of America, 1990, p.604-605.)

5Ibid, p.612-613

[6] عبد الرحمان بن سانية: م.س، ص١٢٥.

سیاسەتی شۆڕشی کولتووری بوون، بەڵام ماو هیچ گوێی پێنەدان و هەندێکیانی زیندانی کردو هەندێکیانی لە گۆڕەپانی سیاسی دورخستەوە[1].

ئەم شۆڕشە بە مەترسیدارترین قۆناغی دەسەڵاتی ماو دادەنرێت، چونکە توندوتیژیی زۆری تێیدابوو، هەزارەها کەس بوونە قوربانی، لەسەر ئاستی دەرەوە دوژمنایەتییەکی بەهێزی لە نێوان چین و دراوسێکانیدا دروستکرد[2].

هێرشکردنی ماو بۆ سەر ڕەخنەگرانی لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ڕۆشنبیرەکان زیاتر بانگەشەی ئازادی و فرەڕاییان دەکرد، ماو لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی ئەوەی بە مەترسی دەزانی[3].

لەڕووی ئاینییەوە چین بە درێژایی مێژوو لە ژێر کاریگەریی ئایین و ئایینزا جیاواز و کولتوور و بگرە وردە کولتوورەکاندا بووە. لە ڕووی ئایینیەوە بە گشتی چەند ڕێچکەی بیرکردنەوەی ئایینی لەم وڵاتەدا هەن کە ئەوانیش: (کۆنفۆشیۆسی[4]، تاویی[5]، بودایی[6]، ئیسلام، مەسیحی)ن، هەرکامیان کاریگەریی دیاریان

---

1JONATHAN FENBY :Modern china the fall and Rise of a Great Power 1850 to the present HarperCollins Publishers, United States of America, 2008, p596.

[2]William John Cox: Op.Cit, P.143-144.

[3]Ibid, P.143-144.

[4] کۆنفۆشیۆسی ٥٥١-٤٧٩پ.ز: لەناوی (کۆنفۆشیۆس)ەوە ناونراوە کە فەیلەسوفێکی چینی کۆنە ناوەکەی بەمانای مامۆستا یاخود گەورە دەگەیەنێت. کۆنفۆشیۆسی فەلسەفەیەکی ماددیە، خوداو چاودێری خواوەندی تێدا بەدیناکرێت و باسی ژیانی دوای مردن ناکات، جەخت لەسەر دیاردەی سروشتی و خێزان و ڕێزگرتنی گەورەو پیرۆز ڕاگرتنی ڕۆحی باوباپیران، ڕەوشتی بەرز و ڕاستگۆیی ناوەندگیریی لە هەموشتێکدا دەکاتەوە لە گرنگترین ئەو بابەتانەیە کە ئەم فەلسەفەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەختەوەریی و ئاشتی لەسەر زەوی، ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر کولتورو مێژوو و سیاسەت و حوکمداری چین، هەروەها جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە و خێزان دەکاتەوە کە پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت، بەجۆرێک فەرمانڕەوا بە باوکی میللەت دانراوە و کۆمەڵگەش بەخێزان، دەبێت ئەم پەیوەندییە ڕێزلێگیراوبێت. دەبێت میللەت گویڕایەڵی فەرمانڕەوابێت و فەرمانڕەواش ڕێز لە بەها ئەخلاقیەکانی میللەت بگرێت. بڕوانە (ا.م.د منتهى طالب سلمان : الوجیز فی تاریخ اسیا الحدیث و المعاصر، مکتبة دجلة، بغداد، ٢٠١٥، ص ٢٣؛ طارق فتحي سلطان :تاريخ الصين والشرق القديم، دار الفكر للنشر والتوزيع، ص٢٣؛ بلحربي عومار: الثقافة الكونفوشيوسية: دراسة في ألابعاد الثقافية للصعود الإستراتيجي الصيني، اطروحه دكتوراه .جامعة الجزائر ـ٣. ابراهيم سلطان شيبوط، 2019/2018، ص٥٧-٥٨).

[5] تاوی: واتای وشەی تاو بەزمانی چینی لە بنەڕەتدا بە مانای ڕێگادێت، لە زۆرێک لە نوسینەکاندا بە واتای ئاسمان یان ڕێگەی ئاسمان دێت، واتە بەو ڕێگەیەی کە هێزی ئاسمانی تێدا بەدیدەکرێت، مێژوونوسان دەیگێڕنەوە بۆ زانای چینی لاوتزۆ کە لەنێوان سالانی (٦٠٤-٥١٧) پێش زاین ژیاوە. تاوییزم لە ڕوی دەستەواژەوە بەمانای ئەو سیستمە هزریە دێت کە خۆرسکانە لە چیندا دروستبووە و وایکردووە تاو ببێتە ناوەندێک بۆ بوارەکانی هزر و ژیان. بڕوانە:(ا.م.د منتهى طالب سلمان: م، س، ص ٢٤).

[6] بودایی یان بوزایی بەناوی فەیلەسوفی هندی (مارتا جۆتاما) کە بە بوزا ناسراوە ناونراوە، بەواتای بە ئاگا دێت، لەڕووی چەمکەوە بوزایی بەمانای کۆمەڵە یاسایەکی فەلسەفی و ئەخلاقی دێت کە کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا دەکات. پاشان بە خێرایی گەشەیسەندوو بووە جوڵانەوەیەکی ئاینی فراوان، کاری لەسەر بەپیرۆز ڕاگرتنی پاڵەوان و قەشەو هێزە سروشتیەکان دەکرد، گرنگی بە بابەتی زیندوبونەوەی دوای ژیان و بیری یەکتاپەرستی و خودا

لەسەر کایەی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی کولتووری چینیدا بووە، ئەمەش لە ڕێوڕەسمە ئاینی و ناوچەییەکانی ڕەگەزەکانی ئەم سێ ڕێبازە ئایینیە بەرچاودەکەوێت[١]. هەر لە دوای دامەزراندنی کۆماری میللی چین ١٩٤٩ تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ پارتی کۆمۆنیست هەڵوێستێکی باشی بەرانبەر ئایین و بیروباوەڕەکانی چین هەبوو، لەو ماوەیەدا ڕێگەی بە دروستکردنی کۆمەڵە ئاینییەکان و مافی ئازادی ئایینیدا، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی هەڵمەتی بازدانی گەورە بۆ پێشەوە ١٩٥٨-١٩٦٢ بە بیانوی بەکارهێنانی ئایینەکان لە لایەن هێزە ئیمپریالیستەکان و بەخشینی ناسنامەیەکی جیاوازی نەتەوەیی لەلایەن پەیڕەوانی ئایینەکانەوە، هەربۆیە حکومەت کۆمەڵە ئایینییەکانی هەڵوەشاندنەوە و مەراسیمە ئاینییەکانی قەدەغەکرد[٢].

لەساڵی ١٩٦٤ چەند کەمپینێک پێکهێنران بەناوی کەمپینی (پەروەردەی سۆسیالیستی) کە لە نزیکەی ملیۆنێک لە کادرانی پارتی کۆمۆنیست پێکهاتبوون، بەناو لادێکاندا گەڕان خەڵکیان لە دژی ئاین و سەرمایەداریی و شتە خورافیەکان ئاگادارکردەوە و بەکارێکی ناشرین وەسفییان کردن، بە دەستپێکردنی شۆڕشی کولتوریی ١٩٦٦-١٩٧٦ بەتەواوی ئایین و ڕێوڕەسمە ئایینیەکان قەدەغەکران و پەرستگاکان داخران، هەرکەسێک بە ئاشکرا پەیڕەوی ئایینێکی بکردایە لەلایەن گاردی سورەوە ئەشکەنجەو زیندانیکراوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی پەیڕەوانی ئایینەکان بەنهێنی کاری خوداپەرستیان کرد[٣].

---

پەرستی مرۆڤ نادات، بڕوای بە بیرۆکەی نەمری هەیە لەڕێگەی دۆناندۆنی ڕۆحەوە، جەخت لەسەر هەستی خۆشەویستی و ئاشتی دەکاتەوە کە یارمەتی دەرونی مرۆڤ دەدات هەست بە ئارامی و حەوانەوە بکات.بڕوانە:

( fang li – tian : ChinaS Buddhist culture , Gale Asia cengage learning Singapore,2012, p, 11-23;م، ن، ص٢٤

[1]foreign languages press: A concise History …, p.89.

٢ vincent goossaert and david a. palmer:The Religious Question in Modern China, The University of Chicago Press, Chicago,2007,p152-162.

[3] vincent goossaert and david a. palmer:Op,Cit,p165.

# بەشی یەکەم

# چین لە قۆناغی چاکسازی و کرانەوەدا

## ١٩٩٢-١٩٧٨

## باسی یەکەم - ڕیفۆرمی ئابووری:

دوای پەشێوی شۆڕشی کولتووری، چین بەرنامەی چاکسازیی ئابووریی دەستپێکرد، کە بە (چوار نوێگەرییەکە) ناسرابوو؛ (کشتوکاڵ و پیشەسازیی و بەرگریی نەتەوەیی و زانست و تەکنەلۆژیا)، لە سێیەم دانیشتنی پلنیۆمی یانزەیەمی لیژنەی ناوەندی لە کانونی یەکەمی ١٩٧٨، پێشخستن و گەشەی ئابووریی چین پێشەنگی کارەکانی دەسەڵاتدارانی چین بوو[1]، تیایدا بڕیاردرا دینگ شیاو پینگ دەسەڵاتی ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چین وەربگرێت[2].

دینگ سەردەمێکی نوێی ڕاگەیاند، کە بە سەردەمی گەشەپێدانی ئابووریی چین ناونرا، لەسەر سێ کۆڵەکە کاریکرد؛ (ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ وەبەرهێنان، ڕاکێشانی زانیاری تەکنیکی بیانی بۆ دروستکردنی ناوەندی پیشەسازیی نوێ، پشتبەستن بە بازرگانی دەرەوەو بەتایبەتی هەناردەکردن وەک ئامرازێک بۆ جوڵاندنی کرداری گەشەپێدان)، لەبەرئەوە چین بە ئاڕاستەی بونیادنانی سیاسەتی ئابووریی ئاڕاستەکراو بەرەو بازار ڕۆیشت، کە لەسەر خاوەندارێی تایبەت و لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرا[3].

هەنگاوی هێواش و پلە بە پلە لە گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو گۆڕانکاریانە بوو، ئەو گۆڕانکارییە پلەبەندییە چینی لە باوەشی یەکێتی سۆڤییەتەوە بەرەو ئابووریی کەرتی تایبەت گواستەوە، دوای ئەوە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٨٠، لەسەر دوورکەوتنەوە لە بنەما ئابوورییەکانی ماو و گۆڕینیان بە ستراتیژی چاکسازیی و کرانەوەی نوێ ڕێککەوتن، دینگ و ئەندامەکانی دیکەی ناو پارت ویستی خۆیان لەسەر وازهێنان لە تێگەشتنە سەرەکییەکانی ماو دەربڕی[4].

جیاوازیی بەرانبەر هەنگاوە کردارییەکانی گۆڕانکاریی، مقۆمقۆیەکی گەورەی لەسەر کاریگەرییە ستراتیژییەکانی چاکسازیی و کرانەوە دروستکرد، سیاسەتی ئابووریی چین لەدوای ساڵی (١٩٧٨)ەوە بە (تێپەڕاندنی ڕووبارو هەنگاو بەهەنگاو هەستکردن بە چەوەکانی ناوی) ئاڕاستەی وەرگرت، کە دروشمێکی بەناوبانگەو لەلایەن دینگەوە بانگەشەی بۆکرا[5].

لەگەڵ چاکسازی ئابوورییدا، کرانەوە بەڕووی دونیای دەرەوەو پلانی ئابووریی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئابووریی بازاڕو چاکسازی پلە بە پلە بەدیهات[6]، هاوکات چین لە کۆت و بەندەکانی مارکسی

---

[1] Linda Yueh: Op.Cit, p.10.

[2] John C. Fredriksen: BIOGRAPHICAL DICTIONARY OF modern world leaders 1992 TO THE PRESENT, Facts on File, Inc, United States of America, 2003, P. 132-133؛ Edwin Pak-wah Leung: Political leaders of modern China: a biographical dictionary, Greenwood Press, United States of America,2002, p.26-29.

[3] صلاح حسن ربیح الربیعي: م.س، ص٦٩.

[4] م.ن، ص٧٢-٧٣.

[5] م.د. علاء عباس نعمة الصافي: م.س، ص٤١٤؛ صلاح حسن ربیح الربیعي: م.س،ص٧٣-٧٤.

[6] Peter Nolan: China’s Rise, Russia’s Fall: Politics, Economics and Planning in the Transition from Stalinism, MACMILLAN PRESS LTD, London, 1995, p.77-78.

لینینی خۆی ڕزگارکرد، لە ئەنجامی سیاسەتی ئابووریی چاکسازیی کشتوکاڵی و لابردنی ڕێکاری دانانی نرخەکان جێبەجێکرا[١].

چەند گۆڕانکارییەکی دیکە لە دروستکردنی بڕیاری ئابووری و ئەوەی پەیوەستە بە لامەرکەزی دەسەڵاتی دارایییەوە پراکتیزەکرا، لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکانی چین بە شێوەیەکی زیاتر لەبەردەم بازرگانی دەرەوەدا، هەروەها چاکسازیی لە سستمی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن و شێوازی دامەزراوەکان و گۆڕینی بونیادی سستمی ئابووریی و بەدیهێنانی سستمی بەرپرسیاریێتی ئابووریی، سستمی کارو کرێ و نرخەکان و کەمکردنەوەی ئەو ڕێکارانەی سەپێنراون بەسەر پیشەسازیی تایبەت، بەشێوەیەکی پلەبەندی دەستپێکرا، هەوڵدرا پیشەسازی لە ناوچە شارنشینەکاندا بەخێرایی چاکبکرێت، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک لە پێشنیارەکان نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە[٢].

لە سەرەتای (١٩٧٨) و چاکسازییەکاندا چین هەژارترین وڵاتی جیهان بوو، ڕێژەی ٦٠٪ی دانیشتوانی کە دەگەیشتە یەک ملیار کەس لەژێر هێڵی هەژاریی دەژیان، (داهاتی ڕۆژانە لە یەک دۆلار کەمتربوو)، زۆربەی هەژاران لە لادێکانداو ¾ ی دانیشتوانی چینیان پێکدەهێنا[٣].

سستمی ئابووریی تێکەڵاو (کەرتی حکومی و تایبەت)ی پیادەکرد، هانی وەبەرهێنانی دەرەکی دراو چاودێری دەوڵەت کەمکرایەوە، گرنگی زیاتر بە بازرگانی دەرەکی و خوێندن لە ئەمریکا و ئەوروپا درا[٤].

سیاسەتی چاکسازیی دینگ بۆ تێپەڕینی بە سەر ئابووریی بازاڕدا بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە دوو خەسڵەتی گرنگی هەبوو:

یەکەمیان: پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕیالیزم (کەتوارگەرایی – الواقعیة)؛ بەومانایەی نابێت چین بۆ تێگەیشتن لە دەستکەوتنی ڕاستییەکان، لە ئەوپەڕی ڕاستییەکان بڕوانێت، بەڵکو دەبێت گرنگی بە ڕاستییە بەرجەستەبووەکان بدات.

دووەمیان: ڕێبازی گرادوالیزم (پلەبەندیی – تدریجي)؛ بەمانایەی گرتنەبەری ڕێکاری هەنگاو بەهەنگاو پەیڕەوکرا، بەرنامە نوێیەکانی ئابووریی سەرەتا دەبێت لە شوێن یان کەرتێکی دیاریکراوی ئابوورییدا ئەزموون بکرێن، دواتر ئەگەر ئەنجامێکی سەرکەوتوویان هەبوو، بگوازرێنەوە بۆ ناوچەو کەرتەکانی دیکە. لە هەمانکاتدا، ئەگەر پێویستی کرد چاکسازییەکان پاڵپشت بە ئەزموونی بەدەستهاتوو ئەنجامبدرێن، دینگ ئەم شێوازەی بە (تێپەڕین لە ناو ڕووبارو هەستی بەرکەوتنی بەردەکان) دەچواند، کەتوارگەرایی و پلەبەندیی دینگ دواتریش وەکو بنەمای کاری کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست بەکارهێنرا[٥].

---

[1] Barry Naughton :Op.Cit, P. 156.

[٢] وو بن: الصينيون المعاصرون، ت: د. عبد العزيز حمدي، عالم المعرفه، ج١، الكويت، ١٩٩٦، ص٢٨٨.

[3] Bingqin Li & David Piachaud :Poverty and Inequality and Social Policy in China, Centre for Analysis of Social Exclusion, London, 2004, P.7.

[4] John W. Garver: China's Quest THE HISTORY OF THE FOREIGN RELATIONS OF THE PEOPLE'S REPUBLIC OF CHINA ,Oxford University Press, United States of America, 2016, p 29-30.

[5] John king Fairbank: China a New History, London, the Belknap press of Harvard university, Second Edition, 2006, p.408 ؛ Clem Tisdell: Op.Cit, p.279.

چاکسازییەکان لە سەرەتادا لە ڕووبەرێکی بچوکدا دەستپێکران، لە کۆتایی ١٩٧٠ بۆ کار بەدەستانی چین ڕوون بوو کە دابەزین و ناکارایی بەرهەمهێنان بە قوڵی پەیوەندیی بە کاریگەریی جوتیاران و کرێکارانەوە هەیە، چونکە پێش (دینگ) سستمی یەکسانی لە دابەشکردنی کاردا کە حکومەت بەرپرسی سەرەکی سوودو زیانی دامەزراوەکانە پەیڕەوکرا، دواجار دابەزین و کەمی بەرهەمهێنانی لێکەوتەوە، لەبەرئەوە چەند پلانێک بەمەبەستی باشترکردن و چالاککردنی بەرهەمهێنان بۆ ئەم گروپانە دارێژرا، (سستمی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی) لە هەنگاوە گرنگەکانی چاکسازیی بوو، کە سەرەتای ١٩٨٠ لە کەرتی کشتوکاڵیدا دەستپێکردو دواتر بۆ کەرتەکانی تر گوازرایەوە، ئەم سستمە بەرپرسیارێتی سوود و زیانی دامەزراوەکانی خستە ئەستۆی بەڕێوبەرەکان، پشکی سوودی وەرگیراو لە دامەزراوەکان زیاترکراو شمەکی وەرگیراو لە جوتیاران بە پێی چەندایەتی و چۆنایەتی کارەکانیان گۆڕانکاریی تێداکرا، دەسەڵات و هێزی دامەزراوەکان بۆ سوودوەرگرتن لە میکانیزمەکانی هاندان و سزادان بەرانبەر هێزی کار زیادکران، هاوکات کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی بەشێکی گەورەی دامەزراوەکان لە حکومەتی ناوەندییەوە بۆ حکومەتە ناوچەییەکان گوازرایەوە، سستمی بەرپرسیارێتی سەرەتا لە ناوچە هەژارنشین و دوورەکان ئەزموونکرا، ئەنجامێکی باشی بۆ دامەزراوەکان و خاوەن کارەکان هەبوو، بارودۆخی موڵکدارێتی و ناوەندێتی و نەهێشتنی ڕۆتین و گەندەڵی لە چالاکییە ئابوورییەکان، زیادکردنی بەرهەم ئەنجامی ئەم سستمە بوو[1].

سیاسەتی کرانەوەو چاکسازیی پەیوەندیی چینی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەهێزکرد، پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەند و نێودەوڵەتیەکان باشکرد، لەوانە پەیوەندیی بازرگانی و ڕۆشنبیریی و دارایی و تەکنەلۆژیی... هتد.

لە ساڵانی هەشتاکاندا دینگ لەسەر بنەمای (کۆشش و هاریکاریی) مامەڵەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە کرد، مەبەستی بونیاتنانی سستمێک بوو لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیانەو یاسا نێودەوڵەتیەکانی سەلماند، ئەمە چینی بردە ناو زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئامانجی سەرەکی دینگ لەم پرۆسەیە بەدەستهێنانی ژینگەیەکی نێودەوڵەتی سەقامگیربوو بەرەو گەشەسەندنی ئابووریی[2].

لێرەوەو بەتایبەتی لە ١٩٨٤ چین پێگەیەکی گرنگی لە دامەزراوەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بازرگانی و داراییە جیهانیەکان وەرگرت، کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ناوەکی هەبوو، لە ساڵی ١٩٨٦ بەشێوەیەکی فەرمی بووە ئەندامی سندوقی گەشەپێدانی ئاسیا، لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە چین هاوکاریی و دابینکردنی دارایی بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی وڵات مسۆگەرکرد، کە هەنگاوێکی گرنگ و بۆ گەشەپێدانی ئابووریی[3].

[1] Linda Yueh: Op.Cit, P.6-7.

[2] Zhihai Xie: The Rise of China and its growing Role in international Organizations, ICCS, Journal of Modern Chinese Studies. Vol, no1, 2011, p.86-87.

[3] Ibid, p.86-87.

لەساڵی ١٩٨٦ سەرۆک وەزیران (ژاو زیانگ) [١]، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ ئەنجومەنی میللی چین ووتی: "چین بەدانیشتوانێکی ملیار کەسییەوە، دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی تازە گەشەسەندووە، لەسەر ئاستی جیهانیی و ناوخۆیی بەرپرسیارێتیەکانی دردکەکات، بەو ئامانجەی سۆسیالیستیی دەوڵەت نوێبکاتەوەو بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداریی لە ئاشتی جیهاندا بکات و لە ڕووی مرۆییەوە بەرەو پێشەوە بچێت"[٢].

قۆناغی یەکەمی چاکسازیی ئابووریی لە ١٩٧٩- ١٩٨٤ بریتیبوو لە چاکسازیی کشتوکاڵ و دروستکردنی باڵانسێک لەنێوان پەیوەندییە ئابوورییە دەرەکیەکان و نرخی کڕینی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، فرەجۆریی و تایبەتمەندییەکانی بەروبوم، کەمکردنەوەی کۆت و بەندی سەر کاروباری بازرگانی، لامەرکەزیەتی کێڵگە ڕێکخراوەییەکان، بەخشینی دەسەڵات بە هەرێمە ئابوورییە تایبەتەکان (Special Economic Zones)، ڕاکێشانی وەبەرهێنی بیانی و تەکنەلۆژیا بۆ زیادکردنی ناردن و دروستکردنی تاقیگەکان، فراوانکردنی چاکسازییەکانی ئابووریی بازاڕ، جەختی لێکرایەوە[٣]. هاندان و گەشەپێدان لەڕێگەی بەخشین و هاندانی داراییەوە لە سەر بنەمای (هەرکەسەو بەپێی کارەکەی)، ئەمەش زەمینەی گیانی دەستپێشخەریی و داهێنانی سازاند، هەروەها گرنگی زۆر بە لێهاتوویی جوتیارو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویان درا[٤].

قۆناغی دووەمی چاکسازییەکان لە ١٩٨٤–١٩٨٨، هەوڵدرا شانبەشانی کەرتی کشتوکاڵ، تیشک لەسەر شارەکان بێت، گرنگییەکی زۆر بە کەرتی پیشەسازیی دراو لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرمایە و تەکنەلۆژیای بیانی، جەخت لەسەر فراوانکردن و زیادکردنی کەرتی تایبەت و پشتبەستن بە بازاڕی سۆسیالیستی بەتایبەتمەندی چینی کرایەوە، جەخت لەسەر کرانەوەی ئابووریی چین بەڕوی دەروەدا کرایەوەو گرنگی بە بەهرەو توانا کەسییەکان و هاندانیان درا[٥].

---

[١]ژاو زیانگ: لە ١٧ی تشرینی ١٩١٩ لە هەرێمی هەنان لەدایکبووە، باوکی دەوڵەمەندبووە، لەساڵی ١٩٣٢ چووە ناو پەیوەندی لاوانی کۆمۆنیستەوە، دوای دوو ساڵ بووە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی چین، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی شیوعی لە ساڵی ١٩٤٩ چاو چووە ناوچەکانی باشوور و زنجیرەیەک پۆستی گرنگی حزبی وەرگرت، لە ساڵی ١٩٦٧ دەستگیرکرا، پاشان ئازادکراو لەلایەن دینگەوە لە ١٩٧٧ لە مەکتەبی سیاسی دانرا، لەدوای سێ ساڵ بووە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت، لە ساڵی ١٩٨٧ پۆستی ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چینی وەرگرت، لە ساڵی ١٩٨٩ دەستگیرکرا و بە ئەنجامدانی تاوان تۆمەتبارکرا، سەرجەم نوسینگە و ناونیشانەکانی لێسەنرایەوە و خرایە ژێر چاودێری زۆرەملێوە. ساڵی ٢٠٠٥ لەتەمەنی هەشتاو پێنج ساڵی کۆچی دوای کرد.
(John C. Fredriksen: Biographical Dictionary of Modern World Leaders: 1900 to 1991…, P.497-498; Lawrence R. Sullivan: Historical Dictionary of the People's …, p.589.; Maurice Meisner: MaoS China and After, The free Press, third edition, United States of America, 1977, p .494)..

[2] Rohit Sing: China and India in Asia Power Politics, Vij Books India Pvt Ltd, New Delhi, 2011, p.283-284.

[3]Gautam Jaggi, Mary Rndle: Op.cit,p. 11.

[٤]م.د. علاء عباس نعمة الصافي: م.س، ص ٤١٣.

[٥] م.ن، ص٤١٤.

له ساڵی ١٩٨٥ پلانی (پێنج – حەوت) له ئازادیی پرۆژەو کۆمپانیاکان (دامەزراوەکان)و تەرخانکردنی بازاڕو چاودێریکردنی تەواوەتیی خرایەڕوو[١].

سستمی پشکداریی له زۆرێک له دامەزراوه بەرهەمهێنەره گرنگەکانی دەوڵەت که موڵکی گشتی بوون؛ خرایەگەڕ، چاکسازیی له خاوەندارێتی زیاد له (٩٠٪)ی دامەزراوه بەرهەمهێنەره بچوک و مامناوەندەکانی گرتەوه، له ساڵی ١٩٨٨ (دینگ) بیردۆزه بەناوبانگەکەی خستەڕوو، (زانست و تەکنەلۆژیا هێزی یەکەمن له توانای بەرهەمهێناندا)، بەمەش قۆناغی چاکسازیی له سستمی زانست و تەکنەلۆژیا دەستپێکرد، ئەمه یارمەتیدەربوو بۆ گۆڕینی سەرئەنجامی لێکۆڵینەوه زانستییەکان و فراوانبوونی بازاڕی تەکنەلۆژیا[٢].

لەقۆناغی چاکسازییەکان، چەند نیشانەیەکی نوێ له گەشەو فراوانی ئابووریی چین دەرکەوتن، له ساڵانی ١٩٧٩-١٩٩٠ ناوەندی گەشەی ساڵانەی ئابووریی چین بە نزیکەی ٩٪ زیادیکرد[٣]، ئەم سەرکەوتنه له کاتێکدا بوو، که بە درێژایی ئەو دوو دەیە زۆرێک له ئابووریی وڵاتانی کۆمۆنیستی ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سەخت بوونەوه، لەوه گرنگتر زۆرێک له ئابووریی وڵاتە تازه پێشکەوتووەکان له ناوچه جیاوازەکانی جیهان، کەوتبوونه ژێر کاریگەریی قەیرانی گەورەی ئابووریی و ڕووبەڕووی کێشه بووبوونەوه، ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییه له هەمان دەیەی ساڵی ١٩٨٠ دەرکەوتن، ڕێژەی گشتی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی گەیشتە چوار هێندە، هاوکات باجە بەدەستهاتووەکان بۆ زیاتر لەسێ هێندە بەرزبوونەوە[٤].

هەروەها دابینکردنی خۆراک و پۆشاک بۆ زۆرینەی چینیەکان بەرزبووەوه، کەرتی پیشەسازیی نزیکەی ١١٪ گەشەیکرد، هەندێک بابەتی وەک دابەزینی بەرهەمهێنان له ساڵی ١٩٨٠و بەهای بەرزی هەڵاوسان هاتە ئاراوه، بەڵام دەستکەوتەکان بەرچاوتربوون، بەهای سەرمایەگوزاریی دەرەکی له چین بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆوەبینی، تەنها گەشەی سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان له چین ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە زیاتر له ٣٠ ملیار دۆلار، ئەم ژمارەیە بە نزیکەی ٣٠ هێندەی ڕێژەی سەرمایەگوزاریی ئەمەریکییەکانە له کۆریای باشورو له ساڵی ١٩٨٧دا. هاوکات بازرگانی دەرەکی چین بە درێژای ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠ له (٣٨ ملیار)ەوە بۆ (١١٥,٤ ملیار) دۆلار بەرزبووەوەو لەم چوارچێوەیەدا ڕێژەی هەناردەکردن له (١٨ ملیار) گەیشتە (٦٢ ملیار) دۆلار[٥]. لەساڵانی نەوەدەکاندا لەگەڵ ئەوەی چین فشارەکانی (ڕوداوی تیانانمین)ی کەوتەسەرو دۆخێکی ناهەموار دروستبوو[٦]، بەڵام ئامانجی درەوشاوەتری دەستخست، ناوەندی گەشەی ساڵانەی له (١٠٪) نزیکبوویەوە[١].

---

[1] Ross Garnaut and et al: CHINA'S 40 YEARS OF REFORM AND DEVELOPMENT 1978–2018, The Australian National University, Australia, 2018, p.156.

[٢] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٦٧-٦٨.

[3]Justin Yifu Lin: China and the Global Economy, Routledge Taylor&Francis Group, Washington,2011, p.213.
[4]Chris Bramall: Chinese Economic Development, Routledge, London,2009, P.340-347.

[٥] بهزاد شاهنده و سيد جواد طاهايي: چين نو – دينك شياو پينك اصلاحات، مركز تحقيقات، تهران،١٣٨٣ ،ص ٢٢٣-٢٢٩،

[٦] گۆڕەپانی تیانانمین دەکەوێتە ناوەڕاستی پەکینەوە، له ساڵی ١٩١٩ەوە بەدواوە مەڵبەندی نارەزاییەکان بووە،بۆنمونە له ١٥ی نیسانی ١٩٨٩ نارەزاییە خوێندکارییەکان بۆ داواکاری دیموکراسی و چاکسازی دەستیپێکرد، نزیکەی ١٠.٠٠٠ خوێندکار کۆبوونەوە، کرێکاران بەشدارییان کرد، له پێناو لابردنی کۆت و بەندەکانی ڕاگەیاندن داوای گفتوگۆی فەرمییان

چاکسازیی دامەزراوەکانی دەوڵەتی چین نموونەیەک بوون لە بەرنامەی پلەبەندیی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ چاکسازیی ئابووری، ئەم گۆڕانکارییە دامەزراوەییانەی خوارەوە هەنگاو بە هەنگاو ئەنجامدران:

یەکەم- لەبری جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە چوارچێوەی سستمی پلانی مەرکەزیدا، هەندێ سەربەخۆیی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە بڕیارەکانی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن و وەبەرهێنان بەخشرا، ئەزمونەکە لە ساڵی ١٩٧٨دا لەگەڵ شەش کۆمپانیای گەورەی هەرێمی سیچوان ئەنجامدرا، بە تێپەڕینی مانگی حوزەیرانی ١٩٨٠دا ٦٦٠٠ کۆمپانیای پیشەسازیی بە گرتنەبەری ئەو بڕیارە سەربەخۆیانە ڕێگەیان پێدرا .دووەم – سەربەخۆکردنی دارایی ئەو دامەزراوانەو ڕێگە پێدانیان بە هەڵگرتنی قازانجەکانیان لەدوای دانەوەی باجەکانی دەوڵەت[٢].

سێیەم – دەبوو سستمی بەرپرسیاریەتی پەیڕەوبکەن، وەکو سستمی بەرپرسیارێتی خێزان لە کشتوکاڵدا وابێت، یەکەم لە هەڵبژاردنی پڕۆژە بەپێی بڕیاری چاکسازیی، کە لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ بڕیاری لەسەردا، لە چوارچێوەی سستمی بەرپرسیارێتیشدا ڕێگە درا بە دامەزراوەکان بە هەڵگرتنی قازانجی بۆماوە لەدوای ڕادەستکردنی ئەو بڕە جێگیرەی کە دەیداتە ئەو دامەزراوەی کە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە[٣].

ئەمە بووەهۆی بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی هاوڵاتی چینی و کەمکردنەوەی هێڵی هەژاری لە وولاتدا، ئابووریی چین چووە ناو ڕێکخراوە ئابوورییە جیهانیەکانەوە، لەبەرئەوەی حکومەتی چین سیستمی ئابووریی بازاڕی گرتەبەر، کە ڕێبازی سۆسیالیستی و سەرمایەداری کۆکردەوە[٤].

تا ساڵی ١٩٩٢ حکومەتی چین چەند چاکسازییەکی لیبراڵیانەی لە ئابووریی و کرانەوە بەرووی دەرەوەدا پەیڕەوکرد، ئەمەش لە ڕێگەی[٥]:

١) هەڵوەشانەوەی زەوی کۆمۆنە میللیەکان، دروستکردنی بەڵێندەرایەتی جوتیاریی تێکەڵاو لە ڕێگەی مۆڵەتدان بە موڵکایەتی تایبەت بۆ زەوی و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان.

---

کرد، بەڵام حکومەت ڕەتیکردەوە، لە ١٣ی ئایار نارەزاییەکان گەیشتنە چڵەپۆپە، لە ٢٠ی ئایار حوکمی عورفی ڕاگەیەنرا، لە کاتێکی درەنگی ئێوارەی ٣ی حوزەیران سەربازو زرێپۆشەکان گەیشتنە گۆرەپانەکەو ئابلۆقەیانداو گۆڕەپانەکە لەخۆپیشاندەران چۆڵکرا، بە پێی وتەی سەرۆکی شارەوانی پەکین، نزیکەی ٢٠٠ کەسی سڤیل و هەندێک لە سەربازەکان کوژران، بەڵام ڕۆژنامە بیانیەکان جەختیان لەسەر مردنی ١٠ هەزار کەس کردەوە. بۆ زیاتر بڕوانە:

(Ezra F. Vogel: Deng Xiaoping and the Transformation of China, the belknap press of harvard university press, USA, 2011, P.616-630; Marsha E. Ackermann and et al: Encyclopedia of World History, The Contemporary World 1950 to the Present, Vol.VI, United States of America, 2008, P .422-423; Alexander V. Pantsov with Steven I. Levine: Deng Xiaoping, a Revolutionary Life, Oxford University Press ,2015, P. 407-411.)

[1] Wayne M. Morrison: China's Economic Rise: History, Trends, Challenges, and Implications for the United States, Congressional Research Service, USA, December 17, 2013, P.34.

[2] Gregory C. Chow: Economic Reform and Growth in China, Peking University Press, Beijing, p.130; م.د. علاء عباس نعمة الصافي:. م.س، ص ٤١٤.

[3] Gregory C. Chow: Op,cit, p.130 .

[٤] م.د. علاء عباس نعمة الصافي: م.س، ص٤١٤.

[٥] زينب عبدالله منكاش: م.س، ص١٤١.

٢)  نوێکردنەوەی ئابووریی چین بە هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای خۆرئاوایی.

٣)  بەرتەسکردنەوەی قۆرخکاریی دەوڵەت لە چالاکی ئابووریی و بواردان بە دروستبوونی بەڵێندەرایەتی تایبەت لە کەرتی پیشەسازیی و بازرگانی.

٤)  دوبارە ڕێکخستنەوەی بەڵێندەرایەتی دەوڵەت بە پێدانی سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی.

٥)  هاندانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەوە.

٦)  هاندان لە پێناو ڕاکێشانی وەبەرهێنە بیانییەکان بۆ ناو چین.

بەرنامەی تازەگەریی لە چوار بوارەکەدا سوودی لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەرگرتووە، گرنگترینیان[١]:

١. هەرزانی دەستی کارو کەمی ڕێژەی تێچونی بەرهەمهێنان.

٢. گەشەسەندنی بەکاربردن لەناوەوەی چین بەهۆی بەرزبوونەوەی توانای کڕینی هاوڵاتی چینی.

٣. بەرزبوونەوەی ئاستی پاشەکەوتی هاوڵاتی چینی بە ڕێژەی ٣٠٪.

٤. ڕۆڵی چینیەکان لەدەرەوە وایکرد ئابووریی چین ببەستنەوە بەو وڵاتانەی تێیدا دەژیان.

٥. توانای گەورەی لەخۆگرتنی لێشاوی دارایی دەرەکی.

## یەکەم – چاکسازی لەکەرتی کشتوکاڵدا:

کەرتی کشتوکاڵ لە لایەن (دینگ شیاو پینگ) گرنگییەکی زۆری پێدرا، چونکە سەرچاوەی ئابووریی پڕکردنەوەی پێویستییە سەرەکییەکانی هاونیشتمانیانی چین و چارەسەرکردنی گرفتی خۆراک بوو[٢].

لەمیانەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە کشتوکاڵییەکان، جەخت لەسەر کشتوکاڵ کرایەوە[٣]، پێش دەستپێکی چاکسازی و کرانەوە ،کۆمۆنەکان ژمارەیان ٥٣٣٠٠ کۆمۆن بوو، بەسەر (٦٩٩) هەزار دەستەو (٥.١٥٤ ملیۆن) تیمی بەرهەمهێنان دابەشکران، تیمەکانی بەرهەمهێنان پێکهاتبون لە لادێکان، هەر تیمێک لە ١٥٠ کەس پێکدەهات[٤].لەمیانەی چاکسازی کشتوکاڵیدا کۆمۆنەکان هەڵوەشێنرانەوەو لەجێگەی ئەوان (سیستمی

---

[١] زینب عبدالله منکاش: م.س، ص١٤١-١٤٢.

[٢] نادیە کاظم العبودي (الدکتورة) و علي محمد زکي رسن: الزعیم دینغ شیاو بینغ رائد النهضة المعاصرة دراسة في دعوته لتحریر الفکر واصلاحاته الاقتصادیة (١٩٧٨-١٩٩٢)، مجلة کلیة التربیة الاساسیة، ج١، عدد خاص(٢٠-٢١)، تموز ٢٠٢٠، الجامعة المستنصریة –کلیة التربیة، ص١٢٣.

[٣] لە ٢٤ی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٧٨ گروپێ لە جوتیاران لە گوندی Xiaogang شیاگەنگ لە کانتۆنی Fengyang فێنگیان لە هەرێمی Anhui ئەنهوا کۆبونەوە، بەڵێننامەیەکیان نوسی و سەرجەمیان پەنجەمۆریان کرد، داوای دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵیان دەکردو سستمی کۆمۆنیان ڕەتکردەوە، وەک وەڵامێک حکومەت سیستمی کۆمۆنەکانی هەنگاو بەهەنگاو هەڵوەشاندەوەو سستمی بەرپرسیاریێتی خێزانی جێبەجێکرد.

(Wu Xiao-bo: China Emerging: 1978-2008, translate Martha Avery, China Intercontinental Press and China CITIC Press, china ,2009, p8 ؛Webbe and et al: China’s Transition to a Global Economy, PALGRAVE MACMILLAN، Great Britain، 2002, p .72). ((بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)).

[4] Linda Yueh: Op.Cit, p.15.

بەرپرسیاریەتی خێزانی) [1]دامەزرا[2]،گەڕانەوە بۆ سستمی بەرپرسیارێتی خێزانیی زەوییە کشتوکاڵییەکان و یەکخستنەوە لە کڕین و دیاریکردنی پشک و هاندانی جوتیاران وایکرد، جوتیاران زیاتر پەرۆشی بەرهەمهێنان بن[3]، بۆ ڕێکخستنەوەی کەرتی کشتوکاڵ چەند بڕیارێکیان دەرکرد، لەوانە سستمی گرێبەندی لەگەڵ خێزان لەسەر بەرهەمهێنان یان سستمی بەرپرسیارێتی بێت، بەم پێیە ڕووبەرێکی زەوی کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵێک خێزان تەرخانکراوەو ئامێری جوتیارییان پێدراوە، دەبوو هەر خێزانێک ئاستێکی دیاریکراوی بەرهەمی هەبێت، لە ئەگەری زیادبوونی بەرهەم لەسەروی ئاستی داواکراو، بەخششێک بە خێزانەکان دەدرا، هەروەها جوتیارەکان ڕێپێدراوبوون، ڕێژەی زیادبووی بەرهەمیان لە بازاڕە ناوخۆییەکان و لە بەرژەوەندی خۆیان بفرۆشن[4].

بەم هەنگاوانە حکومەت کشتوکاڵی بە لامەرکەزی کرد، نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بەرزکردەوە، جوتیار بۆی نەبوو زەوییەکە بفرۆشێت، بەڵام دەیتوانی بەکرێیبدات و لەبەرانبەردا باجبدات، بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش بەڕەزامەندی هەردوولا بڕەکەی بە حکومەت دەفرۆشرا[5]، ڕێگە بەفرۆشتنی بەشێک لە بەرهەمەکانی جوتیاران لە بازاڕی ئازادا درا، وەکو بەرهەمەکانی میوەو سەوزەو دانەوێڵەو ماسی، ئەمە وایکرد لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠بۆ ١٩٨٦ بەرهەمی جوتیاران بۆ دوو ئەوەندە بەرزبێتەوە[6].

ئەنجامە سەرەتاییەکانی چاکسازیی لە گوندەکاندا بەهێزبوون، ژمارەی ئەو جوتیارانەی چوبوونە ناو سستمی بەرپرسیارێتی گرێبەندییەوە ڕێژەیان زۆرتردەبوون، ڕێژەی زەوی کشتوکاڵی دابەشکراو بەسەر ئەو خێزانانەدا لە (١٪ ساڵی ١٩٧٩ بۆ ٢٠٪ ساڵی ١٩٨٠) بەرزبوویەوە، پاشان بۆ ٤٥٪ لە ساڵی ١٩٨٢و لە ساڵی ١٩٨٤ گەیشتە ٩٩٪ زیادیکرد، ئەم پەرەسەندنە وایکرد دەوڵەت لە ساڵی ١٩٨٣ دا سستمی کۆمۆنی کشتوکاڵی بەتەواوی هەڵبوەشێنێەوەو بڕیارەکانی ساڵی ١٩٨٤ی دەرکرد، کە ساڵەکانی بەکرێدانی زەوییەکانی لە ١٥ بۆ ٣٠ ساڵ درێژکردەوە، پاشان بڕیاری مافی میراتی زەوییە بەکرێدراوەکانی لە ساڵی ١٩٨٨ دەرکرد[7].

---

[1] (سیستمی بەرپرسیاریەتی خێزانی- سیستمی کشتوکاڵی خێزانی -سیستمی گرێبەندی) لە سەرەتادا چاکسازیی کشتوکاڵی لەسایەی سستمی ناوخۆیی لە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ ئەنجامدرا، هەر خێزانێکی جوتیار پارچەیەک زەوی پێدرا، کە بەرپرسیاربوو لە دابینکردنی جۆرێکی دیاریکراوی بەرهەم و پێدانی بڕێکی بە شارەوانیەکان لە پێناو پڕکردنەوەی خواستی کڕین، دوای ئەو بڕە خێزان سەربەستبوو لەوەی بۆی ماوەتەوە بۆ خۆی بەکاری بهێنێت یان لە بازاڕدا بیفرۆشێت، نرخی بەکرێدانی پارچە زەوی بە هەر خێزانێک بریتیبوو لە نرخی زەویەکە خۆی. ئەم تایبەندمەندییە سەرەکیە لە چاکسازی کشتوکاڵ لە چیندا، بۆزیندوکردنەوەی خێزانە کشتوکاڵییەکان بوو. بۆ زانیاری بڕوانە:
China under Deng Xiaoping Political and Economic Reform, Palgrave Macmillan, United States :(David Wen-Wei Chang of America, 1988,139-140; Ross Garnaut and Ligang Song: China: twenty years…, P.54-55).

[2] john king Fairbank: Op.Cit , p 411 .

[3] Ross Garnaut and Ligang Song: China: twenty years of economic reform, ANU E Press, Australia, 2012, p.54.

[4] Ibid, p.54-55.

[5] Michael Webberand and et al: China's Transition to a Global Economy, PALGRAVE MACMILLAN, Great Britain,2002, p .71.

[6] John king Fairbank: Op.Cit, p. 412.

[7] نادیە کاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢.

لەم سەربەنەوە چاکسازیی لە بازاڕی لادێکاندا لە (بەرزبوونەوەی نرخی فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و هاندانی فرەجۆری بەرهەم و پسپۆڕیی و لابردنی کۆتوبەندی سەر بازاڕی لادێکان) هەنگاوی کاریگەربوون، هەروەها ساڵی ١٩٨٥ سستمی دابینکردنی کشتوکاڵی لە زۆرە ملێ و ناچارییەوە بۆ خۆویستی گۆڕا[1]، ڕێگەدرا جوتیارەکان کۆنترۆڵی زەوییەکانیان بکەن و بەشێکی بەرهەمەکانیان بە حکومەت بفرۆشن[2]. دوای ساڵی ١٩٧٨ بازاڕی گوندەکان کرایەوە، ڕێگە درا جوتیاران بەرازو مریشک و مراوی بەخێوبکەن و لەو بازاڕانە بیفرۆشنەوە، پێشتر ئەم کارە قەدەغە کرابوو[3].

ئامێرو ئامرازە کشتوکاڵییەکانیش بە شێوەی کۆمەڵی و لەڕێگەی گروپی بەرهەمهێنانەوە بەڕێوەدەبران، یان لە نێوان ئەو کۆمەڵەو خێزانانەدا دابەشدەکران کە بەکاریاندەهێنان[4].

لەماوەی حەوت ساڵی چاکسازییەکان (١٩٧٨-١٩٨٤) بەرهەمی دانەوێڵە بەڕێژەی (٥٪) زیادیکرد، کە دەکاتە زیاتر لە (١.٢٪)ی پێش قۆناغی چاکسازییەکان[5]، نرخی بەرهەمەکانی دانەوێڵە لەلایەن دەوڵەتەوە زیادکرا، ئەمەش داهاتی ساڵانەی جوتیارانی بە (٢٠٪) بەرزکردەوەو ئاستی هەژاریی لە گوندەکان کەمکردەوە[6].

چاکسازییەکان بە ئاراستەی بازاڕو بەمەبەستی گەشەی گوندەکان و ئازادییان و ئەنجامی سەرکەوتنەکانی کۆمپانیای شارو گوندەکان چاوەڕوان نەکراو بوو، جوتیارەکان لەگەڵ دەوڵەتدا بونە هاوبەشێکی ڕاستەقینەی بەرهەمەکانیان، کە نیشانەی ئازادیی بوو لە کشتوکاڵکردندا[7].

بۆ سازاندن و قبوڵکردنی چاکسازییە نوێیەکان، چەندین وتارو نوسین لە ڕۆژنامە حزبی و ناحزبییەکاندا بڵاوکرانەوە، سەرجەمیان ڕەخنەیان لە سستمی کۆمۆنەکان گرت و لایەنە نەرێنییەکانی ئەو سستمەیان ڕوونکردەوە، یەکێک لەو ڕەخنانە بریتیبوو لەوەی ئابووریی کۆمەڵی نابێت ملکەچی هەژمونی ڕاستەوخۆی دەوڵەت بێت[8].

هەڵوەشاندنەوەی کێڵگە کۆمەڵییەکان لە ناوچە شاخاوی و هەژارنشینەکاندا داواکاریی گەل و بە هاندانی سەرکردە ناوچەییەکان بوو، بەڵام لە هەندێک لە هەرێمەکانی تردا لە دەشتی جنگدو بەرزاییەکانی یانتای لە شاندونگ و هەموو مەنشوریا، زۆر بە توندیی بەرەنگاری هەڵوەشاندنەوەی کێڵگە کۆمەڵییەکان کرا[9].

ئەم پرۆسەیە گرەنتی بەرهەمی خۆراکی بۆ گەورەترین ژمارەی دانیشتوانی جیهان کردو پەیوەندییەکانی نێوان بەرهەمهێنەرە لادێییەکان و حکومەت بوونیادنرایەوە، بەرهەمی گۆشت و هێلکە

[1] Gauttam Jaggi mery Rundle: Op.cit, p.13.
[2] Marcuis Vinicius Defreitas: Op.Cit, p. 14.
[3] Ross Garnaut and et al: China’s 40 Years of Reform and Development 1978-2018, Australian National University press, Australia, 2018, p. 95.
[4] CHRIS BRAMALL: Sources of Chinese Economic Growth, 1978-1996, Oxford University Press, New York, 2000, p.327.
5Ross Garnaut and Ligang Song China: twenty years …, p.51.
[6] Ibid, p.51.
[7] Linda Yueh: Op.Cit, p.5.
[8] Vivienne shue: the fate of commune, Sage Publications, Inc, 1981, p. 262 – 263.
[9]Stephen Endicott: Revolution in a Sichuan Village, London, 1988, P. 134.

گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، داهاتی جوتیار زیادیکردو سەدان ملیۆن جوتیار لەهێڵی هەژاریی ڕزگاریان بوو[١].

تا ئایاری ١٩٨٢ تەنها (٩٪) کاریان بە سستمی بەرپرسیاریەتی خێزانی کردووە[٢]، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئاستی بەرەنگاریی سەرکردەی هەریمەکان، ئەوان بیانوویان ئەوە بوو کە گەڕانەوە بۆ کشتوکاڵی بچووک دەبێتە کۆسپ لەبەردەم بە ئامێرکردن و چاککردنەوەو سستمی ئاودێرییدا، بەڵام بەپێچەوانەوە گۆڕانکاریی نرخەکان و هێنانی تۆوی نوێ و بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی، بوونە هۆی گەشانەوەی کەرتی کشتوکاڵی چین[٣].

ساڵی ١٩٨٤ سستمی دوونرخی "two-track pricing system" لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دانرا، پاش ماوەیەکی کورت لەسەر شتومەکی پیشەسازیی جێبەجێکرا، بە پێی ئەم سستمە نرخ بۆ بەرهەمەکانی جوتیاران دیاریکرا، کە ئەو ئاستەی حکومەت بەپێی گرێبەستەکان داوای لێکردبوون، ئەگەر لەو ئاستە زیاتریان بەرهەمبهێنایە، دەیانتوانی ئەو زیادەیە بەنرخی بازاڕ بفرۆشن[٤].

ئەم سستمە بە واتای وازهێنانی تەواوەتی دەوڵەت نەبوو لە ڕۆڵی ئابوورییدا، یان بەجێهێشتنی کاروبارەکان بۆ خواست و مەبەستی جوتیاران، بەڵکو گروپی بەرهەمهێنان ڕێنیشاندەرو ئاڕاستەپێدەری جوتیارانی چین بوون، ئەوەش لە میانەی دیاریکرنی ئەو بەروبومانەی دەچێندران و ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی تایبەت بەو بەروبومانەو ڕێژەی پەیینی پێویستیان بۆ دابیندەکردن[٥].

دینگ نرخی بەرهەمە هاوردەکانی وەکو دانەوێڵەو لۆکەو شەکرو باڵندەی بۆ سەرووی (٥٠٪) بەرزکردەوە[٦]، هاوکات نرخی دەرامەتە کشتوکاڵییەکانی وەکو پەیین و مادە کیمیاوییەکانی دابەزاند[٧].

سەرکردایەتی چین لە ساڵی ١٩٨٨ ڕایگەیاند جوتیاران دەتوانن زەوییە کشتوکاڵییەکان بکڕن و بفرۆشن، بەڵکو دەتوانن لەڕێگەی میراتییەوە بۆ نەوەی دوای خۆیانی بیگوازنەوە، ئەمەش جوتیارانی زیاتر بە زەوییەکانیانەوە پەیوەستکرد[٨].

چاکسازیی کشتوکاڵی چەند ڕەگەزێکی گرتەوە، یەکەمیان؛ وەرزێریی بوو، دووەمیان؛ بە بازاڕکردن و دابەشکردنی بەرهەم بوو، کە دەتوانرا بە حکومەت یاخود لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا بفرۆشرێت، لە ساڵی ١٩٨٤ تۆڕێکی کڕیاریی حکومی زیاتر لە (٩٥٪) دانەوێڵەو (٩٩٪) لۆکەی بازاڕیان دەکڕییەوە، دواتریش لەڕێگەی کۆمپانیای هەناردەکردنی تایبەت، بازاڕی فرۆشتنی بەرهەمەکان لەدەرەوە فراوانتربوو[٩].

---

1 Marcuis Vinicius Defreitas: Op.Cit, p .14.

2 Chris Bramall: Sources of Chinese Economic …, p. 328-329.

3 Wiliam Hinton: The Great Reversal the Privatization of China1978-1989, New York, 1990, p .74-75.

4 Gauttam mery Rundle: Op.cit, p.14.

٥ صلاح حسن ربيح الربيعي: م.س، ص ٨٣؛

Vivienne shue. Op. cit, p 264.

6 john king Fairbank: Op.Cit , p 411 .

7 Jikun Huang, And et al: The Role of Agriculture in China’s Development ،Research gate, 2004, p.13.

٨ ناديه كاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢٥.

9Ross Garnaut and Et al: ChinaS 40 Years of …, p. 95.

ڕەگەزی سێیەم؛ دانانی نرخی سەر بەرهەمەکان بوو، لە بری ئەوەی حکومەت خۆی نرخەکان لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دابنێ، دامەزراوە بازاڕییەکان بە پێی خواست و خستنەڕوو نرخیان دیاریدەکرد، ئەو گۆڕانکاریانەی لە نرخەکاندا ڕوویاندەدا کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر بەرهەمی ناوخۆ هەبوو.

ڕەگەزی چوارەم؛ پشتگیریکردنی دامەزراوە داراییەکان بوو بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵی لە ڕێگەی بە دامەزراوەیکردنی بیمە بۆ جوتیاران و قەرزپێدان و دابینکردنی پارە بۆ بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان، بەجۆرێک زۆربەی جوتیاران توانیان لە زیادکردنی بەرهەمەکانیان بەردەوامبن، بەتایبەت کە هیچ سودێکی نەدەچوە سەر.ڕەگەزی پێنجەم؛ ڕۆڵی حکومەت بوو، سەرەتا حکومەت ڕۆڵێکی کەمی بۆ ڕێکخستنی کێڵگە بچوکەکان لە ناو ڕێکخراوە هاریکارییەکاندا هێشتبووەوە[1]، ئاماری ژمارەی جوتیارانی ناو سستمی بەرپرسیارێتی خێزانیی لەبەرزبوونەوەی بەردەوامدا بووە[2].

ئەمەش پەیکەری کۆمەڵایەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا گۆڕیووەو لە بڕیارە کشتوکاڵییەکانیاندا زیاتر ئازادبوون[3]، وەک بەرەنجامی هەوڵەکان، لە ساڵانی (١٩٧٨ – ١٩٨٥) تێکڕای بەرهەمی دانەوێڵە گەشەی کرد، لە (٣٠٤.٧٧) بۆ (٣٧٩.١١) ملیۆن تۆن واتە ٢٤.٤٪ زیادیکرد، لۆکە لە (٢.١٦٧) بۆ (٤.١٤٧) ملیۆن تۆن واتە (٩١.٤٪) زیادیکرد، داهاتی خێزانیی جوتیاران لە (١٣٣.٦٠) بۆ (٣٩٧.٦٠)یوان[4] و (١٦٨.٩٪) بەرزبووەوە[5].

لە ماوەی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەرهەمی برنج بەڕێژەی ٢٠٪ و بەرهەمی گەنم بەڕێژەی ٨٠٪ و بەرهەمی زەڕات ٩٥٪ زیادی کرد[6].

چاکسازییەکانی (دینگ) لە بواری کشتوکاڵدا بریتیبوو لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی کشتوکاڵ لە (٢.٥٪)ی حەفتاکانەوە بۆ (٩.٣٪) لە ماوەی نێوان ١٩٨١– ١٩٨٤، هەروەها تێکڕای داهاتی تاکەکەس لە ناو گوندنشینەکاندا لە نێوان ١٩٧٨ – ١٩٨٧ بەڕێژەی (١٧٪) بەرزبووەوە[7]. سەرکەوتنی چاکسازیی کشتوکاڵی بووە بنەما بۆ چاکسازیی لە کەرتەکانی دیکەدا، ئەوەش تەنها لە ڕێی زیادکردنی

---

[1] Ross Garnaut and Et al: ChinaS 40 Years of …, p. 95.

[2] نادیە کاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢.

[3] م. ن، ص١٢٦.

[4] یوان: دراوی سەرەکیە، ساڵێک پێش دامەزراندنی کۆماری میللی چین دەرچووەواتە ساڵی ١٩٤٨، ئەم دراوە بۆ چەند جۆرێک: یەک یوان، ٢یوان، ٥ یوان، ١٠ یوان، ٢٠ یوان، ٥٠ یوان، ١٠٠ یوان دابەشدەکرێت، یەک یوان بۆ ١٠ جیاو دابەشدەکرێت، زاراوەی یوان ئاماژەیە بۆ یەکەی ژمێرەیی ڕنمینبی (RMB)، یەکەمجار لە مێژوی دراوی چینی کە لەسەر پشتی دراوەکە ڕستەی بانکی میللی چینی، بەزمانە نەتەوەییەکانی مەنگۆلی و چوانگ و تبت و ئیگۆری چاپکرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

(Peter G. Zhang: Chinese Yuan Renminbi Derivative Products, World Scientific Publishing Co. Pte. Ltd. USA, 2004).

[5] WU LI SUI FUMIN: Op.Cit, p.32.

[6] Xiao-yuan Dong and Et al: China's Agricultural Development: Challenges and Prospects, Ashgate Publishing Ltd, UK, 2006, p.48.

[7] نادیە کاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢٦

کۆمەکییە خۆراکییەکان نەبوو، بەڵکو لە میانەی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژی ئەندامانی حزبی شیوعی بۆ پاڵپشتیکردنی ئابووریی بازاڕ بوو[١].

ساڵی ١٩٨٣ حکومەتی چین سێ جۆر بانکی کردەوە، کە بریتیبون لە بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و بازرگانی، هەریەکەیان بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی دامەزرابون، بانکی کشتوکاڵی بۆ پێشخستن و زیادکردنی بەرهەمەکانیان لەڕێگەی پارەدان بە جوتیاران بە شێوەی پێشینە، پشتیوانی کەرتی کشتوکاڵی دەکرد، هەروەها حکومەت خزمەتگوزاری دەرمان و پەینی کیمیایی بەجوتیاران دەدا و گرنگی بە جۆراوجۆریی پیشەسازی خۆراکی دەدا[٢].

ئەو چاکسازییانەی لەبواری کشتوکاڵدا ئەنجامدران سودی بۆ پیشەسازی چینیش هەبوو، بەهۆی بەرهەمی زیادەی کشتوکاڵی چەند کۆمپانیایەکی پیشەسازی لە ناوچە گوندنشینەکاندا دامەزرێنران و لە پیشەسازی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و مادە خۆراکییەکاندا کاریاندەکرد[٣].

کشتوکاڵی چین لە ماوەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی سەرەکی گەشەیکرد، بەڵام بێ کێشەو گرفت نەبوو[٤]، زیادبوونی کۆسپە ژینگەییەکان (بەتایبەت گرفتی پیسبوونی ئاو)[٥]، بەکارهێنانی بەرفراوانی پلاستیک و ئامێری کشتوکاڵی، تێکچوون و زۆر بەکارهێنانی پەینی کیمیایی بووە هۆی کەمبونەوەی بەپیتی خاک، هەروەها خراپبوونی سستمی ئاودێریی لە چیندا بە شێوەیەکی نەرێنی کاریکردە سەر لە بەرهەمی برنج[٦].

گرفتێکی تر نایەکسانیی مامەڵەی حکومەت بوو لەگەڵ دانیشتوانی گوندو شاردا، پرۆژەکان بۆ گەشەی ژێرخانی ئابووری زیاتر لەشارەکاندا بوو، بڕێکی کەمتر لەچاو شارەکاندا پارە تەرخان کرابوو بۆ باشترکردنی کشتوکاڵ و چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەو فێرکردن. زۆرێک لە دەستی کار لە لادێکانەوە بە نایاسایی لە شارەکاندا نیشتەجێدەبوون، کە بێبەشبوون لە چاودێری تەندروستی و خوێندن بۆ منداڵەکانیان[٧].

ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی یاسای چاکسازیی دامەزراوەکان، کە بەرپرسیارێتی قازانج و زیانی خستە ئەستۆی کۆمپانیاکان، لەپێناو کەمکردنەوەی تێچوون، بەشێک لە کارمەندەکانیان دەرکردو نزیکەی ٢٠ بۆ ٣٠ ملیۆن کارمەند بێکاربوون، ئەم تێکەڵە ئابووریی و کۆمەڵایەتییە بە یەکێک لە هۆکارەکانی خۆپیشاندانی تیانانمین دادەنرێت[٨].

---

[1]Gregory C. Chow: Op.Cit, p.129.

[٢] م.د. علاء عباس نعمة الصافي: الإصلاح و النهوض في الصين (١٩٧٨-١٩٨٨)، مجلة الباحث، ع٢٨، ٢٠١٨، ص٤١٣.

[٣] نادیه کاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢٦ .

[4] Scott Rozelle and Jikun Huang: China's Rural Economy and the Path to a Modern Industrial State, Cambridge University Press, 2006, P. 14.

[5] Vaclav Smil: China's Past, China's Future: Energy, food, environment, RoutledgeCurzon, London, 2004, p. 118-119.

[6] Chris Bramall: Chinese Economic Development..., P. 341.

[7] Ross Garnaut and Et al: China's 40 Years …, p.96.

[8] Robert Weatherley: Politics in China Since 1949 Legitimizing authoritarian rule, Routledge Taylor & francis Group, London and New York, 2007, p.125.

پێشـێلکردنی مـافی جوتیـاران کە لە ڕێـگەی نایاسـاییەوە کاربەدەسـتی هەرێمەکـان بەشـێک لە زەویە کشـتوکاڵیەکانی جوتیارانیـان بەنـاوی گەشـەی شـارەوە بەرانـبەر بە قەرەبـویەکی زۆر کەم داگیردەکـرد، کەمیـی کـرێ و بـاجی نایاسـایی ئەو زەویەی بەکـارنەدەهێنرا، بـاج لەسـەر هەمـوو بەروبومێـک کە بـۆ مەبەسـتی بازرگـانی بێـت جگە لە دانەویـڵە و ئاژەڵـداری، بـاجی خوێنـدن و دروسـتکردنی ڕێگە ژیـانی لادێکانی هەراسان کردبوو[1].

## دووەم – چاکسازی لە نرخەکان:

دووەم کـاری سـەرەکی ئـابووریی چینـی لـە مـاوەی هەشـتاکان و سـەرەتای نەوەدەکانـدا چاکسـازی نرخەکان بـوو، دەوڵەت چـاودێری لەسـەر نـرخ لابـردو ڕآدەسـتی بـازاڕی کرد.لە کۆتـایی حەفتاکاندا دوو جیاوازی بەرچاو لە نێوان چین و ئابووریی ڕۆژئاوایی هەبوو، دەوڵەتی چین نرخەکانی دیاریدەکرد، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هێزەکانی دیکەی بازاڕ، لە مـاوەی قۆنـاغی دووبـارە ڕێکخسـتنەوەدا پەیکـەری نرخـە ڕێژەییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، بەڵام کـارکردن بـە بەرنامـەی سـەرەکی بـەردەوام بـوو، دەوڵـەت نرخەکانی دیاریدەکرد نەک هێزەکانی بازاڕ، وێڕای ئەو گۆڕانکارییەی لە ناوەڕاست و کۆتایی هەشـتاکاندا کرا[2].

ئەگەر دەوڵەت لەساڵی ١٩٧٩ دەستی بەسەر نرخـی (٧٠٠) شـمەکدا گرتبـوو، لە سـەرەتای نەوەدەکانـدا ئەو ژمارەیە بۆ (٢٠) شمەک کەمبووەوە، هێزی بازاڕ نرخاندنی بۆ (٩٠٪)ی فرۆشراوی بازاڕ دەکرد[3].

سیاسـەتی نرخەکـان لەسـەر لێکترازانـی سیاسـەتی کشـتوکاڵی ڕەنگیـدایەوە، نرخـی ئـامێرو پەیـین و شمەکی دیکەی کشتوکاڵی کە دەوڵەت بە جوتیارانی دەفرۆشت بۆ ١٠ – ١٥٪ دابەزیی، ئەم داشکاندنە لە نرخەکانـدا، لە سـاڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨٠ پلانــی بـۆ دانرابـوو بەڵام لە هەنـدێ شـوێندا جێبەجێنەکـرا، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی گەل لە ئەیلولی ١٩٨٠ نوێنەرانی هەرێمی هوبی سـەرکۆنەی بەرپرسـە حکومییە ناوەندییەکانیان کرد بە هۆی شکستیان لە چـاودێریکردنی ئەو داشـکاندنی نرخـانەی کە بەڵێنیـان لەسـەر دابـوو، بەڕێـوەبەری نوسـینگەی نرخـی شـمەکە سـەرەکییەکان، لە کۆتاییەکـانی سـاڵی ١٩٨٠ تـا سـەرەتای ١٩٨٢ بڕیاریـدا نرخـی ئـامێرە کشـتوکاڵییەکان و ئـامێرە کشـتوکاڵییە نـیمچە خۆکارەکـان بەرزبکرێنەوە[4].

لە کـانونی دووەمـی ١٩٨٥ ژمـارەیەکی زیـاتری بەرهەمە کشـتوکاڵی و پیشەسـازییە سـووکەکان سەربەستکران، لەوە گرنگتر نرخی شمەکە بەکاربەریە سەرەکییەکان بوو، دینگ جەختی لەسـەر لابردنـی کۆت و بەند لەسەرچوار شمەکی سەرەکی؛ گۆشت و هێلکە و سەوزە و شەکر کردەوە[5].

---

[1] Ross Garnaut and Et al: China's 40 Years …, p. 97.
[2] Yingyi Qian: How Reform Worked in China, William Davidson School of Economics & -Tsinghua University Working Paper No. 473, Centre for Economic Policy Research (CEPR), 2002, P .15- 16.
[3] عبدالرحمان بن سانية: م.س،ص١٣٢.
[4] صلاح حسن ربيع الربيعي: م.س، ص ٩١.
[5] م.ن، ص ١١٤.

حکومەت یارمەتی دارایی و بەشێوەی زیاتر بۆ کەرتی شارنشین پێشکەشکرد، بە هاتنی ساڵی ١٩٨٨ قەبارەی ئەو یارمەتییانە گەیشتە نزیکە (٣٠ ملیار یوان)، کە ڕێژەکەی لە (١٣٪)ی خەرجی حکومەت بوو[١]، ئەم لایەنە پەستانێکی گەورەی خستەسەر دارایی گشتی و لە بەرزبوونەوەی هەڵاوسان لەناوخۆی ئابووریی چیندا کاریگەریی هەبوو، لە ساڵانی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ دوای تێپەڕاندنی هەندێک کۆسپ و گرفت، توانرا هەڵاوسان کۆنترۆڵبکرێت، ئەوەش بەجۆرێک وازهێنان بوو لە گۆڕینی گەورەی نرخی بەرهەمهێنەرە پیشەسازییەکان کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دا پلانی بۆ دانرابوو، لەبەرئەوە چین هەوڵیدا بۆ کۆکردنەوەی هەردوو چاکسازی بەردەوامی نرخەکان لەگەڵ هەڵوێستی ئابووریی، لەو بوارەدا دینگ وتی: "ناتوانین بێ دیاریکردنی نرخەکان چاکسازی خێرا بکەین، تەنها بژاردەیەک لەبەردەممانـدا چاکسازیی نرخەکانە، پێویستە لەسەرمان سەرەڕای هەموو مەترسی و بارگرانییەکان ئەو کارە بکەین"[٢].

**پلانی پێنج شەش ١٩٨١–١٩٨٥:**

ئامانجی گەشەی ساڵانەی چین بوو بە ڕێژەی (٤٪ بۆ ٥٪)و بەدەستهێنانی (٢٣ ملیار دۆلار)ی ئەمریکی و قورسایی خستنەسەر لایەنی وزەو گواستنەوەو دابینکردنی بوجەی زیاتر لەبواری پەروەردەو زانست و کولتوورو چاودێری تەندروستی[٣].

**پلانی پێنج حەوت ١٩٨٦–١٩٩٠:**

لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم پلانە دەوڵەت پلانێکی گشتگیری ئابووریی و گەشەسەندی کۆمەڵایەتی دارشت، ئەمە یەکەمجاربوو لە مێژووی ئابووریی پلانسازی سۆسیالیستی چین. بنەما سەرەکیەکانی بریتیبوون لە:

١- چاکسازیی یەکێک لە کارە هەرە سەرەکییەکان دەبێت.

٢-پاراستنی هاوسەنگی بنەڕەتی تێکڕای خستنەڕوو لەبازاڕدا، پاراستنی هاوسەنگی دارایی قەرزەکان و داهات و دراوی بیانی لەلایەن دەوڵەتەوەو هاوسەنگی گشتگیری نێوانیان.

٣-بەرزکردنەوەی دەستکەوتە ئابوورییەکان و جۆراوجۆرێتی بەرهەمە تایبەتەکان و چارەسەرێکی تەندروست لە پەیوەندی نێوان دەسکەوتە ئابوورییەکان و خێرایی و جۆرێتی و چۆنێتی.

٤-ڕێکخستنی قەبارەی وەبەرهێنان و گۆڕانکاری لە پەیکەری وەبەرهێنان و بونیادنانی پرۆژەکانی وزەو پەیوەندی تەلی و بێ تەل و پیشەسازیی کەرەستەی خاو.

٥-بەهێزکردنی بونیادی ژیارێکی ڕوحی سۆسیالیستیی شانبەشانی بوونیادی ژیاری ماددی[٤].

---

[1] Chinese State Statistical Bureau: Collection of Statistical Material on Fifty Years of New China, 1999, P. 8.

[2] Susan L. Shirk: The Political Logic of Economic Reform in China California Series on Social Choice and Political Economy, University of California Press, California, 1993, P.309.

[3] EZRA F. VOGEL: Op. Cit, p.452.

[٤] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٦٦.

له پلانی پێنج حەوت ١٩٨٦-١٩٩٠ نوێکردنەوەی پیشەسازیی کۆن و گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای باڵا جەختی لێکرایەوە، (کەلوپەلی بەکاربەری کوالیتی بەرز)و گرنگیدان بە ناوچەکانی ئابووریی تایبەت و کردنەوەی (١٤) بەندەری تر بەمەبەستی گەشەپێدانی بازرگانی دەرەکی و بەدابینکردن و زۆرکردنی کارەباو نەوت و خەڵوزو کەرەستەکانی بیناسازی و تەرخانکردنی وزەی پێویست بە مەبەستی فراوانکردنی کشتوکاڵ و دارستان و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕو مەڕو ماڵات، پلانڕێژیی بۆکرابوو[١].

## سێیەم – چاکسازی لە کەرتی پیشەسازی:

چاکسازیی ئابووری لە بواری پیشەسازییدا لەسەردەمی دینگ دوو گرفتی سەرەکی چارەسەرکرد، ئەوانیش یەکەم: سنوردرانان وکەم کردنەوە لەزیادەڕەوی وەبەرهێنانی پیشەسازییە قورسەکان ،دووەم:چارەسەرکردنی نزمبوونەوەی بەرهەم، ئەویش بە هاندان و زیادبوونی چالاکی بەرهەمهێنان بوون[٢].

لەپێناو پڕکردنەوەی پێویستیی کۆمەڵگای چینی بەو شمەکە بەکاربەرییانەی دانیشتوان پێویستیان بوو، (دینگ) بەشێک لە پەرەپێدانی پیشەسازیی قورسی بۆ پیشەسازییە سووکەکان گۆڕی، سەرەڕای ئەوەی پیشەسازییە قورسەکان پێویستیان بە سەرچاوەی وزەی زۆربوو، پیشەسازییە سووکەکان وزەیەکی کەمتریان دەویست و هەلی کاری زۆرتریان فەراهەم دەکردو قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەکیشیان زیاتردەکرد[٣].

هەروەها جەختی لەسەر زیادکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەزۆرترین شێوازو ئامراز کردەوە، هاوبەشپێکردنی کەرتی تایبەت و هێزی بازاڕ لە بەرهەمهێناندا، ئابووریی تاکەکەس و کۆمپانیا تایبەتەکان ڕۆڵیان لە پاڵپشتیکردنی ئابووریی سۆسیالیستی هەبوو[٤]، کە پابەندنەبوون بوو بەو کۆت و بەندە ئایدۆلۆژییانەی ئاستەنگی ڕێگەی ئابووریی بوون.

حکومەت لەپێناو بەرەوپێشبردنی کەرتی پیشەسازی لە (٢٩ی تشرینی ١٩٨١) سستمی بەرپرسیارێتی ئابووریی و بەرهەمە پیشەسازییەکانی جێبەجێکرد، بە پێی ئەم سستمە دامەزراوە پیشەسازییەکان خۆیان لە قازانج و زیان بەرپرسن، دەتوانن بڕێک لە قازانج بۆ خۆیان هەڵگرن و باجبدەن بە دەوڵەت[٥].

لەساڵی ١٩٨٤ بە پێی سیستمی بەرپرسیاریەتی بۆ دانانی پلانی بەرهەمهێنان وکڕین و تێچووەکان و کرێی کرێکارو دامەزراندنی کارمەندو بەکارهێنانی قازانجەکانیان، مافی (کۆمپانیاکان) فراوانتربوون، بەڵام هەر دامەزراوەیەکی حکومی دەبوایە بەشێکی بەرهەمەکانی بەناچاری بە گوێرەی نرخ بە دەوڵەت

---

[1] John Gittings: The Changing Face of China from Mao to Market, New York, 2006, P. 219-220.

[٢] نادیه کاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢٦.

[3] Nai- Ruenn Chen: china under the four modernizations part 2 selected papers submimted to the joint economic committee congress of the unitd states, Washington, december 30, 1982, p 50 – 52.

[٤] نادیه کاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م. س، ص١٢٦.

[5] foreign languages press: A concise History Reader …, P.301.

بفرۆشێت، لەبەرانبەردا کەرەستەی خاویان بەنرخی بازاڕ دەکڕی، بەرهەمەکانیشیان بەنرخی بازاڕ دەفرۆشت[١].

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤ دینگ و سەرکردەکانی دیکەی حزب (سستمی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری کارگە)یان بڕیاردا، لە دانیشتنی تەواوکاری دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی شەشەمی نوێنەرانی گەل گفتوگۆی لەسەرکرا، ئیدی لەسەر ئاستێکی فراوان لە پڕۆژە پیشەسازییەکاندا کاری پێکرا[٢].

بەپێی ئەم سستمە لەپێناو زیادکردنی بەرهەم، دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان درایە بەڕێوەبەری پڕۆژەکان، بەڕێوەبەری پڕۆژە بەرپرسی دانانی سیاسەت و بنەماو هێڵی گشتی کاری پڕۆژەکەبوو، هەروەها دەسەڵاتی دیاریکردنی نرخی بەرهەمەکان و قەرزکردنیان لە بانکەکان هەبوو، لەبەرانبەردا دەبوو بەرهەمی کوالێتی بەرز بەرهەمبهێنن[٣].

لە ١٩٨٧ چاکسازی زیاتر لە دامەزراوە حکومییەکان کرا، ڕێگا بە هەر دامەزراوەیەکی حکومی درا، دوای پێدانی باجی حکومی قازانجەکانی بۆخۆی هەڵبگرێت و بەسەر فەرمانبەرو کرێکارو وەبەرهێنانی سەرمایەدا دابەشیبکات. لەماوەی یەک ساڵدا نزیکەی سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت ملکەچی (سستمی بەرپرسیارێتی) نوێ بوون، باجی چەسپاو لەسەر هەموو دامەزراوەیەک جێگیرنەبوو، بەڵکو بەپێی قازانجەکانی دامەزراوەکە دەگۆڕا[٤].

پشکی هاوردەو ناردەنی لەبەرهەمی نیشتیمانی لە (٩.٧٪) لە ١٩٧٨ بۆ (٢٦.٨٪) لە ١٩٨٩ بەرزبووەوە، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە ١٩٨٣ گوژمەکەی گەیشتە (١.٧ ملیار) دۆلار، پاشان لە ١٩٨٨ گەیشتە (٥.٣) ملیاردۆلار، لە ١٩٩١ گەیشتە (١١.٤ ملیار) دۆلار، لە نێوان ١٩٧٩-١٩٩٢ کۆی گشتی (٣٤.٥ ملیار دۆلاربوو، هۆنگ کۆنگ لەنێوان ١٩٨٤ -١٩٩٠ پشکی شێری بەردەکەوت و (٥٠٪) بوو[٥].

سستمی بەرپرسیارێتی بووە هۆی زیاترکردنی بەبازاڕکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان و کێبڕکێ لە نێوان دامەزراوەکان (کۆمپانیاکان)، حکومەت ڕێگەی بە هاندان و گەشەکردنی کۆمپانیا تایبەتەکان و کۆمپانیا بیانییەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی هۆنگ کۆنگ و مەکاو و تایوان[٦].

بەرەوپێشچوونی هێواش یەکێک بوو لە گرنگترین نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە پلەبەندییە، کەچینی بە کەرتی تایبەتکردن (الخصخصة- Privatization)[٧] گواستەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ ژمارەی کۆمپانیا تایبەتە پیشەسازی و بازرگانییەکان (١٥٠ هەزار) بوون، بۆ (٣.٣٩ملیۆن) لە ١٩٨٤ زیادیانکرد[١].

---

[1]Ros Garnaut and Et al: CHINA’S 40 YEARS…, p.349.

[2] Heath b. chamberlain: party – management relations in Chinese industries; some political dimensions of economic reform, the china quarterly, no 112, dec 1987, p. 644.

[3] MICHAEL YING-MAO KAU SUSAN H. MARSH: CHINA IN THE ERA OF DENG XIAOPING A DECADE OF REFORM, Routledge, New York, 2015, P.18.

[4] Gregory C. Chow: Op,Cit, P.130.

[5] Shang –Jin Wei: The Open-Door Policy and China’S Rapid Growth, Evidence rom City –level Data,1995, p. 75.

[6] Ross GarnautAnd Et al: CHINA’S 40 YEARS…, p.349.

[٧]الخصخصة (Privatization): گرنگترین فەلسەفەیە بۆ ئاڵوگۆڕ لە ئابووری گواستراوەدا، گواستنەوەی خاوەندارێتەکانی کەرتی حکومی بۆ کەرتی تایبەت و بەڕێکردنیان بەپێی پەیوەندییەکانی بازاڕە، ئەم شێوازە ئامانجی تێکەڵکردنی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانە لەناو ئابووری جیهانیدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازو ڕێکاری ئابووری ئازاددا بڕوات، دوو تێڕوانین هەیە؛

دامەزراندنی کۆمپانیای کەرتی تایبەت پاشەکشەی بە کەرتی حکومی کرد، بەتایبەتی لە ١٩٨٥ قازانجی کەرتی حکومی (١٨٪) بوو، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکان بۆ (٦٪)دابەزی[٢].

لە ١٩٨٠ – ١٩٨١ هەزاران پرۆژەی دەوڵەت بۆ ئەزموونی بازاڕی سۆسیالیستی ملکەچبوون[٣]، ڕێگە بە کارگەکانی دەوڵەت درا بەپێی پێویستی بازاڕ بەرهەمهێنان بکەن، هەروەها پشکی تایبەت بە دەوڵەت بدەن، لەبری ئەوەی بە پاشکۆیی دەوڵەت بمێننەوە، ئازادیی درایە کۆمپانیاکانی دەوڵەت بۆ کڕینی کەرەستەی خاوی پێویست لە بازاڕەکاندا[٤].

هاوتەریب لەگەڵ پیادەکردنی بەرنامە ئابوریەکانی تر ،بەرنامەیەکی نوێ بە ناوی (ڕێکخستنەوە) لە ١٩٧٨ – ١٩٨٢ کارپێکرا، پشتی بە بنەمای خاوەندارێتی تایبەت بە مەرجی مانەوەی دەسەڵاتی کەرتی گشتی دەوڵەت دەبەست، ڕێگە بە بازاڕەکان درا بەجۆرێک لەگەڵ کۆنترۆڵی دەوڵەت بۆ نرخەکان و ئاڕاستەکردنی وەبەرهێنان بگونجێت[٥]، هەروەها دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەکاتی بڕیاردان و دەستپێشخەریەکانیاندا بە کۆمپانیاکان درا[٦].

چین لەسەرەتای دەستپێکی چاکسازی وکرانەوەدا لە تایبەتکردنی کەرتی پیشەسازیی دەوڵەت زۆر بە هێواشی بەردەوامبوو، ڕێگەی بە کەرتی پیشەسازی تایبەتدا هاوتا لەگەڵ کەرتی حکومیدا پێشبکەوێت، لەبەر ئەوە گەشەپێدانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی هێواش لە کەرتی پیشەسازی چیندا بووە هۆی ڕاڕایی، سەرەڕای ئەوەی شپرزەیی توانای ڕکابەری و بەرهەمهێنان لەوانە بوو کارەساتبار بێت ئەگەر ببێتە هۆی داخستنی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکان، لەبەر پێویستی زیادکردنی بەرهەم بۆ ماوەیەکی

---

ئابووری و سیاسی، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بۆ بەکارهێنان و قۆستنەوەی سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان بە لێهاتوویی و بەرهەمی بەرز کاردەکات، ئەوەش بە ئازادکردنی بازاڕو دەستێوەرنەدانی لەلایەن دەوڵەتەوە تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێت، بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە؛ بۆ دورخستنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت کاردەکات، بۆ ئەوەی کارەکانی لە بوارە سەرەکییەکانی وەکو بەرگریی و دادوەریی و ئاسایشی ناوخۆو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کورتدەکاتەوە. (بڕوانە: احمد عبدالوهاب: نظرة عامة على قضية الخصخصة "مفهوم وطرق الخصخصة"، المركز المصرى لدراسات السياسات العامة، مصر،ب.س.ط، ص٣-١١؛

Saul Estrin and Adeline Pelletier: Privatisation in developing countries: What are the lessons of experience? IZA-, Germany, 2016, p3-5)

[1] foreign languages press: A concise History Reader …, p.304.

[2]Ross Garnautand Et al: CHINA'S 40 YEARS …, p.350.

[٣] سیستەمێکی ئابوورییە، دینگ بەتایبەتمەندی چینی پێشکەشیکرد، ئەم سیستەمە لە چێوەی ئابووری بازاڕدا پشت بەهەژموونی خاوەندارێتی گشتی و کۆمپانیاکانی دەوڵەت دەبەستێت، ئەم دەستەواژەیە لە ١٩٧٨دا لە میانەی چاکسازییە ئابوورییەکانی چیندا بەکارهێنرا، چینی تێکەڵ بە ئابووری بازاڕی جیهانی کرد، ئابووری بازاڕی سۆسیالیستی قۆناغی یەکەمی بەرەوپێشچوونی سۆسیالیزم دەنوێنێت، لە کاتێکدا نمونەی سیاسەتی ئابووری نوێ لەسەر بنەمای خاوەندارێتی بەرفراوانی دەوڵەت و بنەمای ڕێکخستنی نرخەکان وەستاوە، واتە کۆکردنەوەی هەردوو بنەمای خاوەندارێتی گشتیی دەوڵەت و دیاریکردنی نرخەکان، (بڕوانە: صلاح حسن ربيح الربيعي: م.س، ص٧٦–٧٧).

[4] James C.F. Wang: contemporary Chinese politics, new jersy prentice hall, new jersy 1995, p .206 – 261.

[٥] صلاح حسن الربيعي: م.س، ص ٧٩ – ٨٠.

[6] Chris Bramall: Chinese Economic Development, p.413.

درێژ، بەبێ ئەوەی پشێوی کۆمەڵایەتی دروست ببێت، بۆ بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو چین دەست بە کارێکی نوێ بکات کە ستراتیژی دیاریکراو بێت لە تێکەڵبوون لەگەڵ ئابووریی جیهانیدا[١].

بەهاتنی ساڵی ١٩٨٥ بەرهەمی پۆڵا گەیشتە (٦٠ ملیۆن) تۆن، ئەڵقەی پێکەوە بەستنی سەرەکی گەشەپێدانی پیشەسازیی پۆڵا بوو، پڕۆژە گەورەکان کە ژمارەیان دەگەیشتە (١٢٠ پڕۆژە)ی پلان بۆ دانراو، (١٠ پڕۆژە)یان پڕۆژەی ئاسن و پۆڵا بوو، (٩) کۆمەڵگەی کانزاکانی دیکەبوو، (٨) کانی خەڵووزو (١٠) کێڵگەی نەوت و گاز، (٣٠) وێستگەی وزەو (٦) وێستگەی نوێی هێڵی ئاسن، (٥) بەندەری سەرەکی بوو، لە ماوەی ١٩٧٨-١٩٨٦ وەبەرهێنان تێکڕای نێوان ١٩٥٠-١٩٧٨ی تێپەڕاند[٢].

نیشاندەرەکانی چالاکی پلانی پەرەپێدان، کردنەوەی دە کێڵگەی نەوتی نوێ بوو، کە دەیانتوانی بەرهەمی نەوت لە (١٠٠ ملیۆن) تۆنی ساڵانەوە بۆ نزیکەی (٤٠٠ ملیۆن) تۆن بەرزبکەنەوە[٣].

دینگ خۆشحاڵبوو بەو سەرکەوتنەی لە پێنج ساڵی ١٩٨٤- ١٩٨٨ لە بواری پیشەسازیدا بەدیهات، تێکڕای کۆی بەرهەمی پیشەسازیی لە گوندنشینەکاندا بۆ زیاتر لە (٦ ملیار یوان) بەرزبووەوە، تێکڕای داهاتی تاکەکەسیش گەیشتە (٢.٧٥ یوان)، هەروەها تێکڕای بەرهەمی سەرەکی وەکو چیمەنتۆ و ئاسن و پۆڵای بەرزکردەوە[٤].

حکومەت لە ساڵەکانی ١٩٨٩ – ١٩٩٠ لە ڕێگەی بەرزکردنەوە نرخی بەرهەمە پیشەسازییەکان، هەوڵیدا سنوورێک بۆ جیاوازیی نێوان نرخەکانی دەوڵەت و نرخی بەرهەمە پیشەسازییە بیانییەکان دابنێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ حکومەت نرخی ٦٠٠ بەرهەمی پیشەسازی ئازادکرد، ئەمە پاڵی بە کادیرە پیشەسازییەکانەوە نا بۆ ئەوەی کاری زیاتر بکەن و بەرهەمی زیاتر بەرهەمبهێنن، لەبەرانبەردا دینگ بە پلە بەرزکردنەوەیان لە شارەوانی و کۆمپانیاکانیان خەڵاتی کادیرەکانی دەکرد[٥].

**<u>چوارەم – چاکسازییەکانی لە بواری کەرتی بازرگانیدا:</u>**

بازرگانی ناوخۆ پەیوەندییەکی گەوهەریی بە چاکسازیی بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی هەبوو، ئەوەش لە میانەی گواستنەوە لە سستمی ئابووریی پلان بۆ کێشراو بۆ ئابووریی بازاڕی سۆسیالیستیی لە سێبەری لامەرکەزیدا.

سێ ڕێگەی سەرەکی هەبوون بۆ دابەشکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، یان لە ڕێگەی خێزانە کشتوکاڵییەکانەوە، یان کڕینی لەلایەن دەوڵەتەوە، یاخود لە بازاڕە ئازادەکانی ناوچە شارنشین و گوندنشینەکاندا دەفرۆشران[٦].

---

[١] صلاح حسن ربيع الربيعي: م.س، ص٢١٢.

[٢] م.ن، ص٢١٦.

[٣] محمد عطية محمد فرحان: م.س، ص ١٤٨ .

[٤] ناديه كاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م.س، ص١٢٨-١٢٩.

[5] Ben Tavener: Conflict, Crisis & Change: China 1934-89, Edexel iGCSE History, 2001, p.7.

[٦] ناديه كاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م.س، ص١٢٩.

بەگشتی چین ڕێگەی گرادوالیزمی گرتەبەر، سیاسەتی دەرگا کراوەکان هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێکرا، لامەرکەزیەت درا بە کۆمپانیاکانی دەوڵەت لەبازرگانی دەرەکیدا، چونکە پێشتر بە پێی (پلانی پێنجی) ڕێژەی بەرهەمهێنان و هاوردەو ناردەنی دیاریکراو لەڕێگەی وەزارەتی بازرگانییەوە سەرپەرشتیدەکراو دەوڵەت هاوردەو ناردەنی قۆرخکردبوو[1].

لەماوەی چاکسازییە ئابوورییەکاندا بازرگانی ناوخۆو دەرەکی چین بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد، بەتایبەت لەسەرەتای هەشتاکاندا چین بووە ئەندامی ڕێکخراوە ئابوورییەکانی وەک (بانکی جیهانی) و (سندوقی نەختینەی نێو دەوڵەتی)، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بووە ئەندامی (بانکی گەشەپێدانی ئاسیا)، ئەمە هۆکاربوو بۆ ئەوەی چین لە (٣٢)ەمین وڵاتی ناردەنی جیهانیەوە لە ساڵی ١٩٧٨، (١٣)ەمین وڵاتی ناردەنی ساڵی ١٩٨٩ بووە[2].

لە ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩٢ کۆی بەهای بازرگانی چین لە (20,6.) بۆ (195,8) ملیار دۆلار زیادیکرد[3]، چاکسازییە کشتوکاڵییەکان بۆ جوڵەی بازرگانی ناوخۆیی لە چیندا سودێکی زۆریان هەبوو، بووە هۆی دەرکەوتنی بازاڕی جوملە فرۆشی ناوخۆیی بەڕێژەی ٤٥٠٪ لە ساڵانی ١٩٨٣- ١٩٨٦ زیادیانکرد کە ژمارەیان لە ١٩٨٣ لە ١١٠٠ بازاڕەوە گەیشتە ٦١ هەزارو لە ١٩٨٦، هەروەها بازاڕە گەورەکانیش لە ١٩٩٠ گەیشتنە ١٣٠٠بازاڕ[4].

گرنگترین چاکسازی لە ڕێکخستنی بازرگانی دەرەکیدا، کە پێشتر حکومەت لەلایەن چەند کۆمپانیای بازرگانی دەرەوە بە شێوەیەکی توند بە سەنترالی کردبوو، لە هەشتاکاندا لامەرکەزی بازرگانی دەرەکی بوو، هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێکرا، سەرەتا وەزارەتی پیشەسازی لە دامەزراوەی بازرگانی خۆی، پاشان لە شارەوانی و هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکان جێبەجێکرا[5]، بۆ نمونە هەردوو هەرێمی باشوور گواندۆنگ و فوجیان[6].

لەمیانەی چاکسازیی دامەزراوەیی لە بەڕێوەبردنی بازرگانیدا کۆمپانیای بازرگانی بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە پیشەسازییەکان بۆ دروستکردنی بەرهەم و هەناردەکردن دامەزرێنران، کە خۆیان لە قازانج و زیان بەرپرسبوون[7].

بە دەرکردنی (یاسای دامەزراوەکانی وەبەرهێنانی هاوبەشی چینی و بیانی) لە ساڵی ١٩٧٩، چاکسازیی وەبەرهێنانی بیانی هاوبەشی لە ناوخۆی چین گرتەوە، هەروەها هاندانی پڕۆژە تایبەتەکان بەڕێگەپێدانی فەرمی لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ دروستکردنی کۆمپانیای تایبەت، ژمارەی ئەو کۆمپانیانە لە

---

[1] VICTORIA MANTZOPOULOS AND RAPHAEL SHEN: The Political Economy of China's Systemic Transformation 1979 to the Present, PALGRAVE MACMILLAN, First edition, United States of America, 2011, p.83.

[2] Nicholas R. Lardy: Op.Cit, P. 1.

[3] Xiao-gua Zhang: economics Division Working Papers, east Asia How successful is Chinas trade reform: an empirical assessment, National Centre for Development Studies, Australia, 1995, p.1.

[4] نادیه كاظم العبودي و علي محمد زكي رسن: م.س، ص١٢٩ .

[5] Xiaolan Fu: Exports, Foreign Direct Investment and Economic Development in China, New York, 2004, P. 50-51.

[6] Xiao-guang Zhang: economics Division..., P. 9.

[7] Gregory C. Chow: Op.Cit,P.132.

ماوەی ساڵێکدا لە ٤.٢ ملیۆن کۆمپانیای پیشەسازیی و خزمەتگوزاری بۆ ١٠.٤ ملیۆن کۆمپانیا بەرزبوویەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٦ ژمارەکە بۆ ١٣.٤ ملیۆن کۆمپانیا زیادبوو[١].

لایەنێکی تری چاکسازییە بازرگانییەکان گۆڕینی پەیکەری کارگێڕیی و ڕێکخستنی سستمی بازرگانی دەرەوە بوو بەرەو چاکترکردنی توانای وەگەڕخستنی دامەزراوەکانی بازرگانی دەرەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بە بەرنامەی بەرپرسیارێتی گرێبەست بۆ سەرجەم دامەزراوە بازرگانییەکانی دەرەوە دەستپێکرد، مەبەستی داڕشتنەوەی پەیوەندییە داراییەکانی بازرگانی بوو، لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان لەلایەک و نێوان هەرێمەکان و حکومەتەکان و دامەزراوەی بازرگانی تاکەکەسی لەلایەکی دیکەوە[٢].

هاوکات سەرجەم کۆمپانیاکانی دامەزراوەی بازرگانی نیشتمانی دەرەوە بۆ دەسەڵاتی هەرێمەکان گواسترانەوە، لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندیی کە درێژترینیان سێ ساڵ بوو، چەند گرێبەستێک واژۆکران، ئامانجی ئەو گرێبەستانە: پێشکەشکردنی دراوی بیانی بەدەستهاتوو لە هەناردەکانەوە بە بوجەی ناوەندیی بوو، بەدیهێنانی بەرزترین ئاست بۆ تێچووی هەناردەکان بوو، ئامانجی کۆتاییش ئەو یارمەتییە داراییەی ڕاگرت کە حکومەتی ناوەند پێشکەشی هەناردەکارانی دەکرد، هەروەها وەکو بەخششێک دامەزراوەی بازرگانی دەرەوە دەیتوانی ڕێژەی ٨٠٪ ی بەدەستهاتووی دراوی بیانی زیادە بۆ خۆی هەڵبگرێت، بۆ هاندانی کۆمپانیای بازرگانی دەرەوە کۆت و بەندە سەپێنراوەکانی سەر خەرجی دراوی بیانی هەڵگیرا، بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی ئازادکران[٣]، ئەم ڕێکارانە وایکرد قەبارەی بازرگانی زیادبوونێکی خێرا بەخۆوە ببینێت[٤].

بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردن چین شەش ژووری بازرگانی هاوشێوەی ژاپۆن و کۆریای باشوورو تایوان دامەزراند، وەزارەتی بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەرەوە سەرپەرشتی ئەم دامەزراوە نیمچە حکومیانەی دەکرد[٥].

سێ ساڵی یەکەم کە بە ماوەی دووبارە ڕێکخستنەوەو گۆڕانکاریی ناونرابوو، کاریگەریی ژوورە بازرگانییەکان دیارە، بەتایبەت لە گەشەی خێرای هەناردەکردن، لە ساڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨١ گەشەکردن گەیشتە چوار هێندەی پێشوو، زۆربەی ئەو زیادبوونە لە هەناردەکاندا بریتیبوو لە فرۆشتنی بەرهەمی دروستکراو بۆ دەرەوە کە چنراوەکان زۆرترینی بوون، پشکی بەرهەمی پیشەسازیی و کانزایی لە هەناردەکاندا بێجگە لە چنراوەکان (٣٧٪ بۆ ٥١٪)ی کۆی هەناردەکراوانی دەگرتەوە، لە؛ پاسکیل، ئامێری درومان، قاپ و قاچاخی چینی...تاد، هەروەها چین قەرزێکی گەورەی لە ژاپۆن و ئەورووپای خۆرئاواوە بەدەستهێنا، ئەوەش لە میانەی بەدەستهێنانی کورسی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی

---

[١] عبدالرحمان بن سانية: م.س، ص١٣٢.

[2] Linda Yueh: Op. Cit,P .6 .

[3] Xiao-guang Zhang: China’s Trade Patterns and International Comparative Advantage, ST. MARTIN’S PRESS, United States of America, 2000, P. 8

[4] Michael Webber and Et al :Op.Cit, P. 68.

[5] Nicholas R. Lardy: Op.Cit, P .16.

نێودەوڵەتی، لێرەوە ئابووریی چین داخراو نەبوو، بەهۆی کرانەوەوە بژاردەی زۆری خستە بەردەم ئەوانەی ستراتیژی گەشەپێدانی پیشەسازییان دادەنا[١].

## پێنجەم - سیاسەتی دەرگای کراوەو وەبەرهێنانی بیانی لەچین:

لە کۆتایی حەفتاکان ڕیفۆرم و کرانەوەی چین پلانی مۆدێرنەکردن و ڕێنیسانسی نەتەوەیی دارشت، لەم ماوەیەدا چین ئەزمونی لە (خەباتی چینایەتی- وەک بیروباوەڕ)ەوە بۆ (ستانداردی بەرهەمداریی)و لە فەرمانی سیاسیەوە بۆ (ئابووریی ناوەند)و لە ئایدیۆلۆژیاوە بۆ (پراگماتیزم) گواستەوە[٢].

لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ دینگ سەردانی واشنتۆنی کرد، پشتیوانی لە چوار نوێگەریەکەی دەکرد، لەسەر ووتە بەناو بانگەکەی سوربوو کە دەیووت: "گرنگ نیە پشیلە ڕەشبێت یان سپی، گرنگ ئەوەیە مشک بگرێت"، دۆگمای کۆمۆنیستی لابردو لەسەر بنەمای پراگماتیزم[٣] لەگەڵ وڵاتاندا پەیوەندییەکانی ئاساییکردەوە[٤].

سیاسەتی دەرگای کراوەی ئاڕاستەکرد، کە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریکردە سەر گەشەسەندنی چین، بەتایبەت لە ئاستی گوزەرانی مامناوەند، هەژاری زۆر، نایەکسانی، کاریگەری ئابووریی سیاسی نایەکسان، سەرەتا لەڕێگەی دابەزاندنی نرخەکان و زیادکردنی جۆراوجۆری شمەکی بەردەست ئاستی گوزەرانی بەکاربەرانی بەرزکردەوە[٥].

لە ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵێک ڕێکار بۆ بەهێزکردنی هەناردە و زیادکردنی قازانجی نەختینەی بیانی گیرانەبەر، بەتایبەت جێبەجێکردنی لامەرکەزی لە بازرگانی دەرەوەدا، پاشان لەڕێگەی هێنانە ناوەوەی ڕێکسازیی ناوخۆیی بۆ هەناردەو هاوردە بەهای دراوی ناوخۆیی نزمکردەوە، هەروەها جێبەجێکردنی پلانەکانی بەدەستخستنی دراوی بیانی بۆ هەناردەکاران و دروستکردنی ناوچەی ئابووریی تایبەت بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی ئاڕاستە پێدا[٦].

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩ چوار ناوچەی تایبەت لە هەردوو ناوچەی گوانگ دونگ و فۆجیان دروستکران، ئەم ناوچانە لە شارەکانی هۆنک کۆنگ و مەکاو و تایوانەوە نزیکبون کە ئەم شارانە لەسەر

---

[١] صلاح حسن ربيع الربيعي: م.س، ص٢١٨.

[2] Cao Tianyu And Et al: Culture and social transformations in reform era China, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data, Netherlands,2020, p.378.

[٣] پراگماتیزم pragmatism لەوشەی (pragma)ی یۆنانیەوە هاتووە، واتە کار یان کرداریی، یەکەمجار وەک چەمکێکی فەلسەفی (چارلس پێرس Charles senders peirce) و (جیمس ویلیام james William) بەکاریانهێناوە، پێیانوابوو ڕاستی بە ئەزمونی زانستی و کرداریی دەسەلمینرێت. (ط.د.فريدة العلمي: البراغماتية، السياسة الصينية في الشرق الأوسط بعد الثورات العربية، جامعة باتنة، مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية والسياسية، ع٩، ج٢، مارس ٢٠١٨، ص٢٠٢).

[4] S. Mahmud Ali :US–China Cold War Collaboration, 1971–1989, Routledge studies in the modern history of Asia,2000, p.137.

[5] Chris Bramall: Chinese Economic Development…, P. 386.

[6] Xiao-guang Zhang: China’s Trade Patterns …., P .7.

بنەمای ئابووریی سەرمایەداری بوون[١]، لەو ناوچانەدا کۆمەڵێ جیاوک بە وەبەرهێنە بیانییەکان درا وەک کەمکردنەوەی باج بەڕێژەی ٥٠٪ و بەخشینیان لە گومرگی هاوردە...هتد[٢].

لە ساڵی ١٩٨٠ ناوچەی شین ژین (Shenzhen)ی ئابووریی دراوسێی هۆنگ کۆنگ Hongkong بونیادنرا، وەبەرهێنەرە بیانییەکان هەوڵیاندا لەو شوێنانەدا کارگەکانیان دروستبکەن تا لە کارامەیی و دەستی کاری هەرزان سودببینین، هەروەها بە پێی بازاڕ کرێی کرێکار بدەن، ئەم بەرهەمهێنەرانە لە هەندێک باج بەخشرابوون، لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا شاری (شین جین) لە پارچەیەک زەوی کشتوکاڵیەوە بووە شارێکی سەردەمیانە[٣].

چین لە ماوەی ١٩٧٩ – ١٩٨٢ دا (٩٤٩) ڕێککەوتننامەی لەگەڵ وەبەرهێنەرانی دەرەوەدا واژۆکرد، وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ لە ساڵی ١٩٨٣ گەیشتە (1,73 ملیار) دۆلار[٤]، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٤ ئەنجومەنی دەوڵەت لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەرەوە، جیاکردنەوەی ئەرکەکانی حکومەتی لە کارگێڕی کۆمپانیاکانی بازرگانی دەرەوە پەسەندکرد[٥].

لە ئایاری ساڵی ١٩٨٤ چواردە شاری کەناراوی بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ کرانەوە[٦]، سێگۆشەی شیامین – زانگتشو – کوانزو (لە باشووری فوجیان)و نیمچە دوورگەی لیاودونگ و جیاوتۆنگ لە ساڵی ١٩٨٥ لەبەردەم وەبەرهێنانی بیانی کرانەوە، دوورگەی هاینان لە ساڵی ١٩٨٨دا کرا بە ناوەندێکی هەرێمی، گرنگترینی ئەو کارانەش لە ساڵی ١٩٩٠ دروستکردنی ناوچەیەکی پیشەسازی نوێ لە بودونگ و شەنگەهای بوو، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوەندە ئابوورییانەی مابوونەوە[٧]، دینگ ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری کردنەوەی شەش ناوچەی تریدا بەدرێژای کەناراوی ڕووباری یانگستی کە هاوسنووربون لەگەڵ ١٣ شاریتر، ئەمەش بۆ زیاتر هاندانی وەبەرهێنی بیانی بوو[٨].

بەگشتی ئامانج لەدروستکردنی ناوچەی ئابووریی تایبەت، سەرنج ڕاکێشانی وەبەرهێنەکان بوو، تاوەکو سەرمایەکانیان بهێننە چین، هێنانی تەکنەلۆژیاو زانیاری نوێ و باشترکردنی دۆخی خستنەڕوو لە بازاڕی ناوخۆدا، زیاد لەوەش کەمکردنەوەی بێکاریی بوو[٩].

---

[1] Douglas Zhihua Zeng: China's Special Economic Zones and Industrial Clusters: Success and Challenges, Lincoln Institute of Land Policy,2012, p.7.

[2] Linda Yueh: Op.Cit, p.7.

[3] Ross Gaurant: Op,Cit , p.104.

[٤] صلاح حسن ربیع الربیعي: م.س، ص١٧١.

[5] Xiao-guang Zhang: China's Trade Patterns …., P. 7.

[٦] ناوچەکان بریتین لە: (تیانجین، شەنگەهای، دالیان، چینگهانگداو، یانتای، کینگداو، لیانیونکانگ، نانتۆنگ، نینگبۆ، ونجو، فوتشو، کوانگجو، جانجیانگ، بیهای) .Chris Bramall: Chinese Economic Development…, P. 368

[7] Chris Bramall: Chinese Economic Development…, P. 367.

[8] Xiuping Zhang • Bruce P. Corrie: Investing in China and Chinese Investment Abroad, Springer Nature, Singapore Pte Ltd., 2018, p .5.

[9] Eingereicht von Claus Knoth: Special Economic Zones and Economic Transformation the Case of the People's Republic of China, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Economics of the Department of Economics, the University of Konstanz, 2000, p20-21

چین له کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٧ ستراتیژێکی بەرزتری بە ئاڕاستەی دەرەوە ڕاگەیاند، کە بازرگانی دەرەکی چین لەم دەیەدا گەیشتە پێنج هێندە، لە ساڵی ١٩٩٠ قەبارەی گشتی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی چین نزیکەی (115,4 ملیار) دۆلار بوو، هەناردەکردن بەسەر هاوردەکردن زاڵبوو، بازاڕەکانی هەناردەکردنی چین بەڕیزبەندیی؛ ئەمەریکا بەڕێژەی ٢٢٪، یابان بە ڕێژەی ١٧٪، ئەندامەکانی یەکێتی ئەورووپا بە ڕێژەی ١٠٪ بوو[١].

ساڵی ١٩٧٨ تێکڕای قەبارەی هاوردە (10,9)ملیارو ناردەنی (9,8)ملیار دۆلار بووە، ئەم ڕێژەیە لەماوەی ١٩٨٠–١٩٩٠دا (٢٠٣٪) زیاد دەکات، بەجۆرێک لە ١٩٨٠ ڕێژەی ناردەنی (18,1)ملیار بووە، بەرزبووەتەوە بۆ (62,1) ملیار دۆلار، قەبارەی هاوردە لە ساڵی ١٩٨٠ لە (٢٠)ملیار بەرزبووەتەوە بۆ (53,4)ملیار دۆلار[٢].

دینگ هەوڵیدا ناکۆکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوادا هێوربکاتەوە، گفتوگۆی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر توانای هاریکاری و ڕێگەدان بە کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بۆ ناو بازاڕی چین دەستپێکرد، کە سەدان ملیار دۆلاری لە شێوەی وەبەرهێناندا بۆ چین هێنا[٣].

چین لە ساڵانی ١٩٧٩ – ١٩٩١ دا چەند ڕێکەوتنێکی لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی ئەنجامدا، گرێبەستەکان بە مەبەستی دروستکردنی (12,978) پرۆژە ئەنجامدراون، بڕی سەرمایەکەی (43,66) ملیار دۆلاربوو[٤].

لە ساڵی ١٩٨٦ چەند یاسایەکی نوێ دانران، لەوانە سیاسەتی باجی جیاکاریی بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی، کە وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ تەنها بۆ هەناردەکردن بانگهێشتکران، بە هەڵاواردن لە هەڵکەندنی بیرە نەوتی دەریایی و کەرتی خانوبەرە[٥].

تیکڕای بەرهەمی ناوخۆ لە ١٩٨٤–١٩٨٨ لە (720,8 ملیار بۆ 1,5 ترلیۆن) ڕمینبی بەرزبوەوە، هەروەها تێکڕای قەبارەی هاوردەو ناردەنی لەوماوەیە لە (53,6 ملیار بۆ 102,8 ملیار) دۆلارو بڕی سەرمایەی بیانی لەچیندا لە (2,9 ملیار بۆ 10,2ملیار) دۆلار زیادیکردووە، پشکی وەبەرهێنی بیانی ڕاستەوخۆ لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی چیندا لە ساڵی١٩٨٤ ٠.٥٪ بۆ ٠.٨٪ ساڵی ١٩٨٨ فراوانبووە[٦].

لە ساڵانی ١٩٨٩ – ١٩٩١ چاکسازییەکان خاوبوونەوە، چونکە ساڵی ١٩٨٨ هەڵاوسان گەیشتە دوو ئەوەندە، نارەزایی خەڵک لە چاکسازییەکان سەریهەڵدا، کە بووە هۆی دواکەوتنی خولێکی نوێ لە چاکسازی لە نرخەکاندا، بەردەوامبوونی وەبەرهێنان، هەڵئاوسان و دودڵی شارنشینەکانی لێکەوتەوە، سەرکوتکردنی مەیدانی تیانانمین بووە هۆی خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی چین، دەرەنجامی خراپی دەرەکی و ناوەکی لێکەوتەوە، قەیرانی ئابووریی و دارایی ١٩٩٠ بووە هۆی هێواشکردنەوەی گەشەی

---

١ شاهنده، بهزاد و سید جواد طاهایی: چین نو : اصلاحات دینک شیاو پینک ، مرکز تحقیقات، تهران، ١٣٨٣، ص ٢٣٣–٢٢٩ .

2 VICTORIA MANTZOPOULOS AND RAPHAEL SHEN: Op.Cit, p.97.

3 Debra E. Soled: china and a nation in transition, congressional quarterly, Washington d.c, p 109 – 110.

4 Xiuping Zhang & Bruce P. Corrie: Op.Citp. 4.

5 Kevin Honglin Zhang and Shunfeng Song: Promoting Exports: The Role of Inward FDI in China, China Economic Review, Vol. 11, No .4, 2000, p. 386-387.

6 Wu li Fumin: Op.Cit, p .36.

ئـابووریی چـین، سـاڵی ١٩٩١ هەوڵـی جێگیرکردنـی نرخەکـان دراو نرخـی هەنـدێ شـتومەکی دیـاریکراو ئازادکرا، ئابووریی بەرەو بوژانەوە چوو[١].

دارمانی یەکێتی سۆڤییێت لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ زەبرێکی چارەنوسسـازبوو بـۆ پارێزگارەکـان، وایکرد سەرکردە چینییەکان متمانەی تەواویان بۆ دروستبێت کە شەرعیەتی حکومەتی چین لەسـەر گەشـانەوەی ئابووریی و چاککردنی ئاستی بژێویی چینییەکان وەستاوە، کە لە بەرژەوەندی چاکسازیخوازان بوو[٢].

لەسـاڵی ١٩٩٢ گەرێکـی تـری چاکسـازییەکان دەسـتپێکرد، لەم قۆنـاغە سسـتمی بـازاڕ لەگەڵ سۆسیالیستی چینیدا ڕوون و گونجاوبوو، گرتنەبەری کۆمەڵێ پلان بـۆ گەشـەی بازاڕ لە چوارچێوەی یاسـاو ڕێکخسـتن بە ئاڕاسـتەی بـازاڕو گەڕانەوەی ڕۆڵـی حکـومەت و کاروبارەکـان و پێـداچونەوە بە ئازادییەکان سیمای دیاربوون[٣].

دینگ لە ١٧ ی کانونی دووەمی ١٩٩٢ گەشتێکی ڕێکخست، یەکەم وێستگە لە سەردانەکەی باشوربوو، لەوێ لەگەڵ سکرتێری پارت لە هۆبی کوان کوانفۆ و حاکم جو شیان کۆبـویەوە، ڕەخنەی لە کۆبـوونەوە بێسوودو ڕاپۆرتە درێژو قسەی بێکردارو کۆسپەکانی بەردەم ڕێگەی گەشەی ئابووریی گرت[٤]، ڕایگەیاند ئەوەی دەیەوێت بەڕووی چاکسازییەکاندا بوەستێتەوە دەبێت کورسییەکەی جێبهێڵێت، دینگ قسـەی بۆ خەڵکـی نـاوچەکە کـردو لە ڕۆژنـامە فەرمیەکـان تۆمـارنەکران، بەڵام وتەکـانی لەلای ئەنـدامانی پـارتی کۆمۆنیسـت گرنگییەکـی زۆریـان پێـدراو هانیانـدا بـۆ خێراکـردن لە نەخشـە ڕێـگەی چاکسـازیی و زینـدووکردنەوەی سیاسـەتی دەرگـای کـراوە[٥]، بە شـیونگی گـووت ((پێویسـتە ئـازایەتی زیـاتری لە جێبەجێکردنی چاکسازیی و کرانەوەو خێراکردنی گەشەی ئابووریی هەبێت))[٦].

لە بەیانی ١٩ی کانونی دووەمەوە دینگ بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ لە کوانگجو مایەوە، لە سەردانیکردنی بۆ نـاوچە ئـابوورییە تایبەتەکـان و شـین چـین و چوهـای بەرپرسـانی هەرێمەکـان لەگەڵیدا بـوون[٧]، بە هـاتنی ناوەڕاسـتی شـوباتی ١٩٩٢، واتـا چەنـد ڕۆژێـک پـێش گەڕانەوەی دینـگ بـۆ پەکـین، (جیانـگ زیمـین) [٨] بە ئاشکرا پشتگیری بانگەوازەکانی دینگی لەپێناو چاکسازی کرد[١].

---

[1] Gauttam Jaggi mery Rundle: Op.Cit, p12-13.

[٢] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٦٩ .

[3] Gauttam Jaggi mery Rundle: Op.cit, p.13.

[4] EZRA F. VOGEL: Op, Cit, p.669.

[5] Ibid, P .672-673.

[6] Ibid, P. 227–228.

[7] James A. R. Miles, the Legacy of Tiananmen: China in Disarray, University of Michigan Press, 1996, p. 96-97.

[٨] جیانـگ زیمـین: سـەرکردەیەکی تەکنۆکرات بـوو، لە ١٧ ئـابی ١٩٢٦ لە یانگ ژوا لە جیانـگ سـوو لە دایکبـووە، لە زانکـۆی جیاتۆنگ شەنگەهای ئەندازیاری کارەبای تەواوکردوە، لە ساڵی ١٩٤٦ بووەتە ئەندامی پارت، دوای دامەزراندنی کۆمـاری گەلی چین جێگری بەڕێوبەری چەند کارگەیەک بووە، سـاڵی ١٩٥٥ لە یەکێتی سۆڤییێت خولی لە کارگەیەکی ئۆتۆمۆبیلی ستالیین بینیووە، پاشان گەڕاوەتەوە چین و چەند پۆسـتێکی مەدەنی وەرگرتـووە، بەهـاتنە سـەرکاری دینگ لە سـاڵی ١٩٧٨ دەکرێتە پلاندانەری ناوچەی ئابوری تایبەت لە شین جین، ساڵی ١٩٨٢ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حـزب هەڵدەبژێریت، لەسـاڵی ١٩٨٧ بـووە بە ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی، لە حـوزەیرانی ١٩٨٩ وەک ئەنـدامی هەمیشـەی مەکتەبـی سیاسـی و

**شەشەم –زانست و تەکنەلۆژیا:**

بە پێشڕەوی بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا، هەوڵەکانی حکومەت لە ساڵانی ١٩٧٨ – ١٩٨٥ لە پێناو ئامادەکردنەوەی دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەو بەرەوپێشبردن بوون، حەوت بوار هەڵبژێردران؛ کشتوکاڵ و دەرامەتی وزەو کۆمپیوتەرو لێزەرو گەردونزانی و فیزیای وزەبەرزو ئەندازەی بۆماوەزانی[٢]، لەگەڵ ئاسای بوونەوەی پەیوەندیەکانی چین-ئەمریکا، پەیوەندیی زانست و تەکنۆلۆژیی دەستپێکرد، لە ٢٤ی ئابی ١٩٧٩ کۆشکی سپی ڕەزامەندی خۆی بە هاریکاریی زانست و تەکنەلۆژیا لەگەڵ پەکین پیشاندا، ڕێکەوتننامە لە بوارەکانی ژینگە (کارکردن لەسەر باشکردنی کوالیتی ئاو و هەوا، کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر پرۆژەو چالاکییەکان، چارەسەرکردنی پاشماوە ڕەقەکان، ژینگەی تەندروستی، کۆنترۆڵکردنی مادە ژەهراویەکان)، بوارەکانی گواستنەوە (بەڕێوبردنی هاتوچۆی دەریایی، چارەسەری کێشەی کەرەستەی باری پاپۆڕەکان، سەلامەتی دەریاوانی، کۆنترۆڵی هاتوچۆی ئاسمانی، گواستنەوەی هێڵی شەمەنەفەر، بواری زانستی وەکو زانستی گەردونناسی و ڕووەکناسی، بەرهەمە کیمیاییەکان و زەویناسی، بواری بیناسازی و...تاد) واژۆکران[٣].

سیاسەتی تەکنەلۆژیی و زانستی چین لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر چاکسازی سستمی تەکنەلۆژیی چڕبووەوە، خاڵی وەرچەرخان گەلاڵەکردنی بڕیاری چاکسازیی سستمی کارگێڕی زانست وتەکنەلۆژیابوو، خەمی سەرەکی نەبوونی پەیوەندی ئاسۆیی و ڕێکخراوی نێوان زانست و تەکنەلۆژیاو بەرهەم بوو، پاشان یەکتربڕینی نێوان هەردوو کەرتی تەکنەلۆژیاو بەرهەمهێن بوو، بڕیاری چاکسازیی لەئاکامی بێهیوایی ئامرازە نەریتی و کۆنەکانی پێشتربوو[٤].

لە ١٩٨٦ حکومەت (بەرنامەی ٨٦٣ ی تەکنەلۆژیا)ی ڕاگەیاند، ئامانجی بەرەوپێشبردنی پیشەسازیی لە چەند بوارێکدا هەبوو، ئەم بەرنامەیە لە ٢٠ ساڵی کاردا، (١٨٠٠) داهێنانی لە بوارەکانی: گەردوون، زانست، وزەو کۆمپیوتەرو کشتوکاڵ...تاد کردووە[٥].

چاکسازییەکان لە ناو شارەکاندا شانبەشانی کەرتی کشتوکاڵی بەردەوامبوون، لە ساڵی ١٩٨٦ حکومەت چاودێریی خستە سەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و پرۆسەی نوێکردنەوەی دامودەزگا

---

سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی دانراوە، لە مانگی یانزەی هەمان ساڵ لە پلینۆمی پێنجەمی حزب دەبێتە سەرۆکی لیژنەی سەربازی ناوەندی، (بڕوانە:

Xiaobing Li: A History of the Modern Chinese Army, The University Press of Kentucky, United States of America., 2007 ، p.272-274.)

[1] Ezra F. Vogel, Op.Cit.P, 556.

[٢] صلاح حسن ربیع الربیعي: م.س، ص٢٣٩.

[3] United states of America, Department of Defense: US-China Scientific and Technological Relationships, The Joint Chiefs of Staff, no 20301, Washington, 5 september, P.1-2 .(٢) بەڵگەنامەی ژمارە

[٤] صلاح حسن ربیع الربیعي: م.س، ص٢٤٢.

[٥] م.ن، ص٢٥٠-٢٥٤ .

بەرهەمهێنەرەکانی گرتەبەر، گرنگیەکی زۆر بە لایەنی زانست و تەکنۆلۆژیا لە خزمەت زیادکردنی بەرهەم درا، دینگ لەساڵی ١٩٨٨ گوتی "زانست و تەکنەلۆژیا هێزی یەکەمی بەرهەم هێنانن"[١].

دینگ چەند ئامانجێکی دیکەی هەبوو دەیویست بەدییانبهێنێت، بەتایبەتی ڕاکێشانی زیاترین ڕێژەی تەکنەلۆژیای نویَ، لەبەرئەوە ئەو پرۆژە بیانییانەی نوێترین تەکنیک و تەکنەلۆژیایان هەیە بۆ ماوەی دوو یان سێ ساڵ داشکاندنیان لە باجەکاندا بۆ دەکرا، لەو چوارچێوەیەداو لە ساڵی ١٩٨٢ ژمارەیەک یاسای دەرکرد، کە پەیوەستبوون بە خاوەندارێتی فیکری و لۆگۆی بازرگانی و کەمکردنەوەو لابردنی باج و ڕەسمە گومرگییەکان[٢].

وێڕای ئەو گرێبەستانەی چین لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان ئەنجامیدان و لەماوەی نێوان ١٩٧٨ – ١٩٨٧ ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ٩٣٦ گرێبەست بۆ هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای بیانی کە ٦.٥ ملیار دۆلار بوو، بە هاتنی ساڵی ١٩٩٠ (٣٠ هەزار) گرێبەستی وەبەرهێنان بە بەهای نزیکەی ٤٠ ملیار دۆلار واژۆکران، هەروەها زیاتر لە ٢٠ ملیاری لەسەر زەوی چین وەبەرهێنانیان دەکرد[٣].

لە میانەی بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکانی بازاڕو زیادبوونی ژمارەی بریکارە بەرپرسەکانی بەڕێوەبردنی بازاڕی ئەلیکترۆنی، گەشەی خێرا لە بازاڕی تەکنەلۆژیدا دەرکەوت، دوای ئەوەی ژمارەکە لە ساڵی ١٩٨٧ دا (٩٤٤٩) یەکە بوو، بە هاتنی ساڵی ١٩٩١ گەیشتە ٢١ هەزار یەکەی بەرهەمهێنان، ژمارەی زاناو ئەندازیارانی ئەو ئاژانسانەی بە فەرمی بەکاریاندەهێنان لە ساڵی ١٩٩١ گەیشتە (١٢٤ هەزار)، خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری تەکنیکی لەو ساڵانەدا زیاترین دەستاو دەستیان پێکراوە، گرێبەستەکانی بەرەوپێشبردنی تەکنەلۆژیا نزیکەی ١٢٪ی سەرجەمی گرێبەستەکانیان پێکهێناوە، بەهای خەرجی حکومەت ڕێژەکەی لە ساڵی ١٩٨٧ لە (٢٧٪) بۆ (٣٧٪) لە ساڵی ١٩٨٩ بەرزبووەوە[٤].

دینگ بە پێی ئەو ئەزمونە پێشینەیەی لە فەرەنسا هەیبوو، پشتیوانی زیادکردن و ناردنی خوێندکارە چینییەکانی بۆ دەرەوەی وڵات کرد، ئەم ستراتیژەی لە ئەنجامی سەردانەکەی دینگ بۆ ئەمریکا دەستپێکرد، کە لە ماوەی (٥) ساڵدا (١٩ هەزار) خوێندکاری چینی لە ئەمریکا، بە شێوەیەکی سەرەکی لە زانستی فیزیا و زانستی پزیشکی و ئەندازیاریی خوێندیان. بواری زانست و تەکنەلۆژیا دوای ئەوەی لە قۆناغی شۆڕشی کولتووریدا پاشەکشەی کردبوو، لە قۆناغی ڕیفۆرم و کرانەوەدا گۆڕانی گەورەی بە خۆوەبینی، لە ١٩٧٩ دەستکەوتی گرنگ لە بواری توێژینەوەی زانستیدا لە سەرانسەری وڵاتدا بەدەستهات، زیاتر لەوەی لە دەساڵ پێشتر بەدەستهاتبوو، لە ساڵی ١٩٨٠ تێچوو (فەند) بۆ توێژینەوەی زانستی لە وەزارەتی داراییەوە بۆ بڕی ٦.٤٥٩ ملیار ڕمینبی زیادکرا، لە ١٩٨٢ زانست و تەکنەلۆژیا لە

---

[١] م.د. علاء عباس نعمة الصافي: م.س، ص٤١٤.

[٢] نادیە کاظم العبودي و علي محمد زکي رسن: م .س، ص١٣٣.

[٣] م.ن، ص١٣٤.

[٤] صلاح حسن ربیع الربیعي: م.س، ص٢٤٥.

چین ستراتیژێکی بۆ دانرا کە: (بونیادنانی ئابووریی پێویستە پشت بە زانست و تەکنەلۆژیا ببەستێت، کارەکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیا پێویستە بە بونیادنانی ئابوورییەوە ببەسترێنەوە)[١].

لە ساڵی ١٩٨٥ چین سستمێکی تێرو تەسەلی لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا دانا، کە هەموو بوارە تەواوکارییەکانی دەگرتەوە، ژمارەی دامەزراوە سەربەخۆکانی بواری توێژینەوەی زانستی گەیشتە ئاستی سەروی چاوەڕوانکراو بە نزیکەی ٤٣٩٧ دەزگا، ١٨٠ جار زیاتر لە ١٩٨٠، ژمارەی کەسانی زانستی و تەکنیککار گەیشتە (٧.٨١٧ملیۆن) کەس، ٤٨٪ زیاترە لە ١٩٨٠، ژمارەی توێژینەوە زانستییەکانی بواری زانستە سروشتییەکان لە ١٩٨٠ – ١٩٨٥ گەیشتە ٣٣.٧٦٢ توێژینەوە، لەلایەکی ترەوە ئاستی دەرئەنجامی توێژینەوەکان بەرەوپێشچوننی بەخۆوەبینی[٢].

بە تەکنەلۆژیایەکی نوێ و ئاست بەرزەوە لە ئەیلولی ١٩٨١ چین بۆ یەکەمجار موشەکێکی ئاسمانی هەڵدا، کە سێ زانای فیزیایی و پشکنەری بواری مانگە دەستکردەکانی تێدابوو، لە ١٩٨٣ چین بەرهەمێکی ناوخۆیی بەرهەمهێنا ئەویش کۆمپیوتەری پێشکەوتوو (سوپەر کۆمپیوتەر) بوو بەناوی (یین yinhe)، ئەم ئامێرە خێراییەکەی بڕی (١٠٠ mips) بوو، هەروەها بڕی ٧٥٧ کۆمپیوتەری تری دروستکرد، کە خێراییان ٥٤٠,٠٠٠ جار بوو لە چرکەیەکدا، ئەم پەرەسەندنانە ئاستی چینی بردە ئاستی جیهانی پێشکەوتووەوە، لە ٨ ی نیسانی ١٩٨٤ مانگێکی دەستکردی چەسپاو لە بواری پەیوەندییەکاندا هەڵدرا، لە ١٦ ی نیسان بەسەرکەوتوویی لە هێڵی یەکسانیدا جێگیربوو و لە پلەی ١٢٥ لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی درێژیدا خرایەکار، چین بووە بەشێک لەو گرووپە بچوکەی وڵاتان لە جیهاندا کە موشەکی ئاستبەرزی بۆ ئاسمان هەڵدا[٣].

**خشتەی تێکڕای گەشەی بەرهەمی ناوخۆی چین لە نێوان (١٩٧٩–١٩٩٢)[٤]:**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی ساڵانە ٪ |
|---|---|
| ١٩٧٩ | ٧.٦ |
| ١٩٨٠ | ٧.٩ |
| ١٩٨١ | ٥.٣ |
| ١٩٨٢ | ٩.٠ |
| ١٩٨٣ | ١٠.٩ |
| ١٩٨٤ | ١٥.٢ |
| ١٩٨٥ | ١٣.٥ |
| ١٩٨٦ | ٨.٩ |
| ١٩٨٧ | ١١.٦ |
| ١٩٨٨ | ١١.٣ |
| ١٩٨٩ | ٤.١ |
| ١٩٩٠ | ٣.٨ |

[1]Foreign languages press: A concise History ..., P.333.

2 Ibid, p.334.

3 Ibid, p.334-335.

[٤] توفيق حكيمي: مستقبل التوازن الدولي في ظل الصعود الصيني، أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه العلوم في العلوم السياسية تخصص العلاقات الدولية، جامعة باتنة ،كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم العلوم السياسية،٢٠١٤-٢٠١٥، ص٧٧.

| | |
|---|---|
| ١٩٩١ | ٩.٢ |
| ١٩٩٢ | ١٤.٢ |

بەگشتی لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە بەهۆی چاکسازیە ئابوریەکانەوە ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەبەرهەمی ناوخۆ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بۆنمونە لە ساڵی ١٩٧٩ بەڕیژەی 6,7% بووە، بەڵام ساڵی ١٩٩٢ ئەم ڕێژەیە گەشووەتە 14,2%.

## باسی دووەم - چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی:

### یەکەم – چاکسازیی سیاسی:

گۆڕانکاریی ئابووریی بەمردنی ماو لە ئەیلولی ١٩٧٦و دەستگیرکردنی تاقمی چوار کەسی دەستیپێ نەکرد، بەڵکو تا نزیکەی دوو ساڵ دوای مردنی ماو چین لە ناو ململانێی سیاسی دوو بەرەی (هوا گوفینگ و دینگ شیاو پینگ) بوو، بەرەی هوا گوفینگ لایەنگری سیاسەت و بەرنامە ئابوورییەکانی ماو بوون، بەرەی دینگ شیاو پینگ داوای چاکسازیی ئابووریيان دەکرد[١]. هوا گوفینگ بە یارمەتیدانی تاقمی چوار کەسی تۆمەتبارکرا، دینگ هوای لە پۆستی سەرۆک وەزیری لابردو (ژاو زیانگ) ی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی خستە جێگەی، و (هوا یۆبانگ)ی بە سکرتێری گشتی حزب دانا، خۆیشی کە پۆستی سەرۆکی گشتی سوپای ڕزگاری گەلی چینی هەبوو، پۆستەکەی ڕادەستی هاوڕێیەکی دێرینی خۆی کرد بەناوی (کین جویی)و پۆستی سەرۆکی لیژنەی سەربازیی ناوەندیی وەرگرت[٢].

لە دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست لە دیسەمبەری ١٩٧٨ زەمینەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دینگ شیاو پینگ ١٩٧٨-١٩٩٢ ڕەخسا، دینگ بە شێوەی دیفاکتۆ تەواوی دەسەڵاتەکانی گرتەدەست[٣]، لە دانیشتنی سێیەمی تەواوکاری ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیدا بڕیاردرا پۆستی ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چین لەلایەن (دینگ شیاو پینگ)ەوە وەربگیرێت[٤]. دینگ لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بۆ یەکەمجار زاراوەی (چاکسازی سیاسی) بەفەرمی لە چیندا بەکارهێنا، لە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی حزبدا بە ناونیشانی (چاکسازی لەسەرکردایەتی حزب و دەوڵەت) ڕایگەیاند، لە کۆبونەوەکەدا پلانی بەرنامەی ڕیفۆرمی سیاسی داڕێژرا[٥]. دینگ لە وتارێکدا جەختی کردەوە لەسەر چاکسازی سیاسی وتی: "ئەگەر ئێمە چاکسازی سیاسی ئەنجام نەدەین، ناتوانین گرەنتی سەرکەوتنی چاکسازییە ئابوورییەکانمان بکەین"، دینگ مەبەستی چاکسازیی سیاسی لەسەر ڕێچکەی ڕۆژئاوا نەبوو کە ڕێگە بە فرە حزبی بدرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای چاکسازی لە دامودەزگا کارگێڕیی و حکومیەکانی دەوڵەت بوو، ووتی: "ئەگەر لەوبوارانەی کە کەموکورتییان تێدایە لە سستمی گشتی لە چاکسازی بەردەوام نەبین، ئەو کێشە گەورانەی لەڕابردوو دووچاری بووین سەر هەڵدەدەنەوە"[٦].

---

[1] CHRIS BRAMALL: Sources of Chinese …, p. 12.

[2] June Teufel Dreyer: Op.Cit,p.152.

[3] Ibid, p. 12.

[4] Edwin Pak-wah Leung: Political leaders of modern China: a biographical dictionary, Greenwood Press, United States of America,2002, p.26-29.

[5] Shanding Zhou: Trends in China's Political Reform, Griffith Asia Institute Australia, 2011, P.3.

[٦] م.د. علاء عباس نعمة الصافي: م.س، ص٤١٢.

مەبەستی بە کەموکورتییەکان کێشەکانی: بیرۆکراسی، قۆرخکردنی پۆستەکان بەدرێژایی ژیان، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان، سستمی باوکسالاری، جیاووگی جۆراوجۆر، هەروەها لەسەر برەودان بە مەسەلەی دیموکراسی و مافەکانی گەل جەختیکردەوە[١].

چاکسازییە سیاسییەکان لە ساڵی (١٩٧٨) ڕەوایەتی پارتی کۆمۆنیستی چینیان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕییەوە بۆ توانای پراگماتیکی گۆڕی، دروشمی (تەنها پارتی کۆمۆنیستی چینی، چین ڕزگاردەکات)ی بۆ (تەنها پارتی کۆمۆنیستی چینی، دەتوانێت چین پێشبخات) گۆڕیی[٢].

لەسۆنگەی تێگەیشتنی پەیوەندیی هاوتەریبی نێوان ئابووریی و سیاسەت، چینییەکان پێیانوابوو هەر گۆڕانکارییەکی ئابووریی، گۆڕانکاریی لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی دەخوازێت، چونکە هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، لەبەرئەوە لە پێناو ئاسانکاری و دەستخستنی چاکسازییە ئابوورییەکان، زنجیرەیەک چاکسازیی سیاسی بۆ هەڵسانەوەی چین ئەنجامدرا، کە تاڕادەیەک خێرانەبوون و ئەزمونکراو نەبوون، بەتایبەت کارکردن لەپێناو دیموکراسی، هەروەها چاکسازیی لە سیاسەتی دەرەوەی چین دەستپێکی پرۆسەی چاکسازی سیاسی بوو، لەسەرەتاوە دینگ وازهێنانی لە بیری ململانێی چینایەتی جیهانی و پێکدادانی سەربازیی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا ڕاگەیاند، بەرنامەی هاریکاریی و کرانەوەی بەڕووی ڕۆژئاوا پەیڕەوکرد، لە چاکسازیی ناوخۆییش؛ سیاسەتی پلانسازی ناوەندیی تێپەڕاندو هەرێمەکان لەو بڕیارانەی پەیوەندی بەدانیشتوانی خۆیانەوە هەبوو سەربەستکران، هاوکات چاکسازی لە پارتی کۆمۆنیستی فەرمانڕەواو پەرەدان بەڕۆڵ و میکانیزمەکانی سەرپێ خست[٣].

چاکسازی سیاسی لە چیندا لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستیپێکرد، جیاکردنەوەی کاروبارەکانی حزب لە دەوڵەت و گواستنەوەی چاکسازییەکان بۆ بەرزترین ئاست و دام و دەزگاکان و ڕێکخستنی کارمەندان دیارترین کایەکانی چاکسازیی بوون، هەروەها کار لەسەر فراوانکردنی دیموکراسی و بەهێزکردنی سیستمی یاسایی و سەروەریی یاسا کرا[٤]. دینگ ووتی: "جیهانی ئەمڕۆ کراوەیە، بە چاوخشانەوە بەڕابردوو تێدەگەین هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی چین بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆ سیاسەتی داخراوی پەیوەندییەکانی بەڕووی جیهاندا دەگەڕێتەوە، ئەزمونمان دەریدەخات چین ناتوانێت بە تەنها لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوە بەبێ جیهان گەشەبکات"[٥]. هەروەها لەساڵی ١٩٨٦ وتی: "هەرکاتێک ئێمە هەنگاو بەرەوچاکسازیی ئابووریی بنێین، دەبێت بەبایەخەوە ئاگاداری پێویستی گۆڕانی پێکهاتەی

---

[1] KJELD ERIK BRBDSGAARD :Economic and Political Reform in Post-Mao China, East Asia Institute, University of Copenhagen,1987, p.41.

[2] Yijia Jing: Creative Incrementalism: Governance Reforms in China Since 1978, Fudan University and Springer Science Business Media, Singapore, 2017, p.57.

[٣] سي محاند شهيناز نور الهدى: الإستراتيجية التجارية الجديدة للصين: دراسة حالة العلاقات الصينية الافريقية بعد الحرب الباردة، ماجستر في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة تيزي وزو، ٢٠١٨-٢٠١٩، ص٥١.

[4] Foreign Language press: China…, p.95.

[5] Xi Jinping: The Governance of China, foreign Languages Press, vol 2, first Edition, china, 2017, p.9.

سیاسی بین، بەبێ چاکسازیکردن لە پێکهاتەی سیاسی، ناتوانین بەرهەمی چاکسازیی ئابووری بپارێزین و لەسەر چاکسازییە ئابوورییەکان بەردەوامبین"[١].

لەکۆنگرەی سیازدەیەمی حزب لەساڵی ١٩٨٧ لە ڕاپۆرتێکدا دینگ ڕایگەیاند: "بەبێ چاکسازیی سیاسی، لە کۆتاییدا بونیادنانەوەی ئابووریی سەرکەوتوو نابێت"، لەم ڕوانگەیەوە دینگ بە جیاکردنەوەی دەستی حزب لە حکومەت و لامەرکەزیی هێزو بونیادنانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەت دەستی بە چاکسازییەکان کرد[٢].

لەماوەی شۆڕشی کولتووریدا، ژمارەی لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیست گەیشتە ١٨ ملیۆن کەس، زۆربەیان لە دامودەزگا حکومییەکاندا دامەزرابوون کە لەڕووی تەمەنەوە تەمەنیان زۆرو کارامەییان کەمبوو، لەسەردەمی چاکسازییەکاندا ئەو کارمەندانە لابران و لە جێگەیان گەنج و خاوەن کارامەیی و بڕوانامە دانران، لەساڵی ١٩٨٣ لە ١٤٠٠ پلەی باڵا لە ئاستی پارێزگاکان ٧٠٪ یان لەسەرکارلابران و بە کارمەندی گەنج و خوێنەوار شوێنەکەیان پڕکرایەوە، سکرتێرەکانی حزبیش لە هەرێم و پارێزگاکاندا لە ٣٠٠ کەسەوە بۆ ١٥٠ کەس کەمکرانەوە، تەمەنەکەشیان لە ٦٣ ساڵەوە بۆ ٥٦ ساڵ کەمکرایەوە[٣].

لە ساڵانی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٥، لە دام و دەزگاکاندا ٤٦٩٠٠٠ کارمەندی گەنج دامەزران و یەک ملیۆن وبیستو پێنج هەزار کارمەندی بەتەمەن خانەنشین کران، ڕێژەی تەمەنی پۆستە باڵاکانی وەک پارێزگارو سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسی هەرێمەکان لە ٦٢ ساڵەوە بۆ ٥٦ ساڵ کەمکرایەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ ٤٤ ساڵ کەمترکرایەوە، هەروەها ڕێژەی ناوەندە فێرکاریەکانی کارمەندان لە سەرجەم پارێزگاکان بەڕێژەی ٥٤٪ زیادکران، ڕێژەی تەمەنی وەزیرەکان لە ٦١ ساڵیەوە بۆ ٥٣ ساڵی لەساڵی ١٩٨٥ کەمکرایەوە[٤]. بە هەمان شێوە لە ناو پۆستە باڵاکانی پارتی کۆمۆنیستیشدا لە کۆنگرەکانی یانزەو دوازدەو سیازدەدا، بڕیاردرا تەمەنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی کەمبکرێتەوە، تێکڕای تەمەنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ٦٤ ساڵیەوە بۆ ٥٥ ساڵی کەمکرایەوە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ٧١ ساڵیەوە بۆ ٦٤ ساڵی کەمکرایەوە[٥]. لە ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٢ ژمارەی (وەزارەتەکان) لە هەژدەوە بۆ سیازدە کەمکرانەوە، لەساڵی ١٩٨٣ بە ڕێژەی ٦٧٪ پۆستە باڵاکانی وەک وەزیرەکان و جێگرەکانیان و بەڕێوەبەری گشتی و جیگرەکانیان کەمکرانەوە، پۆستەکانی وەک بەڕێوبەری ناحیەو شارەوانی و هەرێمەکان لە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤ بەڕێژەی ٢٥٪ کەمکرانەوە[٦].

لە کۆنگرەی سیانزەیەمی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە ساڵی ١٩٨٧، سکرتێری پارت ژاوزیانگ بەفەرمی پێشنیاری کۆنکرێتی سەبارەت بە چاکسازییە سیاسییەکان لەسەر بنەمای وتارەکەی دینگ پێشکەشکرد، کە جەختی کردبووەوە لەسەر پێویستی چاکسازیی سیاسی، جەختی لەسەر جیاکردنەوەی حزب لە

[1] Liberal studies curriculum Development Institute: Modern China, Education Bureau, 2016, p .4.
Liberal studies curriculum Development Institute: Op.Cit, p .3.
[3] Kenneth Lieberthal: China's Political Reforms: A Net Assessment, The Annals of the American Academy of Political and Social Science, 1984, p.23.
[4] Wong Yiu-chung: RESTRUCTURING THE PARTY-STATE POLITY: CHINA'S POLITICAL STRUCTURAL REFORM IN THE 1980s, Asian Perspective, lrp,1998, p.147.
[5] Ibid, p.147.
[6]Ibid, p.149.

دەوڵەت دەکردەوە، کارمەندانی دەوڵەت بەرپرسیارێتی کاروباری ڕۆژانەیان بکەوێتە ئەستۆ، ڕێگەنەدان بە ئەندامانی پارت تەواوی پۆستە حکومییەکان داگیربکەن[1].

چاکسازییەکانی دینگ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨- ١٩٩٢، هەوڵی نەهێشتن و داماڵینی پرسی ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت لە ئابووریی و کولتوورو سیستمی حوکمڕانی بوو، دینگ پارتی کۆمۆنیستی؛ لە پارتێکی سیاسی بۆ پارتێکی ئابووریی گۆڕی، چونکە گەشەی ئابووری بووبووە ئەرکێکی سەرەکی پارت، پرسی ئایدیۆلۆژیا لە ئابووری و کولتوورو سیستمی حوکمڕانیی چین خوێندنەوەی تری بۆ کرا[2]، چاکسازیەکانی دینگ تەنها ئامانجیان گۆڕینی کەشی سیاسی نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەک بوون بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن[3].

هەنگاوێکیتری چاکسازیی سیاسی؛ کەمکردنەوەی ماوەی حوکمڕانی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست بوو، لە پێنج ساڵەوە بۆ دوو ساڵ کەمکرایەوە[4]، لەم ڕێچکەیەوە دینگ هەوڵی بە مۆدەرنیزەکردنی بیرۆکراسی دەدا، سەرەتا بە خانەنشینکردنی کارمەندە بەتەمەنەکانی حزب لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا، پاشان لابردنی ئەو کارمەندانەی شارەزای تەکنیکی بەرزنەبوون، بیرۆکراسی چین بەشێوەیەکی بەرچاو لەماوەی چاکسازییەکاندا گەشەی کرد، ژمارەی کارمەندانی حکومەت لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٩٢ لە (٧.٤) بۆ (١١.٥) ملیۆن بەرزبووەوە، هاوکات ژمارەی ئەندامانی حزب لە ناوەڕاستی حەفتاکان تا سەرەتای نەوەدەکان لە (٣٥ بۆ ٥٠) ملیۆن بەرزبوەوە[5]، لەبەرانبەردا بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٨٢ ژمارەی وەزیرو جیگرەکانیان لە ٥٠٥ بۆ ١٦٧ کەمبووەوە[6].

لە ناوەڕاستی تشرینی دوەمی ١٩٨٦ و لەسەر ڕێنمایی کانی دینگ، ژاو زیانگ Zhao Ziyang لیژنەیەکی دروستکرد، بە ئۆفیسی چاکسازی سیاسی ناونرا[7]. هاوشان لەگەڵ ئەمەدا کۆنگرەی سیازدەیەمی پارتی کۆمۆنیستی چینی ساڵی ١٩٨٧، کە نزیکەی ١٩٣٦ ئەندام ئامادەبوون[8]، بڕیاردرا بیردۆزەکەی دینگ شیاو پینگ (سۆسیالیزمی بە تایبەتمەندی چینی) بنەمای پشتگیریکردنی چاکسازی لە (کشتوکاڵ و پیشەسازی و زانست و بەرگری) و سیاسەتی کرانەوە بێت[9]، لە کۆتایی کۆنگرەدا دینگ بە سەرۆکی لیژنەی سەربازی دانرایەوە[10].

---

[1] Shanding Zhou: Op.Cit, p.3 .

[2] Yang Zhong and Shiping Hua: POLITICAL CILIZATION AND MODERNIZATION IN CHINA the Political Context of China's Transformation, World Scientific Publishing Co. Pte. Ltd, Singapore,2005, p.14.

[3] Bernstein, Thomas: Economic and Political Reform in China and the Former Soviet Union, Center for the Study of Democracy, University of California, 2009, p.2.

[4] Elizabeth J. Perry and Merle Goldman: Grassroots Political Reform in Contemporary China, Harvard University Press , London, 2007, p13.

[5] Peter Nolan: China’s Rise, Russia’s Fall, MACMILLAN PRESS LTD، London, 1995, P.168

[6] علي محمد زكي رسن التميمي: م.س، ص١٩٣.

[7] Ezra F. Vogel: Op. Cit, P.573.

[8] Alexander V. Pantsov with Steve I. Levine: Op. Cit, P.403.

[9] Dai Yannian: Zhao's Report at Party Congress 13th CPC Congress Closes, Beijing Review, November 9-15, Vol. 30, No 45, 1987, P. 2.

[10] Alexander V. Pantsov with Steve I. Levine: Op. Cit, P.404.

دوای خۆپیشاندانە خوێندکارییەکانی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧[١] و لە سەرکارلابردنی (هۆیۆبانگ[2])، هەڵمەتی دژە ئازادی بورژوازیی دەستپێکرد، کەشی سیاسیی چین بەرەو محافزکاری – پارێزگاری چوو، چاکسازییە سیاسییەکان ساردییان تێکەوت، بەڵام نەوەستان[٣]، لە ئازاری ١٩٨٧ دینگ لەسەر چاکسازی سیاسی جەختیکردەوە و ووتی: "چاکسازی لە سیستمی سیاسی دەبێتە هۆی جێگیری سیاسی و یەکیەتی نەتەوەیی و ژیانێکی شایستە و ستاندارد، دەبێتە هۆی بەردەوامی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان"[٤].

لەماوەی حکومڕانی دینگدا، پارتی کۆمۆنیستی چینی لەحزبێکی تاک سەرکردە گۆڕا بۆ خاوەن سستمێکی ڕێسایی ڕوون و دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار، نرخاندنی شایستەیی و توانستی لەبری پەیوەندییە کەسییەکان یاخود پێشینەیی و دێرینی ئەندامەکان لەبەرچاودەگرت، دینگ ڕێوشوێنێکی نوێی بۆ پرۆسەی سیاسی گرتەبەر، کاتی دیاریکردو بەشێوازیی خولی بەرپرسە حکومیەکانی ئاڵوگۆڕ دەکرد، ماوەی بەرپرسیارێتی نوسینگە و فەرمانگە حکومییەکانی سنوردارکرد، دوو ماوەو خولی بۆ پۆستەکان دیارییکرد، هەروەها خانەنشینکردنی ناچاریی بە پێی پلە بۆ تەواوی پۆستە حکومی و حزبیەکان و بۆ ئەوانەی لەنێوان تەمەنی ٥٥ بۆ ٧٢ ساڵیدابوون جێبەجێکرا[٥]، چاکسازیی سیاسی چۆنیەتی سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی پەرەپێدا[٦]. چاکسازیی ئابووری، پارتی کۆمۆنیستی ناچار بە پێداچونەوەی ئایدیۆلۆژیای مارکسی و چاکسازیی لە سستمی سیاسی کرد، بە زۆری فشارەکان لەدەرەوەی پارتەوەبوون، بەتایبەت لە داواکاریی خۆپشاندانە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٩[٧].

دینگ گرنگییەکی زۆری بە بابەتی دانانی سەرکردەی گەنج لە شوێنی سەرکردە بەتەمەنەکان لە سەرکردایەتی حزب و دەوڵەت دەدا، ووتی: "کلیلی سەرکەوتنی ڕاستەقینە بۆ چاکسازیی، دۆزینەوەی کەسانی بەهرەمەند و خستنە سەرکاریانە"[٨]. دینگ پێشترو لە ئابی ١٩٨٠ لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی

---

[١] لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ کۆمەڵێ خۆپشاندانی خوێندکاری بەشێکی زۆری چینی گرتەوە، خۆپشاندەران داوای ئازادی ودیموکراسی وئازادی هەڵبژاردن و نوسینیان دەکرد، هۆ یۆبانگ هیچ کاردانەوەیەکی دژی ئەو خۆپیشاندانانە نەنواند ، ئەمە بووە هۆی دورخستنەوەی لە پۆستەکەی وپاشان دەسەڵاتدارانی چین خۆپشاندانەکەیەن کۆتایی پێهێنا.بڕاوانە: (John C. Fredriksen: Op,Cit, P.21

[2] هۆ یۆبانگ١٩١٥ –١٩٨٩ : سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چین بوو،لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩١٥ لە لییانگ لە هەرێمی هونان لەخێزانێکی هەژارلەدایک بووە، لە تەمەنی ١٤ ساڵیەوە پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی چینییەوە کردووە،بە شداری مارشی درێژی کردووە ١٩٣٤–١٩٣٥،لە جەنگی جیهانی دووەم وەک کۆمسیارێکی سیاسی بەشداری کردووە،هاوڕێی نزیکی دینگ بووە،ساڵی ١٩٦٦ بە هۆی شۆڕشی کلتورییەوە لە گەڵ دینگ لە پارت دەرکران،ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٧بە سکرێری پارتی کۆمۆنیست هەڵ بژێردرا،لە ١٩٨٧دا بە هۆی بێدەنگی بەرامبەر بە خۆپیشاندانە خوێندکاریەکان و ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتی سیاسی چین لە پۆستەکەی دورخرایەوە. بڕوانە( Ibid,p215-216).

[3] Ezra F. Vogel: Op. Cit, P.575.

[4] Ibid, P.575.

[5] Marcuis Vinicius Defreitas: Op.Cit, p .15.

[6] Shanding Zhou: Op.Cit, p.7.

[7] Robert Weatherley: Op.Cit, p.114.

[8] Richard Baum: China in 1985: The Greening of the Revolution, Asian Survey, Jan 1986, Vol. 26, No 1, P. 32.

و لیژنەی ناوەندیی حزب، داوای لە سەرکردە سیاسییەکان کرد کە پێویستە حزب لە حکومەت جیا بکرێتەوە، ئەم بەرپرسیارێتییەی خستە ئەستۆی سەرکردە، هەربۆیە کۆمیتەی ناوەندیی وردە وردە ئەو سیستەمەی جێبەجێکرد، دەستی حزبی لە ناو کاروباری دەوڵەت کەمکردەوە[1].

سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیست و حکومەت لە ماوەی سیاسەتی کرانەوەو چاکسازیدا، وەکو ڕێگەیەک بۆ گۆڕانی حوکمی تاکڕەوی بۆ حوکمی فرەیی، سیاسەتی لامەرکەزییان پەیڕەوکرد، ئەمە لە ناوەڕاستی هەشتاکان زیاتر ڕەنگیدایەوە، بەتایبەت کە حکومەت دەسەڵاتێکی زۆری ئابووریی و سیاسی بە هەرێمەکان بەخشی، هەروەها لە ٢٠ تەموزی ١٩٨٤ لامەرکەزی بەخشیە دەسەڵاتی دادوەریی[2]. لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ لە دانیشتنی تەواوکاری پێنجەمی لیژنەی ناوەندیی، شەش ئەندامی نوێ لە مەکتەبی سیاسی تەمەنیان کەمبوو هەڵبژێردران، بەڵام ئاستی زانستیان بەرزبوو، لایەنگری دینگ و بەرنامە چاکسازییەکەی بوون[3].

دینگ لە وتارەکانیدا جەختی لە سەر دورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژیاو (کاری زۆرو کەم قسەکردن) دەکردەوە[4]، هەمیشە جەختی لەسەر چوار پرەنسیپەکە دەکردەوە کە چاکسازیی لە ساڵی ١٩٧٨ تا ڕوداوی تیانانمین، هەوڵی چاکسازیی سیاسی و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی شۆڕشی کولتووری بووە، دینگ و هاودەستەکانی هەوڵی پراکتیزەکردنی دیموکراسی و ئازادیی فکرییان دەدا، دژی هاو فیکرەکانی (ماو) بوون[5].

دینگ لەئاماژەی دیموکراسی سۆسیالیستیی مەبەستی لە لێبوردەیی لە ڕەخنە بونیادنەرەکانی جەماوەربوو، وێنەی جۆرێک لەسیاسەتی لیبراڵی نوێ بوو بەرانبەر ڕۆشنبیران و خوێندکاران و نوسەران و هونەرمەندان و پیاوانی ئایینی دامەزراوەکانی کڵێساو مامۆستایان و تەواوی چین و توێژەکانی تر، هاوکات جەختی لە باشترکردنی سیستمی دادوەریی و یاسایی دەکردەوە[6].

ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینانەبوو لە کانونی یەکەمی ١٩٧٨، دینگ بڕیاریدا ڕێگە بە ئازادیی دەربڕین بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە شارەکاندا هەندێ دیواری بۆ هەڵواسینی پۆستەر دیاریکرد، کە بە(دیواری دیموکراسی) ناسران، تاوەکو خەڵکی ڕەخنەکانی خۆیان دەربارەی دەسەڵات و سەرکردەکان هەڵواسن[7]. لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٦ خوێندکارانی زانکۆی پەکین، داوای فراوانکردنی دیموکراسی و پشتگیریی

---

[1]YU Keping: China’s Governance Reform from 1978 to 2008, Duisburg Working Papers on East Asian Studies, No 76,2008, p. 9.

[2] Ibid, p .10.

[3] David S. G. Goodman: the National CCP Conference of Sep 1985 and Chinas Leadership Changes, Cambridge University Press on behalf of the School of Oriental and African Studies, Mar 1986, No. 105, P. 124.

[4]David Wen-Wei Chang: Op.Cit,p.28.

[5] RICHARD BAUM: REFORM AND REACTION IN POST-MAO CHINA The Road to Tiananmen, Routledge, United States of America, 1991, p.9.

[6] David Wen-Wei Chang: Op.Cit, p.268.

[7] June Teufel Dreyer: CHINA'S POLITICAL SYSTEM Modernization and Tradition, THE MACMILLAN PRESS LTD, London,1993, p .145-146.

له ڕیفۆرمەکـانی دینگیـان کـرد، بەڵام لەلایەن پارێزگـارە دژە چاکســازییەکانەوە پەلامــاردران، دینــگ پشتگیریی خۆپیشاندانەکانی کرد[1].

دوای ئەوەی (ژاو زیانـگ) دەسـتی حـزب لە دەوڵەت کەمکـردەوەو ئەنـدامانی دەوڵەت لە کاروبـارە کارگێڕییەکـانی ڕۆژانەدا بەرپرسـیارێتیان لە ئەسـتۆگرت، لە داگیرکردنـی پۆسـتەکانی دەوڵەت ڕێگرییـان لێکرا، بەڵام بەهۆی ڕوداوی تیانانمین ١٩٨٩ هەرزوو ڕێگری لە هەوڵەکانی ژاو کرا، چونکە سـەرکردەکان پێیانوابوو دەسـەڵاتی پارتی لاوازکردوە، لەبەرئەوە ڕەخنەی توندییان لێی هەبوو، دواجـار ژاو وازی لە پۆستەکەی هێناو جیانگ زیمین جێگەی گرتەوە[2].

دوای کۆتـایی شۆڕشـی کولتـووریی، ئاڕاسـتەیەک لەنـاو خەڵکدا دروسـتبوو، کە سـەرکردایەتی پـارتی کۆمۆنیستی چین و سستمی سۆسیالیستی ڕەتکردەوە، بۆ ئەم مەبەستە دینگ لە ئازاری ١٩٧٩ هەڵوێستی خۆی بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند کە (مەرجە هەموومـان دەست بە چـوار بنەمـا سـەرەکییەکەوە بگـرین)[3]، کە بریتیبوون لە (پەیڕەوی ڕێگەی سۆسیالیستی، پێداگریی لە سـەر کۆمـۆنیزم، پراکتیزەکردنـی دیموکراسـی، بەردەوامی لەسەر ڕێبازی مارکسـی – لینینی و بیرو باوەڕەکانی مـاو) مەبەسـتی بـوو لە نـاو بیرۆکەکانی ماودا لە پێناو بەرەو پێشبردنی وڵات بەدوای ڕاستردا بگەڕێت، پراکتیک بکرێتە پێوەری ڕاستییەکان [4].

دینــگ جەختــی لەســەر سۆسیالیســتی بەتــایبەتی چینیــی دەکــردەوە، دینــگ بە ئەم بنەمایــانەی بە تایبەتمەندیی چینی ڕاڤەو پێناسەدەکرد، کە هەڵقوڵاوی ئەو کەتوارەیە کە چین لە شێوەی نیمچە داگیرگەو کـۆمەڵگەیەکی نـیمچە دەرەبەگـی دابـوو، سۆسـیالیزمی چـین جیـاواز بـوو لە دەوڵەتـانی تـر، کرۆکـی ئەم چەمکە بریتییە لە ئاوێتەی ڕاستییە جیهانییەکەی مارکسـیزم لەگەڵ دۆخ وبـاری بەردەسـت و هەسـتپێکراو و تایبەت بە چین، لەگەڵ خۆلادان لە نهێنی بیرو باوەڕ و مەزهەبی ئەبستراکت و چەقبەستوو[5].

دینــگ لە وتارێکیــدا لە کــانونی دووەمــی ١٩٨٠ بە ناونیشــانی (دۆخــی ئێســتاو ئەو ئەرکــانەی لەبەردەممانـدان)، ڕایگەیانـد کە ئەو بیـرۆکە هەڵەیە لەنـاو خەڵکدا بڵاوبـووەتەوەو جۆرێکە لە (لیبرالیزمـی بـۆرژوازیی)، لەو وتـارەدا بە تونـدیی ڕەخـنەی لەو کەسـانە گـرت، کە دەیانەوێـت ئەم بیـرۆکە هەڵەو نـابەجێیە لە نـاو خەڵکـدا برەوپێبـدەن، بڵاوبـوونەوەی درامـای (خۆشەویسـتی تاڵـخ) نیگەرانـی لەنـاو سەرکردایەتی پـارتی کۆمۆنیسـتدا دروسـتکرد، چـونکە ڕەخنەی لە پارتەکەو لە ئایدۆلۆژیای سۆسـیالیزم گرتبوو، ئەمە وایکرد حکومەت و وەزارەتی پەیوەندیدار بە سانسـۆرکردن و ڕەخنەگرتن لەو بەرهەمـانە چەندین هەنگاوبنێن[6].

هەروەهـا دینـگ کەمپینێکـی دژی (بـورژوازی لیبراڵـی) ڕاگەیانـد، ئەو ڕۆشـنبیرو نوسـەرانەی بیـری بورژوازیی و لیبرالیان بڵاودەکردەوە لە حزب و حکومەت دەرکران، یەکێک لە قوربـانییە گەورەکانی ئەم

---

[1] David Wen-Wei Chang: Op.Cit,p.272-274.

[2] Shanding Zhou: Op.Cit, p.3.

[3] foreign languages press: A concise …, p.335.

[4] June Teufel Dreyer: Op.Cit, p149.

[5] علي محمد زكي رسن التميمي: دينغ شياو بينغ و دوره السياسي فى الصين حتى عام ١٩٩٢م، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في التاريخ الحديث، كلية التربية الأساسية، الجامعة المستنصرية، ٢٠٢٠،ص١٩٠.

[6] Foreign languages press: A concise History…, p.335.

کەمپینە دەرکردنی (هۆ یۆ بانگ) بوو[1]. بەڵام لیبرالیزمی بۆرژوازی بە چەندین شێوە خۆی دەرخستەوە، مانشێتی سەرەکی ئەو ئاراستەیە؛ وابەستەبوون بە مرۆڤ سەنتەریی و تاکگەرایی و بیرۆکەی دەستبەرداربوون لە سۆسیالیزم بوو، هەروەها بانگەشەی دیموکراسی و ڕەوتە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوای لە بواری ئابووریی، کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی سیاسی و ئەدەب و هونەردا دەکرد، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ڕەوتە دینگ لە پلینیۆمی دووەمی سەرکردایەتی خولی دوانزەیەمی حزبدا دوو خاڵی ڕاگەیاند: یەکەمیان ڕاستکردنەوەو تۆکمەکردنی دەزگا حزبییەکان، کە نابێت بە شێوەیەکی ڕۆتینی بەڕێوەبچێت، دووەمیان ئەو خەڵکانەی لەبەرەی ئایدۆلۆژییدا کاردەکەن، نابێت عەقڵییسیی بڵاوبکەنەوە، لە کۆتاییساڵی ١٩٨٣ کەمپینی عەقڵییسیی دژی ئەو نوسەرو هونەرمەندانەی کە بیرۆکەی بورژوازیی و دژە کۆمۆنیزمییان بڵاودەکردەوە ڕاگەیەند، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە کارمەندە حکومی و حزبیەکانی خانەنشینکرد[2].

دینگ هەوڵیدەدا پارتەکەی لە چیندا بە دەسەڵاتداریی بمێنێتەوە، ئەگەرچی هەندێ لە ئەندامانی حزب هاوسۆزی سیاسەتی لیبرالیزم و پشتیوانی چاکسازییە ئابوورییەکان بوون، بەڵام دینگ لێبوردەنەبوو لەگەڵیان، هەر بۆ نمونە لەبەر پشتیوانی سیاسەتی لیبرالیزم دووله سەرکردەباڵاکانی پارتی کۆمۆنیستی لە کار دورخستەوە ئەوانەش هەریەکە لە (هو یا بانگ ١٩٨٧، ژاو ژیانگ ١٩٨٩)بوون[3]، بەرهەمی چاکسازیی دینگ زۆر خێراو ڕێژەیی بوون، مایەی ڕازیکردنی کۆنەپارێزەکانی ناو حزب و پاڵپشتیی گەلی بە دەستهێنا[4].

بۆ بە یاساییکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای دیموکراسی سۆسیالیستی لە ١٩٧٩ کاریکرد، سەرەتا بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٣و دواتر لەساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٦ هەمواركرايەوە، بە جۆرێک هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە هەرێمەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن فراوانکرا، پێویستبوو هەرکاندیدێک زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت[5].

دینگ لەسەر بنەمای (گەڕان بەدوای ڕاستترینی ڕاستییەکان) کاریدەکرد، کە مەبەستی لە فیکرەکانی ماوو ئایدیۆلۆژیای مارکسی بوو، تاوەکو سستمێکی سۆسیالیستی بەتایبەتمەندی چینی دابمەزرێنێت[6].

چاکسازییە دیموکراسییەکان لە گوندەکانەوە دەستپێکرا، لە ساڵی ١٩٨٧ یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی لیژنەی گوندەکان دەرکرا، ئەم لیژنانە پێشتر لە ناوەندەوە دیاریدەکران، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە لەلایەن دانیشتوانەکانەوە بە هەڵبژاردن دیاریدەکران[7].

---

[1] Maurice Meisner: Op.Cit, p .495.

[2] June Teufel Dreyer: Op.Cit, p .145-146.

[3] Clement Allan Tisdell: Op.Cit , p. 27-28.

[4] Ibid, P .280.

[5] علی محمد زكي رسن التميمي :م.س، ص١٩٢.

[6] Raviprasad Narayanan: The Politics of Reform in China: Deng, Jiang and Hu, Strategic Analysis, Vol. 30, No. 2, Apr-Jun 2006, p334-335.

[7] سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص٥٢-٥٣.

لەسەرەتاوە مشتومڕ لە بارەی دیکتاتۆریی و دیموکراسی هاتە ئاراوە، دینگ جەختی لەسەر دیموکراسیی سۆسیالیستی کردەوە، پێیوابوو چین پێویستی بە دیموکراسی سۆسیالیستییە نەک دیموکراسی بۆرژوازیی[1]، هەرچەندە هەندێک لەسەرکردەکانی حزب دژایەتی خۆیان بۆ پەرەسەندنەکانی ئازادیی ڕادەربڕین پیشانداو داوای سنورداریيان کرد، بەڵام ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و مافی مانگرتنی کرێکاران و ڕەخنەگرتن، بەمەرجێک دەست بۆ چوار بنەما سەرەکیەکە نەبرێت، بەئازادی مانەوە[2]، چونکە دینگ دەیوت: "دیموکراسی شاخوێنبەری سۆسیالیزمە، پارتی کۆمۆنیست بەبەردەوامی ئامانجی گەشەپێدانی دیموکراسی سۆسیالیستییە، لەماوەی چاکسازیی و کرانەوەدا هەوڵێکی زۆرماندداوە بۆ بەدیهێنانی دووبارە بونیادنانەوەی سیستمی سیاسی و دیموکراسیی سۆسیالیستی، تازیاتر خەڵک بەشداریی کاروباری سیاسەت بکەن"[3].

هەنگاوێکی تری چاکسازیی ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی دام و دەزگاکانی حکومەت بوو، کۆمەڵێ یاسا دەرچوون کە بە توندترین شێوە ڕووبەڕوی گەندەڵکاران بوونەوە، هەر لە زیندانیکردن لەچەند ساڵ تاوەکو هەتاهەتایی سزایان هەبوو[4].

لەبەرڕۆشنایی (لە کەتواردا بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێ)، کە ناونیشانی وتارێک بوو دینگ لە ڕۆژنامەی (Guangming Daily گوانگ مینگ دەیلی)و چەند ڕۆژنامەیەکی تر بڵاویکردەوە، دینگ لە فۆڕمێکی داهێنەرانەدا بیرۆکەکانی ماوی لە بواری دیپلۆماسیدا پەرەپێدا، ئاشتی و پەرەپێدانی بە دوو بنەمای گرنگی دونیای هاوچەرخ ئەژمارکرد، کە ڕۆڵی بەرچاوی لە ئاڕاستەکردنی دیپلۆماسی چیندا هەبوو[5].

دینگ مەبەستی بوو لە ناو بیرۆکەکانی ماودا لە پێناو بەرەو پێشبردنی وڵات بەدوای ڕاستردا بگەڕێت، پراکتیک بکرێتە پێوەری ڕاستییەکان، هەروەها ڕەخنەی لەماو هەبوو کە تەنها ئایدیۆلۆژیای کردبووە پێوەری ڕاستییەکان، لەسۆنگەی پراگماتیکی پەیوەندییەکانیان بونیادبنێنەوە[6]، لەم سەربەنەوە بابەتە ئایدیۆلۆژییەکانی وەلاناو چینی لەو گۆشەگیرییە ڕزگارکرد، سەرەتا پەیوەندیی لەگەڵ یابان و پاشان ڤێتنام و ئەمریکا دەستپێکرد[7].

---

[1] Shanding Zhou: Op.Cit, p13-14.

[2] Martin King Whyte: Deng Xiaoping: The Social Reformer, Cambridge University Press, 2018, p.532.

[3] Lawrence R. Sullivan: Historical Dictionary of the Chinese Communist …, p.333.

[4] Robert Lawrence Kuhn: How China’s Leaders Think the Inside Story of China’s Reform and What This Means for the Future, John Wiley & Sons (Asia) Pte Ltd, Singapore,2010, p.185-187.

[5]foreign languages press: A concise History …, p.338.

[6] Klaus Mühlhahn: Making China Modern from the Great Qing to Xi Jinping, The Belknap Press of Harvard University Press cambridge, massachusetts, london, 2019, p.491.

[7]Wu Xiao-bo: China Emerging: 1978-2008, China Intercontinental Press and China CITIC Press، Singapore,2009, p.7.

له هەشتاکاندا بەمەبەستی بونیاتنانی سیستمێکی جیهانی لەسەر هەر پێنج بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، دینگ هەردوو سیفەتی کۆشش و هاریکاریی لەپەیوەندییان لەگەڵ جیهانی دەرەوەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێکەوە گرێدا[١].

له ١٩٨٦ سەرۆک وەزیران (ژاو زیانگ) لە ڕاپۆرتێکدا بۆ ئەنجومەنی میللی ڕایگەیاند: چین بەدانیشتوانێکەوە کە نزیکەی خۆی لە ملیارێک دەدات، دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی تازە گەشەسەندووە، دەسەڵات لە ئاست بەرپرسیاریەتیەکانیدا لە جیهان بە ئاگایە، بەوردی کار لەسەر هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی دەکات بەو ئامانجەی سۆسیالیزمی دەوڵەت نوێبکاتەوەو بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداریی لە ئاشتی جیهانیدا بکات و لە ڕووی مرۆییەوە بەرەوپێش بچێت[٢].

بەگشتی چاکسازیی بونیادناوەی سیاسی چین هەندێ دەستکەوتی هەبوو، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی کادیران کە بەدرێژای ژیانیان لەپۆستەکانیان دەمانەوە، بەرەوپێشچونی سیستمی لادییەکان و خۆبەڕێوەبەریی و دیموکراسی جەماوەریی و فراوانکردنی دیموکراسی لەنێو پارتەکانی ناوخۆ[٣]، دامەزراندنی سیستمی خزمەتگوزاریی سەرەتایی هاوڵاتیان و باشکردنی کارگێڕیی نەتەوەیی و بونیادنانی میکانیزمەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی[٤]، دینگ کاری لەسەر دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجومەنی دەوڵەت دەکرد، یەکەم هەنگاو دوو جێگری بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لە جیاتی ١٣ جێگر دیاریکرد، لیژنەی هەمیشەیی ئەنجومەنی لە سەرۆکێک و جێگری سەرۆک و ڕاوێژکاری دەوڵەت و سکرتێری گشتی دامەزراند، ئەرکی لیژنەی لە دەرکردنی بڕیار لە کارە گرنگەکاندا دیاریکرد، سەرەڕای ڕێنوێنیکردن لە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی دەوڵەت، هەنگاوی دووەمی دینگ خۆی لە کەمکردنەوەو تێکەڵکردنی هەندێک لە وەزارەتەکاندا بینیەوە، دوانزە وەزارەتی کرد بە پێنج وەزارەت[٥].

هەنگاوی سێیەمی لیژنەکانی دەوڵەتی بۆ (توندکردنەوەی سەرمایەداری، کشتوکاڵ، دارایی، ووزە، پیشەسازی ئامێرەکان) هەڵوەشاندەوە، ئەم لیژنانە سەرپەرشتی وەزارەتەکانی دەکرد لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی مۆرکی نیشتیمانی پێوە بوو، هەندێکیشیانی تێکەڵکرد، بەمەش بواری کارکردنی لیژنە نوێیەکان فراوان بوو، بڕیارە ئابوورییە سەرەکییەکان لە دەستی سەرکردەی ئەم لیژنانەدا بوون، کە لە

---

[1] Zhihai Xie: The Rise of China and its growing Role in international Organizations, ICCS, Journal of Modern Chinese Studies. vol, no1, 2011, p.86-87.

[2] Rohit Singh: China and India in Asia Power Politics, Vij Books India Pvt Ltd, New Delhi, 2011, p,283-284.

[٣] لە چیندا جگە لە پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار، هەشت پارت هەبوون کە هاوکاریی سەرکردایەتی سیاسی پارتی کۆمۆنیست بوون، بە ئازادانە سەرقاڵی کاری سیاسی خۆیان بوون و بەشێکیان پلەو پۆستی حکومیان هەبوو، (لیژنەی شۆڕشی پارتی کۆمینتانگی چینی)و (کۆمەڵەی دیموکراتی چینی بۆ بونیادنانەوەی نیشتیمانی )و ( پارتی ژی گۆنگ دانگ)و (کۆمەڵەی چینی بۆ گەشەپێدانی چینی)و (کۆمەڵەی جیو سان)و (کۆمەڵەی دیموکراتی چینی)و (پارتی دیموکراتی چینی کرێکاران و جوتیاران)و (پارتی خۆبەڕێوبەری دیموکراتی لە تایوان)، Foreing Language press:China ,…,p.114

[4] Liberal studies curriculm Development Institute: Modern China, Education Bureau, 2016, p .35.

[٥] علي محمد زكي رسن التميمي: م.س، ص١٩٣.

ئەنجومەنی دەوڵەت یاخود مەکتەبی سیاسی یاخود سکرتاریەتی حزب پۆستی تریان هەبوو، لە بری ئەو لیژنانە، دوو لیژنەی دەوڵەت بۆ (پلاندانان و ئابووریی) پێکهێنران[1].

دوای ڕوداوی تیانـانمین بەرەی پارێزگـاران پێیـانوابوو ئۆبـاڵی ئەو ڕووداوە بەهـۆی گـرتنەبەری چاکسازیە ئابووریی و سیاسییەکانی دینگەوە بووە، داوای ڕاگرتنی چاکسازییەکانیان کرد، بەڵام دینگ و لایانگرانی بەسەر پارێزگارەکاندا سەرکەوتن[2].

لە سـاڵی ١٩٩٢ دینـگ بیرکردنەوەکـانی دەربـارەی سۆسـیالیزم پـوختکردەوە وتـی: "سۆسـیالیزمی ڕاستەقینە ئەوەیە هێزە بەرهەمهێنەرەکان ئازادبکات و ئامـانجی کۆتـایی بە دەستهێنانی خۆشگوزەرانی هاوبەش بێت"[3].

## دووەم – چاکسازیی کۆمەڵایەتی:

لەماوەی سیاسەتی چاکسـازی و کرانەوەدا بونیـادی کۆمەڵایەتی چین گۆڕانکاریی گەورەی بەسـەردا هات، لە کۆمەڵگەیەکی (سادە بۆ هەمەچەشن و فرە، لە کۆمەڵگەیەکی داخراوەوە بۆ کراوە) گۆڕا[4].

لەگەڵ دەستپێکی چاکسازیەکاندا کەرتی تـایبەت گەشـەی سـەند، ئەمەش بـووە هـۆی زۆر بونی هەلـی کـار بەجۆرێـک لە سـاڵی ١٩٧٨ ژمـارەی کۆمپانیـا تایبەتەکـان ١٠٠٠٠٠ سـەد هەزار بـوون، ڕێـژەکە بەرزبویەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ کۆمپانیا تایبەتەکان ژمارەیان گەیشتە ٥.٨ ملیۆن کۆمپانیا و دامەزراوە و ٧.٥ ملیۆن کارمەند کاری تێدا دەکرد، لە ساڵی ١٩٨٥ ئەم ڕێژەیە گەیشتە ١٧ ملیۆن کارمەند[5]. بواری فێرکردن لە هەموو ئاستەکانییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە پرۆسـەی گەشەسـەندن چاکسـازیی بوارە جۆر بەجۆرەکان هەبوو، پەرەپێدانی هێزی کارو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان لەهەنگاوە گرنگەکانی چاکسازیی و کایەی کۆمەڵایەتی بوو.

چـین سـەرجەم خوێنـدنگاکانی ناچـارکرد بە خوێنـدنی کـارامەیی و ئامادەکردنیـان تـاوەکو بـۆ بەدەسـتهێنانی دەرەنجـامە خواسـتراوەکان لە بونیادنـانی نیشـتیماندا شایسـتەبن، لەم پێنـاوەدا یاسـای خوێندنی ناچاریی دەرکرد، هەر هەرێمێک بە پێی دۆخـی نـاوخۆیی و توانا ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکەی هەڵدەبژێرا لە جێبەجێکردنـی خوێندنـدا، کـارگەی بچـووک دامەزران کە کرێکـاری ڕاسـتەقینە کاریـان تێدا دەکرد، تێیدا ڕاهێنان بەشێک بوو لە داواکاریی خوێندنگاکان تاکو خوێندکار بتوانێ لێهاتویی کارو بەرهەم بەدەسـتبهێنێت، ئەمە لەگەڵ دروسـتکردنی سـەدەها پەیمانگـاو زانکـۆ لە نـاوچە جیاجیاکـانی چـین، لەگەڵ

---

١ علي محمد زكي رسن التميمي: م.س، ص١٩٣.

[2] Suisheng Zhao :Deng Xiaoping's Southern Tour: Elite Politics in Post-Tiananmen China, University of California Press, Vol. 33, USA, 1993, p.744-741.

[3] Maurice Meisner: Op.Cit, p. 497.

[4] Xueyi Lu: SOCIAL STRUCTURE OF CONTEMPORARY CHINA, World Scientific Publishing Co. Pte. Ltd, London,2011, p.19.

[5] MICHAEL YING-MAO KAU and SUSANH MARSH: China in the era of Deng Xiaoping: a decade of reform, M.E. Shrpe.Inc, New York, 1993, P.11.

جەختکردنەوە لەسەر ئەو پسپۆڕیانەی خزمەتی چوار نوێگەریەکەی دەکرد (پیشەسازیی و کشتوکاڵ و بەرگریی و تەکنەلۆژیا)[١].

لە ساڵی ١٩٧٨ دینگ کۆمەڵێ گۆڕانکاریی لەڕووی پەروەردەو خوێندنەوە کرد، پەیوەندییە کەسی و سیاسییەکانی وەلانا، پێشبڕکێ و تاقیکردنەوەو مەشقی ئەکادیمی کردە پێوەری دەرچون و وەرگرتنی خوێندکاران، لەڕوی دامەزران و هەلی کارەوە بڕوانامەو کارامەیی پێوەربوو[٢]، هەر لەم چوارچێوەیەدا زیاتر لە (٦.١ ملیۆن) خوێندکار بەشداریی سیستمی تاقیکردنەوەکانی چونە زانکۆیان کرد[٣].

پێش چاکسازییەکان لە بازاڕی کاردا ژنان هەلی کارکردنیان کەمتربوو، خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ نەبوون، بەڵام لەماوەی چاکسازییەکاندا هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخساو لەبازاڕی کاردا بوونە خاوەنی کارو ئابووریی خۆیان، تەنانەت پلەو پۆستی باڵای حکومی و سەربازییان وەرگرت، وەک؛ وەزیری و بەڕێوبەری کۆمپانیاو ژەنەڕاڵی سوپا[٤].

لەماوەی شۆڕشی کولتووریی ١٩٦٦-١٩٧٦، دامەزراوە کولتووریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان داڕوخان، بەڵام دینگ بەردی بناغەی دووبارە بونیادنانەوەی پەروەردەو فێرکردنی نەتەوەیی دانا، لەسەرەتای ١٩٧٨ لە پێناو بەهێزکردن و گەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردن کۆمەڵێ یاساو ڕێسا دەرچوون، موچەی مامۆستایانی زیادکردو خولی بەهێزکردنی وانەوتنەوەی بۆ کردنەوە[٥].

شۆڕشی کولتووریی بە شێوەیەکی ترسناک سستمی فێرکاریی پەکخست، زۆرێک لە زانکۆ و کۆلێژەکان دەرگاکانیان داخست، هەروەها تێکڕای چونە قوتابخانە بەشێوەیەکی زۆر کەمیکرد، بەڵام لە دەستپێکردنی چاکسازیی ئابووریدا سیستەمی خوێندن ڕێکخرایەوەو زانکۆکان کرانەوەو بۆ چونە زانکۆو خوێندنی باڵا هەلی تاقیکردنەوە بە خوێندکاران درا[٦].

لە ٣ی کانونی یەکەمی١٩٨٠ کۆمیتەی ناوەندی و ئەنجومەنی حکومەت بۆ بەگشتیکردنی خوێندنی سەرەتایی چەند ڕێکارێکیان خستەڕوو، بەتایبەت بە جەماوەریکردنی خوێندنی سەرەتایی و هاندانی خوێندنی ناوەندیی لە هەندێک لە هەرێمەکان بە هەلومەرجێکی باشترەوە بڕیاری لێدرا[٧].

قۆناغی ئەزمونی بۆ ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە قۆناغی ناوەندیی لە چەند شوێنێکی جیاواز داڕێژرا، جێگرەوەی خوێندنی پیشەیی کرایەوە، بایەخ بەخوێندنی ناوەندیی پسپۆڕی درا، خوێندنی نیوە دەوام لە چەند فۆڕمێکی جیاوازدا گەڕێندرایەوەو پەرەپێدرا[٨].

[١] سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص٥٣-٥٤.

[2] Martin King Whyte: Deng Xiaoping: The Social Reformer, Cambridge University Press, 2018, p.523.

[3] Wu Xiao-bo: Op.Cit, p.6.

[4] Robert Lawrence Kuhn: Op.Cit, p .165-166.

[5] Wei Liao& Yisu Zhou :Teacher Education Reform and National Development in China (1978-2017): Four Metaphors, Johns Hopkins University Press, Baltimore,2019, p.2-3.

[6] Gregory C. Chow: Op.Cit, p.137.

[7] Wei Liao& Yisu Zhou: Op.Cit, 2019, p.5.

[8] foreign languages press: A concise History …, p.331-332.

خوێندنی باڵا بەخێرایی فراوانکرا، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨- ١٩٨٥ ژمارەی کۆلێژەکان و زانکۆکان لە ٥٩٨ بۆ ١٠٥٤ بۆ دوو ئەوەندە نزیکبویەوە[١]، دینگ ڕێبازێکی نوێی سیستمی چوونە زانکۆی گرتەبەر، کە لەسەر بنەمای لێهاتویی ئەکادیمی و لەڕێی تاقیکردنەوە بوو، کە پێشتر پەیوەندییە سیاسییەکان و پێگەی خێزانیی لە دەسەڵاتدارو خاوەن موڵکی گەورە یان سەر مایەداربوون کاریگەریی بەهێزی هەبوو و پێوەری سەرەکی بون بۆ وەرگرتن لەناوەندەکانی خوێندنا[٢].

دوای ئەوەی سیستەمی تاقیکردنەوە نیشتمانییەکانی زانکۆ لە ساڵی ١٩٧٨ دەستیپێکردەوە، وەرگیران لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ٨٥٦ هەزار لە ١٩٧٨بۆ ١.٣٩٦ ملیۆن لە ١٩٨٤ زیادیکرد، لە شوباتی ١٩٨٠ ئەنجومەنی نیشتمانی گەل (پەرلەمان) پڕۆژەیەکی تایبەت بە بڕوانامە ئەکادیمیەکانی کۆماری چینی میللی پەسەندکرد، کە لە ١٩٨١/١/١ جێبەجێکرا٣.

دامەزراندنی سیستەمی بڕوانامەکان و لیژنەی بڕوانامە ئەکادیمییەکان بۆ ڕێنمایی و پەسەندکردنی کاروباری بڕوانامە باڵاکان بوو، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ بڕیاری گوژمەی یەکەمی یەکەکانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای پەسەندکرد، هەروەها پسپۆڕییەکان و دیسپلینەکانی دیاریکرد، بەمجۆرە بە شێوازێکی سەرەتایی سیستەمی خوێندنی باڵا دامەزرێنرا، کە لە زنجیرەیەک کۆلێژی بچوک و خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا) پێکدەهات[٤].

هاندانی خوێندکار لە سیستەمەکەدا زۆر کارپێدەکرا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لە چاکسازیی ئابووریی و گەشەسەندنی چیندا وەک کەسانی تایبەتمەند پێویستیان بەخوێندنی ئەکادیمی بوو، لەبەرئەوە دینگ تاقیکردنەوەی نیشتمانی گواکۆو (Gaokao)ی بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان هێنایەکایەوە، (Gaokao) کە کارامەیی و لێهاتوویی کەسەکەی دەسەلماند، پێوەری وەرگرتن بوو، ئەمەش کاریگەرییەکی باشی بۆ وەرگرتنی کارمەندی حکومی و تەنانەت کادری پارتی کۆمۆنیستی چینی هەبوو، ڕێگری حزب و ملکەچی ئایدیۆلۆژیا دوو پێویستی پێشتربوون، لە بەرانبەردا لێهاتوویی و بەرزترین ئاستی کارامەیی جێیگرتنەوە[٥].

لە ڕووی ئایینیەوە لەپێش دەستپێکی چاکسازیی و کرانەوە بەتایبەتی لە ماوەی شۆڕشی کولتووری ١٩٦٦-١٩٧٦ هەموو هەوڵێک بۆ بنەبڕکردن و قەدەغەکردنی ئایین و مەراسیمە ئایینیەکان درا، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی چاکسازییەکان لە کۆتایی ١٩٧٩، ئەو فشارە لەسەر شوێنکەوتوانی ئایینەکان نەماو دەوڵەت ڕێگەی بە ئازادی ئایینی دا[٦].

---

[1] June Teufel Dreyer :Op.Cit, P.289.

[2] Clem Tisdell: Economic Reform and Openess in ChinaS Development Policies the Last 30 Years, the University of Qucenland, semtember ,2009, p .274.

3 foreign languages press: A concise History …, p.331-332.

4Op,Cit, p.332.

[5]Marcuis Vinicius Defreitas: Op.Cit , p. 13.

[6]Fenggang Yang :Religion in China Survival& Revival Under Communist Rule,Oxford University press,New York, 2012,P1.

هونەرو کاری ڕۆژنامەوانی بە هاتنە سەر حوکمی دینگ ئازادبوون، بە پێچەوانەی سەردەمی ماوەوە کە لەلایان جیان کینی خێزانی ماو سانسۆر لەسەر هونەرو کاری ڕۆژنامەوانی دانرابوو[١].

لە بواری ئەدەب و هونەردا چین گەشانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوەبینی، لە ئەیلولی ١٩٨٢ گۆڤارە ئەدەبییەکان لەسەرانسەری وڵاتدا ژمارەیان گەیشتە ١٠٠٠ گۆڤار، ٢٠٠ گۆڤاریان لە ئاستی پارێزگاو شارۆچکەکاندا دەردەکران، لە ١٩٨١ چاپی مانگانەی بڵاوکراوەکان نزیکەی ١.٢ملیاری لێ چاپکرا، نزیکەی ١٠٠٠ شانۆنامەو دەقی ئۆپێرا دروستکران، لە دوای ١٩٨١ ساڵانە ١٠٠ فیلم بەرهەمدەهاتن، کاتێک کە خاوەنداری تەلەفزیۆن لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بڵاوبوویەوە، دراما تەلەفزیۆنییەکان بەخێرایی پەرەیانسەند، لەبواری هونەرو فۆلکلۆرو سەمای چینیدا کاری نایاب لەلایەن خەڵکانی بەهرەمەندەوە نمایش دەکران [٢].

هێزی کار ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چیندا هەبوو، هێزی کار لە چینی هاوچەرخدا لە دەستپێکی چاکسازی و کرانەوەدا لە ئابووریی پلان بۆ داڕێژراوە بۆ ئابووریی بازاڕ گۆڕا، زۆربەی زۆری دانیشتوان خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون، هەروەها بەشێکیش لە کەرتی پیشەسازی کاریان دەکرد، لە ساڵی ١٩٥٢ نزیکەی ٢١٠ ملیۆن کەس کاریان هەبووە، ئەم ڕێژەیە گەیشتە ٤٠٠ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٩٧٨دا[٣].

لەڕووی دادی کۆمەڵایەتیەوە چین پێش چاکسازییەکان لەڕوی ئابوورییەوە سیستمی کۆمۆنی پەیڕەو دەکرد، کە بەپێی ئەو سیستەمە دابەشکردنی داهات بە شێوەیەکی یەکسانی ڕەها دابەشدەکرا، ئەمەش ڕێگربوو لە هاندان و داهێنان و ڕێژەی بەرهەمهێنان[٤]. لە ماوەی چاکسازیەکاندا گرنگیەکی زۆر بە چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی درا، لەم پێناوەدا هەوڵێکی زۆر درا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری، توانرا ڕێژەی هەژاری لە ٣٠٠ ملیۆنەوە کەمبکرێتەوە بۆ ٢٠ ملیۆن، ئەویش بە فەراهەمکردنی کار بە بێ جیاوازی و تەرخانکردنی بوجەیەکی گەورە بۆ لایەنی خزماتگوزاری گشتی و پاراستنی ژینگە[٥]. بەهۆی دواکەوتویی کەرتی وزەی چین و نەبونی ئامێرە پێشکەوتوەکانی گەرمکەرەوە، ساڵانە سەدان کەس بەهۆی بەکارهێنانی خەڵوزەوە گیانیان لەدەستدەدا، لەهەوڵێکدا دینگ لە ٢٢ ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ بەسەردانێک گەیشتە ژاپۆن و بەمەبەستی برەودان بە کەرتی ووزەو کارەبا کۆمەڵێ گرێبەستی لەوبوارەدا واژۆکرد[٦].

یەکێکیتر لە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراندنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان بوو لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا، ڕێکخراوەکانیش لە گروپی کۆمەڵایەتی خزمەتگوزارییە قازانج نەویستەکان پێکهاتبوون[٧].

---

[1]June Teufel Dreyer: OP.Cit, P .145-146.

[2]Foreign languages press: A concise History …, p.335.

[3]Xueyi Lu: Op.Cit, p.16.

[4]YU Keping: Op.Cit, p .14.

[5]Op,Cit, P.15.

[6]Wu Xiao-bo: Op.Cit, p.6-7.

[7]Yijia Jing: Creative Incrementalism: Governance Reforms in China Since 1978, Fudan University and Springer Science+Business Media, Singapore,2017, p.61-62.

لەسەرەتای ١٩٨٠ دەستی بە چاکسازیی بواری تەندروستی کرد، سیستمی چاودێریی تەندروستی گشتگیرو کۆمەڵی جێبەجێکرد، لە کۆکردنەوەی پارەو دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان سەربەخۆیی بە نەخۆشخانە گشتییەکان درا، تا تەواوی هاوڵاتیانی چین لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان سودمەندبن[١].

گەشەسەندنی ئابووریی بە شێوەیەکی گەورە کاری لەسەر بواری تەندروستی کرد، بە تایبەتی لە ناوچە شار نشینەکاندا ڕێژەی لەدایکبوون و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی و ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا لە ١.٧٪ بۆ ٠.٤٪ دابەزی، لە گوندەکانیشدا ٥.٨٪ بۆ ٠.٩٪ کەمیکرد[٢].

لەساڵی ١٩٧٨ نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن خەڵک و بەتایبەت ٩٧.٥٪ خەڵکی لادێنشین لەژێر هێڵی هەژاریەوەبوون، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەهۆی چاکسازیەکان لەسەرجەم سێکتەرەکاندا بۆ ٤٣ ملیۆن کەس کەمیکرد[٣]. سەبارەت بە بیمەی کۆمەڵایەتیی، حکومەتی چین سیستمێکی نوێی جێبەجێکرد، بیمەی بێکاری و تەندروستی و هاوکاریی خانەنشینی لە هەردوو کەرتی تایبەت و حکومیدا تەرخانکرد، لەدوای چاکسازییەکان و هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنەکان خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتی لە بواری تەندروستی پێشکەوتن و سەرجەم چین و توێژەکانی گرتەوە[٤]. لەڕوی هەلی کارەوە بۆ ڕەگەزی مێ، ساڵی ١٩٥٣ ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ١١.٧٪ کاریاندەکرد، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٨٨.٣٪ ئەم ڕێژەیە لەگەڵ چاکسازییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەجۆرێک ڕەگەزی مێ ساڵی ١٩٨٠ بەڕێژەی ٣٢.٦٪ و ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٦٧.٤٪ بوو[٥]. بە دابەشکردنی ئامێری تەندروستی بارودۆخی تەندروستی لە وڵاتدا باشتر بوو، بەتایبەتی؛ پێکوتەکان، چاککردنی کەشی تەندروستی وەک دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، چین لە کۆتایی حەفتاکاندا لە ئامێرسازی پزیشکی و چڕی پیشەیی لە تەندروستیدا لە زۆر وڵاتە داهات نزمەکانی ئەوکاتە بەرزتربوو، ناوەندی تەمەن لە (١٩٥٠–١٩٨٠) لە چل ساڵەوە بەرزبوویەوە بۆ ٦٦ ساڵ، هەروەها دابەزینی ڕێژەی مردن (مردنی منداڵان لە ١٧٥٪ دابەزی بۆ ٤٠٪، هەروەها ژمارەی دانیشتوان لە ٥٤١ ملیۆن بۆ ٩٨٢ ملیۆن کەس زیادبوو[٦].

تەندروستییەکی باش هۆکاری بەرهەمێکی باشە، بەپێچەوانەشەوە تەندروستییەکی هەژارو نەخۆش هۆکاری بەرهەمێکی هەژارە[٧]. لە پاڵ بەرەو پێشبردنی کەرتەکانی تردا، سیستەمی چاودێریی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریی تێداکرا، لە بنەڕەتدا ئەم سیستەمە چاودێریی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی دەگرتەوە[٨].

---

[1] Adriana Ilha da Silva: Chinese healthcare policy: the occidental European influence on the restructuring after 1978, Universidade Federal do Espírito Santo, Brazil, 2015, p. 1011.

[2] Yonglong Lu: Forty Years of Reform and Opening Up: ChinaS Proress Toward a Sustainable Path. published Amarican Association for Advancement of Science, 2019: p4.

[3] Ibid, p. 5.

[4] Gregory C. Chow: Op. Cit, P.139-140.

[5] John Philip Emerson: china under the four modernizations part 1 selected papers submimted to the joint economic committee congress of the unitd states, Washington, August13, 1982, p.259.

[٦] عبدالرحمان بن سانیة: م.س، ص١٢٧.

[7] June Teufel Dreyer: Op.Cit, p.297.

[8] Joshua David Eisenman: Burying the Commune: Why China abandoned its Rural Collectives, the degree of Doctor of Philosophy in Political Science ,UNIVERSITY OF CALIFORNIA, Los Angeles, 2014, p. 217-218.

| دانیشتوانی چین لە ١٩٧٨ - ١١٩٩٢ | | |
|---|---|---|
| گەشەی ساڵانە<br>(٪) ڕێژە | دانیشتوان<br>(ملیۆن) | ساڵ |
| ١.٢ | ٩٥٦.٢ | ١٩٧٨ |
| ١.٣ | ٩٦٨.٤ | ١٩٧٩ |
| ١.٤ | ٩٨٢.١ | ١٩٨٠ |
| ١.٢ | ٩٩٤.٤ | ١٩٨١ |
| ١.٤ | ١٠٠٨.٥ | ١٩٨٢ |
| ١.٥ | ١٠٢٣.٢ | ١٩٨٣ |
| ١.٣ | ١٠٣٦.٣ | ١٩٨٤ |
| ١.٤ | ١٠٥٠.٩ | ١٩٨٥ |
| ١.٥ | ١٠٦٧.٢ | ١٩٨٦ |
| ١.٥ | ١٠٨٣.٦ | ١٩٨٧ |
| ١.٧ | ١١٠١.٧ | ١٩٨٨ |
| ١.٩ | ١١٢٢.٣ | ١٩٨٩ |
| ١.٩ | ١١٤٣.٣ | ١٩٩٠ |
| ١.٣ | ١١٥٨.٢ | ١٩٩١ |
| ١.٢ | ١١٧١.٧ | ١٩٩٢ |

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆڕوندەبێتەوە کە بەهۆی چاکسازیەکان لە بواری تەندروستییدا ڕێژەی مردن کەمترە وڕێژەی دانیشتوان ڕوی لەزیادبونەو بە جۆرێک ژمارەی دانیشتوانی چین ساڵی ١٩٧٨ 956,2 نۆسەدو پەنجاو شەش هەزارکەس بووە، ڕێژەکە لەساڵی ١٩٩٢ گەشتووەتە 1171,1ملیارێک و سەدو حەفتاو یەک ملیۆن کەس.

پێش چاکسازییەکان چین جوڵەی سنوردارو کۆتوبەندی لەسەر بوو، بەهۆی ئەوەی حکومەت کۆنترۆڵی سیستمی هەلی کاری چینی کردبوو، بونیادی کاری دژوارکردبوو، لە ساڵی ١٩٧٨ ٧٠.٥٪ پێکهاتەی کار پێکهاتبوو لە کاری کشتوکاڵی، دوای دەستپێکی چاکسازییەکان گۆڕانکارییەکی زۆر لە هەلی کار لە چیندا هاتە ئاراوە، سێکتەری پیشەسازی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، وایکرد جوتیاران لە کەرتی ناکشتوکاڵییەکان کاربکەن[٢].

بە هۆی زیادبونی ڕێژەی دانیشتوانی، حکومەتی چین لە پێناو کۆنترۆڵکردنی گەشەی خێرای دانیشتوان ڕێکارێکی نوێی گرتەبەر، ساڵی ١٩٧٩ یاسای (سیاسەتی یەک منداڵ)ی دەرکرد، بە پێی ئەم یاسایە هاوسەرەکان بۆیان هەبوو تەنها یەک منداڵ بخەنەوە[٣]. لە کانونی دوەمی ١٩٧٩ بۆ سنورداركردنی یەک منداڵ، سیاسەتی هاندانی هاوسەرەکان دەرچوو، کۆمەڵێ پاداشت و سزا بۆ جێبەجێکردنی ئەم

1 http://www.stats.gov.cn/english/statisticaldata/yearlydata/YB1999e/d01e.htm26/3/2021,8:50pm

2 Joshua David Eisenman:Op,Cit, p.24.

3 Yuan Zang And Et al: THE ONE CHILD POLICY AND ITS IMPACT ON CHINESE FAMILIES ،XV World Congress of Sociology, Australia, 2008, p.2.

سیاسەتە دانرا، ئەوانەی پابەندبون چارەسەری پزیشکی بۆ منداڵەکەی تا تەمەنی ١٨ ساڵی بەخۆڕایی بوو، خوێندنی خۆڕایی لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو زانکۆی بۆ دابیندەکرا، لە خزمەتی سەربازیی و ناردنیان بۆ لادێکان بەمەبەستی کارکردن بەخشرابون، خێزانی ئەو منداڵانە لە پێشینەبوون بۆ وەرگرتنی شوێنی نیشتەجێبوون، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوانەی پابەندنەبون بە یاساکەوە، لەو ئۆفەرانە بێبەشبوون و سزای ٥٪ بۆ ١٥٪ لە داهاتی باوک و دایک دەدرا بە حکومەت، تامنداڵەکە دەگەیشتە چواردە بۆ پازدە ساڵ، ئەگەر دایبابیان کادری حزبی بان دەردەکران[١].

[1] June Teufel Dreyer: Op.Cit , p.311 .

## بەشی دووەم

# پەرەپێدانی سستمی سەربازیی
# و
# هێزی نەرم

## باسی یەکەم - پەرەپێدانی سستمی سەربازیی:

بە درێژایی مێژووی سیستمی کۆمۆنیستی چین سوپا خاوەنی پێگەیەکی تایبەت و هەژموونێکی بەرچاو بووە، لە هەندێک دۆخیشدا سوپا وەک حکومەتێکی ناو حکومەت هەژمارکراوە. سوپای چین لە گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتەدا وەک سەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی ڕژێمی کۆمۆنیستی١٩٤٩، جەنگی کۆریا١٩٥٠-١٩٥٣، بڕیار و ناکۆکییە فراوانەکانی نێو دامەزراوەی ڕێبەرایەتی چین، شۆڕشی کولتووریی١٩٦٦-١٩٧٦، جەنگ لەگەڵ هیندستان و ڤێتنام و بەریەککەوتنی سنووریی لەگەڵ سۆڤیێت لەسەرەتای شەستەکان، دەستگیرکردنی گرووپی چوار کەسی ١٩٧٦و هێنانە سەر کاری (دینگ شیاو پینگ)١٩٧٨، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. لە ڕابردوودا کاریگەریی سەربازەکان لەسەر بابەتە سەربازیی، سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، پروپاگەندەیی، ئایدیۆلۆژیی و پەروەردەییەکان لە ئاستە جیاوازەکانی وڵاتدا، لە مێژووی کۆماری میللی چیندا گرنگییەکی تایبەتی هەبووەو سەرکەوتن و شکستە سیاسییەکانی دامەزراوەی ڕێبەرایەتی بە پشتیوانی سوپاوە بەندبووە، بۆیە سەرکەوتن لە نوێکردنەوەی پایەکانی سوپا و جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لە سوپادا بۆ ڕێبەرانی ئەو وڵاتە گرنگی یەکی تایبەتی هەبووە.

پەیوەندییەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینی و دامەزراوەی سوپا، بە یەکێک لە گرنگترین پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت، چونکە هەموو ئەفسەرانی سوپا ئەندامی پارتی کۆمۆنیستن و لە ڕاستیدا سوپاش باڵی سەربازیی پارتەکەبووە[١]. چین سنووری لەگەڵ چواردە دەوڵەت هەیە، کە لە زانستی سەربازییدا بە سنووری ئاڵۆز دەناسرێت، چونکە چوار لەوانە (هیندستان، کۆریای باکوور، پاکستان و ڕوسیا) خاوەنی چەکی ئەتۆمین، بە درێژایی مێژوو ڕووبەرووی چەندین شەڕ بووەتەوە و ململانێی وشکانی و ئاوی هەبووە[٢].

بە پێی داتا سەربازیە فەرمیەکانی چینی ساڵی ٢٠٠٥ چین خاوەنی گەورەترین هێزی زەمینییە لە جیهاندا، ژمارەی سەربازانی دەگاتە دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار سەرباز، هەروەها خاوەنی ٨٠٠ هەزار سەربازی یەدەک و 1,5ملیۆن پۆلیسە بەم شێوەیە ڕێژەکە دەگاتە 4,6 ملیۆن کەس، لە (کتێبی سپی)دا[٣] هاتووە، چین لە توانایدا هەیە ژمارەی سەربازانی بگەیەنێتە ١٠ ملیۆن سەرباز[٤].

ڕەگ و ڕیشەی دامەزراندنی سوپای چینی بۆ یەکی ئابی ساڵی ١٩٢٧ دەگەڕێتەوە، لە ئاکامی ڕاپەڕینی (نانچانگ)ەوە دامەزرا، دوای ئەوەی ژمارەیەک لە سەرکردە کۆمۆنیستەکان لەلایەن پارتی (کۆمیتانگ) ەوە هەرێمێکی سەربەخۆیان لە ناو چیندا پێک هێنا، هێزە ڕاپەڕیوەکان بە سوپای سوور یان (گاردی

---

[١]عبداله قنبرلو: بنیادهای امنیتی سیاست خارجی چین، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال شانزدهم، شماره دوم، تابستان ١٣٩٢، ص ١٢٨.

[2] Marcuis Vinicius Defreitas: Op.Cit, p. 15-16.

[٣]کتێبی سپی: بڵاوکراوەیەکی حکومەتی چینە، دوو ساڵ جارێک لەبارەی سوپای گەلی چین و توانا و ڕێکارەکانی پەرەپێدان و ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیهێناون خراونەڕوو. (استراتژی نظامی جدید چین: ابعاد و پیامدهای منطقەای و بین‌الملل، مطالعات سیاسی، معاونت پژوهش‌های سیاسی، ص١).

[٤]توفیق حکیمی: م.س، ص٨٧.

سور) ناویان دەرکرد، لەماوەی ساڵانی ١٩٣٤ و ١٩٣٥ بەشدارییان لە (ڕێپێوانی مەزن–Long March)[١] کرد، دواتریش بە سوپای ئازادی میللی چین ناسرا[٢].ئەم سوپایە لە سییەکان و چلەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە ڕووبەڕووبونەوەی سوپای یابان و هەروەها لە دژی سوپای کۆمینگتانگ دەجەنگا[٣] .

پاشان لە سەرەتای پەنجاکان وردە وردە سوپایەکی ڕێکخراوو سستماتیکراوی لێپێکهات، ژمارەیەکی زۆری (میلیشیا شەعبی)ەکانی بەدەستهێنا، کە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی و پاڵنەری ئایدیۆلۆژیی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش کاریدەکرد، ملکەچی فیکرو سیاسەت و ڕێنماییەکانی ماو بوون[٤].

سوپای ئازادیی میللی لەلایەن لیژنەی ناوەندی سەربازییەوە کە سەرۆکی وڵات سەرکردایەتی دەکات و هەریەک لە وەزیری بەرگریی و سەرۆک ئەرکانی سوپا ئەندامن تێیدا، بەڕێوەدەبرێت[٥].

لەسەر ئاستی جیهان ئەم سوپایە بە یەکێک لەو سوپایانە هەژماردەکرێت کە زۆر بەخێرایی گەشەدەکات و بەردەوام گۆڕانکاریی تێدادەکرێت، هەر چەند لە سەردەمی ماودا گۆڕانکارییەکان کەمبوون، بەڵام لە سەردەمی دینگ بایەخێکی دیاری پێدرا، چونکە بەهێزکردنی ژێرخانی سیستمی بەرگریی بە پێویست دەزانرا[٦].

لە ماوەی دامەزراندنی چینی نوێدا چاکسازیی سەربازیی لەبەرگریی نەتەوەیی چین و بونیادنانی سوپا بابەتێکی گرنگە، قەبارەو پێکهاتەی سوپا[٧] بە دوو ئاڕاستەی ناوخۆیی و دەرەکی نوێبوونەوە و پەرەپێدانی تێداکراوە، بەر لە چاکسازییەکانی دینگ و ساڵێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری کۆمۆنیستی چین، لە ساڵی ١٩٥٠ ماو سەردانی سۆڤییەتی کرد، لەپێناو نوێبوونەوە وچاکسازیی لە سوپادا بە پێی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت، سێ هەزار پسپۆڕی سەربازیی لەو وڵاتە هێنا[٨].

---

١ ڕێپێوانی مەزن لەساڵی (١٩٣٤ بۆ ١٩٣٥) خایاند، کە لە مێژوودا بە (مانۆڕی ماو یان ڕێپێوانی مەزن) long march دەناسرێت و بە کۆچکردنێک لە "کیانگسی"ەوە دەستی پێکرد وشەش هەزار کیلۆمەتری لەگەڵ لایەنگرەکانی پارتەکەی لە ماوەی ساڵێکدا بڕی و لە ویلایەتی (شینسی) گیرسایەوە و بە تایبەتیش لە شاری (ین) سەرکردایەتی پارت و ڕێبەرایەتی لە دژی پارتی کۆمینتانگ دەکرد.بڕوانە:

( Xiaobing Li: A History of the Modern Chinese Army, The University Press of Kentucky, United States of America, 2007,p243-244

2, Ibid,p40-44.

٣فوزی درویش : الصین و الیابان ١٨٥٣-١٩٧٢ ،ط٣، ١٩٩٧ ص ١٥١ ;Xiaobing Li : Op.Cit,p243-244

٤مولود خدایش: السیاسة العسکریة الصینیة في بحر الصین الجنوبي وانعکاساتها علی ألامن الإقلیمي للمنطقة، مذکرة مکملة للحصول علی شهادة الماستر في العلوم السیاسیة، جامعة قاصدي مرباح- ورقلة -، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص٤٠.

5Foreing Language press: China…, p.105.

٦نبی اله روحی: جنگ مردمی و دکترین دفاعی چین، فصلنامەی دفاعی بسیج، سال نهم، شماره ٣٠، بهار ١٣٨٥، ص٣٠.

7 Shi Qingren: China’s Military Reform: Prospects and Challenges, Institute for Security and Development Policy, Stockholm, 2014, p.6.

٨ سجاد بهرامی مقدم،: آثار اقتصادی برداشت و سوء برداشت رهبران چین؛ بررسی تطبیقی دوره مائو تسە دانگ و دنگ شیائوپینگ، فصلنامه پژوهش‌های راهبردی سیاست، سال هشتم، شماره ٣١، زمستان ١٣٩٨، ص١٣٣.

دوای کۆتاییهاتنی سەردەمی ماو، دینگ پێیوابوو چاکسازیی سەربازی لەدوای کشتوکاڵ و پیشەسازیی و زانست گرنگترینە، نوێگەرییەکی فراوان لە بواری چەک هاتەبوون، ژمارەیەک چەکی نوێی دروستکرد، ئەمە جگە لە گەشەسەندنی خێرای بواری تەکنەلۆژیا و وزەی ناوەکی، هەروەها هێزی دەریایی دوبارە بونیاتنرایەوە[١].

دینگ سەبارەت بە ڕۆڵی سیاسی سوپا باش پەی بەو ڕۆڵە مەترسیدارە بردبوو، کە ئەم دەزگایە دەتوانێ پێی هەستێت، بە تایبەتی لە ململانێ سیاسییەکاندا، ئەم بیروڕایەی لەدووی ئایاری ١٩٧٨ لە ووتاریکدا لە بەردەم کۆنگرەی سیاسی بۆ سوپا دەربڕی، ووتی: " دەبێت سوپا ویستی بەدیهێنانی دۆخێکی نمونەیی لە کارەکەیدا هەبێت، ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆیەتی گرنگی بدات بەو پرسانەی تایبەتە بە بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی سەربازیی، بەڵام کاری سیاسی، کاری حزبەو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەرکە لە هەمو کاتێکدا"[٢].

دینگ سەرەتای چاکسازییەکانی لە دامەزراوەی سەربازی لە شوباتی ١٩٨٠ دەستپێکرد، ئەوکاتەی کە سوپای لە حزب جیاکردەوە، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا ڕاگەیاند، ئەمەش بۆ قەناعەتپێکردنی سەرکردە سەربازییەکان بوو، ئەمە هەنگاوێک بوو بۆ دورخستنەوەی سوپا لە حزب[٣].

بەرگریی یەکێک لە لایەنەکانی چاکسازیی و کرانەوە بوو، چونکە ئاسایشی بەرگریی ئاسایشی ئابووریی دەپارێزێت و لە هەر دەستێوەردانێکی بیانی ڕێگریدەکات، دوای تەواوبونی جەنگ لەگەڵ ڤێتنام کە مانگێکی خایاند، پرۆسەی چاکسازیی لەسەردەمی دینگ دەستی پێکرد، لەسەر بنەمای گرنگیدان بە کوالیتی نەک چەندێتی سوپایان ڕێکخستەوە، لەبەرئەوە ژمارەی سەربازەکانی سوپا بە چەند قۆناغێک کەمکرایەوە[٤].

لە قۆناغی یەکەم کە تا ساڵی ١٩٨٤ی خایاند، شوێنەوارەکانی شۆڕشی کولتووریی لەناو سوپا سڕانەوە، چونکە پێش چاکسازییەکان،لە ڕایی کردنی کاروبارەکان سوپا پشتی بە ئەسپ و ماین و ماتۆڕسکیل دەبەست، هەروەها ژمارەی سوپا لە ١٩٨٠ و ١٩٨٢ لە شەش ملیۆنەوە بۆ ٤.٣ ملیۆن کەمکرایەوە، لە قۆناغی دووەم لە ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٩٢ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی سوپا لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان (ئەمریکاو ڕوسیاو یابان) جەختی لێکرایەوە، گۆڕانکاریی بە ئاراستەی سوپایەکی ئامادە بۆ شەڕێکی ئەتۆمی و خاوەن ویست دەستپێکرا[5]. لەدوای مردنی ماو بوجەی سوپا ساڵانە کەمکرایەوە، بەڵام لەساڵی ١٩٧٩ بەهۆی جەنگی ڤێتنامەوە خەرجی سوپا گەیشتە ٢٢.٣ ملیار یوان[٦]،

---

[١] سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص ٥٤.

[٢] علي محمدزكي رسن التميمي: م.س، ص٢١٢.

[3] Lowell Dittmer: China In 1981: Reform, Readjustment, Rectification, Asian Survey, Jan. 1982, Vol. 22, No. 1, P. 41.

[٤] سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص ٥٥.

[5] Robert Lawrence Kuhn: Op.Cit, p. 396.

[٦] لەساڵی ١٩٨٠ ، 1دۆلار =1,5یوان بوو ، ئەم ڕێژەیە ساڵی ١٩٨٥ گەیشتە 3,21یوان و ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە ٥،٥ یوان.( (https://www.macrotrends.net/2575/us-dollar-yuan-exchange-rate-historical-chart/27-6-2021/4:50pm.

پاشان لەساڵی١٩٨٠ بۆ ١٩.٣ ملیار یوان، لە ساڵی ١٩٨١ بۆ ١٧.٥ ملیار یوان کەمکرایەوە، لەساڵی ١٩٨٢ بۆ ١٧.٩ ملیار یوان زیادکرا، هەروەها سنورێک بۆ کڕینی چەک و جبەخانەی بێگانە و سەردانی نوێنەرە سەربازییەکانی چین بۆ دەرەوە دانرا[١].

لە ٢٧ تەموزی ١٩٨٣ دینگ هەڵمەتێکی بۆ چاکسازی سوپا گرتەبەر و بووە دروشمی حکومەت، ئامانج کۆنترۆڵکردنی سوپاو هەندێک ڕێکار بوو بۆ ڕێگری سوپا، تاوەکو دەستنەخاتە کاروباری سیاسی، دینگ لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی سوپای ڕزگاری گەل بڵاویکردەوە، ڕوونیکردەوە کە سوپا بە دەست کۆمەڵێ گرفتەوە دەناڵێنێت، کە ناتوانێ کارەکانی وەک دامەزراوەیەکی بەرگری پرۆفیشناڵ ئەنجامبدات، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو سەرکردانەی تەمەنیان زۆرە بگۆڕێن بە گەنجی کارامەو ڕۆشبیرو لێهاتوو[٢].

دینگ هێزێکی بچووکی دەریایی و دواکەوتووی بۆ بەجێمابوو[٣]، لە سەرەتادا هێزی دەریایی بەشێک بوو لە هێزی زەمینی، بەڵام دوای چاکسازییەکان هێزی دەریایی جیاکرایەوە، ساڵی ١٩٨٥ ژمارەیان لە ٣٥٠ هەزار سەرباز بۆ ٢٩٥ هەزار لەساڵی ١٩٩٠ کەمکرایەوە[٤]، ئەم هێزە لە سێ کەشتیگەل پێکدەهات: کەشتیگەلی دەریای باکور، کەشتیگەلی دەریای باشوری چین، کەشتیگەلی دەریای ڕۆژهەڵاتی چین[٥]. هەریەک لەو کەشتیگەلانە لە چەندین یەکەی دەریایی و زەمینی و ئاسمانی و بەرگریی کەناراوەکان پێکدەهاتن، لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا ٢٠٪ بوودجەی بەرگری بۆ هێزی دەریایی تەرخانکرا، بۆیە ئەم هێزە گەشەی بەرچاوی کرد، ژمارەی ژێردەرياییەکان لە (٣٥ بۆ ١٠٠) بەرزبوونەوە، ژمارەی کەشتیگەلی پشتیوانی بۆ ئۆپەراسیۆن لەنێو زەریاکاندا زیاتر بوون، کەشتیگەلی چین لەو ساڵانەدا بە تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی پڕچەککرا، لەمبارەوە دینگ ڕایگەیاند کە بە مەبەستی بەرگریی لە سەروەری وڵات و ترساندنی ئەوانی دیکەیە[٦].

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە سەرۆکایەتی فەرماندەی هێزی دەریایی (لیۆ خواچینگ) چین بووە هێزێکی دیاری دەریایی لە ناوچەکەدا، (لیۆ خواچینگ) فەرماندەیەکی باڵای سوپا بوو، زۆربەی پۆستەکانی لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیادا بوو، زۆر لە دینگ نزیکبوو، لە مۆدێرنکردنی سوپادا لەگەڵ دینگ هاوئامانج بوون[٧].

---

[1] Gerald Segal and William T. Tow :CHINESE DEFENCE POLICY, THE MACMILLAN PRESS LTD, London, 1984, p.28.

[٢] علي محمد زكي رسن التميمي: م.س، ص٢١٣.

[3]EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P.545.

[4]Anthony H. Cordesman and Et al :Chinese Military Modernization and Force Development, ROWMAN & LITTLEFIELD, Lanham, 2013, p.159.

[5].Joseph Kendall&Anthony H. Cordesman :China Military Organization and Reform، center for Strategic & International Studies, 2016 ،p20

٦. محمد حسین باقی: معمای چین (رقابتهای ژئوپلیتیک در قرن 21 و تغییر موازنه قدرت در شرق آسیا)، انتشارات امین الضرب، چاپ اول، تهران ١٣٩٨، ص ٤١٦.

[٧]بهزاد شاهنده: چین در گذار به دورەی بعد از دنگ شیائوپینگ، مجله سیاسی –اقتصادی، شماره ٦٧-٦٨، تهران، ١٣٧٢، ص٤٠.

هێزی دەریایی چین لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٥ چەند جار ئۆپەراسیۆنی دەریایی ئەنجامدا و بە چەندین موشەکی بالیستی چەکدار کرابوو، لە ساڵی ١٩٨٧ هێزی دەریایی چین پلەی سێیەم بەهێزترین هێزی سوپای هەبوولەسەر ئاستی جیهاندا. ژمارەی سەربازانی هێزی ئاسمانی چین نزیکی ٣٩٨ هەزار سەرباز بوو، بەسەر پێنج سەرکردایەتی و ٢٤ فیرقە دابەشبوبوو،هەروەها لەڕووی هێزی ئاسمانییەوە گەورەترین یەکە لە هێزی ئاسمانی چینیدا فەیلق بوو، چەند بەتالیۆنێکی هەبوو، هەر یەکێکیان لە نێوان ٢٠ – ٣٦ فڕۆکەی جەنگییان هەبوو، لە ئاسیادا بە یەکەم و لە ڕیزبەندیی جیهانیش بە پلەی سێیەم دەهات[1].

لەپێناو دوبارە بنیاتنانەوەی دامەزراوەی سەربازی چین، کە لەگەڵ سیاسەتی چاکسازی و کرانەوە بگونجێت، دینگ کۆمەڵێ بڕیاری دەرکرد لەوانە:

١- پەیڕەوکردنی بنەمای لێهاتوویی فێرکاریی لە ئاستە جیاوازەکانی سەرکردایەتی سوپا .

٢- کەمکردنەوەی ژمارەی ئەفسەرە سەربازییەکان لەسەرجەم ناوەندەکان.

٣- کەمکردنەوەی ژمارەی سوپا.

٤- ڕەچاوکردنی تەمەن بۆ سەرکردەکانی سوپا لە پۆستە سەربازییەکاندا .

٥- بونیادنانی هەندێک دامەزراوەی بەرهەمهێنانی سەربازی لە شمەکی مەدەنی کە پێویستی بە تەکنیکێکی بەرزبووە[2].

ساڵی ١٩٨٠ چین یەکەم تاقیکردنەوەی مەیدانی موشەکی کیشوەربڕی لە جۆری DF- 5 ICBM ئەنجامدا، لە ١٩٨٨ موشەکی JL-SLBM لە ژێردەریای (SSBN–Xia)ەوە بەسەرکەوتوویی تاقیکردەوە[3].

هێزی بالیستی و موشەکی وەک یەکەی سەربازیی چین، تەواوی موشەکە ئەتۆمی و ئاساییەکانی لەدەستبوو، مەودای بڕکردنی بەشێک لە موشکەکان تا ١٣ هەزار کیلۆمەتر بوون، پێشبینی دەکرا چین خاوەنی ١٠٠ بۆ ٤٠٠ کڵاوەی ئەتۆمی بێت، لەم هێزەدا ١٠٠ هەزار سەرباز کاریدەکرد، بەسەر شەش بەشدا دابەشبوون، هەر بەشێک بە سەربەخۆ لەبەشەکانی دیکە کاریدەکرد[4].

لەڕووی مێژووییەوە چین خاوەن جبەخانەیەکی ئەتۆمی دانپێدانراوبوو، یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤ ئەنجامدا[5]، یەکەم مانگی دەستکردی لە ٢٤ نیسانی ١٩٧٠، بە ناوی دۆنگ فانگ هۆنگ(Dong Fang Hong One) ناردە ئاسمان کرد و (ماو تسی تۆنگ) خۆی فەرمانەکەی

---

[1]بهزاد شاهنده (دکتر) و دیگران: تبیین جایگاه قدرت هوشمند در سیاست خارجی چین، فصلنامه ژئوپلیتیک، سال چهاردهم، شماره سوم، پاییز ١٣٩٧، ص ٣٩-٤٠.

٢ علي محمدزكي رسن التميمي: م.س، ص٢١٣.

[3] توفيق حکيمی: م.س، ص٩١.

[4]بهزاد شاهنده و احمد سلطانی‌نژاد دیگران: م.پ، ل٤٠.

[5] اريک هيجينبوثام و آخرين: تطوير قوى الردع النووى فى الصين، منشور من مؤسسة (Corporation RAND)، سانتا مونيكا، كاليفورنيا، ٢٠١٧، ص ٣٨.

دەرکرد، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی مێژوویی و پرشنگدار بۆ وڵاتی چین دانرا، بەمەش بوو بە پێنجەم وڵات، کە توانای ڕەوانەکردنی مانگی دەستکردی هەبێت[1].

موشەکەکانی چین لە باشترین ئەو موشەکانە بوون کە لە توانایاندا بوو بۆ باری تەقەمەنی بۆ بۆشایی ئاسمان بە تێچونێکی کەمتر لەوانەی ئەمریکا هەڵبگرن، ساڵی ١٩٨٠ چین ٣٦ موشەکی بالیستی دوور مەودای بە سعودیە فرۆشت، کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمی هەبوو، هاوکات بنکەیەکی موشەکی لە باشوری پایتەختی سعودیە دامەزراند، کە ئەفسەری چینی تێیدا کاریاندەکرد[2].

چین زوو گرنگی بازرگانی چەک و قازانجە زۆرەکەی بۆ دەرکەوت، لەلایەکی ترەوە خۆی بە خاوەنی پێگەیەکی مەزنی سیاسی و ئابووریی دەزانی، نەیدەویست لەو کایە گرنگە دوابکەوێت و بەدوای قازانجی ئابووری و پێگەو هەژمونی خۆی لە بازاڕی جیهانی و سیاسیەوە بوو، چین پراگماتیسم و کردارگەرایی پەیڕەوکرد، خۆی لە دروشمەکانی شۆڕشی چین و سەردەمی ماو بە دوورگرت، لە ماوەیەکی کەم بۆ برەودان بە کەرتی ئابووریی سوودیان لە کەرتی پیشەسازیی چەک وەرگرت، لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵە چەندین ملیار دۆلار چەکیان بە عێراق و ئێران فرۆشت، چین داوای کرد سنورێک بۆ چەکی ئەتۆمی و ئاسایی دابنرێت و خودی دینگ داوای قەدەغەکردنی چەکی دەکرد بە تایبەتی چەکی کیمیاوی[3].

دینگ لە کۆبونەوەی فراوانی لیژنەی ناوەندیی سەربازیی پارتی کۆمۆنیستی چین لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٨٥ ووتی: "پێویستە سوپا بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئارام بگرێت"[4]، لەم سۆنگەیەوە چین توانا سەربازییەکانی بۆ خزمەتی گەشەسەندنی ئابووریی لە وڵاتدا خستەگەڕ[5].

دینگ جەختیکردەوە کە بەرنامەی چاکسازیی هەر چوار بەشەکەی سوپا (هێزی زەمینی، هێزی دەریایی، هێزی پاڵپشتی موشەکی و هێزی ئاسمانی) بگرێتەوە[6].

یەکێک لە هۆکارەکانی پێداچوونەوە و جێگیرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سوپا و پارت، کەمکردنەوەی دەستێوەردانی بە بێ هۆ و نەخوازراوی کۆنەپارێزەکانی سوپا بوو، لەبەرئەوەی ئەم کەسانە و بە گشتی سوپا لە بەرامبەر گەلێک لە چاکسازییەکانی دەوڵەت و حزب، بەرەنگارییان کرد و لە دژی هەر ئاڕاستەیەکی نوێخوازیی وەستانەوە[7].

---

[1] محمود رضا گلشن پژوه - ولی کوزەگر کالجی: روند همگرایی و بهبود جایگاه چین در نظام بین‌الملل از دیدگاه قدرت نرم، مجله سیاسی – اقتصادی، شماره ٢٦٥-٢٦٦، تهران ١٣٨٨، ص٤٩.

[2] محمد محمود صبری صیدم: دور النفط فی السیاسة الصینیة، هذه الرسالة استکمالا لمتطلبات الحصول علی درجة الماجستیر في العلوم السیاسیة، کلیة الاقتصاد والعلوم الإداریة، جامعة الازهر،منشورة، غزة، ٢٠١٤،ص١٠٠.

[3] عبداله قنبرلو: آثار دوگانه گشایش اقتصادی بر سیاست خارجی چین، جستارهای سیاسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال هفتم، شمارەی دوم، تابستان ١٣٩٥، ص٥٥.

[4] Selected Works of Dend Xiaoping (1982-1992), foreign Language's press, Beijing, voume III.1994, p.133.

[5] Jiao Liang: China's Rising military power and its implications, Institute for security and Development policy, Asia Papers Series, March 2012, P. 7-8.

[6] سعید وثوقی و دیگران: نوسازی نظامی چین، اهداف، راهبردها، فصلنامەی تحقیقات سیاسی و بین المللی، شماره پنجم، زمستان ١٣٨٩، ص ١٩٧.

[7] علی رضا کوهکن: روند توسعه چین بعد از ١٩٧٦، رەآورد سیاسی، شماره ٢٠، تهران، ١٣٨٧، ص٥٨.

لەسەر ئەم بنەمایە، دینگ پاکسازیی نەیارەکان و ڕێکخستنی سەر لە نوێی سوپا و خستنەکاری گەنجان و خاوەن بڕوانامەکان، پسپۆڕەکانی کردە ئامانجی سەرەکی، دینگ بە پێوەری حزبی نەڕۆیشت، بەڵکو ئەوانەی لە پۆستە گرنگەکانی سوپادا دادەنا کە شایستە و لێهاتوون[1]، دەیویست سوپا خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی نەبێت، بەڵام لە بابەتە سەربازییەکاندا خاوەن سەربەخۆییەکی ڕێژەیی بێت[2].

هەروەها کەمکردنەوەی خەرجی سوپا کارێکی گرنگی دینگ بوو، لە (١٩٧٨ – ١٩٨٤) بووجەی سەربازیی لە (١٧/٤ بۆ ١٠/٦) کەمکرایەوە[3]، بە پێی ئامارە فەرمییەکانی چین تێچووی سەربازیی چین لە ساڵانی ١٩٧٩ لەگەڵ دەستپێکی چاکسازییەکان (٤.٦٪) لە بوجەی تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی پێکدەهێنا، بەڵام ساڵی ١٩٩١ گەیشتە (١.٤٪)، لە هەشتاکاندا چین ڕێژەی دانیشتوانی بیست هێندەی دانیشتوانی ڤێتنام و پەنجا ئەوەندەی دانیشتوانی تایوان بوو، بەڵام کڕینی چەک و جبەخانەی بە بەراوردی ڤێتنام ٦/١ بوو، بەراورد بە تایوان ٢/١ بوو[4]. ئامارەکانی چین سەبارەت بە بوجەی تەرخانکراوی سەربازی زۆربەی جار ناتەواو بوون، لەبەرئەوەی سەرنجی ڕای گشتی جیهانی و ناوخۆ بۆ خۆی ڕانەکێشێت و کێشەی بۆ دروستنەبێت[5].

بەڵام ئامارە فەرمیە جیهانیەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە لەسەروبەندی جەنگی کەنداو ١٩٩١ چین تێگەیشتبوو کە ئەمریکاو ئەوروپا لە ڕووی چەک و جبەخانەوە زۆر پێشکەوتون، لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٩١دا 12% بوجەی بۆ لایەنی سەربازیی تەرخانکرد، ساڵی ١٩٩٢ ئەم ڕێژەیە بۆ 13,8% زیادیکرد[6].

لەڕوی ئاستی خوێندنەوە دینگ کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە ئاستە جیاجیاکانی سەرکردەکانی سوپا ئەنجامدا، لە ئاستی سەرکردە مەیدانەیەکاندا ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆی بەڕێژەی ٦٠٪ زیادکرد، ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی ناوەندی لەساڵی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٦ لە ٣٪ بۆ ٨٢٪ بەرزبویەوە[7].

ئاستی ئابووریی دامەزراوەی سەربازی بە سیاسەتی چاکسازی زۆر کاریگەربوو، چونکە تێچووی سەربازی لە ١٨ ملیار یوان بۆ ٢.٧ ملیار کەمکردەوە، کە نزیکەی ١٥٪ تێچونی سەربازی بوو، دامەزراوەی سەربازی کۆمەڵێ ناوچەی ئابووریی تایبەت بەخۆی دامەزراند، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ زیاتر لە ٣٠ دەوڵەت هەبوو، لەو ڕێگەیەوە سوپا پێویستییەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢ دابیندەکرد[8].

ناکۆکی دینگ و لایەنگرەکانی لەگەڵ گروپێک لە کەسایەتییە سەربازییەکان دەرکەوت, لە بڵاوکراوەکانی سوپادا هاتبوو ژمارەیەک لە سەربازەکان لەو سیاسەتانە تێناگەن کە لە دوای دانیشتنەکانی کانونی یەکەمی ١٩٧٨وە پەیڕەودەکران، هۆشدارییان دابوو کە دۆخێکی لەم شێوەیە

---

[1] EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P. 542.

[2] Alastair Jonnston: Changing Party-Army Relations; in China1979-1984, University of California Press,1984, P.1019-1020.

[3] محمد حسین باقی: معمای چین (رقابتهای ژئوپلیتیک در قرن 21 و تغییر موازنه قدرت در شرق آسیا)، انتشارات امین الضرب، تهران ١٣٩٨، ص ٤٣٧.

[4] EZRA F. VOGEL: Op.Cit,P.541.

[5] Ibid,P541.

[6] June Teufel Dreyer: OP.Cit, P.264-265.

[7] علي محمد زكي رسن التميمي: م.س، ص٢١٤

[8] م.ن، ص٢١٤-٢١٥.

لەوانەیە ببێتە هۆکاری تێکچوونی هەماهەنگی نێوان پارت و سوپا[١]. ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکان لە سوپادا تاڕادەیەک توندبوون، هێشتا کۆمەڵێک ئەفسەر لە سوپای چیندا خزمەتیان دەکرد، کە لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای ماودا بوون[٢].

زۆربەی سەرکردە پلە باڵاکانی سوپای چین دژی گۆڕانکاریی نەبوون، بەڵکو خوازیاری پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان بوون، بگرە پەلەیان لە بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای هەمەجۆر و پێشکەوتووی سەربازیی بوو، بەڵام بەلای دینگەوە گرنگ بوو پەلەنەکەن و بوودجەی سەربازیی کەمتر بکرێتەوە و پرۆژە ئابوورییەکانی تری پێ ببوژێنرێتەوە، هەرچەندە خۆی پێشینەیەکی سەربازیی هەبوو، بەڵام تاکە سەرکردەیە بە ڕێچکەی سیاسەت و گفتوگۆ توانی متمانەی ئەفسەرانی ناڕازی بەدەستبهێنێت و بۆیانی ڕوونکردەوە کە چاکسازیی ئابووریی لە سەربازیی لەپێشترە[٣].

دینگ ستراتیژی گونجاو و نوێی بەرانبەر بە جەنگێکی پێشبینی کراو کە لەوانەیە لە داهاتودا ڕووبدات هەنگاوی دەنا، ئەو هەنگاوانەی ڕوونکردەوە کە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لە ڕابەرایەتیکردنی سوپا و بەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتوو پێویستبوون، پێیوابوو نابێت چین بۆچوونە ستراتیژیەکانی وەکو ساڵانی سەردەمی ماو بە هێڵی (جەنگی ناوخۆ ١٩٢٧-١٩٤٩)ەوە ببەستێتەوە[٤]، لەم سۆنگەیەوە چاکسازی دیپلۆماسی توانی پەیوەندی لەگەڵ (١٠٠) وڵاتدا ئاسایی بکاتەوە، لەم ڕێگەوە دەیان ئەفسەری بۆ ڕاهێنان و وەرگرتنی زانیاری ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد[٥].

دینگ لە بەستنەوەی چاکسازیی ئابووریی بە چاکسازیی سەربازیی سەرکەوتووبوو، بە هۆی چاکسازیی ئابوورییەوە بواری بۆ کۆمپانیاکان ڕەخساند پرۆسەی بەبازارکردنی بۆ چەک و جبەخانەی چین سەرپێ خست، لە ڕێگەی فرۆشتنی چەکەوە بەشێک لە پێداویستییەکانی سوپای چینی دابینکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٠ بڕیاری فرۆشتنی چەک بە دەرەوە درا[٦].

لەبەرئەوەی چین سنوری وشکانی لەگەڵ (١٤)[٧] دەوڵەت و سنووری ئاوی لەگەڵ (٦) دەوڵەت هەیە، ستراتیژیی بەرگریی لە بواری ئاسایشی هەرێمی و گەشەپێدانی تەکنیکی سوپا لەپێشینەی کارەکانیان بوو، تەنانەت جەنگی (ڤیتنام – چین١٩٧٩) ئەم دووخاڵەی کردە ڕاستییەکی سەلمێنراو، چونکە لەو جەنگەدا (٢٦ هەزار کوژراو و ٣٧ هەزار برینداری)ی هەبوو، سوپا پشتی بە میلیشیا بەستبوو، نەک سوپایەکی ڕاهێنراوی پیشەگەر، لێرەوە ڕەهەندەکانی ستراتیژیی بەرگریی بریتیبوو لە:

---

[1]Richard D. Nethercut: Deng and the Gun: Party-Military Relations in the PRC, Asian Survey. Vol. 22. No. 8, 1982, P. 692-693.

[٢]گروه مطالعاتی چین: نقش ارتش آزادی بخش خلق در نظام سیاسی چین، مجلەی سیاست خارجی، شماره ١، دی – اسفند ١٣٦٥، ص ١٠٦.

[3]EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P.544.

[٤]گروه مطالعاتی چین: س.پ، ل ١٠٦.

[٥]سي محاند شهيناز نور الهدى: م.پ، ص٥٥.

[٦]فریبرز ارغوانی پیرسلامی: عقلانیت استراتژیک چین و روابط دفاعی - امنیتی با ایران، فصلنامه پژوهش‌های روابط بین الملل، دوره نخست، شماره بیست و یکم، ص ١٨٢.

[٧] لەسەرچاوەکەدا نوسراوە ١٥، بەڵام لەڕاستیدا ١٤ وولاتن.

١- پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاکی چین، ئاراستەی ئەم ئامانجە بەرەو ململانێ سنورییەکان دەچوو، بەتایبەت لەناوچەی دەریای باشوری چین.

٢-یەکگرتنەوەی ئاشتیانەی نیشتیمانی، مەبەستی سەرەکی تایوان بوو، چین بەکارهێنانی ڕێگەچارەی دیکەی وەک بژاردە بۆ ئەم کێشەیە هەبوو، بەتایبەت سەربازیی.

٣-دابینکردنی کەشێکی ئاشتیانەی گونجاو لەگەڵ پرۆسەی بونیاتنانی ئابووریی کارکردن، ئەمەش خۆی لە پارێزگاریکردن لە بازاڕەکانی دەرەوەی وولات دەبینییەوە، هەناردەکردن یان هاوردەکردن، بەتایبەت کەرەسەی خاو و ووزە، ئەمە سەرەڕای سەربەستی کەشتیوانی لە دەریاکان لەپێناو گواستنەوەی کەلوپەل بۆ سەرانسەری دونیا.

٤- وەک زلهێزێک دوای چەند سەدەیەک لە لاوازیی، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پێگە جیهانیەکەی جەختیدەکردەوە[١].

کاتێک دینگ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای وەرگرت، دوو ڕووداو زیانی بە پێگە و بەرنامەکانی سوپا گەیاند، یەکەم جەنگی کورتخایەنی نێوان چین و ڤێتنام، لەو جەنگەدا سوپا نەیتوانی بەباشی بجەنگێت[٢]، دووەم لە ئازاری ١٩٧٩ ڕویدا، کاتێک دامەزراوەی ڕێبەرایەتی چین بەرنامەی نوێبوونەوەی وڵاتی بۆ ماوەیەک خاوکردەوە، نوێکردنەوەی سوپاش لە ڕیزبەندی سێیەمەوە بۆ پلەی کۆتایی ڕیزبەندییەکە گۆڕا (کشتوکاڵ، پیشەسازی، زانست و تەکنەلۆژیا، بەرگریی). لەلایەکیترەوە ئەم ڕیزبەندییە هۆکاری کەمبوونەوەی بووجەی بەرگری چین بوو[٣]، لەو قۆناغەدا سیاسەتی سەربازیی چین چەند بنەمایەکی هەبوو، لەوانە[٤]:

_ بووژانەوەی پێگەی جیهانی و ناوچەیی چین و دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای سەربازیی.

– مامەڵەی گونجاو لەگەڵ هەڵوێستە ناڕوونەکانی ئەمریکا و ژاپۆن و هیندستان.

– پاراستنی توانا و پێگەی لێهاتوویی چین لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی لە دژی تایوان. چونکە تایوانی بە بەشێکی جیانەکراوەی خۆی دەزانی و هەر بزاوتێکی دیپلۆماسی و دانوستاندن لەمبارەوە بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی ئەژمادەکرد.

– بووژانەوە و بەهێزترکردنی هێزی سەربازیی و دیپلۆماسی لە ناوچە نزیکەکان و ئارەزووی گەیشتن پێیان، لەوانە دەریای چینی باشوور و مافی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بۆ پاراستنی هاتوچۆی سەلامەت لە دەریا و زەریاکاندا.

---

[١]عبدالرحمن أوجانة: م.س، ص٤٤.

[٢]نبی اله روحی: م.پ، ص٢٩.

[3]Gerald Segal and William Tow: Op.Cit, P. 7.

[٤]محمد مهدی مظاهری: تبین رقابتهای چین و ایالات متحدەی آمریکا در چارچوب نظریە چرخەی قدرت، فصلنامەی تحقیقات سیاسی و بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، شماره دوم، تابستان ١٣٨٨، ص ٩٠.

- بەهێزبوونی سوپا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە پشێویەکی کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی لە ناوخۆی وڵاتدا[1].

ئەفسەرە گەنجەکان بۆ بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتوو و بەدیهێنانی ڕێکخستن و ڕێکوپێکی لە بەخشینی پلەو بە پیشەییکردنی ڕاستە قینەی سوپا کاریاندەکرد، ئەو گەنجانەی دینگ بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕەوانەی دەرەوەی کردبوون، بە زانیاری نوێ و بیرۆکەی نوێی سەربازییەوە گەڕابوونەوە و ئاماژەیان بۆ چەک و جبەخانەو بەرنامەی پێشکەوتوو و ئاڵۆز دەکرد، هاوکات ڕابەرە دیارە بەتەمەنەکانی سوپا، لەگەڵ ئەوەدا لە سەردەمی توندڕەوی ماودا بۆ یەکسانی و دادپەروەری، بە پیشەییکردنی سوپا و نوێکردنەوەی تەکنۆلۆژیا هەوڵیاندابوو، بەڵام پاش مردنی (ماو) ئامادەنەبوون واز لە میراتی ماو بێنن، ئەم کەسانە لە هەندێ بابەتدا ڕووبەڕووی ئەفسەرە گەنجەکان دەبوونەوە[2].

لەم سەربەنەوە دینگ لە کۆبوونەوەی گشتی کۆمسیۆنی سەربازیی پارتدا، وتاریکی گرنگی پێشکەشکرد، هەڵەی هەندێک لە یەکەکانی سوپای دیاریکرد، کە (هەڵتۆقینی هەندێک کەس لە سوپادا، دووبەرەکی، لە خۆباییبوون، خۆپەرستی، تەمبەڵی و ...تاد) لە ناو ڕیزەکانی سوپادا بڵاوبوەتەوە، بە بۆچوونی دینگ، گەورەترین کەلێن نەبوونی ڕێکخستنی تۆکمە و گوێنەدان بە فەرمانەکان بوو، هەروەها دەستەگەریی و گرنگیدان بە بەرژەوەندی تاکەکەسی وەک گەندەڵییەکی دیکەی ناو سوپا ئەژمارکرد، لەبەرئەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گەندەڵییانە پرۆسەی نوێکردنەوە و پەرەپێدانی سوپای سەرپێخست[3]. لەم ڕوانگەیەوە چەند گۆڕانکارییەکی لە ئاستی باڵادا ئەنجامدا، ژمارەیەک لەو کەسە سەربازییانەی هاوڕای بۆچوونەکانی خۆی بوون لە پلەی باڵای دەسەڵات دانیان و ژمارەیەکی زۆر لەو کەسە سەربازیانەی دوورخستەوە کە دژی پلان و سیاسەتەکانی بوون، گۆڕانکاریی لە ئاستی سەرۆکایەتی ئۆرگانە ناوەندییەکانی سوپادا ئەنجامدا، لە: سکرتێری گشتی کۆمیتەی سەربازیی پارتی کۆمۆنیست، چوار جێگری ئەرکانی سوپا، سەرۆکی کارگێڕیی گشتی سوپا، سەرجەم ڕابەرانی بەڕێوبەرێتی دابینکردنی چەک و بواری لۆجستی، کۆمیسەری سیاسی هێزی دەریایی و ئاسمانی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی، زانستی بەرگریی و کۆمیسەرە سیاسییەکەی، هەروەها لە ئەرکانی سوپادا، بە نزیکەیی سەرجەم فەرماندەکانی ناوچە سەربازییەکانی چین گۆڕدران[4].

ناکۆکییەکان لەئاستی ڕابەرایەتی پارتی کۆمۆنیست سەبارەت بە کاروباری سەربازیی هۆکار بوو بۆ ئەوەی تا ساڵی ١٩٨١ پۆستی وەزارەتی بەرگریی بە چۆڵی بمێنێتەوە، سەرەنجام (کانگ نیا) وەک

[1] حذفاني نجيم: العلاقات الصينية الأمريكية بين التنافس و التعاون –فتره ما بعد الحرب الباردة–،مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية والعلاقات الدولية، مقدمه لجامعة الجزائر، ٢٠١١، ص٤٥.

[2] EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P.544 .

[3] غلامعلی چگنی زاده: موازنه قوا و روابط راهبردی چین با ایالات متحده آمریکا، فصلنامه روابط خارجی، سال پنجم، شماره چهارم، زمستان ١٣٩٢، ص ٢٤٩.

[4] گروه مطالعاتی چین: م..پ، ص١١٠.

یەکەمین وەزیری بەرگریی ناسەربازیی دانرا، ئەم بابەتە ویستی زیادکردنی دەسەڵات و هەژمونی کەسە مەدەنی و ناسەربازییەکانی لە سوپادا لای دینگ زیاتر دەرخست[١].

لەگەڵ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بۆ هەندێک لە ڕێبەرە سەربازییەکان مایەی خۆشحاڵی نەبوو، بەڵام ئاژاوە و ناکۆکی سەختی لێنەکەوتەوە، زۆرینەی کەسایەتییە سەربازییەکان ڕزگاربوونیان لە کۆت و بەندی سیاسی پەسەندکردو پێی خۆشحاڵبوون، چونکە لە فشارو کێشە سیاسییەکان قوتاربووبوون و دەیانتوانی سەرقاڵی ڕۆڵ و کاروباری سەربازیی خۆیان بن[٢]. هەندێک لە شۆڕشگێڕە دێرینەکان لەسەر جێبەجێکردنی هەندێک لە سیاسەتەکانی ماو وەک سیستمی بێ نمرە و پلەی سەربازی سووربوون، لەبەرئەوە نەبوو بڕوای تەواویان بە دروستی وتەکانی ماو هەبووە، بەڵکو ئەو ئەفسەرانە هێشتا هەندێک لە نەریت و ئەزموونەکانی ساڵانی تێکۆشانی سوپای سووریان لا پیرۆز بوو، ترسیان لەو ئەنجامە نەخوازراوە دەروونیانەبوو کە لەوانەیە بە هۆی وەلانانی ئەم بەها و پیرۆزیانە دروستبێت[٣].

هەندێک لەم کەسە بە تەمەن و پارێزگارانە دژی ئەنجامدانی هەندێک لە چاکسازییەکانی ناو سوپا بوون، هێشتا ئەمەریکایان بە (بەوری کارتۆنیی) ناودەبردو نزیکبوونەوەیان لە ئەمەریکا بە گونجاوو باش نەدەزانی، هاوکات هەندێک لەو ئەفسەرانەی لە یەکێتی سۆڤێت درێژەیان بە خوێندن دابوو ترسیان لە هەژموونی دەسەڵاتی دەرەکی هەبوو[٤]. دینگ بە دیدێکی نائایدیۆلۆژیی و وەک کەسێکی کردارگەراو بەلۆژیکی: "گرنگ نییە پشیلە ڕەش یان سپی بێت، گرنگ ئەوەیە مشک بگرێت"[٥]، ئاراستەی چاکسازییەکانی کرد، لە کۆتاییەکانی مارسی ١٩٨١ بۆ بەرپرسانی سوپای ڕوونکردەوە گوتی( نەک هەر لەبەرانبەر ڕەوتی چەپ، بەڵکو دەبێت بەرانبەر ڕەوتی ڕاستڕەویش بوەستینەوە، بەداخەوە زۆرێک لە کادیرەکانمان کە لە سیاسەتە نوێکانی حکومەت تێناگەن و بەگرتنەبەری ڕێکاری سەرمایەدارانە تۆمەتبارمان دەکەن، بۆیە ناچارین دەستبکەین بەگۆڕینیان یان لەسەر کارلابردنیان)[٦].

بەمانایەکیتر نارەزایەتیە سەربازییەکان، لە سیاسەتەکانی دینگ لە بابەتە ئایدیۆلۆژیی و ئابوورییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، لەزۆر بواردا (ئەم بابەتانە پێکەوە گرێدراون. لە بابەتە ئایدیۆلۆژییەکاندا ڕەخنەی کەمینەیەک لە سوپا سەبارەت بە (لیبرالیزمی بۆرژوازیی)بوو، بڕوایانوابوو چین بە ئاراستەی ئەو ڕێڕەوە هەڵەیە هەنگاودەنێت، ترسییان لە کاریگەرییە زیان بەخشەکان بوو، کە لەوانەیە ئەم ڕێڕەوە لەسەر پەیکەری گشتی و وورەی کۆمەڵگە و دیسپلینی کۆمەڵایەتی چین دروستیبکات[٧].

---

١ گروه مطالعاتی چین: م..پ، ص١١٠.

٢نبی اله روحی: س.پ، ص٣١.

٣ گروه مطالعاتی چین: م.پ، ص١١١.

٤ هـ .م،ص١١١.

٥محمد حسن شیخ الاسلامی و اخرون: اهمیت و جایگاه فناوری برتر در راهبرد سیاست خارجی چین در قبال اسرائیل، فصلنامه مطالعات روابط بین الملل، سال دوازدهم، شماره ٤٨، زمستان ١٣٩٨، ص٩٦.

٦محمد حسین باقی: م.پ، ص٣٢.

7Ellis Joffe: Chinese Civil-Military Relations: The Transformation of the People's Liberation Army, Routledge taylor & francis Group, London and New York, 2006, P.13-14.

بەڵام ئەمە پاساوی ڕەخنەو گلەیی ئەو کەسانە نەبوو، لەبەرئەوە کاتێک سوپا لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەکەیدا، لەبەرانبەر ڕێنوێنییە گومانـاوییە ئایدۆلۆژییەکان و پێشنیاری ڕەچاوکردنی ڕەوشت لە کۆمەڵگە و کەمتەرخەمی لە ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانبوونی (بیروباوەڕە زیانبەخشەکان) لە کۆمەڵگەدا، هێرشی توندی کردە سەر ڕابەرایەتی پارتی کۆمۆنیست، کاردانەوەی دینگ خێراو یەکلاکەرەوە بوو، هەرچەندە ڕۆژنامەکە لەچوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا پۆزشی هێنایەوە، بەڵام لە ٢٧ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ (وی گواچینگ) کە بەرپرسی ڕۆژنامەکە بوو لە کارەکەی دوورخرایەوە. لێرەوە دینگ دەریخست کە لە کۆتاییدا بڕیار لای پارتە نەک سوپا، هاوکات ڕێگە بە سوپا نادرێت دەسەڵاتیان بەسەر پارتدا هەبێت، هەروەها دینگ گۆڕانکاریی لە شێوازی بیرکردنەوەی سەرجەم ڕێبەرە سەربازییەکان سەبارەت بە کاروبارە ستراتیژییەکانی بە پێویست دەزانی[1].

بەهۆی هەندێک لە سیاسەتە مشتومڕهێنەرەکانی دینگەوە، لەگەڵ کۆنترۆڵی پارت بەسەر سوپادا، ڕێگری لە جیاوازیی بۆچوونەکان لەگەڵ کەمینەیەک لە هێزە چەکدارەکانی چین نەکرد، بەڵام ئەم جۆرە ناکۆکییانە پەرشوبڵاوبوون، چونکە گروپە جیاوازەکانی سوپا لە بەرژەوەندییە دژەکانیان، بۆچوونی جیاوازیان دەخستەڕوو، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە هەندێک بابەت هاوڕای دامەزراوەی ڕابەرایەتی پارت و حکومەت بوون، ئەم گروپانە لە سوپادا نەیانتوانی یەکگرتووبن، ئەم نەبوونی یەکگرتوویی و ڕێکەوتنە لە نێوان یەکە سەربازییەکاندا سەرچاوەو هۆکاری بەهێزبوونی دامەزراوەی ڕێبەرایەتی دینگ بوو، بە واتایەکی تر لە نێو سوپادا گروپ و باندی جیاواز بوونیان هەبووە، زۆربەی شارەزایانی کاروباری چین دابەشیاندەکەن بۆ دوو گروپ، کە بە چەپی توندڕەو دەستپێدەکات و بە ڕاستڕەوی توندڕەو کۆتاییدێت[2].

دامەزراوەی ڕێبەرایەتی چین سەبارەت بەو مەترسیە دەرەکییانەی ڕووبەڕووی دەبوونەوە، پێداچوونەوەیەکی کرد و لە هەڵسەنگاندنەکەیدا گەیشتە دەرەنجامێک، کە ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی چین دەبنەوە، لە ڕێژەی پێشبینیەکان زۆر کەمترن، سوپای چین لە ڕێگەی گۆڕانکاریی لە پێشکەوتن و تێـۆرە بەرگرییەکـان، هەوڵیداوە جەخت لە سەر تەکنۆلۆژیای بەرگری (هەرزانتر) بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش خەرجیەکانی سوپای بە هەموو بەشەکانیەوە بۆ نیوە دابەزاند[3].

نوێکردنەوەی ڕێکخراو و دامەزراوەی بەرپرسی پلاندانان لە سوپادا، گرتنەبەری چەند بڕیارێک لە لایەن ئەفسەرە پیشەگەرەکانەوە و ڕێگەدان بە پیشەسازیی سەربازیی بۆ دروستکردنی کالای ناسەربازیی، دینگ تاڕادەیەکی زۆر کارگەکانی بەرگریی خستە بواری بەرهەمهێنانی شتومەکی مەدەنیەوە و تا نزیکە نیوەی ئەم کارگانە چیتر کەلوپەلی سەربازییان بەرهەم نەهێنا[4].

---

[1] گروە مطالعاتی چین: م.پ،ص١١٢- ١١٣.

[2] هـ.م، ص١١٣.

[3] سعید وثوقی و دیگران: م.پ، ص ١٩٨.

[4] EZRA F. VOGEL: Op.Cit,P. 548.

بڕیــارێکی دیــکەی گرنگــی کۆمســیۆنی ســەربازیی ناوەنــدی پــارتی کۆمۆنیســت لە ســاڵی ١٩٨٥، کەمکــردنەوەی نــاوچە ســەربازییەکانی چــین بــوو، تــا ئەو کــاتە چــین بــۆ یــانزە نــاوچەی ســەربازی دابەشکرابوو، بەڵام پاش ئەو بڕیارە، ناوچە سەربازییەکان بۆ حەوت ناوچە کەمکرانەوە. لە وتارێکدا دینگ وتی: "وڵاتانی زلهێز و ئەتۆمی جەنگی یەکتری ناکەن، چونکە لە ئاکامەکانی ئاگادارن، ئەمەشی کردە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بووجەی سەربازیی لەو ساڵەدا"[1].

یاســای ڕێکخســتنی فەرمــانبەرێتی و سیســتمی خــزمەت و پــلەی لە ســوپادا بەگەڕخســتەوە کە ئەم سیستمە لە ساڵی ١٩٦٥ هەڵوەشابوویەوە، ئامانجی یاسای نوێی سیستمی فەرمانبەرێتی، گۆڕینی سوپای چین بۆ سوپایەکی بەهێز، مۆدێرن و ڕێکخراو و شۆڕشگێڕانە بوو، ئەم یاسایە جەختیدەکردەوە کە خزمەتی سەربازیی، زۆرەملێیە و دەبێت ڕێکارەکانی خزمەتی سەربازە یەدەگەکان بەهێزبکرێن، هەروەها لەم یاسایەدا هاتووە کە دەبێت ئەفسەرەکان دەرچووی پەیمانگای ئەفسەران بن[2].

سەرکردایەتی سیاسی چین پێیانوابوو چاکسازییەکان کاتێک سەرکەوتوو دەبن، ئەفسەرانی سوپا ئامادەی واز لە شێوازە کۆن و دواکەوتوو و نەریتییەکان بهێنن و دیدی خۆیان هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنە نوێیەکان فراوان بکەن، بەڵام هەندێک لە ڕێبەرە پلە بەرزەکانی سوپاو ژمارەیەک لە ئەفسەران خاوەنی دیدێکی لەو شێوەیە نەبوون، بەڵکو بە ڕابردووەوە بەسترابوونەوە، بڕوایانوابوو تەکنەلۆژیای نوێ هۆکارە کاریگەرەکانی لە جەنگدا نەگۆڕیوە، لەبەرئەوە خەریکی دروستکردنی کێشە و لەمپەربوون لەبەردەم چاکسازییەکاندا، دینگ و هاوبیرەکانی، پێیانوابوو چاکسازییەکان لە سیستمی گشتی سوپای چیندا، تەنها بە چاکسازیکردن لە شێوازەکانی کارگێڕیی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە چەکە تەقلیدی و تاکتیکی و ستراتیژییەکانی سوپاوە هەیە، دێتەدی[3]، دەسەڵاتدارانی چین ویستوویانە هێزە چەکدارەکانی چین، لە هێزی چەکداریی پارتەوە بۆ سوپایەک کە موڵکی حکومەتی کۆماری چینی میللی بێت، بگۆڕێت، تەنانەت باس لەوە کرابوو کە ئەرکەکانی کۆمسیۆنی سەربازیی پارت بە کۆمسیۆنی سەربازی حکومەت بسپێرێت، لە کۆتاییدا دەکرێت ئامانجەکانی دینگ لە ناو سوپادا لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە[4]:

١- کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپا لە کاروبارە ناوخۆییەکان و لە ڕووی سیاسییەوە.

٢-بە هێزکردنی کارامەیی سەربازی سوپا و لە ئەستۆگرتنی ڕۆڵی زیاتر لە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە بەرگریی نیشتیمانی.

دینــگ جــگە لە چاکســازیی لەنــاوخۆی ســوپا و بەرزکــردنەوەی ئاســتی بەهێــزییەکەی لە ڕووی چەندێتیەوە، لەسەر ئاستی دەرەوەش بە تایبەت سەبارەت بە تایوان لە ڕووی سەربازیی و فرۆشتنی چەک پێی سەرکەوتووبوو، توانی ڕێژەی فرۆشتنی چەک لە لایەن ئەمریکاوە بە تایوان تا ساڵی ١٩٨٩ بە ڕێگەی دیپلۆماسی سنووورداربکات، ئەوە جگە لەوەی لەڕووی مرۆی و لۆجستیەوە گرنگی زۆری بە

---

[1] EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P.545.

[2] گروە مطالعاتی چین: م.پ، ص ١١٦.

[3]: هـ .م، ص١١٧.

[4] هـ .م، ص١٢٠-١٢١.

سوپاداوە[١]، لەگەڵ هەموو ئەو چاکسازییانەی لە بواری سەربازیدا کردی، سوپای لە ململانێی ناوخۆیی و دەنگی ناڕەزایەتیدا بەکارهێنا و ڕژانە جەماوەریەکەی گۆڕەپانی (تیان ئانمین)ی ساڵی ١٩٨٩ چینە جیاوازەکانی پێ سەرکوتکرد، کە دژایەتی نەیارەکانی و ڕەخنەی جیهانیی لێکەوتەوە[٢].

سوپا هیوایەکی زۆریان بەهاتنە سەر حوکمی (جیانگ زیمین) هەبوو، هەرچەندە یەکەم سەرکردەی ناسەربازیی بوو پلەی سەرۆکی لیژنەی ناوەندیی سەربازیی و سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست و سەرۆکی کۆماری گەلی چین وەرگرێت، جیانگ بۆ ئەوەی سەرکردایەتیەکەی قبوڵبکەن هەوڵی خۆ نزیکردنەوەی لە سوپا دەدا، هەر لەسەرەتای نەوەدەکانەوە ئۆتۆنۆمیەکی زۆری بەسوپا بەخشی، ڕێژەی سوپای گەورەتر کردو ڕێژەی بوجەی سوپای زیاتر کرد[٣]، لەکۆتاییدا ڕاگەیاندنەکانی چین ڕاشکاوانە قسەیان لەسەر گیروگرفت و سەرکەوتنی چاکسازییەکان لە سوپادا کردووە، دەکرێ بوترێت کە سوپای چین لەگەڵ ئەوەدا تەنها چەند هەنگاوێکی سەرەتایی لە ڕێگای دوورو درێژی چاکسازیدا هەڵگرتووە، بەڵام سەرکەوتنەکانی بەرچاوبوون و ڕێڕەوی پێشکەوتنی بە ئاڕاستەی سوپایەکی مۆدێرن و پیشەیی بەردەوامی هەیە، بەڵام بە پاراستنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە تەنها تایبەتن بە سوپای چین[٤].

---

[١]مولود خدایش: م.س، ص٤٠.

[٢]رضا شیرزادی(دکتر): دنگ شیائوپینک معمار اصطلاحات چین، نگاه نخبگان، بدون دکر سال چاپ، ص ١٠.

[3]Xiaobing Li: Op.cit, P.274.

[٤]گروە مطالعاتی چین: م.پ، ص١١٧.

## باسی دووەم - هێزی نەرم وەک میکانیزمی سیاسەتی چاکسازیی ناوخۆیی چین (١٩٧٨-١٩٩٢):

(هێــزی نەرم–Soft power) چەمکێکــی نــوێی بــواری پەیوەنــدییە نێودەوڵەتییەکــانە، لە ئەمریکــاوە سەریهەڵداوە، ئەو جۆرە هێزە کە بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی و خۆسەپێنی، دەوڵەتان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و فراوانکردنی هەژموونیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەنای بۆ دەبەن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی چین لە هەموو دەوڵەتان زیاتر سوودی لەم چەمکە وەرگرتووە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە خزمەتکردنی سیاسەتی دەرەکییەوە هەیە.

### یەکەم – چەمکی هێزو هێزی نەرم:

(جوزیـف نـای) پێیـوایە هێـز "توانسـتی دروسـتکردنی کـاریگەرییە لەسـەر ڕەفتـاری کەسـانیتر بـۆ بەدەستهێنانی چەند دەرەنجامێکی دیاریکراو"[١]، کە بە زۆرلێکردن و هەڕەشەکردن، یان سەرنجڕاکێشان لە ڕێگەی قەرزپێدان یان هاریکاریکردنی ئەوانیتر بەرجەستە دەبێت[٢]، واتە توانای زاڵبوون بەسەر ڕەفتاری بەرانبەر بەجۆرێک لەگەڵ ئامانجی کەسەکەدا بگونجێت، کە بەهاندان بۆ ئەنجامدان یاخود ڕێگریکردن یاخود بەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانی کارێک دەبێت. خاوەن هێز بە کرێ یان بەکارهێنانی تەکنیک و هەوڵی ڕازیکردن و هاندان، تاکو دەگاتە هەڕەشەو بەکارهێنانی هێزی سەربازیی لەبەرانبەر، لەهەوڵی جێبەجێکردنی مەرامەکانیدایە[٣].

نای وتویەتی: "هێز وەک کەش و هەوا وایە، هەموو کەس دەتوانن پشتی پێببەستن و قسەی لەبارەوە بکەن، بەڵام کەمتر لێی تێدەگەن"، هەروەها "هێز وەک خۆشەویستی وایە، ئەزمونکردنی ئاسانترە وەک لە پێوان و پێناسەکردنی"[٤]، ئیرنست وڵسۆن نوسیویەتی: "لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا هێز واتە کاریگەریی و ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتی بەرانبەر تاوەکو بە پێچەوانەی خاوەن هێزەوە هەڵسوکەوت نەکات"[٥]، هێز لە تێگە مێژووییەکەیەوە بە (توانای چونە ناو جەنگ) بەستراوەتەوە[٦]، هەندێ ڕەگەزی وەک: دانیشتوان،

---

[1] JOSEPH S. NYE: Soft Power: The Means to Success in World Politics, PUB LI CAFF AIRS, New York, 2004, P. 5.

[2] JOSEPH S. NYE: The Paradox of American Power: Why the World's Only Super Power Can't Go It Alone, Public Affairs, New York, 2002, p. 2; Joseph S. Nye Jr.: The Benefits of Soft Power (Boston, MA: Harvard Business School, 2 June 2004), p.1.

[٣] مارتن غريفيش و تيري أوكلاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، مركز الخليج للابحاث، ط١، الامارات، ٢٠٠٨، ص٢٥٦

[4] Joseph S. Nye: Soft Power the Means to Success…, p.1.

[5] James R. hackbarth: soft power and smart power in Africa, strategic insights, center for contemporary conflict at the naval postgraduate school vol8, California, 2009, p.3.

[٦] جوزيف ناى: حدود القوة الامريكية، فصلية العلوم السياسية، ت. علي حسين باكير، مجلة العصر، ج ١١٧، رقم٤،السعودية ،شتاء ٢٠٠٢ –٢٠٠٣، ص٥٤٥–٥٥٩.

زەوی، سەرچاوەی سروشتی، ئابوریی، سەقامگیریی سیاسی، بونیادی سەربازیی، بە مانا کلاسیکییەکەی پێکهاتەی سەرەکی چەمکی هێزن، دەکرێت توانای زۆرلێکردن و ناچارکردن، تەنانەت بەرتیل پێدانیش بگرێتەوە و بەرانبەر ملکەچ بە داواکاریی و فەرمان و ویستەکانی ببن تا ئامانجەکانی بەدیبهێنن[١]، نای ئەو هێزانە بەپارادۆکس دەناسێنێت، چونکە بە ئەنجامی ویستراو ناگەن[٢].

سەبارەت بە هێزی نەرم، جۆزێف نای یەکەمجار وەک چەمک بەکاریهێنا، ڕەگەزەکانی ئەو دەستەواژەیەی بەڕوونی لە کتێبی (بازدان بەرەو سەرکردایەتیکردن – bound to lead) باس کردووە، کە لە ساڵی ١٩٩٠ بڵاویکردۆتەوە، پاشان لەکتێبی (پارادۆکسی هێزی ئەمریکی – power the paradox of American) لە ساڵی ٢٠٠٢ دووبارەیکردەوە[٣]، نای لە کتێبی (هێزی نەرم ئامرازی سەرکەوتنە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا – SOFT POWER The Means to Success in World Politics) لەساڵی ٢٠٠٤، زیاتر لە ماناو چەمکی هێزی نەرم قوڵبووەوە، بەڕوونی بەدوای شێواز و هۆکارگەلێکی یارمەتیدەر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەڕا، تاوەکو ئەو بارە ناهەموارەی ئەمریکای تێکەوتوەو بۆتە هۆی ناشرینکردنی لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا، چارەسەربکات[٤].

ئەو دوو فۆرمی لەهێز جیاکردەوە: هێزی زبر و هێزی نەرم، زۆرەملێکردن و قایلکردن سەرچاوەی سەرەکی هێزی زبرن، لە کاتێکدا هێزی نەرم توانای کێشمەندیی و سەرنجڕاکێشانە نەک زۆرکردن و پارەپێدان[٥].

هێزی نەرم توانستی بەدەستهێنانی خواستراوەکانە لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشان، نەک زۆرلێکردن یاخود پارەپێدان، واتە لەبری ناچارکردنیان بە هێزی سەربازیی یاخود سزای ئابوریی، میکانیزمە کولتووریی و سیاسییەکان بەکاردەبرێن[٦].

نای ستراکچەری هێزی زبر و نەرم ڕووندەکاتەوەو پێیوایە: هێزی نەرم ئەوەیە کە دەوڵەتی A بتوانێت سەرچاوە هەستپێنەکراوەکانی بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوڵەتیB بەبێ هەڕەشەکردن و زۆرلێکردن بەکاربهێنێت، بەڵام هێزی زبر ئەوەیە دەوڵەتی A لە ڕێگەی هەڕەشەکردن و زۆرلێکردن لە دەوڵەتی B، ملکەچ بەخواستەکانی خۆی بکات، سەرچاوەکانی هێزی زبر مەرج نییە هەموو کات هێزی سەربازیی بن، بەڵکو هەندێکجار (ئابوریی و فشاری سیاسی)ش دەگرێتەوە[٧]. بە مانایەکی سادەتر (هێزی نەرم) توانای

[1] Joseph S. Nye: Soft Power the Means to Success., P.5-4; James R. hackbarth: Op.Cit, p.3.

[2] Joseph S. Nye: The Benefits …, p.1.

[3] Joseph S. Nye: the paradox of …, P.8-12.

[4] Joseph S. Nye: Soft Power: The Means to …, p.3.

[5] Beston Husen Arif :The Role of Soft Power in China's Foreign Policy in the 21st Century, International Journal of Social Sciences & Educational Studies, University of Sulaimani, March 1 2017, p.96.

[6] Joseph S. Nye Jr: The Future of Power, Public Affairs, New York, 2011, P.x.

[7] Beston Husen Arif: Op.Cit, p.96-97.

بەدەستهێنانی ویستراوەکانە لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە[1]، دەتوانین هێزی نەرم لە توانای گرتنەخۆی شاراوەو ڕاکێشانێکی نەرم کورتبکەینەوە، بە جۆرێک ئەوانیتر خۆیان ئارەزوومەندانە ئەو کارەبکەن کە هێزە دەسەڵاتدارەکە دەیەوێت[2].

هێزی نەرم پشت بە سێ سەرچاوەی سەرەکی؛ کولتوور (بەتایبەتی زمان و هونەر)، بەها سیاسییەکان (دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و هەڵبژاردن)، سیاسەتی دەرەکی (مەشروعیەت و ڕەوایەتی و دەسەڵاتێکی ئەخلاقی) دەبەستێت[3]، نای پێیوایە فەرهەنگ و بەها سیاسییەکان تاکە سەرچاوەی دروستکردنی هێزی نەرم نین، بەڵکو سەرچاوە ئابوورییەکانیش دەتوانن هێزی زبر و هێزی نەرمیش دروستبکەن. لەبەرئەوە لە پەیوەندییە ئابووریەکاندا، جیاکردنەوەی هێزی زبر و نەرم کارێکی دژوارە[4]، بە تێڕوانینی نای کۆمپانیای هۆڵی هوود و بەرهەمە ڕاگەیاندنەکان و سینەماو خوێندکارانی بیانی و خوێندکارانی زانکۆو دامودەزگا پەروەردەییەکان، هەروەها تۆڕی ئینتەرنێت و بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی و براندە بازرگانییەکانی وەک کۆکا کۆلا و ماکدۆناڵز ...تاد، گرنگترین ئامرازەکانی هێزی نەرمی ئەمریکین لە جیهاندا[5]، واتە کولتوور کە کۆمەڵێک بەهایەو ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵگەیە، لە ڕێگەی دەستەبژێری هونەریی و ئەدەبی و کولتووریی میللیەوە، یاخود لە ڕێگەی دامەزراوەی دەوڵەتەوە برەوی پێدەدرێت و دەخرێتەڕوو، وەک لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەڕێوەدەچێت[6].

بەهای سیاسی؛ سەرچاوەی دووەمی سەرچاوەکانی هێزی نەرمە، بەهای سیاسەتی دیموکراسی پارێزگاریکردنە لە مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئاشتی و هاریکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەمانە وادەکات دەوڵەت کاریگەریی لەسەر وڵاتانی تر هەبێت، سیاسەتی دەرەوە؛ سەرچاوەی سێیەمی هێزی نەرمە، چونکە پێوەرە شەرعی و ئەخلاقییەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراو کاریگەریی لەسەر کولتوور و بەهای سیاسی هەیە[7].

### دووەم – ڕەگ و ڕیشەی هێزی نەرم لە چین:

هێزی نەرم وەک میکانیزم و ناوەڕۆک بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێی کۆنفۆشیۆسی یاخود بیروباوەڕی فەیلەسوف و بیرمەندە کۆنەکانی چینەوە بەکاربراوە، بۆ نمونە

---

[1] Kerry dumbaugh: China’s Foreign Policy: what does it mean for US Global Interests? Congressional Research Service (CRS) code; RL34588, july2008. p.5.

[2] رفيق عبدالسلام: الولايات المتحدة الامريكية بين القوة الصلبة و القوة الناعمة، مركز صناعة الفكر للدراسات والابحاث، ط ٤، بيروت، ٢٠١٥، ص١٠.

[3] Joseph S. Nye: Soft Power: The Means to Success …, P.11

[4] Joseph S. Nye: The Future of …, p.85.

[5] توفيق حكيمی: م.س، ص٩٩.

[6] Joseph S. Nye: The paradox of …, p.11.

[7] Ibid, p.11-13

کۆنفۆشیۆس ئامۆژگاریی فەرمانڕەوا دەکات کە عەقڵ و دڵ و هەستەکانی هاونیشتیمانیان بە چاکەو خۆشەویستی بەدەستبهێنێت نەک بەهێز[1].

ئەوان ڕەتیدەکەنەوە بەهای دەوڵەتێک یاخود نەتەوەیەک بەسەر دەوڵەتێک یاخود نەتەوەیەکی تردا بسەپێنرێت، تەنانەت لە سەدەی چوارەمی پێش زایینی بیریاری چینی (سن تزوو) و لە یەکێ لەبەشی کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (هونەری جەنگ-Art of War-) لە باسی چۆنێتی زاڵبوون بەسەر دوژمندا، ئاماژەی بۆ پێکهێنەرەکانی هێزی نەرم کردووە، بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی هێزی کلاسیکی و زبر، بیر و هزری بەرانبەر بەرەو بەکارهێنانی هێزی نەرم بە ئامانج بگریت[2].

کاریگەریی بنەما کۆنفۆشیۆسییەکان لەسەر دیپلۆماسیەتی چین، بریتیبووە لە: 'بە ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانتدا بژی، یارمەتی گەشەسەندنیان بدە و سەلامەتییان دابینبکە"[3]، بۆیە ئەو بەهایانەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گرتویانەتەبەر، تاڕادەیەکی زۆر لە بنەماکانی کۆنفۆشیۆسی دەچێت، ئەمەش ئەوەیە کە کۆنفۆشیوس بە جیهانێکی هاوئاواز (هارمۆنی) ناوی دەبات، کۆنفۆشیوس دەڵێت: "پێویستە لەگەڵ جیاوازییەکان هاوئاوازبیت، مرۆڤە گەورەکان لەگەڵ خەڵکانی دیکە گونجاندن و هارمۆنێتییان هەیە، بەڵام مرۆڤە بچوکەکان لە ڕوکەشدا ڕێکن و لە ناوەخندا گونجاندنیان نییە"، لەبەرئەوە لە کولتووری چیندا، لێکتێگەشتن و گونجان ڕەگ و ڕیشەی هەیە[4].

فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسی یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی فیکرو ستراتیژی چینی پێکدەهێنێت، لە دیدی کۆنفۆشیوسییەوە سروشتی جیهان پەیوەندیی مرۆڤانەیە لە سستمێکی قوچەکی و پلەبەندییدا، لەسەر ئەم بنەمایانەو وەکو ڕێزێک لە سستمی سروشتیی، پێویستە دەسەڵات لە ناوخۆدا حکومبکات، لەدەرەوەش بە جۆرێک ڕەفتاربکات کە بەربەریی و هاوشێوەکانیان ملکەچی چین بن، بنەماکانی (سن تزوو) کە وتویەتی: "باشترین ئامانج دابنرێت بۆ هەرجەنگێک، تاوەکو سەرکەوتن بەبێ جەنگ و بەکارهێنانی هێزی ماددیی بەدەستبێت"، یاخود ڕۆڵی سەرکردە لە فەرمانڕەوایەتیدا بەدیهێنانی هاوسەنگیی و هارمۆنێتی ناوخۆی شانشین و جیهانە، تەواوی ئەو بونیادو چەمکانەی لەخۆگرتووە، کە لە چێوەی هێزی نەرمدا کۆدەبنەوە[5].

---

[1] د. كريم أبو حالوة و نورا عمي: القوة الناعمة الصينية في عصر المعرفة (الموارد والتحديات)، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، سلسلة العلوم االقتصادية والقانونية ج ٤٠، ع ٥، ٢٠١٨،ص ٥٨١.

[2] علي حسين محمود باكير: مستقبل الصين فى نظام العالمي (دراسة في الصعود السلمي و القوة الناعمة)، مقدمة كجزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في العلوم السياسة، قسم العلوم السياسة، جامعة بيروت، ٢٠١٦ ،ص١٠٤.

[3] Young Nam Cho, Jong Ho Jeo: China’s Soft Power: Discussions, Resources and Prospects, Asian Survey, Vol 48, No 3, (May/June 2008. P.471.

[4] گلناز نريماني و مسعود اخوان كاظمي و سيد شمس الدين صادقي: تحليلي بر راهبردها و ابزارهای تحكيم و گسترش قدرت نرم چين، دانشجوی دكترای علوم سياسي، گروه علوم سياسي، دانشگاه تهران، تهران،١٣٩٧، ص٢.

[5] عماد منصور: السياسة الخارجية الصينية من منظار "الثقافة الاستراتيجية، مجلة سياسات عربية، ع ٢١، تموز ٢٠١٦، ص ٣١.

ژیاری چین ڕەگەزێکی دیکەی کاریگەری هێزی نەرمە، مێژووی دوورودرێژو ڕەچەڵەکی قوڵی ئەم ژیارە، وایکردووە چین لە پێش میللەتانی تری ئاسیا بێت، لێرەوە بەها ئاسیاییەکان لەسەر بنەمای ژیاری چینی خۆی بونیادناوەو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش هەوڵیانداوە لەسەر هەمان ئەو بەهایانە سیاسەت و حوکمڕانیی بکەن، کە دیارترینییان ئەخلاق و ڕێزگرتنی خێزان و سستم و خوێندن و گونجاندنە[1]، کولتووری چین ڕەگەزێکی تری هێزی نەرمە، چین ئەم بونیادەی لە دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بەکارهێناوە، بۆ نمونە زەخرەفەو بیناسازیی و حەریر لە دیارترین ڕەگەزەکانی کەلەپورو کولتووریی چینە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا[2]، هەروەها وەبەرهێنانی چینی وەک ئامرازێکی هێزی نەرم گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدراوە[3].

هەروەها پزیشکی نەریتیی و هونەری بەرگریکردنی چینی کۆمەڵێ لایەنن کە کاریگەرییان دروستکردووە، ئیتر ئەمە لە ڕێگەی بازرگانیی و دیپلۆماسیی گوازراوەتەوەو وەرگێڕدراوە بۆ زۆرێک لە زمانە جیهانییەکان[4].

گەشەسەندنی ئابوریی چین سەرنجی ڕۆژئاوای بەلای خۆیدا ڕاکێشا، ئەزمونە ئابورییە سەرکەوتوەکەی چین بووە دەنگۆی ناوەندە ئابورییە جیهانییەکان، ئەمە جگە لەلایەنی ئەدەب و هونەرو سینەمای چین هەوڵی زۆری لە پێناو تیشکخستنە سەر گرنگترین ڕەگەزەکانی سەرکەوتنی جیهانی چین خەرجکردووە[5].

هێزی نەرم لەنێوان دوو بیروباوەڕی کۆندا بۆ بابەتێکی گرنگ لەتاوتوێکردنی ناوخۆی چین گۆڕا، بەتایبەتی دوای (ماو تسی تۆنگ) سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست چاکسازییان لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا کرد، زیاتر ڕێگای بونیاتنانی چینیان گرتەبەرو کەمتر ڕێگای ڕووبەڕووبونەوەیان لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کاروبارە ناوچەیی و جیهانییەکان هەڵبژاردووە، لەسەرەتای هەشتاکاندا چین باشکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی لە پێناو بەدەستهێنانی ژینگەیەکی ئاشتی نێودەوڵەتی پەیڕەوکرد، بەکورتی پارتی کۆمۆنیست وەک پێویستییەکی چاکسازیی ناوخۆیی، سیاسەتی دەرەکی لەسەر چەند پرەنسیپێک کە سیستمی جیهانی دەیخواست داڕشتەوە، لەوانە[6]:

١- هەموو دەوڵەتێک مافی هەڵبژاردنی سستمی ئابوریی و سیاسیی کۆمەڵگەی خۆیان و ڕێگای گەشەکردنی خۆیان هەیە، هیچ دەوڵەتێک (بەتایبەتی زلهێزەکان) مافی دەستوەردانی کاروباری ناوخۆیی وولاتانیان نییە، نابێت هیچ بەها و ئایدیۆلۆژیا و مۆدێلێکی گەشەکردنیان بەسەردا بسەپێنرێت.

---

[1] Young Nam Cho, Jong Ho Jeong: Op.Cit, P.470.

[2] Jaime Otero Roth: China Discovers Public Diplomacy, real Instituto Elcano, 2007, p.5.

[3] Denise E. Zheng, China's Use of Soft Power in the Developing World: Strategic Intentions and İmplications for the United States, March 2009, p.3.

[4] Jaime Otero Roth: Op.Cit, p.5

[5] Ibid, p .5.

[6] Lingmin Kong :Exploring China's Soft Power: Manifestations of the Chinese Dream in Contemporary Practices of Cultural Diplomacy, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of doctor of politics, University of York Politics, Sep 2019, P.44.

٢- دەبێت ڕێز لە سەروەرییان بگیرێت.

٣-پێویستە کێشەو ناکۆکییەکان ڕێگەی دانوستان و لەسەر بنەمای دادپەروەرانە چارەسەر بکرێت.

٤-دەوڵەتان مافی یەکسانیان هەیە لە بەشداریکردن لە هەماهەنگی پرسە جیهانییەکان.

٥-چاکسازیی لە سستمی ئابوری کۆن و بونیادنانی سستمێکی ئابوریی نوێ لەسەر بنەمای دادپەروەریی و یەکسانی و سودی دوولایەنە بێت.

٦- دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لە دابینکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی[1]، واتە فەراهەمکردنی ئاشتی و پێکەوەژیان، ڕێزگرتن لە سەروەریی خاکی یەکتری، دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتری، هەردولا دژی کاری توندوتیژی بن، یەکسانی و هاریکاری و سودی دوولایەنە ڕەچاوبکەن، بە گوێرەی ئەم پرەنسیپانە چین پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی دەستپێکردەوە، بۆ بە هێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وولاتە پێشکەوتوەکاندا هەوڵێکی چڕی دەستپێکرد [2].

## سێیەم – هێزی نەرم وەک ڕەهەندێکی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی چین:

لەسەردەمی ماودا سیاسەتی دەرەوەی چین جێگەی مشتومڕبوو، بە گشتی دوا دامەزراندنی کۆماری میللی چین ١٩٤٩ تا سەرەتای حەفتاکان، ئایدیۆلۆژیا لە سیاسەتی دەرەکی چیندا فاکتەرێکی سەرەکی بوو، سەرکردە چینییەکان لە سەردەمی ماودا بڕوایانوابوو هێشتا جیهان لەدۆخی ئیمپریالیستی و شۆڕشی پرۆلیتاریدایە، پێویستە هەمو بجەنگن لە دژی ئیمریالیست بەتایبەت ئەمەریکا، پێداچونەوە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ سۆڤیەت و هەمو هێزە دژە شۆڕشەکانی جیهان بکرێتەوە[3].

سەرەتای گرنگیدانی چین بە (هێزی نەرم) بەتێگەیشتنە هاوچەرخەکەی، کە بەچڕوپڕی کاری لەسەرکردبێت، بۆ کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، هێزی چین لەهێزی زبر خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە هێزی نەرمدا بەرجەستەبووەو بنەمای سەرەکی ئەم هێزەش کولتوورە، بەتایبەتی کۆنفۆشیوسی بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرە لە هەموو ئەو دەستکەوتە ئابورریی و سەربازییانەی چین بەدەستیهێناوە، هەندێک بەهای وەک: تاک لەپێناو کۆمەڵ، بەرز ڕاگرتنی کاری قورس لە پێناو کۆمەڵدا، سوربون لەسەر پاراستنی بەهای مرۆڤانە لە پەیوەندیی کاردا، وایکرد تاک بۆ

---

[1] Chaudhry SaeedUllah: CHINA’S SOFT POWER: CHANGING THE WORLD PERCEPTION, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degrees of MASTER OF SCIENCE IN DEFENSE ANALYSIS and MASTER OF ARTS IN SECURITY STUDIES (MIDDLE EAST, SOUTH ASIA, SUB-SAHARAN AFRICA), NAVAL POSTGRADUATE SCHOOL, MONTEREY- CALIFORNIA, 2015, p.51-52.

[2] Ibid, P.44.

[3] Sheng Ding: SOFT POWER AND THE RISE OF CHINA: AN ASSESSMENT OF CHINA’S SOFT POWER IN ITS MODERNIZATION PROCESS, the degree of Doctor of Philosophy Graduate Program in Global Affairs, Rutgers, The State University of New Jersey, New Jersey,2006, P.164.

پێشکەوتن هانبدات[١] .

چین پەرۆشبوو لە ئەزموونی زلهێزەکانی پێشوو و ڕابردووە شکۆدارەکەی پەندوەربگرێت، لە سیاسەتی دەرەوەدا چین هەوڵیدەدا لە ڕێگەی سودی هاوبەشەوە بە دەوڵەتەکانیتر بگات، جیاواز لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی هێزەوە دەگەیشتن بەو ئەنجامانەی دەیانویست[٢]، لەگەڵ دەسپێکی چاکسازییەکانی چین لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی چین بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەر جیهانبینیدا هات، لەبری ڕەتکردنەوەی سستمی نێودەوڵەتی، دەرفەت و زەمینەی گونجاوی بۆ ڕەخسا، کە شایەنی بەدواداچوون بوو، لە هەشتاکاندا دەستی لە گوتاری شۆڕشگێڕیی هەڵگرت و زیاتر ژینگەی نێودەوڵەتی و ئاشتی جیهانی گرنگیپێدا، گوتاری سیاسەتی دەرەکی چین تیشکی خستبووە سەر ئاشتی و گەشەپێدان، بەردەوام دژایەتی پێشبڕکێی چەک و هاوپەیمانێتییە سەربازییەکان بوو[٣].

تێگەیشتنی گشتی لە هێزی نەرم، لەلایەن سەرکردە و توێژەرە چینییەکانەوە زیاتر لەسەر بنەمای بیردۆزەکانی (نای) بونیادنرابوو، بیرۆکەکانی (نای) هەوێنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان بوو، چینییەکان هەروەک نای ئامرازەکانی هێزی نەرم بە (کولتوور، سیاسەتی دەرەکی، بەها سیاسییەکان) دادەنێن، لەکاتێکدا بەشێک لە توێژەرە چینییەکان ڕۆڵی میدیا وەک سەرچاوەیەکی تری هێزی نەرم ئەژماردەکەن[٤]، چین لە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە هێزی نەرمی بە ئامرازکرد، بەتایبەتی لە ناساندنی چین وەک نمونەیەکی ئابوریی ویستراو، بەجۆرێک لە ڕەوتی گەشەپێدانی ئابوریی ئەفەریقا نزیکبێتەوە، لەم سەربەنەوەو بە پشتبەستن بە پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆو هاندانی بازرگانە هاوبەشە ئەفەریقیەکان لە گەشەپێدانی ئابورییان لە بواری وەبەرهێنان و دروستکرنی ژێرخان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بێئەوەی مەرجی سیاسی یان چاکسازیی ئابوریی بسەپێنێت، ئاراستەی پەیوەندییەکانی دارشت[٥]، شێوازێکی دیکەی بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ بانگەشەی دیپلۆماسی و تەندروستی لەگەڵ هاوبەشە ئەفەریقییەکان، لە ڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ پزیشکە چینییەکان و ملیۆنەها ئەفەریقی ئاسایی بوو، چین هاریکاریی لەگەڵ دەوڵەتە ئەفەریقییەکان لە بواری تەندروستی و لەڕێگەی سەردانی وەزارەت و نوێنەرە حکومییەکان هەبوو، لەپێناو ئاسانکاریی ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوو ڕاهێنانی پزیشکی لەلایەن پزیشکە لێهاتووە چینیەکانەوە، ئامێری پزیشکی بێ بەرانبەرو بەرنامەی هاوبەشی چارەسەرکردنی

---

[١] فاطمة عوامر: تأثير القوة السيبرانية على الإستراتيجيات الأمنية للدول الكبرى ـ دراسة حالة الصين، مذكرة تخرج لإستكمال متطلبات نيل شهادة الماستر في ميدان الحقوق و العلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية الحقوق و العلوم السياسية ،قسم العلوم السياسية، ٢٠١٧-٢٠١٨ ،ص ٥٤-٥٥.

[2] Mikael Weissmann: Chinese Foreign Policy in a Global Perspective: A Responsible Reformer "Striving for Achievement, Swedish Defence University, JCIR: VOL. 3, No. 1, 2015, P.156.

[3] Jian Wang :Soft Power in China Public Diplomacy through Communication, PALGRAVE MACMILLAN, United States of America, 2011, P.41.

[4] Beston Husen Arif :Op.Cit, P.97.

[٥] سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص١٠٧.

زۆرێک لە نەخۆشەکانی بۆ دەناردن[١].

چین زیرەکانەو بەسودوەرگرتن لە ڕقی ئەفریقییەکان لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمەریکا، توانی وولاّتانی ئەفریقی بکاتە بازاڕی کالاّکانی و سود لە هۆکاری بازرگانی وەرگرێت بۆ چوونە ناو ئەفەریقا، بەهۆی ئەوەی بەرهەمی چینی زۆرو نرخی کەمتربوو کە بۆ ئەفەریقا زۆر گونجاو بوو، هەژموونی ئابووری چین لەو کیشوەرە برەوی سەند[٢]، سەرکەوتنە ئابوریی و دیپلۆماسییەکانی پەکین لەسەردەمی دینگ شیاو پینگ و کۆتایی حەفتاکاندا، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە هەموو جیهاندا هەبوو[٣]، لەسالاّنی ١٩٨٠ بەکارهێنانی ووزە بەرزبویەوە، لەبەرئەوە چین بیری لە هاوردەکردنی نەوت کردەوە[٤].

چاکسازیی و کرانەوەی چین، هاوکارییەکانی چینی بۆ دەرەوە بردە قۆناغێکی ترەوە، فراوانبوونی هاریکارییە ئابوریی و جۆراوجۆرو فرەلایەنەکانی چین لەگەلّ دەولّەتە گەشەسەندوەکان لەسەر بنەمای سودی هاوبەش بونیادنرا، لە چوارچێوەی ڕێکارو پێکهاتەی کەرتی یارمەتییە دەرەکییەکان بەپێی بارودۆخی چین دەستکاریی و گۆڕانکاریی کرا، هاوکاریەکانی بۆ ئەو وولاّتانەی کەمتر گەشەسەندووبون زیادکرد، لە پرۆژەکانی هاوکاریی زۆرتر گرنگی بە کاریگەرییە ئابورییە مەودا درێژەکان دەدا، بەڕێگەی جۆراوجۆر زیاتر یارمەتییەکانی پیشکەشدەکرد[٥].

دینگ شیاو پینگ لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی لە ئەیلولی ١٩٨٩ بۆچونەکانی دەربارەی دۆخی نێودەولّەتی لە سێ ڕستەدا کورتکردەوە، ووتی: "یەکەم پێویستە چین بە هێمنی چاودێریی دۆخی نێودەولّەتی بکات، دووەم پێویستە دەستبگرین بەزەوی خۆمانەوە، سێیەم پێویستە بە هێمنی هەلّسوکەوت بکەین، بە ئارامی و بێپشودان، پێویستە هێمن بین، هێمن بین، هێمن بین، دەبێت ئێمە لە پێناو بەدەستهێنانی شتێک، شتێک بۆ چین، بەتەواوی خۆمان نوقمی کارکردن بکەین"[٦]، لە ئەنجامی گەشەی ئابوریی دینامیکی چین و گۆڕانکاریی دۆخی نێودەولّەتی، سەرەڕای ئەوەی چین بووە ناوەندی بزنسی جیهانی، هاوکات بووە ناوچەیەکی گەشتیاریی و بایەخپێدانی کولتووریی، ئەم گەشەسەند نەی

چین لە هێزی نەرمدا ڕەنگیدایەوەو چین بووە ناوەندێک بۆ ڕاکێشانی خوێندکاری دەرەکی[٧].

حکومەتی چین لە سالّی ١٩٨٧ نوسینگەیەکی نەتەوەیی بۆفێربونی زمانی بێگانە بەناوی (هان بان)،

---

١ سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص١٠٧.

٢ م.ن، ص١٠٧-١٠٨.

3 Toshi Yoshihara and James R. Holmes: China's Energy-Driven Soft Power, Routledge, 2007, P.125.

4 Dr. James Tang: WITH THE GRAIN OR AGAINST THE GRAIN? ENERGY SECURITY AND CHINESE FOREIGN POLICY IN THE HU JINTAO ERA, THE BROOKINGS INSTITUTION CENTER FOR NORTHEAST ASIAN POLICY STUDIES, Washington, 2005, p.2

٥ توفيق حكيمي: م.س، ص١١٣.

6 Bonnie S. Glaser and Melissa E. Murphy :soft power with Chinese characteristics the ongoing debate, Center for Strategic & International Studies, United States, march 2009, P. 19; Deng Xiaoping: Selected works of Deng Xiaoping, vol. 3, p. 321.

7 Sheng Ding: Chinese Soft Power and Public Diplomacy: An Analysis of China's New Diaspora Engagement Policies in the Xi Era, Bloomsburg University of Pennsylvania, Republic of Korea, 2014, p.14.

واتە پەیمانگای کۆنفۆشیۆسی بۆ هەماهەنگی و برەودان بە کولتوورو زمانی چینی لە هەموو جیهاندا دامەزراند، لە گرنگترین بەرنامەکانی هان بان پەیمانگای کۆنفۆشیۆسی و خوێندنگە کۆنفۆشیۆسییەکان بوون، ئەمانە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بڵاوکردنەوەی زمانی چینی و کولتووری چینی بینی، لەپاڵیشدا چین سودێکی زۆری لە پەیوەندییە بازرگانی و پشەسازییەکان وەرگرت[1]، لەسەردەمی دینگدا دیپلۆماسیێتی کولتووریی ڕۆڵێکی گرنگی لە ستراتیژیی نێودەوڵەتی فراوانی چیندا هەبوو، دینگ تەنها کولتووری نەریتی چینی بە سەر دیپلۆماسی کولتووریی چیندا جێبەجێنەکرد، بەڵکو لە ئاستی ناوخۆدا داوای تێکەڵکردنی کولتووری نەریتی چینی و کولتووری ڕۆژئاوایی دەکرد، لە ئەنجامدا سەرکردە سیاسییەکانی دوای دینگ هەمان کولتووری دیپلۆماسییان پاراست و لە گەشەی ئابوریدا گرنگییان پێدا[2]، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن یەکێک لە ئامرازە سەرەکیەکانی بانگەشەکردنی چین بۆخۆی بوو، لەساڵی ١٩٧٩ سیاسەتی کولتووریی و دەستپێشخەریی و چالاکییە کولتوورییەکان زیادبون، بۆ نمونە China Daily یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی دیپلۆماسی کولتووری هاوچەرخی چینی و گەورەترین ڕۆژنامەی زمانی ئینگلیزی بوو لەچیندا، کە لە ساڵی ١٩٨١ دامەزرا، ساڵی ١٩٨٥ People’s Daily کە گەورەترین گروپی ڕۆژنامەی پارتی کۆمۆنیستی چینی بوو لە وڵاتانی دەرەوە بە هەردوو زمانی چینی و ئینگلیزی دەرکرا[3].

لەسەرەتای نەوەدەکاندا چین هەوڵیدا کەناڵی تەلەفزیۆنی لەڕێگەی سەتەلایتەوە بگەیەنێتە جیهان، لە ساڵی ١٩٩١ ناوەندی پەخشی دەرەوەی چینی دامەزراندو لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ یەکەم کەناڵ (CCTV4)ی چینی لە سەتەلایت کە بەرنامەکانی بەزمانی ئینگلیزی پەخشدەکرد، کولتوورو دۆخی ناوخۆی چینی بەدەرەوە ناساند[4]، چین لە ڕێگەی ئەم کەناڵەوە بەخێرایی سەرچاوەکانی هێزی نەرمی خۆی فراوانکرد[5]، بۆ جێگیرکردنی بوون و هەژموونی خۆی لە ئەفەریقادا پشتی بە هێزی نەرم بەست، بنەمای دەستێوەرنەدانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەی ئاشتییانە گرتەبەر، بۆ نمونە لە کێشەی دارفۆر سودانی هاندا بەڕێگەی دانوستان کێشەکان چارەسەربکات[6].

زنجیرەیەک دەستپێشخەریی جۆراوجۆر لە بواری هونەریی و ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی و وەرزشی و کولتووری نەریتی ئەنجامدران، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ نزیکەی (١٧٢) ڕێکەوتننامەی فرەلایەنی نێودەوڵەتی ئەنجامدا[7].

دینگ لەباری سیاسەتی دەرەوەدا پراگماتیکیانە مامەڵەی دەکردو هەوڵیدا بە پلەبەندیی بەربەستە ئایدیۆلۆژییەکان وەلابنێت، لە ئەنجامدا ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان لەگەڵ وڵاتان قۆناغێکی نوێی هێنایە ئاراوە، پەیوەندییەکان بوونە هۆی کەمکردنەوەی فشارەکان و لەو ماوەیەدا لەسەر نوێکردنەوەو بنەمای

---

[1] Sheng Ding: Chinese Soft Power and Public Diplomacy…, p.16.

[2] Lingmin Kon: Op.Cit,P.44.

[3] Ibid, P.44

[4] Jian Wang: Op.Cit, P.59.

[5] Ibid, P.68.

[6] سي محاندشهيناز نور الهدى: م.س، ص١٠٧.

[7] Lingmin Kong :Op. Cit, P.44.

دیپلۆماسیتی کولتووری جەختیانکردەوە[١]، چونکە پێدراوی هێزی نەرم کە بریتین لە کولتوورو بەها سیاسییەکان و سیاسەتی دەرەوە، هەستپێکرا کە چۆن ئەم فاکتەرانە دەبنە بنەمای بنچینەیی و توانای هاندانی شێوەی ڕەفتارو کرداریان هەیە[٢].

پاش دەستپێکی سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوە لەلایەن دینگ شیاو پینگ، میتۆدی سیاسی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیای چەقبەستوو بۆ بژاردەی گەشەی ئابوریی و پاشەکشەکردن لە دیدی ئایدیۆلۆژیی گۆڕانکاریی بەسەرداهات، لەم سۆنگەیەوە گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی ئابووری بۆ چین زیاتر بوو، بەتایبەتی دەستخستنی ووزە، لەبەرئەوە پێویستی کرد چین پەیوەندیی نوێ لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی و دەوڵەتانی سونی یان شیعی) بونیادبنێت[٣].

هاوکات ستراتیژی هێزی نەرمی چین لە باشوری ئاسیا لەسەر سێ پرەنسیپ کاری دەکرد[٤]:

١- دیپلۆماسی کولتووریی

٢- هاوکاری ئابوریی

٣- وەبەرهێنان و بازرگانی.

هەروەها ئاسایشی نەوتی چین لەسەر چەند بنەمای سەرەکی وەستابوو؛ یەکەمیان بونیادنانی ستراتیژیی جۆراوجۆر کە گرەنتیی چەمکی هێزی نەرم دەکات، خۆی لە توندوتۆڵکردنەوەی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە خاوەن نەوتەکان دەبینیەوە، دووەمیان پەرەسەندنی توانا سەربازییەکان بوو لە ڕووی هێرش و پارێزگاریکردنەوە، تاوەکو ئاسایشی پرۆسەی گەیشتنی نەوت لە سەرچاوەکانەوە بۆ چین مسۆگەربکات [٥].

لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی دەرەوەی چین بەرانبەر وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر چەند بنەمایەک کاریدەکرد[٦]:

أ- گرەنتی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمیی لە ناوچەکە، ئەمەش بۆ ڕەخساندنی بارێکی گونجاوی هاریکاریکردن لە بواری وزەدا لەگەڵ دەوڵەتە خاوەن نەوتەکان.

---

[1] Lingmin Kong :Op. Cit, P. 45.

[2] Carola McGiffert: Chinese Soft Power and Its Implications for the United States competition and cooperation in the Developing World, center for strategic & international studies, Washington, 2009, p.1.

[٣] ط.د. فريدة العلمي: البراغماتية: السياسة الصينية في الشرق الأوسط بعد الثورات العربية، مجلة ألاستاذ الباحث للدراسات القانونية والسياسية، ع٩، ج٢، جامعة باتنة ١، مارس ٢٠١٨ ص٢٠٤.

[4] B. M. Jain: China's Soft Power Diplomacy in South Asia Myth or Reality? Lexington Books, United States of America, 2017, p.17.

[٥] محمد محمود صبرى صيدم: م.س ، ص ١١٣.

[٦] م.ن، ص ٩٣.

ب- هاندانی وولاتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گەشەسەندنی دامەزراوەی ووزەو گەڕان و دەرهێنانی نەوتی خاو و پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەک لەو بوارەدا هەیە.

ت- ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لەهەر بڕیارێک کاربکاتە سەر دورخستنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە یان سەپاندنی سزا بەسەریاندا، یاخود هەر هەوڵێک قۆرخکاریی بازاڕی ووزە لەناوچەکە لەلایەن وولاتانی زلهێزەوە بەرجەستەبکات.

ث- پابەندبوون بە بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دەستەبەرکردنی ڕێگەی وشکانی و دەریایی تایبەت بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ئەو سیاسەتە بێلایەنەی چین لە سیاسەتی دەرەوە بەرانبەر کەنداو پەیڕەویکرد، لەسەرەتای حوکمڕانی دینگ ئاڕاستەی وەرگرت.

ئامانجی سەرکردە چینیەکان لەگەڵ هەموو ناوچەکانی جیهان، بەتایبەتی ولاتانی ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا، دروستکردنی پەیوەندییەکی قوڵبوو، لەم پێناوەشدا ئامرازی جۆراوجۆری بۆ زیادکردنی کاریگەرییەکانی لەڕێگەی پاڵنەری ئابوریی و هاریکاری سەربازیی و ناردنی نوێنەری مرۆڤدۆستی و بەخشینی قەرز و ئالوگۆڕی کولتووریی و ئەکادیمی پەیرەوکرد[1].

## چوارەم – ئامانجەکانی سیاسەتی هێزی نەرم:

بەم شێوەیە هێزی نەرم لە گرنگترین ڕەهەندە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین ئەژماردەکرا، بەتایبەتی: لە نیشاندانی وێنەیەکی جوانتری چین و ڕاستکردنەوەی پێگەی دەرەکی و بەدرۆخستنەوەی (مەترسی و هەڕەشەی چین)، گرەنتی ئاسایشی ووزە بۆ بەردەوامی بەرەو پێشبردنی ئابوریی و هاریکاریکردنی زیاتری وولاتانی تازە پێگەیشتوو، دروستکردنی تۆڕێک لە هاوپەیمانیی، هەوڵدان بۆ ڕکابەرێتی پشت ئەستور بە هێزی نەرم لەگەڵ هێزە گەورەکان، لە دوورمەودادا ئەو ئامانجە گرنگانەبوون کە چین هەوڵی بەدیهێنانی دەدا[2]، سەرکردەکانی دوای ماو هەستیان بەوە کرد کە شۆڕشی کولتووری نەک هەر تەنها وێنەی چینی لە دەرەوە لەکەدارکردوە، بەڵکو دووچاری دابڕانی نێودەوڵەتی کردەوە، بەلام دینگ لە ڕێگەی سیاسەتی دەرگا کراوەکان و هێزی نەرم، هەوڵیدا ئەو وێنە ناشرینە بسڕێتەوە[3].

---

[1] Carola McGiffert: Op.Cit, p.2.

[2] مرضیه السادات الوند و ابومحمد عسگرخانی: کارویژهای قدرت نرم در سیاست خارجی چین، پژوهش نامه ایرانی سیاست بین الملل، سال سوم، شماره ۱، پایز و زمستان ۱۳۹۳، ص۱.

[3] B. M. Jain: Op. Cit, P.6.

بەشێوەیەک چین لە هێزی زبردا نێوانی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر فراوانبوو، بۆ کەمکردنەوەی ئەم جیاوازییە پێویستی بە هێزی نەرم بوو، چونکە هاوتەریب لەگەڵ گەشەی خێراو بەردەوامی ئابوریی چین هێزی زبری ئەو وڵاتە بە خێرایی گەشەی دەکرد، ئەمەش هۆکاری فراوانبوونی ڕەشبینی وڵاتانی جیهان بوو، دۆخێکی نەخوازراوی هێنابووە کایەوە، چین لەلایەکەوە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی هەبوو، لەلایەکی دیکەوە خاوەنی سەرچاوەیەکی کەمبوو، پێویست بوو هەوڵێکی فراوان بدات بۆ ئەوەی لەلایەن دراوسێکانی و وولاتانی جیهان بوو بە باشی پێشوازی لێبکرێت[١]، ئامانجی هێزی نەرم گۆڕانکاریی دیدی وولاتانی جیهانە سەبارەت بە چین و ڕازیبوون و پشتیوانیکردن لە دەرکەوتنی چین. توێژەرەچینیەکان جەختدەکەنەوە کە هێزی نەرم لە پێشکەوتنەکانی چین جیاناکرێتەوە، هەروەها پێیانوایە ماس میدیا ڕۆڵێکی کاریگەریی بینیوە بۆ ئەوەی جیهانی دەرەوە باشتر لە چین تێبگەن[٢].

ئەو دیمانەیەی کە چین لە گەشەسەندنیدا هەموو جیهان دەگرێتەوە، جیهانیش پێویستی بە چینە بۆ سەقامگیریی و گەشانەوە، وایکرد چین ئاڵای ئاشتی و گەشەسەندن و هاریکاریی بەرزبکاتەوە، هەروەها خۆی وەک کاراکتەرێکی ئاشتی و گەشەسەندنی جیهان وێناکردەوە، چین لە سیاسەتی دەرەوەدا ستراتیژی (سەرکەوتنی ئاشتییانەو گەشەسەندنی ئابوری) ی پەیڕەوکرد، لە ماوەیەکی کورتدا بووە هێزێکی هەڵکشاو، ئەزمونی گەشەسەندنی ئاشتییانەی چین، کە دواتر بووە گریمانەیەکی ئابوریی سەرنجڕاکێش و کاریگەر، بریتیبوو لە؛ گەشەسەندنی ئاشتییانە تاکە ڕێگەیە بۆ نوێبوونەوەی چین، بەردەوامی نوێبوونەوەی چین لە ڕەخساندنی کەشێکی جیهانی ئاشتیانە بەشداریدەکات، چین لەگەشەسەندنیدا پشت بە تواناکانی خۆی و گەشەکردنی تەکنەلۆژیی دەبەستێت، بۆ بەدەستهێنانی سودی ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنێکی هاوبەش لەگەڵ وولاتانی تر، هەوڵیدەدات لەگەڵ جیهانگیریی ئابوریدا خۆی بگونجێنێت، دەستگرتن بە بنەماکانی هاریکاریی و ئاشتی و گەشەکردن و هەوڵدان بۆ بونیاتنانی جیهانێکی یەک ئاواز (هارمۆنی)و خۆشگوزەران و پڕ ئاشتی هەمیشەیی[٣] ،بە پێی ئەم گریمانەیە چین هەوڵدەدات کەشێکی ئارام بۆ گەشەسەندنی ئابوریی دور بێت لە ململانێ و بەگژا چوون برەخسێنێت و بەڕووی جیهاندا بکرێتەوە، ئەمە سەرەڕای هەوڵدانی بۆ ڕۆڵی ئەرێنی لە ئاسیادا، هەروەها دروستکردنی هاوبەشی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان و دروستکردنی پەیوەندیی ستراتیژیی لەگەڵ ڕووسیا و یەکێتی ئەوروپا و یابان و ئۆپیک و ڕێکخراوی شەنگەهای بۆ هاریکاریی[٤].

دوای جەنگی سارد گۆڕانکاریی لە جیۆستراتیژیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕوویدا، نەوت لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بازاڕی جیهانیدا خواستی بەکاربردنی زۆربوو، پێشتر بەشێکی زۆری نەوت بەرەو ئەمەریکا و یابان و ئەوروپا دەنێردرا، بەڵام دوای جەنگی سارد چین پشکی شێری لە

---

[١] مرضیه السادات الوند و ابو محمد عسگرخانی: م.پ، ص٢.

[٢] هـ .م، ص٣.

[3] Young Nam Cho, Jong Ho Jeong :Op.Cit.P.468.

[4] Denise E. Zheng: China’s Use of Soft Power in the Developing World: Strategic Intentions and İmplications for the United States, March 2009, p.5.

هـاوردەکردنی نەوت بەرکەوت، ئەو بـازارە نوێیـانەی لەچینـدا دروسـتبوون، بڕێکـی زۆری لەبەرهەمـی نەوتی جیهانی بەکاردەبرد، کە ڕۆژانە ٦.٣ ملیۆن بەرمیلی نەوتی بەکاردەهێنا[١].

چین لە کیشـوەری ئەفەریقـا سـتراتیژی بە مـۆرکی ئـابوریی و بازرگـانی پەیڕەوکـرد، بەڵام ئامـانجی سیاسی و ئابوریی و دیپلۆماسی لە خۆگرتبوو کە بریتی بوون لە[٢]:

١- ئەفەریقـا سـەرچاوەی بەردەوام و گرەنتیکـراوی دابینکردنـی نەوت بـوو، ئەمەش لە چوارچێـوەی پەیڕەوکردنی جۆراوجۆریی سەرچاوەکانی بەدەستدەهێنانی نەوت بوو.

٢- پەراوێزخستنی تایوان لە دیپلۆماسی ئەفەریقا، ئەم ڕەهەندە لە گرنگترین ئامانجەکانی چین بـوو لە ئەفەریقا.

٣- بەدەستهێنانی پشتگیری دیپلۆماسی ئەفەریقی لە ناو دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

چین بووە ئەزموونێکی بەرچاو کە لەمەیدانی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی پێدەکرا، وەبەرهێنـان لە ئـابووری چیندا بەپێی سـتراتیژی گرەنتیکردنـی گەشەسـەندی ئـابووری بەردەوام و سـەقامگیر دامەزرا، واتە (چین وزە و ماددەی خاو ببات لەپێناو وەبەرهێنانی ئابوری) بەتایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقاو ئەمریکـای لاتینـی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٣].

دیپلۆماسیی چین وەک دیـوێکی دیکەی تەواوکەری هێزی نەرم و ئـامرازێکی گرنـگ، لە ئینتەرنێت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئاهەنگگێڕانی فەرمـی و بڵاوکـراوەی دەنگـی و وێنەیـی و نـاوچە گەشـتیارییەکان خـۆی دەبینیـیەوە[٤]، ئەمەش کـاریگەریی لەسـەر بە نێودەوڵەتیکردنی پێگەی چـین هەبـوو، بەگشـتی چـین گرنگییەکـی زۆری بە چەمکـی دیپلۆماسـی گشـتی و هێـزی نەرمـدا، لە پێـنج سـاڵەی کۆتـایی سـەردەمی ڕیفۆرم وکرانەوەدا هەوڵیدا بـارێکی گونجـاو بخوڵقێنێت بـۆ ئەوەی وەک هێزێکـی نێودەوڵەتی ڕۆڵببینێت، لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی ئەم ئامـانجە لەسـەر دیپلۆماسـی و هێـزی نەرم وەک هاریکـاریی و وەبەرهێنـان و کولتـوور کـاریکرد، ئەم جـووڵە سـەرنجڕاکێشـەی چـین سـەرکەوتنی بەرچـاوی بەخـۆوەبینی، بەتـایبەت لە دەوڵەتە تازە پەرەسەندووەکان، چونکە کەرەستەی خاوی بەدەستدەهێنا و بازاڕێکی باشـی گەشەسـەندنە ئـابورییەکەی بـوون، لەبەرئەوە چـین لە هەوڵـدابوو حکومەتەکـانی ئەفریقـاو ئاسـیاو ئەمریکـای لاتینـی لە ڕێـگەی قەرزپێـدان و هاریکاریکردنیـان بەلای خۆیـدا کێشـبکات، لەم سـۆنگەیەوە ٢٠ ملیـار دۆلاری بـۆ هاریکاریکردنی پرۆژەکانی لەوڵاتانی ئەفریقا دابین کردووە، وێنەیەکی زەینی خۆشەویستی دروستکرد،

---

[١] حارث قحطان عبدالله: مصالح الصين النفطية في القارة االفريقية، مجلة الدراسات الافريقية و حوض النيل، ج ١، ع١، مـارس ٢٠١٨، ص١٦٧.

[٢] شريف عبدالحكيم: تحديات السياسة الخارجية الصينية تجاه منطقة القرن الافريقي – بعد الحرب الباردة، رسالة ماجستر، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم العلوم السياسية ،منشورة، جامعة محمد بوضياف المسيلة، الجـزائر، ٢٠١٧ –٢٠١٨، ص٥٠–٥١.

[3] Denise E. Zheng: Op.Cit, p.3.

[4] Hessarbani Anja Lejli: Public Diplomacy of People’s Republic of Chania, Sarajevo, 2011, p.5.

که لەسـەر نۆ شـێوە بونیـاتنراوە، ئەوانـیش دەوڵەتـێکە حەز بە ئاشـتی دەکـات و قوربـانیی ئیمپریـالیزمە، سۆسیالیستییە، دژی هەژموونگەراییە، لە وڵاتانی جیهانی سێهەمە، پشتگیری جوڵانەوەی ئازادیخوازانەیە، سەربەخۆییخوازە، بەهێزە، هاریکارە[1].

[1] محمد محمود صبری صیدم: م.س، ص ١١٣.

بەشی سێیەم

# پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا

## ١٩٧٨-١٩٩٢

## باسی یەکەم - مێژووی پەیوەندییەکانی چین - ئەمریکا ١٧٨٤- ١٩٧٨:

سەرەتای پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا بۆ ساڵی ١٧٨٤ دەگەڕێتەوە، ئەو سەرەتایە بە بواری ئابووریی و بازرگانی لە بەندەرەکانی چیندا دەستیپێکرد[١]، واتە تاکۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە پەیوەندییەکی دیاری نێوان ئەم دوو وولاتە نابینرێت.

سەربەخۆبوونی بازرگانی ئەمریکی لە کۆتوبەندی بازرگانی بەریتانییەکان، هەلێکی باشبوو تا لە ساڵی ١٧٨٤ ئەمریکا یەکەم کەشتیگەلی بازرگانی ڕەوانەی چین بکات[٢]، بەدرێژایی سەدەی نۆزدە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی سنورداری لە کاروباری چینییەکاندا دەگێڕا، زیاتر بەریتانیاو فەڕەنساو هێزەکانی تر جەنگیان لە دژی ئیمپراتۆریەتی کینگ (١٦٤٤-١٩١٢) دەکرد، ئەمریکا بەشداری ئەو شەڕانە نەبوو، کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە بازرگانی چیندا بەکەمی سودمەندبون، مەودای بازرگانی و وەبەرهێنانی ئەمریکی زۆر بچووک بوو، بەڵام لە چیندا مژدەدەرە ئەمریکییەکان لە گەورەترین و کاریگەرترین گروپی مەسیحی بوون[٣].

شکستی چین لە جەنگی ئەفیوندا١٨٣٩-١٨٤٢ زەمینەی هاتنی زیاتری هێزە بیانییەکانی بۆ داگیرکردنی چین و وەرگرتنی جیاووکی زیاتر هێنایە ئاراوە، ساڵی ١٨٤٣ فەڕەنساو ئەمریکا، ساڵی ١٨٥٨ ڕوسیا ڕێکەوتننامەی زۆرە ملێیان هاوشێوەی ڕێکەوتنی نانجینگ لەگەڵ چین واژۆکرد و ماف و جیاووکێکی زۆریان پێدرا[٤].

لێرەوە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا بە فەرمی دەستیان پێکرد، ساڵی ١٨٤٤ یەکەم (پەیماننامەی وانگیا wanghia) [٥] لەنێوان هەردوولادا بەسترا، بەپێی ئەم پەیمانە سەرجەم پارێزبەندی و جیاووکەکان لە

---

[١]صهب سيف الدين شرباتي: التحول في العلاقات الامريكية الصينية من المهمة الى الوفاق ١٩٤٥- ١٩٧٢، رسالة الماجستير، معهد ابراهيم أبو لغد للدراسات الدولية، ٢٠٠٦-٢٠٠٧، ص٢٣.

[2]Robert Sutter: Historical Dictionary of United States–China Relations, The Scarecrow Press, Lanham, 2006, P. xvii.

[3]Ibid, P.xvii.

[4] Klaus Mühlhahn: Making China Modern from the Great Qing to Xi Jinping, The Belknap Press of Harvard University Press cambridge, london, 2019, P94.

[٥]ئەم ڕێکەوتنە لە ٣ی تەممووزی ساڵی ١٨٤٤ لەلایەن نوێنەری ویلایەتە یەگرتووەکان (کالیب کوشنCaleb Cushing) و نوێنەری چین (چی یینگ Ch'i-ying) لە گوندی وانگیا لە باکوری مەکاو بەسترا، بە پێی ئەم ڕێکەوتنە تەواوی ئەو جیاووکانەی درابوونە هێزە بیانیەکان لە چین، درانە ویلایەتە یەگرتووەکانیش، وەکو بەکارهێنانی بەندەرەکانی چین و پاراستنی ئەمریکییەکان لە چین، مژدەدەرو بازرگانە ئەمریکییەکان مافی نیشتە جێ بوونیان لە چین پێبدرێت، ئەمریکییەکان مافی کڕینی زەویان دەبێت، مافی پێدانی خزمەتگوزاریەکان و بیمەی کۆمەڵایەتیشیان دەبێت، هەروەها ئەمریکیەکان بە پێی یاسای ئەمریکا دادگای دەکرێن نەک یاسای چین. (بۆ زانیاری بڕوانە:

James Z. Gao: Historical Dictionary of Modern China (1800–1949), SCARECROW PRESS, United States of America, 2009, P.381-382; Robert Sutter: Op.Cit, P. xlii.)

چین بە ئەمریکییەکان درا[1]، ساڵی ١٨٦٠ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چین، یارمەتی و هاوکاریی حکومەتی چین بوو تاوەکو لەڕوی ئابووریی و سەربازییەوە بەهێزبێت، ساڵی ١٨٦٨ نوێنەری چین سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کرد و لە لایەن وەزیری دەرەوە (ئانسۆن بورلینگەیم Anson Burlingame) پێشوازیکراو ڕێکەوتننامەیەکیان واژۆکرد، بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ڕێگە بە کۆچبەرە چینیەکان درا بچنە ئەمریکاو تەواوی مافەکانیان پارێزراوبێت[2]، ئەوەی گرنگە ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦١ لەدژی حکومەتی چین هێزی بەکارنەهێناوە، بەڵکو لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە ماف و جیاووکەکانی لە چیندا فراوان کردووە[3].

پاش ئەوەی چین لە (١٨٩٤-١٨٩٥) بەرانبەر یابان شکستیهێنا، هێزە ئەوروپییەکان بۆ گەڕان بەدوای مافی ناوچەو بازرگانی لە چیندا پەیوەندییان بەیابانەوە کرد، ئەمەش بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زەنگێکی مەترسیداربوو، چونکە بازرگانی ئەمریکای خستە مەترسییەوە، هەربۆیە کاربەدەستانی ئەمریکا لە ساڵانی ١٨٩٩-١٩٠٠ (سیاسەتی دەرگا کراوەکان) [4]یان ڕاگەیاند[5].

جیاوازیی پەیوەندیی ئەمریکاو چین، جیاوازیی ئەمریکایە لە دەوڵەتە ئەوروپیەکان، لە کاتێکدا دەوڵەتە ئەوروپییەکان بە یابانیشەوە هەوڵی دروستکردنی داگیرگە یاخود ناوچەی دەسەڵاتیان دەدا، ئەمریکا لە ١٨٩٩و سەردەمی سەرۆک ولیام مەکنیلی (١٨٩٧-١٩٠١)، بانگەشەی سیاسەتی دەرگای کراوەی لەگەڵ چین کرد، پێشبینی دەکرا چین هەمان هەڵوێستی هەبێت و کراوە بێت بەڕوی بازرگانی و بیانیەکاندا، بەڵام دەرگای کراوە؛ واتە یەکسانی لە نێوان هێزە بیانییەکان لە توانای گەیشتنیان بە چین، بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێک بسەپێنن[6].

---

[1] طارق عزيزة: استراتيجية الولايات المتحدة في آسيا في ظل النهوض الصيني، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ٢٠١٧، ص٣.

[2] Robert Sutter: Op.Cit, p.xliii .

[3] Cohen Warren: America's Response to China – Ahistory of Sino – American Relations, Columbia University Press, fifth edition, united states of America, 2010, P.26

[4] (دەرگا کراوەکان –Open Door Policy): لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم پرەنسیپێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوو بەرانبەر چین، ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لەلایەن بەریتانیەکی نیشتەجێی چین (ئەی ئی هیپیسلی A. E. Hippisley) بووداڕێژرا و بە هاوڕێ ئەمریکیەکەی (دەبلیو. دەبلیوو. رۆکهێڵW. W. Rockhil ڕاگەیاند کە وەزیرو ڕاوێژکاری سکرتێری دەوڵەت جۆن های John Hay بوو ، رۆکهێڵیش وەک پێشنیار خستیەبەردەم جۆن ، جۆنیش پەسەندی کرد . ،جۆن های لە کانونی یەکەمی ١٨٩٩ ئاگاداری هێزە بیانیەکانی ناو چینی کردەوە کە دان بەسەروەریی خاکی چین و حکومەتی چین بنێن، سەرجەم بەندەرەکان بەیەکسانی کراوەبن بۆ هەموو هێزە بیانییەکان، ئەم پرەنسیپە لەلایەن هێزەکانەوە لە کۆنفرانسی ساڵی١٩٢٢ جەختی لەسەر کرایەوە، بەڵام هیچ چاودێرێکی جێبەجێکردنی نەبوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٣١ بە هۆی داگیرکردنی مەنشوریا لەلایەن یابانەوە بونی نەما. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: JAMES Z. :Op.Cit, P.265-266. (GAO

[5] Robert Sutter: Op.Cit ,p .xliv .

[6] فرانسوا غودمو: العلاقات الصينية-الأميركية الجذور التاريخية والمستقبل الغامض، مركز الجزيرة للدراسات، ب.م، ٢٧ اوكتوبر/تشرين الأول ٢٠١٣، ص٢.

لەم قۆناغ و سەردەمەدا، سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە چین لەچاو دەوڵەت و هێزەکانی دیکەدا هێور و ئەرێنیتربوو، چونکە دژی داگیرکردن و دابەشکردنی چین بوو، ئەمەش لە ستراتیژی ئەمریکا بە گوێرەی سیاسەتی دەرگا کراوەکان ئاڕاستەی وەرگرتبوو، کە ئامانجی بوو: چین بە یەکپارچەیی بمێنیتەوە، گەلێک باشترە لەوەی لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە دەستی بەسەرا بگیرێت[1].

لە سالانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، ولاتانی وەک بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا و ئەلمانیا لەسەر دابەشکردنی چین پێشبڕکێیان بوو، لە ساڵی ۱۹۰۰ هێزە ئەمریکیەکان شانبەشانی هێزە ئیمپریالیستەکانی دیکە بەشدارییان لە هێرشێکی سەربازیی بۆ سەر پەکین کرد، ئامانجی دامرکاندنەوەی شۆڕشی (بۆکسەرز) بوو، کە کۆمەڵێکی چینی بوون و شێوازێکی شەڕکردنیان بەکاردەهێنا کە پشتی بە لێهاتوویی جەستە دەبەست، دژی هێزە ئیمپریالیستەکان و موژدەدەرە کریستیانەکانی ناو چین دەجەنگان، ئەم هێرشە بووە هۆی کوشتنی هەزاران کەس لە هاونیشتمانیانی چین کە زۆربەیان لە چینی هەژاران بوون و هیچ پەیوەندیەکییان بەو گروپەوە نەبوو[2].

ڕاگەیاندنی کۆماری چین لەلایەن (سن یاتسن) و کۆتاییهاتنی حوکمی ئیمپراتۆریی لە ساڵی ۱۹۱۱ نەیتوانی بەتەواوی فەرمانڕەوایی تەواوی ولات بکات[3]، ئەمریکا نەیتوانی بگاتە ئاستی پێشبینی چینییەکان، وودرۆ ویلسۆن (۱۹۱۳-۱۹۲۱) هاونیشتیمانیە چینیەکانی توشی بێ ئومێدیەکی زۆر کرد، بەتایبەت لە دوای کۆنگرەی ڤێرسای ۱۹۱۹، لە جیاتی ئەوەی نیمچە دورگەی شاندۆنگ بدرێتەوە بەچین، لە ئەڵمانیا سەندرایەوەو بە یابان بەخشرا، بەلام هربرت هۆڤەر (۱۹۲۹-۱۹۳۳) و سەرۆکی دواتر سەرۆک فرانکلین ڕۆزفێلت (۱۹۳۳-۱۹٤٥)، لە ماوەی (قەیرانی دارایی جیهانی ۱۹۲۹-۱۹۳۳) لە کۆتایی بیستەکان هاوکاریی زۆری خۆراکییان پێشکەشی چین کرد، هەروەها ئەمریکا پشتیوانی حکومەتی (چیانگ کای شێک) کرد، هاوکات لە جەنگی دژی یابان و زەریای هێمن پشتیوانی چین بوو، بەتایبەت لە ڕێگەی ناردنی هاوکاری سەربازیی بۆ ناوچەی حەدبە (زنجیرە چیای هیمالایاو سیتشوان)[4].

لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە ململانێ و هاریکاریدا بەرزو نزمی کردووە، هەردوو ولات پاڵنەری هێز و ویستی سیاسییان هەبوو، تاوەکو وەک زلهێز ڕۆڵی جیهانی ببینن، ئەمریکا دەیەویست پێگە بەهێزو جیهانیەکەی بپارێزێت، لەبەرانبەردا چین بە هۆی قورساییە دیمۆگرافی و ئابووریی و سیاسی و سەربازییەکەیەوە، هەوڵیدەدا بگاتە پێگەیەکی بەهێز، تاوەکو بتوانێت کاریگەریی لەسەر جوڵەی کارلێکە جیهانیەکان هەبێت[5].

---

[1]Robert Sutter: Op.Cit ,P.xlv .

[2]صهب سيف الدين شرباتي: م.س، ص٢٤.

٣ طارق عزيزة: م.س، ص٣.

٤ فرانسوا غودمو: م.س، ص٢.

٥ محمد عطية محمد ريحان: م .س، ص٩٢.

له جەنگی ناوخۆیی نێوان حکومەتی کۆمیتانگ و پارتی کۆمۆنیست ساڵانی ١٩٤٦ – ١٩٤٩، هەرچەندە چەندجارێک ئەمریکا هەوڵی ناوەندگیریدا بۆ وەستانی شەڕ، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت، دواجار له دژی کۆمۆنیستەکان یارمەتی لۆجستی کۆمیتانگیدا[1].

له کۆتایی حوزەیرانی ١٩٤٤ ڕۆزفێلت جێگری سەرۆکی (ئەی والاس جێرA.Wallace Jr)ی بۆ نێوەندگیری ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان نارد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو[2]، لەساڵی ١٩٤٦ تا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی چینی میللی له ٢١ تشرینی دووەمی ١٩٤٩، ئەمریکا له یارمەتیدانی (چیانگ کای شێک)ی له دژی ماو بەردەوامبوو، ت ا ئەو کاتەی چیانگ کای شێک ڕایکرد بۆ تایوان،ئەمریکا دانی بە تایواندا نا وەک نوێنەری یاسایی هەموو گەلی چینی وگرنتی پاراستنی دا، دوو هۆکار وایانکرد سیاسەتی ئەمریکا له چین سەرکەوتوو نەبێت:

١- لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا لەسیاسەتی گشتی ئەمریکادا نەبوو کە گرنگییەکی زۆر بە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بدرێت، بەڵکو زیاتر گرنگی بە ئەوروپا دەدا له ترسی کشانی شیوعیەت بۆ ناوچەکە.

٢- پێیوابوو دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی له نێوان ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان بەدەستبهێنێت،

لەدوای سەربەخۆیی چین، پەیوەندیی ئەمریکا و چین لەسەر دوو لایەن وەستابوو: بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا له ئاسیا، درێژبوونەوەی دەسەڵاتی سۆڤێت[3].

لەسەردەمی ماو تسی تۆنگ، ئەمریکا تایوانی بەنوێنەری یاسایی تەواوی گەلی چین دادەنا [4]، چونکە حوکمی کۆمۆنیستەکان مایەی ئاسودەیی نەبوو، هەروەها پشتیوانی له پارتی کۆمۆنیستی، لادان بوو له سیاسەتی دژایەتی کۆمۆنیزم، لەبەرئەوە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بەچین لەو ماوەیەدا سەبارەت بەزۆر بابەتی گرنگی وەک: (پرسی نوێنەرایەتی چین له نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە جەنگی کۆریا، کێشەی تایوان، مەسەلەی ڤێتنام) هەڵکشان و داکشانی پێوە دیاربوو[5].

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری میللی چین، ئەمریکا و سۆڤێت هەوڵیاندا پەیوەندیی لەگەڵ ببەستن، له حوزەیرانی ١٩٤٩ ئەمریکا لەڕێی باڵوێزەکەیانەوە پەیامێکی بۆ ماو نارد، کە وەک یارمەتی پێنج ملیار دۆلار قەرز بەچین دەدەن، بە مەرجێ ببنە هاوپەیمانی ئەمریکا و پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤێت بپچڕێنن، ماو بەو پێشنیارە ڕازینەبوو، له بەرانبەردا ١٤ی شوباتی ١٩٥٠ ڕێکەوتننامەیەکی هاریکاریی لەگەڵ سۆڤێت بەست و بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بە قەرزوەرگرت[6]، لەم ماوەیەدا دەستەبژێری فیکری و جێبەجێکاریش له چیندا، شوناسی خۆیان لەسەر بنەمای دژایەتیکردن و دوژمنایەتی ئەمریکا پێناسە کرد، بۆ نموونە

---

[1] LAWRENCE R. SULLIVAN: Historical Dictionary of the People's Republic ..., P.128-129.

[2] Priscila Roberts: Sino – American Relations Since 1900, Centre of Asian Studies University of Hong Kong, 1991, P.302.

[3] صهب سيف الدين شرباتي: م.س، ص٢٩-٣٠.

[4] محمد عطية محمد ريحان: م .س، ص٩٢.

[5] زينب عبدالله منكاش: العلاقات الأمريكية الصينية بعد الحرب الباردة وأبعادها السياسية والقتصادية، الدكتوراه في العلوم السياسية، جامعة النهرين، بغداد ،٢٠١٥، ص٦٨.

[6] Zhang Xiaotong et al: Decade of Shifting of Economic Dyplomacy, new world press, china, 2015, P.10.

شۆڕشگێڕە چینییەکان ئەمریکایان بە (بەوری کارتۆنی) نێودەبرد، پارتی کۆمۆنیستی فەرمانڕەواش هەفتەیەکی لە نێو ڕۆژمێری فەرمی وڵاتەکەیدا بە ناوی (هەفتەی بێزاریی لە ئەمریکا) دیاریکرد، لەو هەفتەیەدا خۆپیشاندانی سەرتاسەریی لە دژی سیاسەتی ئەمریکا لە هەموو وڵاتدا ئەنجامدەدرا[١].

لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە چین، یەکەم حکومەتی کۆمۆنیستی چینی گەشەسەندنی زۆری بە خۆوەبینی، ئەمریکا خۆشحاڵ نەبوو، لەم ماوەیەدا خۆی لە هەنگاونان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ چین لە زۆرێک لە بابەتەکاندا دورخستەوە[٢]، لەماوەی جەنگی سارد لە دوای یەکێتی سۆڤییێت، چین دووەم دوژمنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، هەربۆیە لە دژی ئەمریکا لە کۆریاو ڤێتنام چین دەجەنگا[٣].

یەکێتی سۆڤییێت دانپێدانانی بۆ کۆماری میللی چینی دەربڕی، بە پێچەوانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەو کۆمارە ڕازینەبوو، بەڵکو حکومەتەکەی (چیانگ کای شێک)ی وەکو نوێنەری شەرعی گەلی چین لە تایوان دەناسی[٤].

هەڵگیرسانی جەنگی کۆریا (١٩٥٠-١٩٥٣) ناکۆکییەکانی چین و ئەمریکای زیاتر قوڵکردەوە، کە بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکیی و سەربازیی ئەمریکا بە هاوکاری نێودەوڵەتی، بۆ ململانێیەکی ئایدیۆلۆژیی نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیستی گۆڕا، بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی لەم جەنگەدا ئەمریکا هەلی بۆ ڕەخسا کەشتیگەلی حەوتەمی بەرەو گەروەکانی تایوان بجوڵێنێت، هاوکات چین دەربارەی بوونی هێزە سەربازییە ئەمریکیەکان لە ئاوەکانی چین بەرهەڵستیکرد، بەتایبەت سەرۆک وەزیران (چو ئنلای) ئەم کارەی بە دەستدرێژی ئەمریکی ناوبرد، جەختیکردەوە کە "تایوان بەشێکە لە چینی میللی و جیانابێتەوە، ئەمەش ڕاستییەکی نەگۆڕەو چین لە ئاست ئەم دەست درێژیەی ئەمریکا بۆ سەر زەویەکانی کۆریا دەسەوەسان نابێت"[٥].

ئەم جەنگە پەیوەندییەکانی ئەمریکای بردە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، چونکە چین و یەکێتی سۆڤییێت پشتگیری کۆریای باکوریان کرد، ویلایەتە یەکگرتووەکان و تایوان پشتگیری کۆریای باشوریان کرد، بەهەمان شێوە لە جەنگی ڤێتنام (١٩٦٥-١٩٧٣) هەردوولا دژی یەکتر وەستانەوە، چین پشتگیری سەربازگەی کۆمۆنیستی کرد لە باکور لە دژی باشوری هاوپەیمانی ئەمریکا[٦]، بە درێژایی پەنجاو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان دوژمن کارانەبوو، لە ساڵی ١٩٥٤ لە کۆنفرانسی جەنەوە وەزیری دەرەوەی چین چو ئنلای دەستی هاوڕێیەتی بۆ جۆن فۆستەر

---

[١]سید محمد کشمیری: روابط آمریکا و چین - از همکاری اقتصادی تا رقابت استراتژیک، مطالعات اقتصادی سیاسی بین الملل، سال اول، شماره دوم، پاییز و زمستان ٩٥، ص ٨٨-٨٩.

[٢]زينب عبدالله منكاش: م.س، ص٦٨.

[٣]م.د. عطارد عوض عبد الحميد: التنافس الاميركي- الصيني على قيادة النظام الدولي- ضغط الاقتصاد وهواجس السياسة،مجله قضايا السياسيه، كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين،ع٥٢، ٢٠١٨، ص١٩٥.

[٤]طارق عزيزة: م.س، ص٤.

[٥]سلام فاضل حسون المسعودي: هنري كيسنجر ودوره في سياسة الانفتاح الأمريكي على الصين (١٩٦٩-١٩٧٧)، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب قسم التاريخ، جامعة بغداد، ٢٠١٢، ص١٣٨-١٣٩.

[٦]طارق عزيزة: م. س، ص٤.

دالاس John Foster Dulles ڕاکێشا، داوای دانیشتنی لەنوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسەکە کرد، بەڵام ڕەتکرایەوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە کۆنفرانسی (باندۆنگ بۆ دەوڵەتانی ئاسیاو ئەفەریقا) لە ئەندەنوسیا[1]، نوێنەری چین داوای دانوستانی فەرمی لە ئەمریکا کرد، بە هەمانشێوە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک[2]، لە کاتێکدا نوێنەری چین داوای لە ئەمریکییەکان کرد ڕێکەوتنێکی هاوبەش واژۆبکەن، کە لە بنەما سەلمێنراوەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی کۆنگرەی باندۆنگ دەرنەچن، بە سووربوونی هەردوولا لەسەر هەڵوێستی ڕەقی خۆیان، دانوستانەکان بە ڕێگەیەکی داخراو گەیشتن، تاکو لە ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٥٧ دانوستانەکان بە تەواوی وەستێنران[3].

پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو چین دوای جەنگی کۆریا هەر بەگرژی مایەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان مەترسی لە چین هەبوو کە لە فراوانکردنی زەوییەکانی بەرەو وڵاتانی دراوسێی بەردەوامبێت، لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتدا درکی بە قەبارەی مەترسی کۆمۆنیستی کردبوو، بۆ بونیاتنانی سستمێکی دژ بە کۆمۆنیستی سیاسەتی بەرەنگاری پەیڕەوکرد، بە تایبەتی دژی فراوانخوازی چینی لە ناوچەکەدا، کارکردن لەسەر ئەوەی چین بەو وڵاتانەی لەڕوی سستم و ئایدیۆلۆژیاوە لێی جیاوازن، وەک: یابان و کۆریای باشورو فلیپین و تایوان گەمارۆبدرێ[4].

لەم پێناوەدا ئەمریکا تۆڕێکی هاوپەیمانی سەربازیی لە یابان و کۆریای باشورو تایوان، وڵاتانی هاوپەیمانی سیتۆ (seato) تایلەند و فلیپین و پاکستان، وڵاتانی هاوپەیمانی ئەنزوس (Anzus) ئوسترالیاو نیوزلەنداو ویلایەتە یەکگرتووەکان دروستکرد، ئەم هاوپەیەمانێتی یە لەپێناو گەمارۆدان و دابڕینی چین بوو[5].

لە ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٥ چین هەوڵیدا لە ڕێگەی فشاری سەربازییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بەتایبەت تایوان دوربخاتەوە، بەڵام شکستیهێنا، ناچار لە ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ سیاسەتی نەرم و دیپلۆماسی گرتەبەر[6].

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٥٨ کێشەی تایوان سەریهەڵدایەوە و چین تۆپبارانی دورگەی کیمۆی تایوانی دەستپێکردەوە، ویستی ئابڵوقەی تایوان بدات، بەڵام لە کۆتایی مانگی ئاب ویلایەتە یەکگرتووەکان

---

[1] ئەم کۆنگرەیە لە ١٨ ی نیسانی ١٩٥٥ لە شاری باندۆنگ Bandung ی ئەندۆنیسیا ٦ ڕۆژ بەردەوامبوو، نوێنەرانی ٢٩ دەوڵەت وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر، سەرۆک وەزیرانی هندستان جەواهیر لال نەهرۆ و سەرۆکی یوگوسلافیا جۆزیف بروز تیتۆ بەشداربوون، گرنگترین دەرەنجامی ئەم کۆنگرەیە دامەزراندنی بنەمای بێلایەنی بوو، بنەماکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، سەروەری وولاتان و یەکپارچەییان، دەسوەرنەدان لە کارو باری ناوخۆی وولاتان، چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتی، گەشەپێدانی بەرژەوەندییەکان، دابینکردنی هاریکاریی نێودەوڵەتی. (سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٤٣).

[2] LAWRENCE R. SULLIVAN: Historical Dictionary of the People’s Republic ..., P.534-535.

[3] سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٤٤.

[4] م.ن، ص١٣٧-١٣٨.

[5] فوزی درویش: م.س، ص٦٥.

[6] م.ن، ص٦٥.

ناڕەزایی دەربڕی، لە ٤ ئەیلول جوڵەی بەکەشتی حەوتەم بۆ ناوچەی جێناکۆک کردو ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ چین کرد، بەڵام چین هێزەکانی کشاندەوە بۆ جێگای خۆیان[١].

لە سەردەمی سەرۆکی ئەمریکا (ليندۆن جۆنسۆن) کە دوای سەرۆک کەنەدی لە ٢٢ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتی وەرگرت، ململانێی ئەمریکاو چین دەستیپێکردەوە، چین لەسەر هەمان داواکارییەکانی کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە تایوان و گێڕانەوەی زەوییەکان بۆ چینی دووپاتکردەوە، کێشەکە پابەندبوو بە سروشتی پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو چین و داننان بە شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنی چینی میللی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە تایوان، وادیاربوو جونسون درکی بەڕادەی مەترسی ئەو ململانێ درێژخایەنە کردبوو، بۆیە هەوڵیدا بە شێوازێکی نوێ هەڵسوکەوت لەگەڵ چین بکات، لە شێوازی هەڕەشەکردنی سەربازیی ڕاستەوخۆ دورکەوتەوە، سەرجەم گەمارۆکانی هەڵوەشاندەوە[٢].

لە ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٨ ئەمریکا هەوڵیدەدا هاوپەیمانی لەگەڵ تایوان دروستبکات، هاوکات هەوڵیاندا ڕێکەوتنێکی ستراتیژی لەگەڵ کۆماری میللی چین ببەستن، هەرچەندە حکومەتی چین مەرجی زۆری بۆ ئەم مەبەستە دانابوو، بۆ نمونە لە کاتی سەردانی کیسنجەرو پاشان نیکسۆن بۆ چین ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٢ مەرجی سەرەکی (چو ئنلای) بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی هەردوولا بریتیبون لە: کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە تایوان و هەڵوەشانەوەی پەیمانی بەرگری هاوبەشی نێوان ئەمریکاو تایوان، ناساندنی تایوان وەک هەرێمێکی چین[٣]. هەرچەندە ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٧٢ هێزە سەربازییەکانی لە تایوان کەمکردەوە، بەڵام بەتەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایوان نەپچڕاند، بگرە پەیوەندی سەربازی و ئابووریی لەگەڵ تایوان بەردەوامبوو، ئەم دۆخە چینی نیگەران کردبوو[٤].

یەکێکیتر لە کێشە کانی نێوانیان کێشەی کورسی نەتەوە یەگرتووەکانبوو کە درابو بە تایوان و چین بەردەوام داوای دەکرد .

لەڕوی مێژووییەوە ئەم کێشەهەرلە ساڵی ١٩٥٠ ولایەتە یەکگرتووەکان هەردوو هەوڵی چین و یەکێتی سۆڤییەتی بۆ دابینکردنی کورسی لە ئەنجومەنی نەتەوە یەگرتووەکان شکستپێهێنا، کە داوایانکردبوو ببنە ئەندام و نوێنەری تایوان لە ئەنجومەن بکرێتە دەرەوە و نوێنەری چین جێیبگرێتەوە، لەو کاتەوە کێشەی کورسی چین لەناو ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگەی مشتومڕبوو، ئەمریکا هەمیشە هەوڵیداوە ئەنجومەنی گشتی کێشەی چین لە ماوەی ١٠ ساڵی (١٩٥١-١٩٦١) لە کۆبونەوەکانیدا نەخاتە ناو خشتەی کارەکانی، ئەمریکا لە ١٩٦١ پرۆژەی بڕیارێکی دایە ئەنجومەنی گشتی، کە بە پێی مادەی ١٨ هەر پێشنیارێک لەو بارەوە بە (کێشەیەکی گرنگ) سەیربکرێت، ئەمەش پێویستی بەزۆرینەی دوو لە سەر سێ هەیە بۆ بڕیاردان، ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ساڵی١٩٧١ لەسەر

---

[1]Steven M. Goldstein: The United States and the Republic of China, 1949–1978: Suspicious Allie, February 2000, p8.

٢ سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٤٢.

[3] Steven M. Goldstein: Op.Cit,p.34.

[4] Ibid, P.35.

ئەم هەڵوێستەی سوربوو[١]، بەڵام کێشەی ڤێتنام هۆکارێکی گرنگی دروستبونی گرژییەکانی نێوان ئەو دوو وولاتە بوو، لەپێناو گرەنتیکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ڤێتنام و لەمپەرگیریی زۆربوونی کۆمۆنیستی لە ناوچەکەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری تایوانی کرد، هاوکات چینیەکان ڤێتنامی باکوریان وەک هاوپەیمانێکی ئایدیۆلۆژیی و ئاسیایی لەقەڵەمدەدا، ئەوەی کێشەکەی قوڵترکردەوە بوونی زیاد لە نیو ملیۆن سەربازی ئەمریکی بوو لە ڤێتنامی باشور، توندبونەوەی جەنگ لە نزیک سنوری باشوری چینی میللی، هەڕەشەیەک بوو بۆ پێگەی چین لە ئاسیادا، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی چین دەستێوەردانی ئەمریکی بۆ ڤێتنام ڕەتکردەوە، خۆی لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا لادەدا، نەیدەویست ئەو دەستێوەردانە هۆکاربێت بۆ هەر پێکدادانێک، بۆیە تەنها یارمەتی لۆجیستی و ماددی بۆ جەنگاوەرە کۆمۆنیستە ڤێتنامیە شۆڕشگێڕەکان دەنارد[٢].

سیاسەتی گەمارۆدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕووبەڕووبونەوەی چین و سنوردانانی لە ئاسیادا شکستیهێنا، ئەمە جگە لە گۆڕانی باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی چین، بەهۆی بەشداریکردنی لە جەنگی کۆریا دەسەڵاتی لە ناوخۆو دەرەوەدا زیادبوو. چین لە تاقیکردنەوەی یەکەم بۆمبی ناوەکیی لە ساڵی ١٩٦٤و یەکەم بۆمبی هایدرۆجینی لە ساڵی ١٩٦٩ سەرکەوتووبوو، یەکەم مانگی دەستکردی لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ بۆشای ئاسمان هەڵدا، لە بواری پڕچەککردنی ئەتۆمیدا بەرنامەکانی خستەگەڕ، ئەمەش باڵانسی ستراتیژی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤێت گۆڕیی، سەرەتای حەفتاکان بەقۆناغی نزیکبونەوەی چین و ئەمریکا دادەنرێت، کۆتایی بە بیست ساڵ لە ململانێ هێنا، کە زۆرێ لە جەنگ و هاوپەیمانێتی لەدژی یەکتر لەخۆگرتبوو، هەندێجار کار گەشتبووە جەنگی هەرێمایەتی و ناوەکیی، ئەو پێشبینیانەی هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا لەنێوان چینی سووری کۆمۆنیستی ماوی و ئەمریکای سەرمایەداریی کە گرنگترین ڕوداوی دوای جەنگی جیهانی دووەم بوو، لەسەردەمی ڕیچارد نیکسۆن و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨، پەیوەندییەکانیان چوونە قۆناغی نزیکبوونەوەی هەردوولا، ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاسەتی بەرەوباشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری چین بونیادنا، هاوبەشێکی نوێی پەیداکرد کە لە کیشوەری ئاسیادا قورسایی سیاسی و کاریگەری هەبوو، ڕۆڵێکی کاریگەری لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سۆڤیێتی لە ئاسیا بینی[٣].

سیاسەتی نزیکبونەوە لە ئەمریکا لەسەردەمی ماو و لەگەڵ سەرۆک وەزیران چو ئنلای داڕێژرا، کە تەنها کەس بوو دەیتوانی لە ماو نزیکبێتەوە، دواتر لە دۆزینەوەی ئەم سیاسەتە هاوکاریکرد، یەکەم ئاماژە و دەستپێکی ئەم سیاسەتە لەڕێگەی وتارێکەوە بوو، کە لەسەر زمانی وتەبێژی پارتی کۆمۆنیستی لە گۆڤاری ئاڵای سوردا بڵاوکرایەوە، ئاماژەیدابوو کە پێویستە جیاوازی لە نێوان دوژمنی هەمیشەیی و

---

[١]سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٣٨.

[2]Dr. Spencer C. Tucker: THE ENCYCLOPEDIA OF THE VIETNAM WAR A Political, Social, and Military History, Second Edition, Volume 1, ABC-CLIO, LLC, Santa Barbara, 2011, P.xli-xliii.

[٣]م. د. سليم كاطع علي و م إنعام عبدالرضا سلطان: العلاقات الامريكية ـ الصينية: الواقع وآفاق المستقبل، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية ،ع ٤٣-٤٤،جامعة بغداد، ٢٠١٦،ص١٦٣.

کاتی، دوژمنی سەرەکی و پلە دوو، دوژمنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بکرێت، ئەمەش ئاماژەبوو بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤیێت دوژمنی سەرەکی و هەمیشەیی ڕاستەوخۆیە و ئەمریکا دوژمنی کاتیە[١].

لە نیسانی ١٩٧١ تیپێکی تێنسی ئەمریکی بۆ چین بانگهێشتکران، دوابەدوای ئەم ڕوداوە هێنز ئەلفرێد کیسنجەر(١٩٢٣- ) ڕاوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی بەنهێنی لە تەموزی ١٩٧١ سەردانی چینی کرد، دوای ئەوە نیکسۆن بۆ چین گەشتیکرد، هەردوولا لە ٢٨ شوباتی ١٩٧٢ یاداشتێکی هاوبەشیان لە شەنگەهای واژۆکرد[٢]. لە سەرەتای یاداشتەکەدا بانگەشەی هەموو دەوڵەتانیان کرد بە ڕێگەیکی ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەربکەن و هەوڵبدەن بە تەبایی پێکەوەبژین و دەست لە کاروباری ناوخۆی یەکتر وەرنەدەن، بە بەکارهێنانی هێز کێشەکان یەکلایی نەکەنەوە،یاداشتەکە چەند خاڵێکی لە خۆگرتبوو[٣]:

١-پەیوەندییێکی ئاسایی لەنێوان هەردوو وولاتدا بونیات بنێن، بەو مەرجەی زیان بە دەوڵەتانی تر نەگەیەنێت، بەڵکو سودی لێبکەوێتەوە.

٢- بەگژاچونەوی پێکدادانی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی چەکی ناوەکیان هەیە.

٣- پاراستنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی لە ئاسیادا، ڕووبەڕووبونەوەی هەردەوڵەتێک کە بیەوێت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت.

٤-پابەندبوون بە دەستوەرنەدانی سیاسی و نەبەستنی پەیماننامە لە دژی لایەنێکی تر.

٥- دوورکەوتنەوەی دەوڵەتە گەورەکان لەهاوپەیمانی بەستن، چونکە دەبنە مایەی مەترسی بۆ سەر دەوڵەتانی دیکە.

ئەو خاڵەی بە تایوان تایبەت بوو، وارێکخرابوو چین ڕازیبکات، چونکە کێشەی تایوان بۆ چین بابەتێکی ناوخۆیی بوو کە هیچ دەوڵەتێک بۆی نییە دەستی تێوەربدات[٤]، یەکێکی تر لە تەوەری گفتوگۆکانیان پرسی کشانەوەی هێزە بیانییەکانی ناو کۆریاو ڤێتنام بوو[٥].

ئەم لێکنزیک بونەوەیە پەیوەندییەکانی (چین – سۆڤیێت)ی بەرەو لاوازیی و لێکپچڕان برد، هاوکات پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکای زیاتر توندوتۆڵکرد، کە سودێکی زۆری بە ئەمریکا گەیاند، چونکە کاریگەرییەکانی شەڕی ڤێتنامی کەمکردەوە، ئەم پەیوەندییانە تا ماوەیەک وەستان، بەڵام پاش حەوتساڵ و لە ١٩٧٨ دەستیانپێکردەوە[٦]، بەمەبەستی گفتوگۆ لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوولا و ڕێکخستنی سەردانی سەرۆک فۆرد، کیسنجەر لە ١٩ تشرینی یەکەم ١٩٧٥ سەردانی چینی کردەوەو

---

١ صهب سيف الدين شرباتي: م.س، ص٨٨.

[2]Priscila Roberts: Sino – American Relations..., p.484.

[٣] سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٩٦.

[٤]م.ن، ص١٩٦.

[5]Jonathan D. Spence: Op.Cit, p. 632.

[6]Priscila Roberts: Sino – American Relations..., P. 484.

لەلایەن دینگ شیاو پینگەوە پێشوازی لێکرا، دینگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تایوان سێ پێشنیاری خستەڕوو[1]:

أ- جەختکردنەوە لەسەر بەیاننامەی شەنگەهای و ڕەتکردنەوەی هەر ئەڵتەرناتیڤێک، کە دژی چارەسەرکردنی دوو چین بوو، واتە چین بەجیاو تایوان بەجیا.

ب-پرسی تایوان پرسێکی ناوخۆییە، گەلی چینی خۆی بڕیار لەسەر چارەسەری دەدات.

ت-نابێت لایەنی سێیەم بێتە ناو پرسی تایوانەوە، تەنها چین خۆی چارەسەری دەکات.

سەردەمی نیکسۆن و فۆرد و کارتەر لە دژی سۆڤێیت هەوڵدرا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ چین ئاساییکەنەوە، لەو پێناوەدا هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە تایوان کەمکرایەوە، لە ساڵی ١٩٦٩ ئەرکی چاودێریکردنی گەروی تایوان لەلایەن کەشتیگەلی حەوتەمی ئەمریکی کۆتایی پێهێنرا، هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٧ ژمارەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە تایوان لە (١٠٠٠٠ بۆ ١٤٠٠) سەرباز کەمکرانەوە[2].

هەرچەندە لە سەرەتادا حکومەتە کۆمۆنیستیەکەی چین ویستی بە هۆی جەنگی سارد هاوکاریی لە یەکێتی سۆڤێیت وەربگرێت، بەڵام ئەم پەیوەندیی و پاڵپشتییە زۆری نەخایاند[3]، دواتر ئەمریکا پێیباشبوو بۆ ڕووبەڕوبونەوەی مەترسی سۆڤێیت پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ چین ببەستێت، ئەمە لە کاتێکدا کە چین و یەکێتی سۆڤێیت لە ڕێکەوتندا بوون، سۆڤێیت هاوکاری ئابووریی و هونەری پێشکەش بە چین کرد، کە بەبڕبڕەی پشتی پێشکەوتنی ئابووریی و سەربازی چین بوو، بەڵام بەهۆی کێشەی سنوریی هەردوولا و پێکدادانی سنوری و کۆمەڵێ کێشەی تر پەیوەندییەکانیان تێکچوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەی بەهەلزانی و لە چین نزیکبووەوە[4].

دوای سەردانەکەی نیکسۆن وکیسەنجەر١٩٧٢، ئەمریکا سوودی لەو هەلە وەرگرت سیاسەتی (چینی یەکگرتوو)ی ڕاگەیاند و نەیهێشت کێشەی تایوان ببێتە بەربەست و لە یەکێتی سۆڤێیتی دوورخستنەوە،

---

[1]هنری کیسینجەر: ساڵانی نوێبوونەوە پوختکراوەی بیرەوەریەکانی، و. خالید هەرکی، ب٢، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٣٥٧-٣٦٢

[2]Steven M. Goldstein: Op.Cit, p.34.–p35

[3] ئەو هۆکارانەی بووە هۆی دروستکردن و گەورەکردنی کێشەی نێوان چین و سۆڤێیت؛ گۆڕینی ڕێبازی بیردۆزی سۆسیالیستی بوو، لە گرنگیدان بە کرێکاران بۆ جوتیاران، هاتنی خرۆشۆف و هێرشکردنە سەر ستالین؛ ماو پشتگیری خرۆشۆفی کرد لە دژی مالینکۆف، بەڵام دوای ئەوەی خرۆشۆف دژایەتی ستالینی کرد، ماو تورەبوو، ناکۆکییان لە ستراتیژیی دەرەکی؛ سۆڤێت هەمیشە هانی کرانەوەو نزیکبونەوەی دەدا لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان و هەوڵیدەدا لەڕوی ئابوری و بازرگانییەوە سودیان لێوەربگرێت، لەکاتێکدا چین هێشتا لە پرۆسەی بونیاتنانی ناوخۆییدا بوو پێویستی بە پەیوەندی نەبوو لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان، ناکۆکی لەسەر هەژموون؛ چین و یەکێتی سۆڤێیت هێزی خۆیان لە پێناو سەرکردایەتی کۆمۆنیزمی جیهانی خستبوەگەڕ، کاریگەری شۆڕشی کولتوری؛ یارمەتیدەربوو بۆ هەڵچوونی هەستی ڕق و کینە بەرانبەر بە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێیت، سیاسەتی نوێی چین کە بە (ستراتیژیی دوژمنایەتی دوانەیی – The Dual Adversary Strategy) ناوبرا دژی ئەمریکای ئیمپریالی و سۆڤێیت بوو، (بڕوانە صهب سیف الدین شرباتي: م.س، ص٥٤-٦٤).

[4]محمد عطية محمد ريحان: م .س، ص٩٢-٩٣.

بە تـایبەتی کە کێشــەی ئایـدۆلۆژیی لە لێکـدانەوەی کۆمۆنیزمـدا لە نێـوان هەردوو وڵاتـی کۆمۆنیسـتیدا هاتبووە ئاراوە[١].

لێـرەوە نیکسـۆن بێـئەوەی دوژمنـایەتی لەگەڵ سـۆڤییێت دروسـتبکات یـاخود زیـان بە بەرژەوەنـدیی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەت تایوان و یابان بگەیەنێت، هەوڵیدەدا ململانێکانی لەگەڵ چین کۆتایی پێبهێنێت، ئەم سیاسـەتە هاوسـەنگیەکی نێودەوڵەتی بەدیهێنا کە هۆکـاری سـەقامگیریی و دورخسـتنەوەی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی لە پێکـدادانی چەکـداری بـوو[٢]، نیکسـۆن بە نزیکبـونەوە لەچـین هەوڵیـدا باڵانسـی هێزبگۆڕێـت، کیسـنجەر ووتـی: "کـرانەوە بەڕووی چینـدا لەوانەیە یـارمەتی ئـێمە بـدات بـۆ کۆتـایی هێنـان بە کارەسـات لەو شـەڕەدا"[٣]، دوای ئـەوەی ئـەمریکا بـڕوای بـە نوێنەرایـەتی سـەرۆک نیکسـۆن و ڕاوێژکارەکەی بـۆ کاروبـاری ئاسایشـی نەتـەوەیی بـۆ دروسـتبوو، بـە گرتنەبـەری هەنـدێک هـەنگاوی گرنـگ پەیوەندییـەکانیان لەگـەڵ چـین ئاسـاییکردەوە، گرنگترینیـان کەمکردنەوەی گرژییەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان، کۆتاییهێنان بە جەنگی ڕاگەیاندن بوو، ئاسـانکاری لـە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، پێدانی ڤیزای گەشت بە ئەمریکییەکان بۆ چین، کەمکردنەوەی هێزە سەربازییەکان لە ناوچە نزیکەکانی چین، چاوخشاندنەوە بە کێشەی ڤێتنامدا، کشانەوەی هێزەکانی لە هندی چینی[٤].

هاوکات ئەمریکا چەند ڕێکارێکی گرتەبەر، وەک؛ هەناردەکردنی ڕاستەوخۆی کەلوپەلە ستراتیژییەکان بۆ چین، هەروەها هاوردەکردنی چەند کەلوپەلێکی دیاریکراویش لە چینەوە. ئاسانکاری لە گەشت کردن و پێدانی ڤیـزا بـۆ ئەمریکـا، کەمکـردنەوەی کۆتوبەنـد لەسـەر دراو لەپێنـاوی ڕێگەدان بە چـین بـۆ ئەوەی دۆلاری ئەمریکـی بەکـاربهێنن. ڕێگەدان بە کۆمپانیـای نەوتـی ئەمریکـا، بە پێدانی پەتـرۆڵ بە کەشـتی و فرۆکەکـانی لە چینەوە دێن یـاخود بـۆ چین دەڕۆن، ڕێگەدان بە کەشـتی و هێڵی فرۆکەوانـی ئەمریکـا بە هەڵگرتنی کەلوپەلی چینی لەو بەنـدەرانەی هـی چین یـان ئەمریکی نین، ئەم هەنگـاوانە بەردەوامنەبوون، ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو بە شــەڕی ڤێتنـامەوە تێـوەگلان، پەکـین ئەمەی بە دەسـتێوەردان لە کاروبـاری دراوسێکانی چین لێکدایەوە، وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژوەندیەکانی دەزانی[٥].

دامەزراندنی کۆماری میللی چین گرنگیەکی تایبەتی بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی جیهان هەبوو، خـۆی بە جەمسـەر و ڕاستیەکی چەسـپاو لە بـوونی ئەلتەرناتیڤێک بـۆ سـەرمایەداری دادەنـا، کە دەیەوێت نموونەی لیبرالیزمی نوێ بە سەر جیهاندا بگشتێنێت، لە لایەکیترەوە سەرمایەداری وڵاتـی چینـی بە نمـوونەیەکی تـری کۆمـۆنیزم لە دژی ئامانجەکـانی لە ئاسـیا و بگـرە سـەرجەم جیهانـدا دەبینـی، بە هاتنەکایەی پەیوەندی نێوان چین و ئەمریکا و ئاسـاییبوونەوەی پەیوەندیەکان، پرۆسـەی بەدەسـتهێنانی

[1]Vladimir Petrov: Soviet-Chinese Relations, 1945-1970, Indiana University Press, Canada, 1975, p.220-225.

[٢]زینب عبدالله منکاش: م.س، ص٦٩.

[3]Priscila Roberts: Sino – American Relations..., P.482.

[٤]سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٦٣.

[٥]أميمه علي طه: م.س، ص٦٨ .

پاڵپشتی وڵاتان بۆ داننان بە سەربەخۆیی تایوان خاوتربوویەوە، لەگەڵ ئەمەدا تا ساڵی ١٩٨٩ پرۆسەی چەک فرۆشتنی بە تایوان بە شێوازێکی سنووردارتر لە جاران هەر بەردەوامبوو[١].

هەروەها لەسەردەمی ئیدارەی جیراڵد فۆرد سەردان و دانوستانەکان لەنێوان هەردو وڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوامبوو.

ئەوکاتەی جیرالد فۆرد لە ١٩٧٤ حوکمی وەرگرت، سیاسەتی دەرەکی هەروەک ئامانجەکانی سەرۆک نیکسۆن هێشتەوە (ئاشتی جیهانی و بە سەرکردایەتی ئەمریکا)، مەسەلەی مافی مرۆڤ کاری هەرە پێشینەی سیاسەتی دەرەکی بوو، لەو باوەڕەدابوو (ئەمریکا پێویستە لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە سەرکردایەتی ئاشتی جیهانی بکات) و ڕۆڵ بگێڕێت، لەم پێناوەدا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لە ساڵی ١٩٧٥ سەردانی چینی کرد[٢]، لەلایەن دینگەوە پێشوازی لێکرا[٣]، مەبەستی لەم سەردانە جگە لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی هەردوولا و ڕاگەیاندنی ناوەڕۆکی کۆنگرەی ئەمریکی –سۆڤییەتی بوو بە چین، کەبە کۆنگرەی ڤلادیڤۆستک (Vladivostok) یاخود کۆنگرەی فۆرد بریژنێف ناسرابوو، دینگ ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە کۆنگرەی (ئەمریکی –سۆڤییەت)ی دەربڕی، چونکە ئەو هەرێمەی سۆڤییەت (ڤلادیڤۆستک) لە سەدەی نۆزدەدا لە چین دابڕێنرابوو، پاشان ڤلادیڤۆستک کرایە بنکەیەکی سەربازی بۆ چاودێری کۆریاو زەریای ئارام، بۆیە سەرکردایەتی چینی بەستنی ئەم کۆنگرەیەی وەک نامەیەکی هەڕەشەئامێز لەلایەن سەرکردایەتی سۆڤییەت بۆ چین لێکدایەوە[٤].

لەگەڵ نزیکبونەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی واشنتن و پەکین، دەسەڵاتدارانی تایوان ترس و نیگەرانییان بۆ دروستبوو، لە ساڵی ١٩٧٥ چین کۆمەڵێ مەرجی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن دانابوو، یەکێک لەو مەرجانە پێویستبوو واشنتۆن هەموو پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ تایوان نەهێڵێت، هێزە سەربازییەکانی لە تایوان بکشێنێتەوە، پەیمانی بەرگریی هاوبەشی نێوان واشنتن و تایوان لە ساڵی ١٩٥٤ هەڵبوەشێتەوە[٥].

هەروەها کێشەی کورسی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێکیتربوو لە کێشە هەڵپەسێراوەکانی هەردوو وڵات. لە کۆتایی شەستەکان چین بەچڕی لۆبی خۆی بۆ بە دەستهێنانی کورسی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارهێنا، هاوکات لە ساڵی ١٩٧١ بەهۆی نزیکبونەوەی هەردوو وڵاتەوە کورسیەکە لە حکومەتی

---

[١]جهان حیدری: استراتژی آمریکا در قبال تایوان و واکنش چین، فصلنامه سیاست خارجی، سال بیست و چهارم، شماره٢، تابستان ١٣٨٩، ص٤٢٩.

[٢]منال حسونة: الصين في السياسة الأمريكية: بين الحملات الانتخابية والسياسات الرسمية، رسالة الماجستير في الدراسات الدولية – تركيز الدبلوماسية، كلية الدراسات العليا، جامعة بيرزيت، فلسطين، ٢٠١٥، ص ٥ .

[٣]هنری کیسینجەر: س.پ، ل ٣٧٠.

[٤]سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص٢١٨.

[5]Nancy Bernkof Trucker :China confidential: American Diplomats and Sino –American Relations, cooperation with the Association for Diplomatic Studies and Training Foreign Affairs Oral History Program, and the ADST-DACOR Diplomats and Diplomacy Series, Columbia University Press, NEW YORK, 2000, p314 .

کۆمیتانگ سـەنرایەوەو بە چین درا[١].هەرچەندە سۆڤییێت بە نزیکبونەوەی چین و ئەمریکا نیگەران بوو، زبیگنیـف بریجنسـکی (ڕاوێژکـاری ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمریکـا) داوای لە چـین کـرد پەیوەنـدییەکانیان ئاسـاییبکەنەوە، سـۆڤییێت بـۆ نـوێکردنەوەی لایەنـی سـەربازی وتەکنەلـۆژی و زانسـتی چـین ئامـادەیی دەربـڕی، بەڵام کـارتەر جەختـی لەسـەر بەیاننـامەی شـەنگەهای کـرەوە، ڕایگەیانـد کە ئەوان لەگەڵ چـین پەرۆشـی نزیکتربـونی یەکتـرن، لە نیسـانی ١٩٧٧ کـارتەر پێـداچونەوەی بە بژاردەکـانی ئەمریکـا کـرد، بەتایبەتی پرسی کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لەتایوان و پێدانی تەکنەلۆژیای بەرگریی بە چین[٢].

---

[1]Jonathan D. Spence: Op.cit , p.628.

2 S. Mahmud Ali: US–China Cold War Collaboration, 1971–1989, Routledge studies in the modern history of Asia , 2000,P.123-124.

## باسی دووەم - پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی چین- ئەمریکا ١٩٧٨-١٩٩٢:

**یەکەم – پەیوەندییە سیاسییەکان:**

سەرەڕای ناکۆکیەکان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، چین پێش دەستپێکردنی سەردەمی چاکسازیی، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی سەرەکی بوویەوە؛ لەوانە ناسەقامگیریی ئابووریی وڵات، ناڕەزایەتییەکان بەرانبەر پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار، پێگە و شەرعیەتی پارت و حکومەتی لەرزۆک کردبوو، هاوکات وڵات ڕووبەڕوی فشارو هەڕەشەی قورس بووبوویەوە، ئەمە کرانەوەی بە ڕووی جیهاندا دەخواست و لەو نێوەندەدا ئەمریکا پێگەیەکی مەزن و دیاری جیهانی بوو... ئەم دۆخە هۆکاربوو بۆ ئەوەی پارتی کۆمۆنیست چاکسازیی بخاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە جگە لە چاکسازیی لە ناوخۆدا و سیاسەتی دەرەوەدا هیچی دیکە نەبوو[1].

سروشتی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا جیاواز بوو، هەندێک جار دژ و هەندێک جاریش تەبابوون، واتە نە بەربەرەکانێیەکی ئاشکراو نە دوژمنایەتیەکی شاراوە بوو، هەوڵیاندەدا لە چوارچێوەیەکی هاوسەنگدا بمێنێتەوە، کە بەرژەوەندیی و هەڕەشەی هاوبەشی لەخۆدەگرت و بەردەوام لە گۆڕانی گەورەدا بوو، لە ڕێڕەوی چاکسازییەکاندا گۆڕانکارییەکی نوێ و کاریگەر لە سیاسەتی دەرەوەی چین هەبوو، ئەو گۆڕانکارییە بەهۆی تێڕوانینی پارتی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە پێگە و جێگەی خۆی، پێیانوابوو زیندووکردنەوەی ڕەوایەتی هێزەکەی کە بە درێژای دوو دەیەی ڕابردوو هەیبوو، بە بەرەوپێشبردنی چاکسازییە ئابوورییەکان بەستراوەتەوە، ئەویش لە ڕێگەی هەڵسوکەوتکردنی کارا لەگەڵ تۆڕی ئابووریی جیهانی و بازرگانیکردن لەگەڵ هێزە خاوەن سەرمایەکاندا، لەبەرئەوە حکومەتی چین بە ڕاگەیاندنی سیاسەتی دەرگا کراوەکان، مەرجەکانی چوونە ناو تۆڕی بەیەکەوە بەستراوی ئابووریی جیهانیی پەسەندکرد[2].

لە سەردەمی ماودا چین دوای پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان فراوان کرد، بەڵام زیاتر ئامانجی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی بوو لە بەرانبەر هەڕەشەی دووژمنی دەرەکی و دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان، هاوکات سەرقاڵی پەیڕەوکردنی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی و ململانێی چینایەتی و پشتگیری لە هەرێمە پابەندنەبووەکان و هەندێک لە جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان بوو، بەڵام دوای جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرگا کراوەکان ڕێبازێکی نوێی لە سیاسەتی دەرەوەی چین هێنایە ئاراوەو هەڵسوکەوتی چین لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە خێرایی گەشەیکرد، چیتر چین لە دۆخی گۆشەگیریی و داخراوی نەمایەوە، ئەمجارە ئامانجی چین لە دەستەبەرکردنی

---

١عبداله قنبرلو: آثار دوگانه گشایش اقتصادي بر سياست خارجي چين، جستارهاي سياسي معاصر، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگي سال هفتم، شماره دوم، تابستان ١٣٩٥، ١٣، ص٣٥-٣٦.

٢ هـ .م، ص،٥١.

پێداویستی ناوخۆیی گەورەتربوو، لە هەلّەکان سوودیانوەرگرت، تۆڕی پێکەوە بەستراوی ئابووریی سەرمایەداری کاریگەری تایبەتی خۆی بەسەر بەرنامەکانی حکومەتەوە بەجێهێشت[1].

لە قۆناغی جەنگی ساردا بەتایبەتی لە حەفتا و هەشتاکاندا پەیوەندییەکانی چین- ئەمریکا وەکو هەردەولّەتێکی تر گرنگ و بایەخداربوون، چونکە پەیوەندییە نێودەولّەتییەکان لەسەر بنەماو دارشتن و دروستکرنی ستراتیژی ڕوبەڕوبونەوەی یەکێتی سۆڤییێت و ئەمریکا دەپێوران، یەکێتی سۆڤییێت نزیکبونەوەی چین و ئەمریکای بەهەڕەشە لەسەر خۆی دەزانی، بە هەمان شێوە ئەمریکا و چینیش سۆڤییێتیان بە هەڕەشەیەکی سەرەکی سەر ئاسایشی خۆیان دەزانی، لەبەرئەوە خالّی سەرەکی لە ستراتیژیی پەیوەندیی چین ئەمریکا لەو ماوەیەدا ڕوبەڕووبونەوەی هەڕەشەی سۆڤییێت بوو[2].

پەیوەندیی ئەمریکاو چین بەجۆرێک گەشەیکرد کە ئەمریکا چینی نەک بە دەولّەتێکی نەیار، بەلّکو بەدەولّەتێکی هاوڕێ پەسندکرد، لە بواری ستراتیژی و ئابووری و ڕۆشنبیری دەرەنجامی باشی لێکەوتەوە[3]. هەرچەند ئایدۆلۆژیای هەر دوو ولاّت جیاوازبوو، بەلاّم بە پێچەوانەی یەکێتی سۆڤییێتەوە چین لە بیری هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا نەبوو، وەک ولاّتانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەش لە بیری دروستکردنی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی نەبوو، زۆر زوو بۆی دەرکەوتبوو بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەلّ ئەمریکا هەیە و خوازیاری هێمنایەتی جیهانن و نایانەوێت سەرکێشی بکەن و جەنگی لێبکەوێتەوە[4].

ئەمریکا پێیوابوو سیستمێکی نێودەولّەتی سەقامگیر دروستنابێت، ئەگەر زلهێزێک لەدەرەوەی سیستمەکە بمێنێتەوە، یاخود هەلّوێستی دوژمنکارانەی بەرانبەری هەبێت، لەبەرئەوە ئەمریکا سیاسەتی کۆکبونی لەگەلّ چین پەیڕەودەکرد، تەنانەت ئامادەبوو ڕۆلّی چین لە دروستکردنی کۆمەلّگەی نێودەولّەتی بسەلمێنێت، لەهەمانکاتدا ڕوانگەی چین سەبارەت بە سیاسەتی کۆکبون لەگەلّ ئەمریکا خۆی لە چەن خالّێکدا دەبینی:

١) لەپێناوی ئەوەی یەکێتی سۆڤییێت دوژمنایەتی ئەمریکا و چین لەبەرژەوەندی خۆی بەکارنەهێنێت.

٢) دابڕینی ئەو دوو زلهێزە لەیەکتر، بۆ ڕێگرتن لەوەی دژی چینی میللی ڕێکەوتنی ژێر بەژێر بکەن.

٣) لاوازکردنی پەیوەندی تایوان لەگەلّ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەمەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ هێنانەوەی تایوان بۆ سایەی نیشتیمانی دایک[5].

ڕەهەندەکانی نزیکبونەوەی چین لە ئەمریکا بریتیبوون لە[6]:

---

[1]Michael Yahuda: Deng Xiaoping, the statesman, the China Quarterly, September, 1993, P. 554.

[2] ليو شيه تشنج، ولى شى دونج: الصين و الولايات المتحدة الأمريكية خصمان أم شريكان، ت.عبدالعزيز حمدى عبدالعزيز، مجلس الأعلى للثقافة، قاهرة ،٢٠٠٣، ص٤٩

[3] زينب عبدالله منكاش: م.س، ص٧٢.

[4] پاکسیما مجوزی: بررسی روابط سیاسی اقتصادی چین و آمریکا، ماهنامەی بازار بین الملل، سال سوم، شمارە یازدهم، تهران، فروردین١٣٩٠، ص ٥٤.

[5] زينب عبدالله منكاش: م.س، ص٧٠-٧١.

[6]محمد يوسف صالح درادكه: دراسة فى السياسة الخارجية الصينية (١٩٨٠-١٩٩٦ )، رسالة الماجستير في العلوم السياسية، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية، ١٩٩٨، ص٥٠-٥١.

• ڕەهەندی مێژوویی؛ کە ئەمریکا لە سییەکان و چلەکاندا لە دژی داگیرکاریی یابان پشتیوانی چین بوو.

• ڕەهەندی سیاسی؛ کە نزیکبونەوەی چین لە ئەمریکا گرەنتی پارێزگاریی هەڕەشەو مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤییێت بوو.

• ڕەهەندی ناوخۆیی؛ دەربازبوون بوو لە قۆناغی شۆڕشی کولتووریی، کە تا نیوەی حەفتاکان کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەکی چین بەردەوامی هەبوو، پاشان سەرکەوتنی بەرەی چاکسازیی و کارکردن لەسەر بەرنامەی چوار نوێگەریەکە بوو.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، هەوڵەکانی چین بوو بۆئەوەی زانست و تەکنەلۆژیای ئەمریکی بەدەستبهێنێت، هەروەها هەردوولاش یەکێتی سۆڤییێتیان لەسەر بەرژەوەندیەکانیان بە مەترسی دەزانی[1].

بابەتی گەشەسەندن و گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو چین ڕوانگەی جیاجیای هەبوو، لەڕوانگەی ئەمریکاوە؛ چین دەوڵەتێکی بێلایەنە، بەڵام دەکرێت ببێتە دەوڵەتێکی دۆست، ئەمەش وایکرد لە بوارەکانی ستراتیژیی و ئابووریی و کولتووریی کۆمەڵە دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤی لێبکەوێتەوە[2].

بەمشێوەیە ماوەی هەشتاکان لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین ماوەی تەبایی و هاوڕێکیبوو، هۆکارەکانیشی بریتیبوون لە[3]:

١- ئابووریی: چین لەهەوڵی جێبەجێکردنی پلانەکانیدا لە بواری بازرگانی دەرەکی و وەبەرهێنان بە پێی سیاسەتی دەرگای کراوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا پێویست بوو، چونکە سودی ئابووریی و تەکنەلۆژیی زۆری هەبوو بۆ هەموو ئەو پێشنیارانەی چین لە سیاسەتی نوێکردنەوەی ئابووریی و تەکنەلۆژیدا خستبونیەڕوو.

٢- سیاسی: هەوڵی چین بۆ دوورەپەرێزیی لە بازنەی ململانێکانی ئەمریکی –سۆڤییێتی، بە جۆرێک چین ببێتە لایەنی سێیەم، کە وادەکات لە بەرژەوەندی چین بێت، بەتایبەتی کاتێک چین سودی لە هەڕەشە ناڕاستەوخۆکانی یەکێتی سۆڤییێت وەرگرت، وایکرد نەرمیەک لە ستراتیژیی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا گەشەی سەند، ئەم ئاڕاستەیەی چین لەلایەن ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا.

٣- ویستی چین بۆ سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای ئەمریکی: پەیوەندیی ئەمریکاو چین بەجۆرێک گەشەیکرد، ئەمریکا چینی نەک بە دەوڵەتێکی نەیار، بەڵکو بەدەوڵەتێکی هاوڕێ پەسندکرد، کە لە بواری ستراتیژیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی دەرەنجامی پۆزەتیڤی باشی لێکەوتەوە.

سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لەسەردەمی کارتەر بەرانبەر بە چین ڕوبەڕوبونەوەی بیرۆکراسی بوو[1]، هاوکات هەردوولا جەختیان لەسەر قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی کردەوە، سزای قورسیان

---

[1]Priscila Roberts Sino – American Relations..., p.418.

[2]زینب عبدالله منكاش: م.س، ص٧٢.

[3] م.ن، ص٧٢.

بۆ ئەوانەی بەناپاسایی سنور دەبەزێنن دانا، جەختیان لەڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و پاراستنی ژینگەو بوارەکانی تریش کردەوە[٢].

پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ چین لەسەردەمی جیمی کارتەر دەستی پێکردەوە، کارتەر بە مەبەستی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چیندا لە ئابی ١٩٧٧ و پاشان لە ئایاری ١٩٧٨ دا دوو نوێنەری نارد کە (سیروس . ئارڤانس Cyrus R.Vance) سکرتێری دەوڵەت و (زبیگنیف برێجینسکی Zbigniew Brzezinski) ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بوون، هەردولا دەستیان کرد بە دانوستان و دامەزراندنی پەیوەندیی دیپلۆماسی چین-ئەمریکا، پاشان دانوستانەکان تا ١٦ کانونی یەکەمی ١٩٧٨ بەردەوامبوو، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکردو لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی دەستپێکرد، لە کاتی سەردانەکەی دینگ لە ١٩٧٩ بۆ ئەمریکا، لە وەڵامی پرسیارێک کە بۆچی دینگ سەرەتا سەردانی ئەمریکا دەکات، وتی: "ئێوە دەزانن ئەو وڵاتانەی لە جەنگەکاندا هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، دوای جەنگ بوونە وڵاتی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی دژی ئەمریکا وەستانەوە بون بە وڵاتی زۆرهەژار"[٣]، لە ١/٢٩ /١٩٧٩ تا ٢/٢٥/ دینگ شیاو پینگ لە ئەمریکا مایەوە، ئەوە یەکەمین سەردانی سەرکردەیەکی سیاسی باڵای کۆماری میللی چین بوو بۆ ئەمریکا[٤].

بەم شێوەیە کارتەر بە فەرمی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٩ لەگەڵ چین دامەزراند، بەومەرجەی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ تایواندا بپچڕێنێت، چینیش ڕازیی بوو لە دژی تایوان هێز بەکارنەهێنێت، بەڵکو کێشەکانیان بە دانوستان یەکلاییکەنەوە[٥].

پەیوەندیەکانی چین –ئەمریکا لە سەرەتای ١٩٧٩ بە بەرزترین و بەهێزترین ئاستی گەیشت، لە چین دوای دانپێدانان، بە ڕازیبونی پەنهانی لە واشنتن و وەک سزادانی ڤێتنامییەکان لەسەر داگیرکاریی کەمبۆدیا، هێرشی کردە سەر ڤێتنام، بەڵام پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین شێوەی هاوپەیمانی وەرنەگرت، بەڵکو مەودایەکی هێشتەوە و وەک دۆخێکی بەتایبەت لێکدەدرایەوە، دوای ماوەیەکی کورت دینگ بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێت کە بەهۆی ناکۆکییە هەرێمایەتیەکانەوە وەستابوو، هەنگاوەکانی دەستپێکرد[٦].

---

[1]David P. Nickles: Foreign Relations of the United States, 1977–1980–China, Volume XIII ,United States Government Printing Office, DEPARTMENT OF STATE ,Washington, 2013, pIX.

[٢]ليو شيه تشنج، ولى شى دونج: الصين و الولايات المتحدة الأمريكية خصمان أم شريكان، ت.عبدالعزيز حمدي عبدالعزيز، مجلس الأعلى للثقافة، قاهرة ،٢٠٠٣، ص٣٨.

[3]Zhang Xiaotong et al: Exploring China in 21st Century Decade of Shifting of Economic Diplomacy, New World press, China,2015, p 20.

[4]foreign languages press: A concise History Reader ..., p.338.

[5]Radha Sinha: Sino-American Relations Mutual Paranoia, PALGRAVE MACMILLAN, Great Britain,2003, P.72.

٦ فرانسوا غودمو: م.س ،ص٤.

لە سەرەتای هەشتاکاندا هەندێک لە سەرکردە سیاسییەکانی چین، بانگەشەی تێپەڕاندنی خۆدابڕینی نێودەوڵەتیی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئەوروپییان کرد، بەتایبەت لە ڕێگەی ئەمریکا، ئەم بەرەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، پێیانوابوو ئەگەر لە ئێستادا وەک چەکێک لە دژی یەکێتی سۆڤییێت بەکاربهێنرێت، دەتوانرێت دەستبەرداری ئەمریکا ببن[1].

دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەردوولا لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان گونجاوبوو، وەک هەنگاوێکی کرانەوە بەڕووی جیهاندا بایەخی گەورەی بۆ چین هەبوو، بەتایبەتی لەبواری پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕی دوولایەنە و هەماهەنگی لە بواری بازرگانی و کولتووری و زانست و تەکنەلۆژیا، هەروەها فەراهەمکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکانی ئاسیا و زەریای هێمن و تەنانەت لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام کەیسی تایوان هەمیشە لەبەردەم پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکادا بەربەستبوو[2]، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٩ کۆنگرێسی ئەمریکا و هەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەران پڕۆژە یاسای پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تایوان تێپەڕاند، کە لەلایەن سەرۆک کارتەر لە مانگی نیساندا واژۆکرابوو، حکومەتی چین لە ٢٨ ی نیسان بە توندی وەڵامیدایەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی چین باڵوێزخانەی ئەمریکای لە چین بە نوسراوێک ئاگادارکردەوە، کە هەندێک بڕگەی یاسای پەیوەندییەکانی تایوان، پێشێلی ئەو بنەما هاوبەشانەی ئەمریکا و چین دەکەن، کە بۆ دەستکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەسەری پێکهاتوون[3].

دینگ بە کارتەری ڕاگەیاند؛ ئەگەر تایوان ئامادەی دانوستان نەبێت، یان سۆڤییێت دەستوەربداتە کێشەی تایوان، چین بە شەڕ ئەو کێشەیە یەکلادەکاتەوە و هێرشدەکاتە سەر تایوان[4]، دینگ بە گرتنەبەری دروشمی (بژاردەیەکی نوێ) و بە ئامانجی بونیادنانی ڕێسایەکی ئابووریی و تەکنەلۆژیی کە بتوانێت بچێتە ناو ئەزمونی کێبڕکێ لە بازاڕە جیهانیەکاندا، چین سیاسەتی کرانەوەی بەڕووی جیهانی دەرەوەداو بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان گرتەبەر[5]، لەو سەربەنەوە دۆگمایی کۆمۆنیستی لابرد و لەسەر بنەمای پراگماتیزم پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا ئاساییکردەوە[6].

بەرەنجامی ئەم سیاسەتە و سەردانەکەی دینگ بۆ واشینتن، زنجیرەیەک پەیماننامەی دووقۆڵی بوو، بەتایبەتی لە بواری ئاڵوگۆڕی زانستی و تەکنەلۆژیی و کولتووریی و بازرگانی، ئەوە جگە لەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەرکرا، لەبەرانبەردا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پێناو پەردەپۆشکردنی کۆمەڵێک کێشە بواری دانوستانی لەگەڵ چین فراوانکرد، لەوانە کێشە ستراتیژییە جیهانی و هەرێمی و سیاسی و

---

[1] إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: مكانة العامل الاقتصادي و دوره المستقبلي في العلاقات الأمريكي الصينية - 2020 1990، الماجستير في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة الجزائر٣، السنة الجامعية: ٢٠١٣– ٢٠١٤، ص٢٠.

[2] foreign languages press: A concise History Reader …, p338.

[3] Ibid, p.338.

[4] EZRA F. VOGEL: Op.Cit, p.340.

[5] حذفاني نجيم: العلاقات الصينية الأمريكية بين التنافس و التعاون – فترة ما بعد الحرب الباردة، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية والعلاقات الدولية، مقدمة لجامعة الجزائر، ٢٠١١، ص٣٩.

[6] S. Mahmud Ali :Op.Cit, p.137.

سـەربازییەکان و ڕێگـری لە چەک هەڵگـرتن، نەتەوە یەکگرتووەکـان، زۆرێـک لە کاروبـاری ڕێکخـراوە فرەلایەن و نێودەوڵەتییەکان[1].

لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ واشنتۆن کارتەر دامەزراندنی بنکەی چاودێری موشـەکە ستراتیژییەکانی سۆڤییێت و جوڵە سـەربازییەکانی لە ڕۆژئاوای چیندا پێشنیارکرد، چونکە بنکەی چاودێریی لە ئێران بە هۆی شۆڕشی ئیسلامییەوە نەمابوو، دینگ پێشنیارەکەی پەسەندکرد، لەبەرامبەردا ڕەزامەندیی ئەمریکای بۆ هێرشکردنە سەر ڤیتنامیەکان لە کەمبۆدیا وەرگرت[2].

ئـاڵوگۆڕە دیپلۆماسـییەکانی نێوانیـان و چارەسـەری کێشـە ئابوورییەکـان و ڕزگـارکردنی هەژمـارە بانکییەکان و ڕێگەدان بە چین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ولاتانیتر، چەند دەرئەنجامی دیکەی باشبونی لایەنی پەیوەنـدییە سیاسـییەکان بـوون، ئەم هەنگـاوانە وایکـرد لە سـاڵی ١٩٨٢ چـین ببێتە ئەنـدامی ڕێکخـراوی (گات)[3]، دواتریش لە ١٩٨٦ وەک ئەندامی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتیی قبوڵکرا[4].

کارتەر مەسەلەی مافی مرۆڤی وەک ئامرازێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەکاردەهێنا، هەمیشـە یەکێتی سۆڤییەتی بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تاوانباردەکرد، بە پێچەوانەوە لە ئاست پێشێلکارییەکانی چین بێدەنگبوو، لە کاتێکدا سەدان کەسی دیموکراتخواز بە هۆی هەڵوێستە ڕەخنەییەکانیانەوە لە حزب و سـەرکردەکانی چـین زیندانیـدەکران، تەنـانەت لە سـاڵی ١٩٨٠ دیـواری دیمـوکراتی داخـرا کە خەڵـک ڕەخنەکانیان پێدا هەڵدەواسی، بەڵام کارتەر بێدەنگبوو[5].

دوای ئەوەی ڕۆناڵد ڕێیگن لە ساڵی ١٩٨١ دەسەڵاتی وەرگرت، ڕایگەیاند بە پشتبەستن بەو بنەمایانەی لە بەیاننـامە هاوبەشـەکەی هەردوو ولات هـاتووە، برەو بە پەیوەندییە هاوبەشـەکانی لەگەڵ چین دەدات، لەبەرانــبەردا چەنــدجار دووپــاتیکردەوە کە (یاســای پەیوەنــدیی لەگەڵ تــایوان) دەخــاتە بــواری جێبەجێکردنەوە، باڵیۆزی ئەمریکا لە چین دەربارەی پرسی فرۆشتنی چەک لەلایەن ئەمریکاوە بە تـایوان،

---

[1] محمد عطية محمد ريحاب: م.س، ص٩٤.

[2] Radha Sinha: Op.Cit ,P.72 .

[3] ڕێکخـراوی گـات (GATT General Agreement on Tariffs and Trade)، ڕێککەوتنی گشـتی لیسـتی گومرگی و بازرگانییـە، ئامانجی سەرەکی بریتیە لە بـەهێزکردنی بازرگـانی و داهـاتی هـەناردەکانی ولاتـە گەشەسـەندووەکان لـە پێنـاو بـەهێزکردنی گەشەکردن، گرنگترین بنەماکانی: کـارکردن بـۆ ئـازادی بازرگـانی نێودەوڵـەتی، لابردنـی ئاسـتەنگەکانی ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی ولاتان، چارەسـەرکردنی ناکۆکییـە بازرگانییـە نێودەوڵەتییـەکان بـە گفتوگـۆ و دانیشـتن، ئامـادەکردنی کەشـی نێودەوڵـەتی بـۆ دروسـتکردنی ڕێکخـراوی بازرگـانی نێودەوڵـەتی، سـەرجەم ولاتـانی ڕێکەوتننامەکـە بـە بنـەمای جیاکـاری نـەکردن لـەنێوان شمەکێک و شمەکێکی دیکە پابەندبوون، گات لـە سـاڵی١٩٨٤ سیفەتی چـاودێری هەمیشـەیی بەخشـیە چـین، لـە سـاڵی ١٩٨٦ چین داواکـاری بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەندامێتی هەمیشـەیی لـە گاتدا پێشکەشـکرد، بـەڵام هەڵمەتـەکانی تیـان نـانمین کارەکـەی هێواشـکردووە، ویلایەتـە یـەکگرتووەکان لـە نێـوان ئەنـدامانی ڕێکخراوەکـەو لـە دانیشـتنە درێژخایەنـەکانی لەسـەر بـەئەندام بوونی چین (١٩٨٦ – ١٩٩٩) جڵەوی دەستپێشخەری گرتەدەست.
Robert Sutter: Historical Dictionary of United States–China Relations Historical Dictionaries of U.S., Diplomacy, No. 2, Oxford, 2006, P. 65; General Agreement on Tariffs and Trade, Restricted, L. 3545, 28 June 1971 Limited Distribution, P.1-2.

[4] فوزی درویش: م . س، ص١٠٤-١٠٥.

[5] Radha Sinha: Op.Cit,p.73 .

پەیوەندیی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی چین کرد[1]، ئەگەرچی پەیوەندیی نێوانیان ساردبوونەوەی تێکەوت، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢ دوای ئەوەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج بۆش)ی باوک١٩٨٩-١٩٩٣ بۆ یەکلاییکردنەوەی مەترسیەکانی چین سەبارەت بە پەیوەندییە نافەرمیەکانی نێوان ئەمریکاو تایوان سەردانی چینی کرد، پەیوەندییەکان دەستیانپێکردەوە[2].

سکرتێری دەوڵەت ئەلیکسەندەر هیاگ Alexander Haig ڕۆڵێکی گرنگی لە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان بینی، داوای لە ڕێیگن کرد پەیوەندییەکان لەگەڵ چین پتەوتربکات و فرۆشتنی چەک بە تایوان چین نیگەران دەکات، ستراتیژیی ئەمریکا لە پەیوەندی چین –ئەمریکا دژایەتیکردنی سۆڤییێت بوو، هەر بۆیە لە ١٧ ئابی ١٩٨٢ هەردوولا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد، ئەمریکا بڕیاریدا فرۆشتنی چەک بە تایوان کەمبکاتەوەو نەیفرۆشیت[3]. دوای گفتوگۆیەکی ماوەدرێژ بەیانێکی هاوبەشیان بەناوی بەیاننامەی ١٧ ی ئابی ١٩٨٢ دەرکرد، لە چیندا ئەمریکا سێ پابەندیی لە ئەستۆگرت[4]:

١- فرۆشتنی چەک بە تایوان لە بواری چۆنیەتی و چەندێتی لەو ئاستەی کە دراوە بە تایوان تێناپەڕێت و زیادناکات.

٢- ئەمریکا وردە وردە فرۆشتنی چەک بە تایوان کەمدەکاتەوە.

٣- دوای تێپەڕینی ماوەیەکی تر ئەمریکا ڕێکەوتنی کۆتایی لەو بارەیەوە دەکات.

هەرچەندە واژۆکردنی بەیاننامەی ١٧ ی ئاب لە سوودی هەردوولا بوو، بەڵام فرۆشتنی چەک بە تایوان لەلایەن ئەمریکاوە نەوەستا، لەبەرئەوە کێشەکانی نێوانیان بەردەوامی هەبوو، هەردوای بەیاننامە هاوبەشەکەی لەگەڵ چین، ڕێیگن نوێنەری تایوانی بۆ ئەمریکا بانگهێشتکرد، چین نارەزایی بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەربڕی، دواتر و لە ١٩٨٣ لاوێکی پاڵەوانی تێنسی چینی (هونا) بۆ ئەمریکا هەڵهات، حکومەتی چین داوای گەڕانەوەی کرد، بەڵام ڕێیگن ڕەتیکردەوە، ئەمەش بووە هۆی تێکچونی زیاتری پەیوەندیەکان[5].

ڕێیگن هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا ئاساییبکاتەوەو گەشەی پێبدات، بۆ ئەم مەبەستە لە ئازاری ١٩٨٣ وەزیری بازرگانی ئەمریکا (مالکۆلم بەلدریج Malcolm Baldridge) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بازرگانی و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا سەردانی پەکینی کرد، لەسەر بازرگانی ڕستن و چنین و قوماش ڕێکەوتن، لەتشرینی دووەمی ١٩٨٣ وەزیری بەرگریی ئەمریکا (Casper Weinberger – کاسپەر وینبەرگر) سەردانی چینی کرد، وەک وەڵامێک ژاو زییانگ سەرۆک وەزیرانی چین لە کانونی دوەمی ١٩٨٤ سەردانی ئەمریکای کرد[6].

---

[1]EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P.339.

[2]محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٩٤.

[3]Robert Sutter: Op.Cit, P. lxiv.

[4] EZRA F. VOGEL: Op.Cit, P.339.

[5]Nancy Bernkof Trucker :Op.Cit,p353-352

[6]Priscila Roberts: Sino – American Relations..., p.429.

له میانەی سەردانێکی لی شیانی سەرۆکی چین لە نیسانی ١٩٨٤ بۆ ئەمریکا، لەگەڵ ڕێیگن باسی لە کۆمەڵێ کێشەکرد، نیگەرانی خۆی سەبارەت بەو کۆت و بەندانەی خراوەتە سەر شمەک و کاڵا چینییەکان دەربڕی، هەروەها باس لە فرۆشتنی چەک بە تایوان کرا، کە لەوساڵەدا ئەمریکا بەبڕی ٧٦٠ ملیۆن دۆلار چەکی بەتایوان فرۆشتبوو، لی شیان ئەم کێشەیەی بەمەترسی لەسەر چین دانا و بە پێشێلکردنی بەیاننامەی هاوبەشی ساڵی ١٩٨٢ لەقەڵەمدا[1].

ڕۆنالد ڕێیگن دەیویست پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا باشتربن، بەڵام بەبێ وەلانانی تایوان، لەم دیدەوە ڕەخنەی توندی لە جیمی کارتەر گرت، کە لەسەر حسابی تایوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین ئاساییکردبۆوە، لەبەرئەوە بە بیانوی بەرگرییەکی باشتر لە تایوان لە دوای هەڵبژاردن، ڕێژەی فرۆشتنی چەکی بە تایوان بەرزکردەوە[2].

ڕێیگن لە نیسانی ١٩٨٤ لە سەردانێکدا پێنج ڕۆژ لە چین مایەوە، لە زانکۆی فودان لە شەنگاهای جەختی لە ئازادیی و دیموکراسی، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵات و پرسی ئابووریی و بەرهەڵستی یەکێتی سۆڤیێت کردەوە[3].

لەڕوی سیاسییەوە کۆمەڵێ تەنگژەی تر سەریهەڵدا، کە کاریگەریی لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان هەبوو، وەک کێشەی یاریزانە چینیەکە کەداوای پەنابەریی لە ئەمریکا کردو ئەمریکاش مافی پەنابەری پێدا، هەروەها هەڵمەتی ئەمریکییەکان دژی سیاسەتی سنوردارکردنی وەچە لە چین، بەڵام کێشەی تبت و تایوان بابەتی ناکۆکی بەردەوامبوو لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٩، کۆمەڵێک دانوستان کرا کە تا ڕادەیەک گەیشتنە ڕێکەوتن، هەرلەسەرەتای ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانیان لە بەیاننامەیەکدا ئەمریکا ڕایگەیاند: "ئەمریکا هەوڵنادات سیاسەتێکی تایبەت لە فرۆشتنی چەک بە تایوان جێبەجێبکات، بەڵکو تەنها جۆرێک چەکی پێ دەفرۆشێت بەهەمان ئاستی ساڵانی پێشوو و ئامادەیە فرۆشە سەربازییەکانی بەتایوان وردە وردە کەمبکاتەوە، تاکو دەگەنە ڕێکەوتنی کۆتایی، بەڵام ئەمریکا هەندێ پێشێلکاریی لەم بەیاننامەیاشدا کرد"[4].

دینگ لە ساڵی ١٩٨٥ بە ڕاشکاوی لە بەرانبەر جەنگی سارد هەڵوێستێکی نوێی وەرگرت، پاساوی ئەوەبوو کە بە هۆی لاوازی بلۆکی کۆمۆنیستی و ئەزموونی دەیە و نیوێک لە چاکسازییەکان، ئەمجۆرە پرۆژانە دەبنە هۆی توندکردنەوەی ڕکابەرێتی پڕچەککردن و هەڕەشە، حکومەتی چین پێیوابوو کە بەرەوپێشبردنی ستراتیژی گەشەی ئابووریی لەسەردەمی بەجیهانی بووندا، هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکاو ئەو ڕژێمانەی لە ژێر هەژموونی ئەمریکادان دەخوازێت[5].

---

[1]Richard Baum: Op.Cit, P.49–50.

[2]فرانسوا غودمو: م.س، ص٤.

[3]Nancy Bernkof Trucker: Op.Cit,p382.

٤ أمیمه علی طه: م.س، ص٧٦.

[5] بهزاد شاهنده و سید جواد طاهایی: چین نو: دینک شیاو پینک اصلاحات، مرکز تحقیقات، تهران،١٣٨٣، ص ٢٥٢-٢٥١.

چـین دەیویسـت پرۆسـەی گفتوگـۆو تەبـایی لەگەڵ واشـنتۆن و مۆسـکۆدا بهێنێـتە ئـاراوە، چـونکە لە کەمکردنەوەی ناکۆکی ئەو دوو هێزە سوودیان دەبینی، (ژاو زیانگ) ساڵی ١٩٨٦ جەختکردنەوەی بنەمای پێکەوەژیـانی ئاشـتیانەی لەگەڵ هەمـوو وڵاتـان ڕاگەیانـد، مەبەسـتی لە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی دەرگـا کراوەکـان چەنـد وڵاتێکـی دیـاریکراو نەبـوو، بەڵکـو سـەرجەم وڵاتە سـەرمایەداریی و سۆسیالیسـتییەکان بوو[1].

چـین لەمیـانەی گفتوگـۆ و نزیککربـوونەوە لە ئەمریکـا و یەکێتـی ئەوروپـا تـوانی سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنێت، بەڵام بۆمبابـارانکردنی باڵێۆزخـانەی چـین لە بەلەگـراد لەلایەن ئەمریکـاوە، کەوتـنە خوارەوەی فڕۆکەی سیخوڕی ئەمریکا لە گەروی تـایوان و ڕاگەیاندنی بەرنامەی حکومەتەکەی بـۆش سـەبارەت بە سیسـتمی بەرگـری موشـەکی، چەنـد لەمپەرێکـی لە پەیوەنـدییەکانی چـین و ئەمریکـا دروستکرد[2].

دوای هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیێت ١٩٩١ لە کۆتاییهـاتنی جەنگـی سـارد، پەیوەنـدییە ئـابووریی و بازرگانییەکـانی نێـوان ئەمریکـاو چـین کشـانەوەیەکی تونـدی بەخـۆوەبینی، قۆنـاغێکی نـوێ لە یاسـای نێودەوڵەتی دەرکەوت، جیهان لەسایەی یەک جەمسەریدا یەکلابۆەوە، ئەمریکا بووە تاکە هێز کە دەستی بەسـەر جیهانـدا گرتبـوو، وایکـرد چـین ترسـی لە بەکارهێنـانی ئەو هێـزە هەبێـت، کە سـەرەتا بە سـزاکانی سەرۆکی ئەمریکا بۆش لە ٢٠ی حوزەیران دەستیپێکرد، بە هۆی ڕوداوی خوێندکارانی مەیدانی تیانـانمین بەسەر چیندا سەپاندی[3].

کێشـەی تـایوان لە چوارچێـوەی پەیوەندییەکانـدا دەرکەوتەوە، دیـارترین کێشـەی ئەو مـاوەیە بـوو، خستنەڕوی بـابەتی مـافی مرۆڤ و کێشـەی ڕێگەدان بە کەلـوپەلی ئەمریکـی بـۆ نـاو بازاڕەکـانی چـین و کێشـەی خاوەنـداریێتی فکـری و ..هتـد، لەو کێشـانە بـوون کە نـاکۆکی و ململانێکـانی چـین و ئەمریکـای قوڵترکردەوە[4].یەکێکیتر لە قەیرانە مەترسیدارەکانی نێوان هەردوو وڵات، فرۆشتنی ١٥ فرۆکەی سەربازیی لە جۆری (f-16) بوو بە تایوان، کە جۆرج بوشـی بـاوک لە تشرینی دووەمـی ١٩٩٢ ڕەزامەنـدی لەسـەری دەربڕیبوو[5].

چـین بە درێژایـی سـاڵانی نەوەدەکـان بە شـێوەی جیـاواز ڕووبەڕوی ئاڵنگـاریی و نـاکۆکی و تیـرۆر بـوونەوە، پێیـانوابوو بێـدەنگییان سـەقامگیریی و ئـارامی ئەوانـیش دەخـاتە مەترسـیەوە و پێشـکەوتنی ئابووریـیان پەکدەخات، لە ژێر ئەم کاریگەریەدا (جیانـگ زیمـین) ڕایگەیانـد لەدژی کێشـەی تیـرۆر لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەی هاوکارییە، بەڵام دواتر بەڕەخنە گرتن لە پـاوانخوازی ئەمریکا

---

[1]جیمس هسیانگ: سیاست خارجی چین و تشنج زدایی در روابط چین شوروی، ت.محمود حقیقی، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٣٠ ،ش٢، زمستان ،١٣٧٢ص١٧٢-١٧١ .

[2] عبداله قنبرلو: آثار دوگانه گشایش س.پ، ص٥٦ .

٣ محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٩٤.

٤ ليو شيه تشنج و لى شى دونج: الصين و الولايات المتحدة الأمريكية خصمان أم شريكان، ت.عبدالعزيز حمدى عبدالعزيز، مجلس الأعلى للثقافة، قاهرة ،٢٠٠٣، ص ٢٥٥.

٥ م.ن، ص٢٥٦.

له هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کێشەی تیرۆر و چەکی کۆکوژ، ئاستی هاوکارییەکانی کەمکردەوە، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی کۆشکی سپی[1].

چین و ئەمریکا لە پێناسەکردن و شێوازی بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان بۆ چوونی جیاوازیان هەبوو، کاربەدەستانی چین ڕایانوابوو ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەر پێویستی بە هاوکاریی و هەماهەنگی نێودەوڵەتییە، دەبێت گرێدراوبێت لەگەڵ نا ئارامیە نێودەوڵەتییەکان، سیناریۆی کەڵک وەرگرتنی سیاسی لە دروشمی جەنگی دژە تیرۆرو چەکی کۆکوژی هۆکاری نیگەرانییان بوو[2]. لە درێژەی ئەو گفتوگۆیانەی لە ساڵەکانی ١٩٩٠ ئەنجامدران، چینییەکان لە چوارچێوەی خستنەڕووی چەند پاکێجێک لە بابەتە چاکسازییەکان لە بەرنامەیەکی تایبەتدا، پابەندیی خۆیان بە یاسا سەرەکییەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ڕاگەیاند، لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ داواکارییەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا سەبارەت بە پێشمەرجەکانی بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوی جیهانی خۆیان گونجاند[3].

سیاسەتی چین لە پشتیوانیی ئاشتی و سەقامگیری بەمانای یەکانگیری هەمیشەیی نەبوو لەگەڵ بەرنامەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، چونکە کاربەدەستانی چین لە ژێرناوی فرە لایەنیدا (فرەڕەنگی) چەندجار بەرنامەکانی دەستتێوەردانی ئەمریکای لە کاروباری وڵاتدا- کە بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەڕێژراو جێبەجێدەکرا – ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەکردەوە، چین لەچەند بوارێکی جیاوازدا وەک پشتیوانی وڵاتانی دژ بە هەژموونی ئەمریکا (وەک ئێران، کۆریای باکور، سوودان، سووریا) لە بەرانبەر فشارەکانی ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە، ئەم هێزە تازە دەرکەوتووە ئامادە نییە لە چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی جیهانی وەک تیرۆر، چەکی کۆکوژ، قاچاخچیەتی مادەی سڕکەر هاوشێوەی خواستی ڕۆژئاواییەکان کاربکات[4].

دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤییێت، چین چەند بەرنامەیەکی ئامانجداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمریکا دارشت، کە کاریگەری زیاتری لە ڕوی سیاسی و ئابوورییەوە لەو وڵاتانەی لە قۆناغی گەشەکردندا بوون دروستبکات، بەرنامە پێشینەکانی پەکین نزیکبوونەوە بوو لە (یەکێتی وڵاتانی باشوری ئاسیا)، هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لەو یەکێتیەدا، ئەمەش ڕێڕەوێکی سەرکەوتوانەی هەبوو، لە میانەی قەیرانی دارایی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەکاتێکدا بەهای دراوی ئەو دراوسێیانەی توشی قەیران بووبوون دارمابوو، پەکین لە کەمکردنەوەی بەهای یوان خۆی پاراست، لە بەرانبەردا بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ دۆخی هەستیاری وڵاتە دراوسێکانی کرد و لە خۆپەرستی و چاوچنۆکیی خۆی بەدوورگرت[5].

---

١ عبداله قنبرلو: آثار دوگانه گشایش اقتصادي...، ص٥٦.

٢ هـ .م، ص٥٧.

3 Wei Liang: Bureaucratic Politics, Interministrial, Coordination and Chinas GATT/WTO Accession Negotiatio, Routledge Contemporary China Series, USA and Canada, 2007, p-35-36

4 Suisheng Zhao: Chinese Foreign Policy as a Rising Power to Find Its Rightful Place, PERCEPTIONS, Vol. XVIII, No. 1, Spring 2013, p 117-118.

5 Avery Goldstein: The Diplomatic Face of China’s Grand Strategy: A Rising Power’s Emerging Choice, The China Quarterly, December 2001, No. 168, P. 845.

گۆڕانكارییەكـانی بەرەی ڕۆژهەلاَت و هەڵوەشـانەوەی پەیـكەری ئاسـایش و ئـابووریی سـەربازگەی یەكێتـی سـۆڤییەت -ئەوروپـای ڕۆژهەلاَت، وایكـرد ئەمریكـا زیـاتر بە پەیوەنـدییەكانی سـەبارەت بە چـین وردبێتەوە و كەمتر ویستی لە دڵدانەوەی چین بوو، بەتـایبەت دوای ڕوداوەكانی گۆڕەپـانی تیانـانمین، لە دەرەنجـامی مـامەڵەی سـەركوتكارانەی سـوپای چـین بـۆ نارەزاییەكـانی خوێنـدكاران لە سـاڵی ١٩٨٩ كە داوای دیموكراسـیان دەكرد، ڕۆژئـاوا و لەسـەرو هەمویـانەوە ئەمریكـا، چینیـان بە پێشـێلكردنی مافەكـانی مرۆڤ تۆمەتباركرد و كۆمەڵە ڕێكاری توندیان لە دژی چین گرتەبەر[١]:

-قەدەغەكردنی هەناردەكردنی تەكنەلۆژیا بۆ چین و وەستاندنی هاوكارییە داراییەكانی ئەمریكا.

-ڕێگرتن لە ناردنی وەفدی بالاَ بۆ چین.

- ئەمریكا لەسەر بەشداریكردنی لە كێشە ئابووریی و سیاسییەكانی هۆنگ كۆنگ جەختیكردەوە.

-پێشنیاركردنی یاسای پێدانی مۆڵەتی مانەوە بە خوێندكارانی چینی كە لە ئەمریكا دەیانخوێند.

سـەردەمی بوشـی بـاوك ١٩٨٩-١٩٩٣ لەمـامەڵە لەگەڵ چـین جیـاوازبوو، چـونكە بـوش لەنێـوان سـاڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لە چین باڵیۆزی ئەمریكا بـوو[٢]، لەگەڵ دەسـتبەكاربونی كێشـەكانی بەردەم پەیوەندییەكانی چین – ئەمریكا بە هۆی ڕوداوی تیانانمین و نەمانی بەرژەوەندییە سـتراتیژییەكانی ئەمریكـا لەچـین دوای ڕوخـانی بلـۆكی سـۆڤییەت ڕووبەڕووبـووەوە[٣].پەیوەنـدییەكانی چـین ئەمریكـا لە سـەردەمی بوشـی باوكـدا بەهۆی ڕوداوی تیانانمینەوە تێكچوو[٤]، بوش لە توندی سەركردە چینیەكان نائومێد بوو، لەسـەر بازرگـانی و سـەپاندنی گـومرگی زیـاتر لەسـەر كـالاَی چینـی و كێشـەكانی تـر هەڵوێسـتی تونـدی گـرتەبەر، بـوش پەیوەنــدییە فەرمیەكــانی لەگەڵ تــایوان بە نــاردنی وەفــدێكی وەزاری بــۆ (تــایپی) پــایتەختی تــایوان دەستپێكردەوەو چەند فڕۆكەیەكی بە تایوان فرۆشت[٥].هەروەها بوش بە فرۆشتنی چوار كەشتی هەڵگری موشەكی دژە ژێردەریایی، دوازدە ژێردەریایی دژە فڕۆكە، هەشت ژێردەریای، چەند هێلیكۆپتەرێكی لەناو بەری مینـی دەریـا، ڕازیبـوو[٦]. ئەمەش ئەو هەلەبـوو كە ئەمریكـا بـۆ بەكارهێنـانی فشـار لەسـەر چـین قۆستیەوە، مافی مرۆڤ بە یەكێك لە كێشە گەوهەریەكان دادەنرێت لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، ویلایەتە یەكگرتووەكـان وەك فشـارێك بەرانبەر بەچـین مەسـەلەی مـافی مرۆڤـی بەكارهێنـا، لەبەرئەوەی ئەمریكـا چـین بە پێشـێلكردنی مافەكـانی مـرۆڤ تۆمەتبـاردەكرد، كە بەهـۆیەوە ئەمریكـا چینـی لە لە كـۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابڕی[٧].

---

[١]إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: م.س، ص٢٢.

[2]Chi Wang :GEORGE W. BUSH AND CHINA POLICIES, PROBLEMS, AND PARTNERSHIP, A division of Rowman & Littlefield Publishers, Inc, United States of America, 2009, P. xiv.

[3]Robert Sutter: Op.Cit,P.lxvi.

[4]Chi Wang: Op.Cit,P.3.

[5]Robert Sutter: Op.Cit, p.lxvii.

[6]Chi Wang :Op.Cit,P.53.

[٧]سميحة زروخي: العلاقات الصينية – الأمريكية بين التعاون و الصراع منذ أحداث ١١ سبتمبر ٢٠٠١ ، الماستر في العلوم السياسة و العلاقات الدولية، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص٣٢.

بەلام دواجار ئەمریکا لەهەولی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکاندا[١]، بەنهێنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (برێنت سکۆوکرۆفت Brent Scowcroft)ی جێگری سکرتێری دەوڵەت و (لۆرێنس ئیگلبێرگەر Lawrence Eagleburger) ناردە لای دینگ، بۆ ئەوەی پێیڕابگەیەنن کە ئەم سزایانە کاتیین و بوش لە خراپبونی پەیوەندیەکانیان نیگەرانە، هاوکات سەرەڕای فشارەکان بوش ڕەزامەندی بە فرۆشتنی فڕۆکەی نەفەر هەلگری جۆری بۆینگ ٧٥٧ بەچین دەربڕی[٢].

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا دینگ وتی: "پەیوەندییەکانی ئەمریکا – چین هەرچەندە لە ئێستادا ناکۆکیی جۆراوجۆر بەخۆوەدەبینێت، بەلام لەکۆتاییدا هەربـاش دەبێت"، لەبەرئەوە هەردوولا لەهەولدابوون سەرەڕای ئەو بارەی تێیدا بوو پەیوەندییەکان لە ئاستێکی باشدا بهێلنەوە[٣].

لە پایزی ١٩٨٩ بە سەردانێکی تایبەت نیکسۆن وەک سەرۆکێکی پێشووی ئەمریکا گەیشتە چین، لەگەڵ دینگ کۆبویەوەو داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی کرد، دینگ ئامادەیی دەربڕی، بەلام داوایکرد ئەمریکا دەستپێشخەری بکات، بۆ ئەم مەبەستە بوشی باوک (برێنت سکۆوکرۆفت) و (لورێنس ئیگلبێرگە)ی ناردەوە چین، بوش فرۆشتنی سەتەلایەتەکانی تایبەت بەپەیوەندییکردنی فڕۆکەو هەڵدانی ڕۆکێت و پێدانی قەرز بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە چین لە ڕێگەی بانکی هاوردەو ناردەنی ئەمریکییەوە دەستپێکردەوە، چینیش ڕازیبوو کە موشەکی M-11 بۆ سوریاو پاکستان نەنێرێت و پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕژێمانە نەبەستێت، ئامادەیی واژۆکردنی پەیمانی بڵاونەبونەوەی چەکی ناووکیشی دەربڕی[٤]. سەرەتای نەوەدەکان پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی نێوانیان گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆووە بینی .

لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەیمس بەیکەر، وەزیری دەرەی چین (چیان چی چنگ) لە ٣٠ تشرینی دووەم بۆ سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٩٠ سەردانێکی فەرمی بۆ ئەمریکا ئەنجامدا، لەو سەردانەدا چاوی بە بۆشی باوک و جەیمس بەیکەر و وەزیری بازرگانی و گەورە ئەندامانی کۆنگرێس کەوت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ و سەرەتای ساڵی ١٩٩١ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ئەو کاتە و هەندێک لە گەورە بەرپرسان سەردانی چینیان کرد، هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ١٥ – ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١ سەردانێکی فەرمی بۆ چین کرد، سەبارەت بە هەندێ بابەت هەندێ لێکتێگەیشتن و پەیماننامەیان گەلالەکرد، لە ٣١ ی کانونی دووەمی١٩٩٢ ولەکاتی بەشداریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی چین لی یانگ لە کۆنگرەی لوتکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆرک، هەندێ وتووێژی لەگەڵ بۆشی باوک ئەنجامدا، هەردوو دەوڵەتەکە هاریکاری هاوبەشیان لەچەند بوارێکی بازرگانی و کرداریی و تەکنەلۆژی و زانستی و کولتووری و سەرجەم بوارەکانی تردا ئەنجامدا، لە کانونی یەکەمی ساڵی١٩٩٢ ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەتی چین و سەرۆکی لیژنەی زانستی لەدەوڵەت (سونگ جان) سەرکردایەتی شاندێکی حکومەتی چینییان بۆ ئەمریکا کرد، تێیدا هەردوو دەوڵەت توانیان

[1]Chi Wang :Op.Cit, P.3.

[2]Radha Sinha: Op.Cit, P.76.

[٣]زینب عبدالله منکاش: م.س، ص٧٣-٧٤.

[4]Radha Sinha: Op.Cit, P.76–77.

پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی فەرمی بنیاتبنێبەوە، لە هەمان مانگدا وەزیری بازرگانی ئەمریکا فرانکلین، سەرۆکایەتی شاندێکی بۆ چین کرد، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ وەزیری بازرگانی چین لی لان چینگ لە پەکین، سەرۆکایەتی خولی حەوتەمی لیژنەی چینی – ئەمریکییان بۆ بازرگانی هاوبەش کرد[١].

هەرچەندە چینییەکان پاش ڕوخانی یەکێتی سۆڤێیت وەک هەڕەشەیەکی سەرەکی لە هەژموون و پاوانخوازی ئەمریکایان دەڕوانی، هەوڵی جۆراوجۆریان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەژموونی ئەو وڵاتە (ئەمریکا) دەستپێکرد، بەڵام لە هەمان دەیەی ١٩٩٠ هەوڵیاندا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا بەرەو پێشبەرن، کە لەبەر هەندێ هۆکاری وەک سەرکوتکردنی (تیانانمین) و بابەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ زیانیان بەرکەوتبوو، ئەمە پێشنیارێکی چارەنووسساز بوو، ڕۆژئاواییەکان سەرەڕای هەبوونی چەند نیگەرانییەکی (سیاسی –ئاسایشی) پێشوازیان لەم خواستەی چین کرد، گڵۆپی سەوزی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو هۆکارەبوو کە بارودۆخی تایبەتی سەردەمی جیهانی بوون، هەردوولای بۆ پەیوەندی زیاتر هاندەداو ئەم پەیوەندییە دەتوانێت کێشەی (سیاسی – ئاسایش)ی نێوانیان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە[٢].

لەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ١٩٨٩دا سزای بەسەر چیندا سەپاند، چین توانی پارێزگاریی لە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بکات و لە گەشەسەندنی ئابووریی خۆی بەردەوامبێت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی یابان و هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوا بەرەو کرانەوە ببات، لەبەرانبەردا وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و یابان سزاکانیان لەسەر چین لابرد، ئەمە بۆشی باوکی ناچارکرد زۆربەی سزاکانی سەر چین لاببات[٣].

**دووەم - پەیوەندییە سەربازییەکان:**

پەیوەندییە سەربازییەکانی چین – ئەمریکا لە هەشتاکاندا بەخێرایی فراوانبوون، لە ئاستێکی بەرزی کارکردنی ئاڵوگۆڕی مەشق و ڕاهێنان و لۆجستی بوون، واشنتۆن هەندێ چەک و تەکنەلۆژیای بە چین فرۆشت، سەرەڕای کۆتوبەندی دارایی و سیاسی، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩– ١٩٨٧ ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوشانی وڵاتانی ئەوروپی ڕۆڵێکی کاریگەری لە مۆدێرنەکردنی سوپای چین بینی[٤]، لەسەردانەکەی دینگدا لە کانونی دووەمی ١٩٧٩، داوای کڕینی تەکنەلۆژیای سەربازیی کرد، کارتەر بەهۆی شەڕی چین – ڤێتنامەوە داواکەی ڕەتکردەوە، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی چین لە ڤێتنام پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوانیان دەستیان پێکرد، چین چەک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازیی لە ئەمریکا کڕی[٥].

---

[١]لیو شیە تشنج، م.س، ص٧٢.

[٢]عبدالە قنبرلو: آثار دوگانە گشایش ...، ص٥٤

[٣]لیو شیە تشنج، م.س، ص٧١.

[4]S. Mahmud Ali :Op.Cit, p.142.

[5]Era vogel: p.Cit, P.538.

پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی چین و ئەمریکا زیاتر گەشانەوە، ئاڵوگۆڕی کولتووریی و بازرگانی گەشەیکرد، هەماهەنگی ستراتیژیی و سەربازیی لە نێوانیان پەرەپێدرا، ئەمریکا بە فرۆشتنی تەکنەلۆژیاو چەک بە پەکین ڕازیبوو، ساڵی ١٩٧٩ سۆڤییێت پەلاماری ئەفغانستانیدا، ئەمریکا لە ناو خاکی چیندا چاودێری شەڕەکەی دەکرد و یارمەتی ئەفغانیەکانی دەدا[١].

لەوکاتەدا کارتەر نوێنەری بۆ پەکین نارد، کە مەبەستی دروستکردنی هاریکاری و هەماهەنگی سەربازیی نێوانیان بوو، لەبەرئەوە لە بایکۆتکردنی یارییە ئۆلۆمپیەکان لە مۆسکۆ و بە بارمتەگرتنی ئەمریکییەکان لە ئێران، هاوهەڵوێستبون، ئەوە جگەلەوەی پەیوەندییە زانستی و بازرگانییەکانیان گەشەپێدا[٢].

کارتەر پەرۆشی بە هێزکردنی پەیوەندیە فەرمیەکانی ئەمریکاو تایوانیش بوو، سەرەڕای ئەوە توانی چین ڕازیبکات کە لە دژی چالاکییەکانی یەکێتی سۆڤییێت لە ئەفغانستان هەماهەنگبن، چین و ئەمریکا و تایلەند پێکەوە لە دژی یەکێتی سۆڤییێت، چەک و جبەخانەیان بۆ گەریلا ئەفغانیەکان بۆ شەڕکردن نارد، زۆربەی چەکەکان لە چینەوە لە ڕێگەی C.I.A دابینکران، لە بەرانبەردا ڕیگنیش چەک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی بە هەرزان بەچین فرۆشت[٣].

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٤ ئیدارەی ڕیگن بە فرۆشتنی کۆمەڵێ چەک و تەقەمەنی بە چین ڕەزامەندی نیشاندا، چین بڕی ٢٢ ملیۆن دۆلاری بەرانبەر بە مۆدێرنیزەکردنی کارگەی دروستکردنی تۆپهاوێژ و فیشەک و موشەک بە ئەمریکا بەخشی، بە بڕی ٨ ملیۆن دۆلار موشەکی کەشتی شکێنی کڕی، بە بڕی ٦٢ ملیۆن دۆلار ڕاداری دۆزەرەوەی موشەک و بەبڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار فڕۆکەی جەنگی و ٢٤ هێلیکۆپتەری سکۆرسکی جۆری (S-70C) کڕی[٤]، لەم قۆناغەدا چەک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەچین فرۆشرا، سەردانی بەرپرسە سەربازییەکانی نێوانیان بەرەوپێشچوو، بەڵام لە گەورەترین مامەڵەی چەکدا کە کڕینی فڕۆکەی جۆری F-8 بوو، هاوشێوەی جۆرو مۆدێلی فڕۆکەی MIG-21ی ڕوسی بوو، کێشەی دارایی کەوتە نێوان هەردوو وڵاتەوە، بەڵام دواتر چارەسەرکرا[٥].

لە سەردانەکەی سەرۆکی چین لی شیان Li Xiannian بۆ ئەمریکا لە نیسانی ١٩٨٤، لەگەڵ ڕیگن کۆمەڵێ ڕێکەوتننامەی لە بواری کڕینی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و چەک و جبەخانە واژۆکرد[٦].

لە ٣٠ ی نیسانی ١٩٨٤ ڕێکەوتننامەی هاریکاری ناووکی (ئەتۆمی) لە نێوان چین و ئەمریکا بەسترا، بە پێی ئەم ڕێکەوتنە گواستنەوەی یۆرانیۆمی کوالتی نزم لە ئەمریکاوە بۆ چین ڕێگەپێدرا، کە بۆ مەبەستی

---

[1]Nancy Bernkof Trucker: China confidential American Diplomats and Sino –American Relations, cooperation with the Association for Diplomatic Studies and Training Foreign Affairs Oral History Program, and the ADST-DACOR Diplomats and Diplomacy Series, Columbia University Press, NEW YORK, 2000, p340

[2]David P. Nickles: Foreign Relations of the United States, 1977–1980–China, Volume XIII, United States Government Printing Office, DEPARTMENT OF STATE, Washington ,2013, p.XII.

[3]Radha Sinha: Op. Cit, p74.

[4]Dr. David Finkelstein: The Military Dimensions of U.S. – China Security Cooperation: Retrospective and Future Prospects, CAN China Studies, 2010, P.7.

[5]Radha Sinha: Op.Cit,p.74 .

[6]Ibid, P.49.

کـارلێکی ووزەو مەبەسـتەکانی ئاشـتی بەکارببرێـت، بەڵام لە گواسـتنەوەی یۆرانیـۆمی ئاسـت بەرز بەمەبەسـتی دروسـتکردنی چەک ڕێگـری کـرا، لە مـاوەی ٦-٧ سـاڵ ئەمریکـا بـڕی ٣-٧ مليـار دۆلار یۆرانیۆمی بە چین فرۆشت[١].

لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٥ ساڵانە چەندین جۆر لە ئاڵوگۆڕی سەربازیی لە نێوان هەردوولا ئەنجامدراوە، لە سـاڵی ١٩٨٥، ژمـارەی شـاندی سـەربازیی ئەمریکی بۆ چین سـیانزە شـاند بـووە، بەهەمـان سـاڵ دە شاندی سەربازیی چین سەردانی ئەمریکایان کردووە، چین هەوڵیداوە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای ئەمریکیەوە سوپاکەی مۆدێرنیزە بکات، هەربۆیە دەستیکرد بە کڕینی چەک و کەلوپەلی سـەربازیی و ژێردەریـایی و کەشتی فڕۆکە هەڵگر لە ئەمریکا[٢].

لە نیـوەی یەکەمـی هەشـتاکان چەنـد ڕاپۆرتێـک بڵاوکـرایەوە کە چـین لە سـەرەتای جەنگـی ئێـران – عێراقـدا، هەردوو وڵاتـی پـڕ چەک کـردووە، ئێـران بە درێـژای هەشـت سـاڵی جەنـگەکە بڕێـک چەک و دروسـتکراوی چینـی دەسـتکەوتبوو، کە لە لایەن چینـەوە پێـی فرۆشـرابوو، لە نیـوەی دووەهەمـیش بە زیاتربوونی پشتیوانی ئێران لە لایەن چینەوە، لە پێدانی موشـەکی بالیسـتیی، ڕێکاری هەڵقۆستنەوەی ئەو وڵاتەی زیـاتر ئاشـکراکرد، ئەم هەنگـاوە بـووە هـۆی ئەوەی ئەمریکـا لە ترسـی سـەرکەوتنی ئێـران لە جەنـگەکەدا، لە پڕچەککردنـی ناڕاسـتەوخۆی عێـراق بەردەوامبێـت[٣]، تەنـانەت (ڕیچـارد مـورفی) جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ئەوکـاتەی ئەمریکـا ڕایگەیانـد: "ئێـران دەتوانێـت لە موشـەکە چینیەکـان بۆتێکدانی ئاسایشی گەروی هورمز کەڵک وەرگرێت و ناوچەکە ناسەقامگیربکات"، لەم ڕووەوە ئەمریکا لە ساڵانی کۆتایی جەنگەکە چەند گەمارۆیەکی خستە سەر چین[٤].

هەرچەندە دینگ لە پشتیوانی جولانەوە شۆڕشگێڕییە دژە ئیمپریالیستەکان پاشەکشەی کردبوو، بەڵام بە شێوەیەکی کرداریی و بە ئامانجی بە دەستهێنانی هەژمـوونی سیاسـی و ئـابووریی زیـاتر، ئەو هەلەی قۆسـتەوە کە جێـی خـۆی لە نێـو وڵاتـانی جیهـانی سـێیەمدا کردبـووەوە، چەک و تەکنۆلۆژیـای سـەربازی پێشـکەش دەکـردن، ئەو وڵاتـانەی زۆر جێـی سـەرنجی چـین بـوون و دژی ئەمریکـا بـوون، بریتیبـوون لە (ئێران، عێراق، پاکستان، جەزائیر، سووریا، سعودیە)[٥].

---

[1]United States General Accounting Office: Nuclear Agreement Cooperation between the United States and the Peoples Republic of China, GAO, Washington, November27 1985, p.1-2.(٤) بڕوانە پاشکۆی ژمارە

[2]Work paper: United States- Military Relations, 1979-1985: Analaysis and Chronology,2January1986, P.vii. (٣) ژمـارە پاشکۆی

[٣]عبداله قنبرلو: آثار دوگانه گشايش ...، ص٦٠.بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥)

[٤]بهزاد شاهنده: سياست خاورميانه ای چين با تكيه بر درهـای بـاز، فصـلنامه خاورميانـه ،شـماره٧،زمسـتان ١٣٧٤، تهران، ص١٠١٤.

[5]DerekMitchell and Carola McGiffert: "Expanding the 'Strategic Periphery' A History of China's Interaction with the Developing World, from Book: JOSHUA EISENMAN, ERIC HEGINBOTHAM, and DEREK MITCHELL, CHINA AND THE DEVELOPING WORLD BEIJING'S STRATEGY for the TWENTY-FIRST CENTURY, Routledge, USA,2007, p .17-18.

فرۆشتنی چەک بە تایوان لەلایەن ئەمریکاوە بەردەوامبوو، وەک پەرچەکرداریش چین چەکی بە وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەفرۆشت، لە سالّی ١٩٨٧ ئەمریکا ئەوەی ئاشکراکرد کە چین موشەکی لە جۆری کرمی ئاوریشمی (وشکانی بۆ کەشتی) بە ئێران فرۆشتووە، هەروەها موشەکی لە جۆری CSS-2 بە عەرەبستانی سعودی فرۆشتبوو، پلانی فرۆشتنی موشەکی پێشکەوتووی لە جۆری M-9 و M-11 بەسوریاو لیبیاو ئێران و پاکستان هەبوو، ئەم وولاتانە لە دیدی ئەمریکاوە دۆست نین، هەرچەندە چین نکۆلّی لێکرد، ئەمریکا سزای ئابووریی لەسەر سەپاند و ناردنی بەرهەمە تەکنەلۆژییا بالاکانی بۆ چین ڕاگرت[1]. بەم شێوەیە پەیوەندییە سەربازییەکان هەتاوەکو ڕوداوی تیانانمین لە حوزەیرانی ١٩٨٩ بەردەوامبوو، پاشان بەڕووخانی یەکیەتی سۆڤییێت و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، پەیوەندییە سەربازییەکان ساردیان تێکەوت و بەرەو لاوازیی چوون[2].

بەگشتی لێرەدا ئەو ڕاستییە بەرجەستەدەبێت، پەیوەندییە سەربازییەکانی چین – ئەمریکا لەسالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوەبینیووە، هەر یەکێکیان لەپێناو بەهێزکردنی لایەنی سەربازییان لەسەر شانۆی سیاسی نێودەولّەتی، سودییان لەپەیوەندییەکانی خۆیان بینیووە.

---

[1]Radha Sinha: Op.Cit,p74-75 .

[2]Dr. David Finkelstein: Op.Cit, P.10.

## باسی سێیەم - پەیوەندییە ئابوورییەکانی چین- ئەمریکا ۱۹۷۸-۱۹۹۲:

مێژووی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووریی چین – ئەمریکا بۆ ۲۳۰ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە[1]، لەمێژووی هاوچەرخیشدا پەیوەندییە بازرگانیەکانی ئەمریکا-چین لە ساڵی (۱۹۵۰) تاوەکو سەرەتای ساڵانی حەفتاکان لەئاستی نەبوون بوون، تا ئەوکاتەی نیکسۆن پرۆسەی کرانەوەی بەڕوی چیندا جێبەجێکرد، لەوکاتەدا بازرگانی ڕێکخراو نەبوو، زیاتر دانەوێڵە ڕەگەزی سەرەکی بازرگانی ئەمریکا-چین بوو، ساڵ بە ساڵیش جۆراو جۆر دەبوو، بەڵام پەیوەندییە بازرگانییەکانی چین- ئەمریکا لەسەردەمی کارتەر گەیشتە لوتکە، بەتایبەت دوای ئەوەی کارتەر بڕیاری دامەزراندنی تەواوی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ چیندا لە یەکی کانونی دووەمی ساڵی ۱۹۷۹ خستەبواری پراکتیکییەوە[2].

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئابووریی چین تا ڕادەیەکی زۆر داخراو بوو، بەهای هاوردەو ناردەنی تەنها ۲۰ ملیار دۆلاربوو، لە بازرگانی نێودەوڵەتی سی و دووهەمین وڵات بوو، کە پشکی کەمتر لە ۱٪ ی تێکڕای ناردەنی جیهانی هەبوو، بەڵام دوای دەسپێکی چاکسازیی و کرانەوەی چین، بەرەوپێشچوون و گۆڕانێکی زۆر بەسەر ئابووریی چیندا هات، تابێتە دووەم گەورەترین وڵاتی جیهان لە ڕووی ئابوورییەوە[3].

دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان گرنگییەکی بەرچاویان بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ چین هەبوو، کە وەک هێزێکی ئابووری لە ڕێگەی زیادکردنی هەنارده و هاورده دەرکەوتبوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە گرنگترین ئەو دەوڵەتانە بوو کە درکی بە ئەندازەی ئەو قازانجە زۆرە کرد کە دەکرێت لە پەیوەندیی ئابووریی لەگەڵ پەکین بەدەستیبهێنێت، بەرژەوەندیی ئابووریی نێوان چین و ئەمریکا بزوێنەری سەرەکی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان بوو[4]. پەیوەندییە بازرگانییەکانی چین – ئەمریکا لە ماوەی ساڵی ۱۹۷۲ دەستیپێکرد، ئەویش دوای سەردانەکەی سەرۆک نیکسۆن بۆ چین و توانەوەی سەهۆڵبەندانی نێوانیان، بەڵام دواتر بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانیان، پەیوەندییە بازرگانییەکانیان هەتا ساڵی ۱۹۷۸ گەشەی بەخۆوەنەبینی[5].

جیمی کارتەر بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چیندا لە ئابی ۱۹۷۷ و پاشان لە ئایاری ۱۹۷۸ سکرتیری دەوڵەت و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ چین نارد، هەردوولا دانوستانیان دەستپێکردو پەیوەندیی دیپلۆماسی چین-ئەمریکایان دامەزراند، پاشان دانوستانەکان هەتا

---

[1]Ministry of Commerce of the People’s Republic of China: Research Report on China-US Economic and Trade Relations , Courtesy Translation ,May 25th, 2017 ,p.12.

[2]J. Mishell George & Damian T. Gullo&Daniel D. Stein :Trade with the People's Republic of China: Current Status and Future Prospects, Northwestern Journal of International Law & Business, vol 3, spring 1981, p.22

[3]أمين حواس: فهم معجزة النمو الإقتصادي في الصين، مجلة دراسات وأبحاث، ع ۲۷، جامعة عبدالرحمن بن خلدون – تيارت، جوان ۲۰۱۷، ص٦.

[4]زينب عبدالله منكاش: م.س، ص۱۸۷.

[5]Priscila Roberts: Sino – American Relations..., p.431-432.

١٦ كانونی یەکەمی ١٩٧٨ بەردەوامبوو، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکردو لە کانونی دوەمی ١٩٧٩ پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانییان ئاڕاستەی وەرگرت[١]، دینگ سەرپەرشتی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی کرد، پێوابوو لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییە ئابوورییەکان بەرەوپێشدەبات و گەشەپێدانی ئابووریی چین لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیوەندیی دیپلۆماسی بەردەوامدەبێت[٢].

لە ١١ ئایاری ١٩٧٩ (مایکل بلومینتاڵ W. Michael Blumenthal) وەزیری گەنجینەی ئەمریکا و (ژانگ ژینفو Zhang Jinfu) وەزیری دارایی چین کۆبونەوە و سەبارەت بەو ٢٥٠ ملیۆن دۆلارەی چین کە لە کاتی جەنگی کۆریادا بلۆککرابوو ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد، دوای ساڵێک پەیوەندییە دووقۆڵیەکانیان بەتەواوی فراوانبوو و ئاساییبوونەوە، ڕێکەوتنی بازرگانییان گرێدا، ئەمریکا لەڕووی: گەشەپێدانی وزەی کارۆئاوی، پیشەسازی شمەکی بەکاربەر، بەرهەمەکانی پترۆڵ (نەوتی خاو)، گواستنەوەو قەرزی بانکی هاوردەو ناردەنی، فراوانکردنی فرۆشتنی چەک یارمەتی چینی دەدا، چینیش کەرەستەی خاوی دەگمەنی بۆ ئەمریکا دەنارد[٣].

ڕێکەوتننامە بازرگانییەکانی ئەمریکا-چین لە سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٨٠ لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەوە چونە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەت لەبواری: فراوانکردنی ئاڵوگۆڕی هاوبەش لە مامەڵەی گومرگی بەبێ جیاوازی بۆ هاوردە لە هەر وولاتێکەوەبێت، پاراستنی مافی داهێنانەکان و مافی بڵاوکردنەوە و نیشانەی بازرگانی، گرتنەبەری ڕێکاری چارەسەرکردنی ناکۆکییە بازرگانییەکان، کە بەسەر وولاتانی جیهانیدا زاڵبوو و پاراستنی لە دژی شڵەژانی بازاڕ، هەروەها ئاسانکردنی چالاکییە بازرگانییەکان و دامەزراندنی دەزگای بازرگانی حکومی و بانک و ئاڵوگۆڕی دراو لە نێوان هەردوولاتدا[٤]. لە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ بازرگانی نێوان هەردو وولات دوو هێندە زیادیکرد، ١.١ بۆ ٢.٣ ملیار دۆلار زیادیکرد، دواتریش گەیشتە ٤ ملیار دۆلار[٥]، فراوانکردنی قەبارەی بازرگانی ئەمریکی -چینی خزمەتی بە هەردوولا کردووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیان بە پێی ئەو یاسایە ڕێکخراوە کە لە ساڵی ١٩٨٠ ئەمریکا بە چینی بەخشی، بەپێی ئەم یاسایە لایەنێک مافی چاودێری هەیە بەسەر لایەنەکەی تردا، ئامانج لەم یاسایە توندوتۆڵکردنی هاریکاری نێوانیان و لە تێکچونی پەیوەندییەکانیان ڕێگربوو[٦].

لە ١٧ ئەیلولی ١٩٨٠ چوار ڕێکەوتن لە نێوان جیمی کارتەرو جێگری سەرۆک وەزیری چین (بۆ یبۆ Bo Yibo) واژۆکرا، یەکەمیان کردنەوەی تەواوی بەندەرە ئاوییەکانی هەردوولایە بۆ کەشتیە بازرگانیەکانیان، دووەم بەستنی لینکی فڕۆکەوانی و کردنەوەی گەشتی ئاسمانی نێوانیان بوو، سێیەم تایبەت بوو بە هاوردەکردنی ڕستن و چنین (قوماش) لە چینەوە بۆ ئەمریکا، چوارەم کردنەوە و

[1]Zhang Xiaotong et al: Exploring China in 21st Century Decade of Shifting of Economic Diplomacy, New World press, China, 2015, p .20.
[2]Zhang Xiaotong et al: Op.Cit, p 20-21.
[3]Dong Wang: China's Trade Relations with the United States in Perspective, Journal of Current Chinese Affairs, GIGA German Institute of Global and Area Studies, Hamburg ,2010 ,p.172.
[4]J. Mishell George & Damian T. Gullo&Daniel D. Stein: Op. Cit, p.23.
[5]Foreing Relation of the United States, 1977-1980, Volume Xlll, China, Document, p.1138.
[٦]م. د. سليم كاطع علي و إنعام عبد الرضا سلطان: م.س، ص١٧٥

زیادکردنی قونسولگەرییەکانی هەردوووڵات بوو[1]، لە ٢١ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ ڕێکەوتننامەی دانەوێڵە لە نێوان هەردولا واژۆکرا، کە چین بۆ ماوەی چوار ساڵ و ساڵانە ٦ ملیۆن تۆن گەنم و گەنمە شامی لە ئەمریکا بکڕێت، لەدوایدا ڕێگەدرا ئەو برە بۆ ٩ ملیۆن تۆن زیادبکەن[2].

لە دوای هۆنگ کۆنگ و مەکاو ئەمریکا گەورەترین وەبەرهێن بوو لە چین، کە بڕەکەی نزیکەی ٣ ملیار دۆلار بوو، بوارەکانی ناوچەی گەشتیاریی، پیشەسازی ڕستن و چنین، پیشەسازی سوک، کانەکانی خەڵوز، گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت، پیشەسازی ئۆتۆمبێل و فڕۆکە، هەروەها بونی شەش سەد پرۆژەی هاوبەشی لە چیندا دەگرتەوە[3]، لە هەمان کاتدا بە پێی ڕێکەوتنە بازرگانییەکان لە ئایاری ١٩٧٩، ڕێکەوتنی پێشانگا بازرگانیەکان واژۆکران، بە پێی ئەم ڕێکەوتنە یەکەم پێشانگای نەتەوەیی ئەمریکی لە تشرینی دوومی ساڵی ١٩٨٠ لە پەکین کرایەوە، بەدوای ئەوەدا چین لە پایزی ١٩٨٠ سێ پێشانگای لە ئەمریکا کردەوە[4].

پێش چاکسازیی و کرانەوە، چین سیستمێکی ئابووریی داخراوی هەبوو، بڕێکی زۆر کەم لە پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریی لەگەڵ وولاتانی دەرەوە هەبوو، لە ساڵی ١٩٧٨ بەهای بازرگانی دەرەکی چین تەنها ٢٠ ملیار دۆلار بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ تێکڕای هەناردەکرنی چین لە پشکی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ تەنها ٦٪ پێکدەهێنا، بەڵام دوای جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕیفۆرم و کرانەوەو دامەزراندنی ئاڵوگۆڕی ئابووری، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٨٥ گەیشتە ٩٪و لە ساڵی ١٩٩٠ دا گەیشتە ١٦.١٪، لەم پەیوەندییە ئابوورییەدا لەگەڵ چین، ئەمریکا پشکی شێری هەبوو[5].

دوای دامەزراندنی پەیوەندی چین و ئەمریکا بازرگانی نێوان هەردوولا بە شێوەیەکی زۆر زیادیکرد، ساڵانە ٤٥٪ ی قەبارەی ئاڵوگۆڕ زیادیکرد، لە ساڵی ١٩٨٣ سەرجەمی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ گەیشتە ٤.٤٥ ملیار دۆلاری ئەمەریکی، لە کۆتایی ١٩٨٣ چین و ئەمریکا نزیکەی ٢٠ پرۆژەی هاوبەشیان لە هەردوو وڵاتدا دامەزراند، وەبەرهێنانی ناوخۆیی لە ئەمریکا لە ٤.٨٨ ملیار دۆلار تێپەڕیکرد، (١٣) کۆمپانیای ئەمەریکی بەشدارییان کرد و (١٢) گرێبەستیان لەگەڵ چیندا بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت لە کەناراوەکانی چیندا واژۆکرد، کە بڕی ٦٠٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان بوو، لە بواری گواستنەوەی تەکنیکی و بازرگانی بەرهەم و تەکنەلۆژیاکاندا، ژمارەی پرۆژە هاوبەشەکانی بواری تەکنیکی ئابووریی لە نێوان هەردوو وڵاتدا گەیشتە ١٠٠ پرۆژە، ئەم پەرەسەندنە بەرچاوە تا نیوەی یەکەمی ١٩٨٩ بەردەوامبوو[6].

لە ماوەی نیوەی دووەمی هەشتاکاندا پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا لە ڕووی بازرگانی و سەربازییەوە هەمەجۆر و پەرەسەندووبوون، وەک بازرگانی و ئابووریی و خوێندن و کولتووریی و وزەی ناوەکیی و کردنەوەی چەند باڵیۆزخانەیەک، سەردان و ئاڵوگۆڕ لە ئاستی باڵادا ئەنجامدرا[7] .

---

[1]J. Mishell George & Damian T. Gullo&Daniel D. Stein: Op. Cit, P.23-24.

[2]Ibid, P.25-24.

[3]Priscila Roberts: Op.Cit, P.432.

[4]J. Mishell George & Damian T. Gullo&Daniel D. Stein: Op.Cit, P.23.

[5]Zhang Xiaotong et al: Op.Cit, P. 22.

[6]foreign languages press: A concise History Reader …, p340.

[7]إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: م.س، ص٢١.

پەیوەنــدییە ئابوورییەکــانی چــین –ئەمریکــا بریتیبــوون لە هاریکــاری ئــابووریی و هــونەریی و وەبەرهێنان، ڕەوانەکردنی تەکنەلۆژیا، لە کاتێکدا ئەمریکا گەورەترین وولاتی گەشەکردوو بوو لە ڕووی پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیاوە، چینیش ولاتێکی دەوڵەمەند بوو بەسەرچاوەی سروشتی و مرۆیی و بازاڕی مەزن، لەو ماوەیەدا لە ڕوی ئابوورییەوە تەواوکەری یەکتربون توانای هاریکاری مەزنیان هەبوو[١]. بەوجۆرە پەیوەندییەکانیان گەشەیکرد کە لە ساڵی ١٩٨٢ بازرگانی نێوانیان تەنها ٥.٢ ملیار دۆلار بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ١٤ ملیار دۆلار بەرزبویەوە، لە کۆتایی ١٩٨٨ بزنسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەبڕی نزیکەی ٣ ملیار دۆلار لە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ لە چیندا لەڕێگەی چوارسەد کۆمپانیای پرۆژەی هاوبەش کاریاندەکرد، کە زۆرترین ڕێژەبوو لە چاو وولاتانی تر جگە لە هۆنگ کۆنگ و مەکاو[٢].

لە ساڵی ١٩٨٣ لێکتێگەشتن و نزیکبونەوەی ئەمریکا لەگەڵ یابان مایەی دودڵی و نائارامی چین بوو، چونکە ئەمە وەک گۆڕانکاریی ستراتیژیی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاسیا دەردەکەوت، لەکاتێکدا هاوبەشی بازرگانی و هاوکاری ئەمریکا لە بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی ئابووریی چین وەک بونیادو ژینگەی سەرەکی ئەژماردەکرا، بەپێچەوانەی ناوەڕاستی شەستەکان کە یابان بە هاوبەشێکی بازرگانی گەورەی چین دادەنراو نزیکەی ٢٠٪ ی تیکڕای بازرگانی چینی پێکدەهێنا، لەبەرئەوە چین هەمیشە لەخەمی چالاکترکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان بوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٢ گەیشتە ٨ ملیار دۆلار، ئەمریکا بەئامانجی لاوازکردنی چین و یابان وەک دوو هێزی گەورەی ئابووریی، هاوکارییەکانی کەمکردنەوە، تاوەکو مەیدانی نێودەوڵەتی بۆ کۆمپانیاکانی بەتایبەتی لە ئەفەریقا چۆڵبکرێن[٣].

ڕەوتی پەیوەندیی نێوان چین و ئەمریکا هەر بەیەک ئاڕاستەو ڕوو لەبەرزیی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێ دژیەکی و پێکدادانی تێدابوو، یەکێک لەوانە لە سەرەتای هەشتاکان کێشەی ناردنی قوماشبوو بۆ ئەمریکا، بە گوێرەی خواستی چین بۆ هێنانی نەوت لە ئەمریکاوە، چین بەرهەمەکانی ڕستن و چنینی هەناردەی ئەمریکا دەکرد، هەروەها لە کۆتایی ١٩٨٢ ئەمریکا هاوردەکردنی شمەک و کاڵای چینی سنورداركرد، گومرگی زیاتری بەسەر هەندێک لە شمەک و کاڵا چینیەکان سەپاند، چین ئەم کارەی ڕەتکردوە و کڕینی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکای کەمکردەوە، بەم شێوەیە قەبارەی بازرگانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی نێوانیان کەمیکرد، لە نیوەی یەکەمی ١٩٨٢، لە ٦٦٦.٧ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٣.١ ملیۆن دۆلار لە نیوەی یەکەمی ١٩٨٣ کەمیکرد، ئەمەش کاریگەریی کردە سەر پرۆژە بازرگانیەکانی ئەمریکاو ٥٥٠ ملیۆن دۆلار زیانیان بەرکەوت[٤].

---

[1]Priscila Roberts: Sino – American Relations...., p.331.

[2]Ibid, p.492.

[٣]شفيعة حداد: الحضور الصيني في إفريقيا وحتمية الصراع مع الولايات المتحدة -التنافس في السودان نموذجا، دفاتر السياسة والقانون، ع العاشر، كلية الحقوق، جامعة باتنة، جانفى ٢٠١٤، ص١٥.

[4]Vladimir Lukin: Relations between the U.S. and China in the 1980s, University of California Press, Vol. 24, No. 11, 1984, p.1152-1153.

هەروەها ناکۆکیەکیتر ئەوەبوو ئەمریکا لەسەردەمی ڕیگندا نەیتوانی بەجوانی یاریی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکین و تایوان بکات، ڕیگن پێدانی تەکنەلۆژیای بە چین بە جۆرێک خستەڕوو کە لای چینیەکان قبوڵکراو نەبوو، چونکە لەبەرانبەر ڕێکەوتن لەسەر کێشەی تایوان ئەم کارەیکرد، بەڵام پەکین بەم خستنەڕووە ڕازینەبوو.یەکەم ناکۆکی بازرگانی لە ١٣ کانونی دووەمی ١٩٨٣ ڕویدا، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان گەمارۆی ئابووریی لەسەر چین بڕیاردا، ئەم قەیرانە تەنگژەی تری بەدوای خۆیدا هێنا، پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەمپەریان بۆ دروستبوو، لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی پەیوەندییە بازرگانییەکان و گەڕان بەدوای هەلی نوێ لەبواری پیشەسازی و بازرگانی نێوانیان، کۆبونەوەی بازرگانی چینی ئەمریکییان لە حوزەیرانی ١٩٨٨ بەست[١].

بە هۆی ناکۆکییە بازرگانییەکانی هەردوولاوە، ئەمریکا هەندێ کۆتوبەندی بەسەر بازرگانیکردن لەگەڵ چیندا سەپاند، چینیش بە هەمان شێوە ڕێژەی ناردەنی قوماش و جلی چینی بۆ ئەمریکا کەمکردەوەو کۆتوبەندی خستە سەر هاوردەی لۆکەی ئەمریکی، ئەمریکا بە گەڕانەوەی ئەو یاسایانەی دژی سیاسەتی یاریکردن بە نرخی شمەکە بازرگانییەکانە هەڕەشەی لە چین کرد، ئەمریکا پێیوابوو چین شمەک و کاڵاکان بەنرخی کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆیان دەنێریتە دەرەوە، هەروەها ئەمریکا چینی تۆمەتبارکرد بە (دزینی بیرۆکە) وەک کۆپیکردنی سیدی مۆسیقاو گۆرانی و کۆمپیتەر، کە بەهۆی ئەم کارەی چینەوە ساڵانە نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار زیانی بەردەکەوت، ئەمریکا نوێنەری دەنارد بۆ پەکین بۆ فشارخستنە سەر چین بۆ کردنەوەی بازاڕەکانی، هەڕەشەی لە چین دەکرد بەوەی ناهیڵێت بچێتە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی[٢].

لە ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٣ گرژییە سیاسییەکانی هەردوولا، کاریگەرییەکی خراپی کردە سەر ئابووریی چین، سەردانی نوێنەرە ئابوورییەکان زۆربەی وەستان، ناردنی ڕستن و چنین (قوماش) لە چینەوە بۆ ئەمریکا کێشەی تێکەوت، هەردو وولات دانوستانەکانیان توشی چەقبەستویی هاتن، ئامارەکان پێماندەڵێن تێکڕای قەبارەی بازرگانی نێوانیان لە ساڵی ١٩٨١ دا ٥.٨٨٨ملیار دۆلار بوو، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ ٥.٣٣٧ ملیار دۆلار کەمبویەوە، پاشان ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٨٣ زیاتردابەزی بۆ ١.٣٧ ملیار دۆلار[٣]، ناکۆکییەکانی بواری بازرگانی لە ١٣ کانونی دووەمی ١٩٨٣ گەیشتە لوتکە، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا گەمارۆی ئابووریی بخاتە سەر چین، ئەم قەیرانە، قەیرانی تری بە دوای خۆیدا هێنا، پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانیەکان کۆسپیان بۆ دروستبوو، سەرەڕای بەستنی کۆبوونەوەی

---

[١] إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: م.س، ص٢١.

[٢] وليد سليم عبدالحي: المكانة المستقبلية للصين في النظام الدولي ١٩٧٨-٢٠١٠، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ط٢، أبوظبي، ٢٠١٤، ص١٥٤-١٥٥.

[3] Hai-hua Niu & Xue Zhang: The Impact of Sino-US Relations in 1980s on China’s Economic Development ,International Conference on the Modern Development of Humanities and Social Science, China, 2013 ,p.102.

بازرگانی چین و ئەمریکا لە حوزەیرانی ١٩٨٨ هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی پەیوەندییە بازرگانییەکان درا[١].

تێکڕای بازرگانی ئەمریکا لەگەڵ چین ساڵی ١٩٨٤ بڕەکەی ٣ ملیار دۆلاربوو، کە لە ٠.٩٪ تێکڕای هاوردەی ئەمریکی و ١.٤٪ تێکڕای ناردەنی ئەمریکی پێکدەهات، فرۆشە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکا لە چین لە ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٤ لە ٥٠٪ بۆ ٢٠٪ کەمیکرد، بەڵام ناردەنی گەنم هەروەک خۆی مایەوە، بە گشتی ناردەنیەکانی ئەمریکا بۆ چین بۆ ساڵی ١٩٨٤ بریتیبون لە ئامێرەکانی گواستنەوە، تەختە، پەین، پلاستیک، لە ساڵی ١٩٨٤ ئەمریکا سێیەم گەورەترین بازاڕی چین بوو، ١١٪ ناردەنیەکانی چین بۆ ئەمریکا دەچوو، کە قوماش و جلوبەرگ بە ڕێژەی ٣٠٪ ناردەنیەکانی پێکدەهێنا، نەوتی خاوو گازوایل بەگشتی ناردەنیەکی تری چینی بوو[٢].

چین هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەدا، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆک وەزیرانی چین ژاو زیانگ لە یەنایەری ١٩٨٤ بەسەردانێک گەیشتە ئەمریکا، هەر دوولا لەسەر چەند خاڵێک لە ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕێکەوتن، کە هاریکاری پیشەسازیی و فێرکردن تەوەرەی سەرەکی ڕێکەوتنەکەبوو[٣].

لەساڵی ١٩٨٤ پاش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان سەردانەکان لە ئاستی باڵا دەستیانپێکردەوە، لە تەموزی ١٩٨٥ سەرۆکی چین لی شیاننیان Li Xiannian بۆ ئەمریکا گەشتیکرد، هەروەها جێگری سەرۆکی ئەمریکا بوش لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٥ سەردانی چینی کردو چوارەم کونسوڵی ئەمریکای لە چینگدۆ کردەوە، کۆمەڵێ ئاڵوگۆڕو سەردان لە ساڵانی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٩ ئەنجامدران، دواجار سەرۆک بۆش لە شوباتی ١٩٨٩ سەردانی پەکینی کرد[٤].

سەرباری بەردەوامی کێشەی تایوان لە نێوان ئەمریکاو چین، بەڵام هەر پەیوەندییە ئابوورییەکان بەردەوامبون، ئەمریکا گەورەترین هاوبەشی وەبەرهێنی ناوخۆی چین بوو، بەبڕی ٧٠٠ ملیۆن دۆلار لە ٦٠ پرۆژەی هاوبەشدا لە چین بەشداربوو، بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەردولا ساڵی ١٩٨٤ گەیشتە ٦ ملیار دۆلار، لەساڵی ١٩٨٥ گەیشتە ٧ ملیار، چین بووە سێیەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ئەمریکا لەدوای یابان و هۆنگ کۆنگ[٥]، لە نیسانی ١٩٨٤ لەسەر کەمکردنەوە و ڕێگرتن لە سەندنی باجی زۆر لە سەر داهاتی کۆمپانیاکانی یەکتر ڕێکەوتن، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕە بازرگانی و ئابوورییەکانی هەردوو وڵات بینی[٦].

لە ٧ ی ئایاری ١٩٨٤ کۆبونەوەو بەفەرمی لیژنەی هاوبەش لە بواری ئابووریی و بازرگانی لە واشنتۆن پێکهێنرا، لەسەر دووپلانی کارکردن لە بواری هاریکاریی پیشەسازی کانزاکاریی و ووزەی کارەبا ڕێکەوتن، چوار ڕێکەوتننامەی تر لە بواری گازی سروشتی و نەوت، تاوەکو چین تەکنەلۆژیاکەی

---

[١] إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: م.س، ص٢١-٢٠.

[2] Lucie Kornei: Trade of Nato Countries with China 1981-1984, Bureau intelligence And Research, United of states, 1985, p.ii-iii.

[٣] إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: م.س، ص٢١-٢٠.

[4] Hai-hua Niu & Xue Zhang: Op.Cit,p.102.

[5] Richard baum: Op.Cit, P.50–51.

[6] Ministry of Commerce of the People’s Republic of China: Op.Cit , p.26.

پێشــبخات، لە ٣٠ کــانونی یەکەمــی ١٩٨٥ ڕێکەوتننامەیەکیــان لەســەر ئــاڵوگۆڕی وزەی نــاوەکی و بەکارهێنانی بۆ ئاشتی و خزمەتگوزاریی واژۆکرد، لەلایەکیترەوە بە پێی ڕیکەوتنێک ئەمریکا لە ڕێگەی سێ پلانەوە لە بواری فێرکردنی فڕۆکەوانی و وزەی کارەباو تەلەفۆن و چارەسەرکرنی کێشەی ئاوەڕۆو فێرکردنـی تەلەفزیـۆن ڕێکەوتنـی دیکەیـان گەڵاڵەکـرد، هەروەهـا لە ١٨ی کـانونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٨٧ ڕێکەوتنی دوقۆڵیان لە بواری بازرگانی قوماش (ڕستن و چنین) واژۆکرد، پاشان لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ کۆتاییان بە پێنج ساڵ دانوستان لەسەر کێشەی دەریاوانی نێوانیـان هێنـاو ڕێکەوتنێکیـان لە بـواری دەریاوانی واژۆکرد[١].

چین و ئەمریکا لە هەشتاکاندا گەشەیەکی بەرچاویان لە ڕووی هاریکاری زانست و تەکنەلۆژیا بینی، چین تێکڕای ٨١٤ گرێبەستی هـاوردەی تەکنەلۆژیا بەبەهـای ٣.٢٥ مليـار واژۆکـرد، ئەمەش یارمەتیدەری کارگەکـان و کرێکـاران و بەرزکـردنەوەی کـوالیتی ئـابووریی چینیـدا، هەروەهـا لە خـزمەت کشـتوکاڵ و پیشەســازی بەکــارهێنراو بوەهــۆی زیــادکردنی بەرهەم و بەرزکــرنەوەی کــارامەیی و کەمکــردنەوەی پیســـبونی هەوا، دۆزیـــنەوەی نەوت و کـــانزاو خەڵـــوزو فڕۆکەخـــانەو ئۆتۆمبێـــل و ووزەی نـــاوەکی پێبەدەستهێنا[٢].

لەسەردەمی جەنگی ساردا هەندێ هۆکاری وەک دژایەتی ستراتیژیی چین لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت و گۆڕانکــاری تێڕوانینــی ئەو وڵاتە ســەبارەت بە ڕۆژئــاوا، بــووە هــۆی ئەوەی ئەمریکــا پێشــوازی لە خواستەکانی چین بکات و پەیوەندی ئابووریی لەگەڵ چیندا دروستبکات، لەگەڵ ئەمەدا واشنتۆن گومانی لە هەندێ لە سیاسـەتەکانی پەکین هەبـوو؛ وەک بـابەتی لکانـدنی تـایوان و سـەرکوتکردنی هاوڵاتیـانی لە ڕووداوی تیانــانمینی ســاڵی ١٩٨٩، بەڵام پــاش هەڵوەشــاندنەوەی ســۆڤێت بــووە هــۆی زیــادبوونی گومانەکانی ئەمریکا سەبارەت بەچین، بەڵام چینییەکان جەختیان لەسەر پەیوەندییە ئاشتیخوازەکان و دروستکردنی پەیوەندیی هاریکاری ئابووریی لەگەڵ ئەمریکا دەکردەوە[٣].

چین لە سـەرەتای نەوەدەکاندا ڕێکخستنی نوێی جیهان وڕۆڵی تاک جەمسەری ئەمریکای قبوڵکرد، بەڵام بە هەموو توانایەوە هەوڵی خۆ بەهێزکردنی دەدا، چینیەکان بەو ئەنجامە گەشتن کە چین زلهێزەو بـۆ پاراسـتنی پـێگە و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی بەرژەوەنـدییە نەتەوەییەکـان سـتراتیژێکی گشـتی هەبێـت، چەنـدین پـلان و بەرنـامەی مـۆدێرنیزەکردن و پێشـکەوتنی ئـابووریی چینیـان داڕشـت، بەردەوامـی ئەم بەرنامــانە بەســترابونەوە بە پەیوەنــدی دۆســتانە یــان لانــیکەم نەبــونی نــاکۆکی لەگەڵ ئەمریکــا، ئەم بیرکـردنەوەیە میراتێـک بـوو لە دینگەوە بەجێمـابوو، ئەمریکـاش لە پێنـاو بەرژەوەنـدییە ئابوورییەکـانی، تاڕادەیەک هەوڵیدەدا چاوپۆشی لە ناکۆکییەکانی لەگەڵ چین سەبارەت بە مافی مرۆڤ بکات[٤].

---

[1]Hai-hua Niu & Xue Zhang: p.102.

[2]Ibid, p.103.

[٣]عبداله قنبرلو: مناسبات اقتصادي آمريكا– چين واثار ان بر امنيت ملى ايران، فصلنامه مطالعات راهبردي، سيزدهم سال، شماره دوم، تابستان ١٣٨٩، شماره مسلسل ٤٨، ص١١٩.

[٤]هـ .م، ص١١٩–١٢٠.

لەلایەکیترەوە بەهای بازرگانی نێوانیان زیادیکرد، لە ساڵی ١٩٧٨ نزیکەی ١ ملیار دۆلار بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ ئەم ڕێژەیە بۆ زیاتر لە ١٤ ملیار دۆلار بەرزبوویەوە[١].

لە ساڵی ١٩٨٨ ئەمریکا بە بەهای (٩٠٥ ملیۆن دۆلار) کەلوپەلی فەرمانگە و پیشەسازیی و دانەوێڵە بە بەهای (٦٩٩ ملیۆن دۆلار)، کەرەستەی خاوی پیشەسازی بە بەهای (٥٩٦ ملیۆن دۆلار)، پەین بە بەهای (٣٧٩ ملیۆن دۆلار) بۆ چین نارد، چینیش بە زۆری جلوبەرگ و یاری منداڵان و کەلوپەلی وەرزشی بۆ ئەمریکا نارد[٢].

لە ڕووی چالاککردنی بازرگانی دەرەکیشەوە، دینگ هەوڵیدا جیاوازیی و ناکۆکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ڕۆژئاوادا کۆتایی پێبێنێت، هەروەها کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر توانای هاریکاریی لەگەڵ چین و ڕێگەدان بە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان بە هاتنە ناو بازاڕی چینییەوە، ئەمەش بووە هۆی هاتنی سەدان ملیار دۆلار بۆ چین لە شێوەی وەبەرهێناندا[٣].

لە ماوەی بونیاتنانی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی چین-ئەمریکا، پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی نێوانیان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد، دوای دەساڵ قەبارەی بازرگانی نێوانیان زیاتر لە سێ ئەوەندە زیادیکرد، سەرەڕای ناکۆکی و جیاوازییەکان لە پەیوەندیەکانی نێوانیان پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانیان نەوەستا[٤]، بە گوێرەی ئامارەکانی چین تێکڕای بازرگانی نێوانیان لە ٢.٤٥ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٧.٤٩ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٩٢ بەرزبوویەوە، بەڵام بەگوێرەی ئامارەکانی ئەمریکا لە ٢.٣٧ ملیار بۆ ٣٣.١٥ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە[٥]. پێمانوایە ئامارەکانی چین ڕاسترین چونکە ڕایگشتی ئەمریکابەگشتی لەگەڵ پەیوەندیەکانی ئەمریکاو تایوان بوون تا چین، هەربۆیە کۆشکی سپی زۆرجار بەرژەوەندیە ئابوریەکانی لەگەڵ چیندا زیاتر لە قەبارەی خۆی گەورەتر پشاندەدا.

---

[1]Priscila Roberts: Sino – American Relations..., p.432.

[2]Priscila Roberts: Op.Cit , p.432.

[٣]علي محمد زكي رسن التميمي: م.س، ص٢٠٦-٢٠٧.

[4]SHUXUN CHEN AND CHARLES WOLF, JR.: China, the United States, and the global economy, RAND, California, 2001, p.237.

[5]LI Wei & HUANG Zhilong & HUO Jianguo :The Development of U.S.-China Economic Relations, 1978 to the Present, Chinese Academy of International Trade and Economic Cooperation, p.5.

**خشتەی بازرگانی نێوان چین وئەمریکا ١٩٧٩-١٩٩٢**[١]

| ئامارەکان لە ڕوانگەی ئەمریکاوە بە ملیار دۆلاری ئەمریکی | | | | ئامارەکان لە ڕوانگەی چینەوە بە ملیار دۆلاری ئەمریکی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بالانسی بازرگانی | ناردەنی بۆ چین | هاوردە لە چین | تێکڕای هاوردەو ناردەنی | بالانسی بازرگانی | ناردەنی بۆ ئەمریکا | هاوردە لە ئەمریکا | تێکڕای هاوردەو ناردەنی | ساڵ |
| ١.٠٧ | ١.٧٢ | ٠.٦٥ | **٢.٣٧** | -١.٢٧ | ٠.٥٩ | ١.٨٦ | **٢.٤٥** | ١٩٧٩ |
| ٢.٥٩ | ٣.٧٥ | ١.١٦ | **٤.٩١** | -٢.٨٦ | ٠.٩٦ | ٣.٨٢ | **٤.٧٨** | ١٩٨٠ |
| ١.٥٤ | ٣.٦٠ | ٢.٠٦ | **٥.٦٦** | -٢.٨٧ | ١.٥١ | ٤.٣٨ | **٥.٨٩** | ١٩٨١ |
| ٠.٤١ | ٢.٩١ | ٢.٥٠ | **٥.٤١** | -٢.١٠ | ١.٦٢ | ٣.٧٢ | **٥.٣٤** | ١٩٨٢ |
| -٠.٣٢ | ٢.١٦ | ٢.٤٨ | **٤.٦٤** | -٠.٦١ | ١.٧١ | ٢.٣٢ | **٤.٠٣** | ١٩٨٣ |
| -٠.٣٨ | ٣.٠٠ | ٣.٣٨ | **٦.٣٨** | -١.٤٥ | **٢.٢١** | ٣.٦٦ | **٥.٨٧** | ١٩٨٤ |
| -٠.٠٦ | ٣.٨٠ | ٣.٨٦ | **٨.٠٢** | -١.٧٥ | ٢.٦٢ | ٤.٣٧ | **٦.٩٩** | ١٩٨٥ |
| -١.٦٦ | ٣.١١ | ٤.٧٧ | **٨.٣٥** | -٢.٠٩ | ٢.٦٢ | ٤.٧١ | **٧.٣٣** | ١٩٨٦ |
| -٢.٧٩ | ٣.٥٠ | ٦.٢٩ | **١٠.٤١** | -١.٨٠ | ٣.٠٣ | ٤.٨٣ | **٧.٨٦** | ١٩٨٧ |
| -٣.٤٧ | ٥.٠٤ | ٨.٥١ | **١٤.٣١** | -٣.٢٥ | ٣.٣٨ | ٦.٦٣ | **١٠.٠١** | ١٩٨٨ |
| -٦.١٨ | ٥.٨١ | ١١.٩ | **١٧.٨٠** | -٣.٤٧ | ٤.٣٩ | ٧.٨٦ | **١٢.٢٥** | ١٩٨٩ |
| -١٠.٤١ | ٤.٨١ | ١٥.٢٢ | **٢٠.٠٣** | -١.٤١ | ٥.١٨ | ٦،٥٩ | **١١.٧٧** | ١٩٩٠ |
| -١٢.٦٩ | ٦.٢٩ | ١٨.٩٨ | **٢٥.٢٧** | -١.٨١ | ٦.١٩ | ٨.٠١ | **١٤.٢٠** | ١٩٩١ |
| -١٨.٢٦ | ٧.٤٧ | ٢٥.٧٣ | **٣٣.٢٠** | -٠.٣١ | ٨.٥٩ | ٨.٩٠ | **١٧.٤٩** | ١٩٩٢ |

کاریگەریی بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی چین – ئەمریکا ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێژەی گەشەی ئابووریی ناوخۆیی هەبوو، گەشەی ئابووریی لە سەردەمی ماو ٤.٥٪ بۆ ٩.٥٪ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٩٢ گۆڕا، هەرچەندە چاکسازی لە ساڵی ١٩٨٩ بەهۆی ڕوداوی تیانانمین و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان لەلایەن سوپاوە، بەربەستی بۆ دروستبوو[٢].

لە ماوەی هەشتاکاندا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا ئەمریکیەکان هەوڵیان دەدا مامەڵە لەگەڵ چین بکەن، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ پرۆسەی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا کەسودی زۆری بە چین گەیاند، چین بوو بە هاوبەشێکی ئابووری بە پلەی یەکەم گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ ئەمریکییەکان، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە بەرهەمە یابانیەکان بووبووە هەڕەشە لە سەر بەرهەمە ئەمریکییەکان[٣].

لە ساڵی ١٩٨٢ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی ئەمریکا لە چیندا لە ٢٣ پرۆژەدا کاریاندەکرد کە بەهای گرێبەستەکانیان ٢٤٧ ملیۆن دۆلارو بەهای بەکارهێنانی ١١٨.٦٨ ملیۆن دۆلاربو، ئەم ڕێژەیە ساڵ بەساڵ

[1]SHUXUN CHEN AND CHARLES WOLF, JR.: OP. Cit, P.241.

[٢]فوزی درویش: م.س، ص١٠٣.

[٣]لیو شیە تشنج، ولی شی دونج: م.س، ص١٤٨.

زیادی دەکرد بەجۆرێک ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی پرۆژەکان گەیشتنە ٣٢٦٥ پرۆژەو بەهای گرێبەستەکانی ٣١٢١.٢٥ ملیۆن دۆلارو بەهای بەکارهێنانی گەیشتە 511,05 ملیۆن دۆلار بوو[١].

وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە چین (١٩٨٢-١٩٩٢)[٢]

| بەهای بەکارهێنان به ملیۆن دۆلاری | بەهای گرێبەستەکان بەملیۆن دۆلاری ئەمریکی | ژمارەی پرۆژە پەسەندکراوەکان | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١١٨.٦٨ | ٢٤٧.٠٠ | ٢٣ | ١٩٨٢ |
| ٨٣.١٣ | ٤٧٧.٥٢ | ٣٢ | ١٩٨٣ |
| ٢٥٦.٢٥ | ١٦٥.١٨ | ٦٢ | ١٩٨٤ |
| ٣٥٧.١٩ | ١١٥٢.٠٢ | ١٠٠ | ١٩٨٥ |
| ٣٢٦.١٧ | ٥٤١.٤٨ | ١٠٢ | ١٩٨٦ |
| ١٦٢.٨٠ | ٣٤٢.١٩ | ١٠٤ | ١٩٨٧ |
| ٢٣٥.٩٦ | ٣٧٠.٤٠ | ٢٦٩ | ١٩٨٨ |
| ٢٨٤.٢٧ | ٦٤٠.٥٢ | ٢٧٦ | ١٩٨٩ |
| ٤٥٥.٩٩ | ٣٥٧.٨٢ | ٣٥٧ | ١٩٩٠ |
| ٣٢٣.٢٠ | ٥٤٨.٠٨ | ٦٩٤ | ١٩٩١ |
| ٥١١.٠٥ | ٣١٢١.٢٥ | ٣٢٦٥ | ١٩٩٢ |

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ چین هەوڵی بچوککردنەوەوەی بازاڕی ئەمریکای دەدا، بەردەوام لە هەندێ بابەتی بازرگانی و دارایدا لە ناکۆکی و ململانێدا بوون، یەکێک لەو ناکۆکیانە کورتهێنانی بازرگانی نێوانیان بوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٠ بڕی 2,7 ملیار دۆلار زیادەی بازرگانی ئەمریکا بوو لەگەڵ چین، واتە چین ئەو ڕێژەیە کورتهێنانی بازرگانی هەبوو، ئەم ژمارەیە ساڵی ١٩٨٥ دابەزی بۆ سفر، دواتر بۆ خوارتریش لە کاتێکدا کورتهینانی بازرگانی ئەمریکا لە بەرانبەر چین لە ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە 10,4 ملیار دۆلار[٣]، لەساڵی ١٩٩٠ هەناردەی چینی بۆ ئەمریکا نزیکەی 15,4 ملیار دۆلاربوو، هاوردەی لە ئەمریکاوە دەگەیشتە نزیکەی 4,8 ملیار دۆلار، زیادەی بازرگانیان بڕی 10,4 ملیار دۆلار بوو[٤].

چین بە پێچەوانەی ساڵانی حەفتاکانەوە کە بەزۆری ئاسن و پۆڵای هاوردە دەکرد، بەڵام لە هەشتاکاندا هاوردەکانی لە ئەمریکاوە هەمە چەشنە بوون، بۆ نمونە بڕی دانەوێڵە (٦٩٩ ملیۆن دۆلار)، کەرەستەی خاوی پیشەسازیی و کیمییای (٥٩٦ ملیۆن دۆلار)، پەینی کیمایی (٣٧٩ ملیۆن دۆلار)، هۆکارەکانی گواستنەوەو پەیوەندیکردن و ئامێرەکان (٩٠٥ ملیۆن دۆلار)، بەرهەمەکانی تەختەو قوماش و ڕیشاڵە کیمیاییەکان (chemical fiber)، هەروەها بەرهەمە پێشکەوتوەکانی تەکنەلۆژیا و پیشەسازییە

[1]SHUXUN CHEN AND CHARLES WOLF, JR. :OP.Cit, P.240.

[2]Ibid, P.241.

[٣]عبداله قنبرلو: مناسبات اقتصادي آمريكا– چين ...، ص١٢١.

[٤]حذفاني نجيم: م.س، ص٤١.

ئەمریکییەکان چونە بازاڕەکانی چین، لە بەرانبەردا ئەمریکا قوماش و ڕستن و چنینی هاوردە لە چینەوە دەکرد، کەزیاتر لە ٤٠٪ ناردەنیەکانی چینی پێکهێنابوو[١].

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩ کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر سیستمی سیاسی چینی هەبوو، بووە هۆی سەپاندنی سزا بەسەر چیندا، کە چین لە بازرگانی نێودەوڵەتی و لە ڕوی گەشتیارییەوە پاشەکشێی گەورەی کرد، بەڵام ئەم سزایانە دوای شەش مانگ کەمکرانەوە، لەگەڵ جەنگی کەنداو و دەرکەوتنی پێویستی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاریکاریی چین، لە سەرەتای ١٩٩١ بە تەواوی سزاکانی لەسەر لابران[٢].

وەزیری دەرەی چین (چیان چی چنگ) لە سەردانێکی فەرمی بۆ ئەمریکا لە ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٩٠ بۆ کانونی یەکەمی ١٩٩٠، چاوی بە بۆشی باوک و جەیمس بەیکەر و وەزیری بازرگانی ئەمریکا و گەورە ئەندامانی کۆنگرێس کەوت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ و سەرەتای ساڵی ١٩٩١ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ئەو کاتە و هەندێک لە گەورە بەرپرسان سەردانی چینیان کرد، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ١٥-١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ سەردانێکی فەرمی بۆ چین کرد، هەردوولا لێکتێگەیشتن و پەیماننامەیان سەبارەت بە هەندێ بابەت واژۆکرد[٣].

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەتی چین و سەرۆکی لیژنەی زانستی دەوڵەت سونگ جان سەرکردایەتی شاندی حکومەتی چینیان بۆ ئەمریکا کرد، هەردوو دەوڵەت توانیان لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی فەرمی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان بنیاتبنێیەوە، لە هەمان مانگدا وەزیری بازرگانی ئەمریکا فرانکلین سەرۆکایەتی شاندێکی بۆ چین کرد، ئەمەش ئاماژە بوو بەوەی کە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان بەرەو ئاساییبونەوە دەڕوات[٤].

ئەوەی یارمەتی گەشەکردنی پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی چین- ئەمریکایدا، جگە لە سەقامگیری سیاسی، هاریکاری تەکنەلۆژیاو زانست بوو، چین لە بونیادنانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی سوودێکی زۆری لێوەرگرت، ئەو خوێندکارە چینیانەی لە ئەمریکا دەیانخوێند بە بیرۆکەی نوێ و زانستی پێشکەوتوو بۆ چین دەگەڕانەوە، کە لە خزمەت بەرزکردنەوەی کوالیتی ئابووریی چین بەکاریاندەهێنان[٥].

لێرەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندی چین بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گرنگییەکی زۆری لەگەشەسەندنی ئابووریی چین هەبوو، بەو پێیەی بازاڕی ئەمریکی لە گەورەترین بازاڕی هەناردەکانی چین بوو، لەبەرانبەریشدا بازاڕی چینی تازە گەشەسەندوو جێگەی گرنگی پێدانی کارگە ئەمریکییەکان بوو،

---

[1]Dong Wang :Op.Cit, P.177.

[٢]م.م. صفاء حسين علي الجبوري: العلاقات الصينية –الأمريكية في مرحلة ما بعد الحرب الباردة، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، ج٣، السنة٣ ،ع١١،٢٠١١، ص١٦٦.

[٣]ليو شيه تشنج، ولى شى دونج: م.س، ص٧٢.

[٤]م.ن، ص٧٢.

[5]Hai-hua Niu & Xue Zhang: Op.Cit, p.101.

گەشەسەندنی بازاڕی چینی ساڵانە هەلێکی زۆری کاری دەرەخساند، تێکڕای بازرگانی دوقۆڵی بۆ چوار هێندە لە ساڵی ۱۹۹۰ زیادیکرد، بە پێی ئامارە ئەمریکییەکان ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنها گەورەترین بەرهەمهێن نییە لە چیندا، بەڵکو گەورەترین هاوبەشێتی، هەروەها هاریکاریکردن و ئاڵوگۆڕ لە نێوان ئەمریکا و چیندا لە بوارەکانی زانستی و تەکنەلۆژی و فێرکردن و دامەزراوە یاساییەکان و سەرجەم بوارەکانی تر لە هەموو دەوڵەتێکی تر زیاتربوو.

## باسی چوارەم - پەیوەندییە کولتوورییەکانی چین- ئەمریکا:

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین لە چوارچێوەی ئابووریی و سیاسیدا قەتیس نەبوون، بەڵکو چەند کایە و ڕایەڵی دیکەی هەبوو، کە توانیان دەرگاکانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن والابکەن و بۆ ئەم مەبەستەش بۆنە وەرزشی و هونەریی و کولتوورییەکان کایەیەکی گرنگییان ڕەخساند. کولتووری چینی بەیەکێک لە کۆنترین و ئاڵۆزترین کولتوورەکانی جیهان دەژمێرێت، ئەم کەڵەکەبونی کولتووریی و فەلسەفی و ژیارە زیاتر بۆ ٤ هەزار ساڵ درێژەی کێشاوە، کولتووری چینی لە سێ بنەمای سەرەکی پێکدێت: کولتووری نەریتی، ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی، بەها ڕۆژئاواییەکان، بەها کولتوورییە نەریتیەکان لە بنەڕەتدا لە کۆنفۆشیوسی و تاوی و ڕێژەیەکی کەم لە بودایی وەرگیراوە، کۆنفۆشیوسی بنەمای سەرەکی لە کولتووری نەریتی چینە، سەرچاوەی سەرەکی ڕەفتاری چینییەکانە[1].

مێژووی پەیوەندییە کولتوورییەکانی چین- ئەمریکا بۆ کاتی سەربەخۆیی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ۱۷۸۳ بزنسمانە ئەمریکییەکان لە ڕێگەی دەریاوە بە مەبەستی بازرگانی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ چین چوون، لە ساڵی ۱۸۳۰ یەکەمین مژدەدەری ئەمریکی بەناوی (ئیلیجا کۆلمان بریگمان Elijah Coleman Bridgman) گەیشتە چین، مژدەدەرە ئەمریکییەکان ڕۆڵێکی گرنگییان لە ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکانی نێوان هەردوو وولات بینی، لەگەڵ بردنی ئاینی مەسیحی، مژدەدەرەکان زانست و تەکنەلۆژیای نوێ و سیستمی تەندروستی و پەیمانگای خوێندن (فێرکاریی) و خزمەتگوزاریی باشیان بۆ چین برد، لە چوارچێوەی پەیوەندییە کولتوورییەکانی هەردوولا لە ۱۸۳۰ بۆ ۱۹٤۹ هەزاران مژدەدەری ئەمریکی بۆ چین چوون[2].

مژدەدەرە ئەمریکییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لە چیندا ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە هاندانی خوێندن بینیووە، دام و دەزگاکانی فێرکردنی ئەمریکا و حکومەتی ئەمریکا بە فەرمی پشتیوانی ئاڵوگۆڕەکانی خوێندنی نێوان هەردوو وولاتیان کردووە، هەر بۆ نمونە لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا (دەزگای فێرکردنی هارتفۆرد Hartford Education Mission) و (کۆلێژی پزیشکی یەکێتی پەکین Peking Union

---

[1] علي حسين باركير: م.س، ص٥١.

[2] Lingmin Kong: Exploring China's Soft Power: Manifestations of the Chinese Dream in Contemporary Practices of Cultural Diplomacy, PhD, University of York Politics, Sep 2019, P.124-125.

China Foundation for (دامەزراوەی چین بۆ برەودان بە خوێندن و کولتوور Medical College) لە ١٩١٥و (the Promotion of Education and Culture)لە ساڵی ١٩٢٤، هەوڵە پەروەردەییەکانیان لەڕێگەی گرێبەستێکی ٢٠ ساڵی دەستیپێکرد[١].

سوودوەرگرتن لە کرانەوەی ڕێڕەوی دیپلۆماسی و بۆنەکان یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی ئەم پرۆسەیەبوو، لەبەرئەوە کاتێک یاری تۆپی سەرمێز (تێنس) هاتەکایەوە، هەلێکی گونجاوبوو بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە نێوان بەرپرسەکان دروستببێت، لەم سۆنگەیەوە لە نیسانی ١٩٧١ لە میانەی پاڵەوانێتی یاری تۆپی سەرمێز کە لە یابان ئەنجامدرا، یاریزانی ئەمریکی گلین کوان Glenn Cowan، کە یاریزانێکی تەمەن نۆزدە ساڵی تیپی تۆپی سەرمێزی ئەمریکی بوو، لە کۆتایی یاریەکەدا کراسەکەی خۆی بە دیاری پێشکەش بە کاپتنی تیپی (زهو زیدونگ Zhua Zedong)ی چین کرد و ئەویش کراسەکەی خۆی دایە، پاشان لەگەڵ گروپی ژاپۆندا پێکەوە ڕۆشتن، ئەم گیانی وەرزشییە لە هەردوو وڵاتەکەدا لەلای ڕای گشتی دەنگدانەوەی هەبوو[٢].

چینییەکان پێیانوابوو ئەمە لەلایەن ئەمریکاوە پلانێکی دۆستانەیە و بە وردی لە واشنتۆنەوە بە ئامانجی چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان داڕێژراوە، لە بەرانبەردا وەک نیازپاکی و پێخۆشبوون، کاربەدەستانی چین بانگهێشتی تیپە ئەمریکییەکەیان کرد بۆ ئەوەی سەردانی پەکین بکەن[٣]، لە سەردانەکەدا سێ ڕۆژنامەوانی ئەمریکییان لەگەڵدا بوو، کە لەلایەن ماو بانگهێشتکرابوون، ئەمەش لەلایەن زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی و شارەزایان و تەنانەت لە ڕۆژنامەنوسەکانی جیهانەوە چاوەڕوان نەکراوبوو، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕۆژنامەی (The Washington post)ی ئەمریکی لەم بارەیەوە نوسیویەتی: "هەر یەکە لە تیپی یاری تێنسی سەرمێز و سەرۆک، لە دروستکردنی سەرەتایەک کە دەتوانین بڵێین بە تێپەڕبوونی کات کرانەوەیەکی گرنگ دەبێت، شایانی ستایشن"[٤].

---

[1]Robert Sutter: Op.Cit, P.51.

[2]O. Edmund Clobb: "China and the United State beyond Ping Pong", Current History, Vol.61, No. 361, Sep.1971, p.152.

[٣]دروستبوونی ئەم پەیوەندییە لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چیندا، بە دیپلۆماسیەتی پینگ پۆنگ ناودەبرێت، بۆنەیەکی وەرزشی وەبەرهێنانی دیپلۆماسی تێدا دەکرێت و بە قازانجی پەیوەندیی سیاسی دەشکێتەوە، پێش ئەوەی چین کورسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تایوان بسەنێتەوە، بەشداریی پاڵەوانێتیە جیهانییەکانی نەدەکرد، بەڵام دوای ئەو دانوستانەی چو ئێنلای و سەرۆکی یەکێتی تێنسی سەرمێزی یابان کۆجی گۆتۆ، لە نیسانی ١٩٧١ چین بەشداری پاڵەوانێتی جیهانی تۆپی سەرمێزی لە یابان کرد، تیپی چین و ئەمریکا بەریەککەوتن، سەرەنجام لە ١٠ی نیسانی ١٩٧١ تیپی ئەمریکی سەردانی پەکینیان کردو پەیوەندییەکان ئاسایی بونەوە، لە تەموزی هەمان ساڵدا کیسنجەر سەردانی پەکینی کرد، ئەم کارە بە دیپلۆماسێتی پینگ پۆنگ ناسرا، دواتر ئەمریکا ئەم سیاسەتەی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت و کۆریای باشوریش بەکارهێنا، بڕوانە:

(Michał Marcin Kobierecki: Ping-Pong Diplomacy and its Legacy in the American Foreign Policy, University of Lodz, Polish Political Science Yearbook vol. 45, Poland, 2016, P.308-316;

سید محمد کشمیری: روابط آمریکا و چین: از همکاری اقتصادی تا رقابت استراتژیک، مطالعات اقتصادی سیاسی بین الملل، سال اول، شماره دوم، پاییز و زمستان ٩٥، ص٨٩).

[٤]وەرگیراوە لە: راشد البراوي: العلاقات السياسية الدولية والمشكلات الكبرى، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية، ط٢، ١٩٨٢، ص ٢٧٩-٢٨٣.

دیپلۆماسیتی پینگ پۆنگ سەرکەوتنێکی گەورەبوو، بە ئاراستەی ئاسای کردنەوەی تەواوەتی پەیوەندییەکان، دوای هەشت ساڵ گرنگترین هەنگاوبوو، چو ئنلای وتی: "هەرگیز لە مێژوودا نەبووە، وەرزشێک وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی زۆر کاریگەر بەکارهاتبێت"[1]، (چو ئنلای) لە وتەکانی لەگەڵ تیپەکەدا وتی: "لە ڕابردوودا پەیوەندی نێوان چین و ئەمریکا زۆربووە و بۆ ماوەیەکی زۆرە پچڕاوە، ئێوە بە قبوڵکردنی بانگهێشتنامەکەمان، توانیتان لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی ئەم دوو گەلەدا بکەنەوە، لەو باوەڕەدام ئەمە بۆ هاوڕێیەتی نێوانمان سەرەتایەکی نوێ بێت، دڵنیام لەلایەن هەردوو لاوە پشتگیری دەکرێت"[2]، لەلایەکی ترەوە (چو ئنلای) و دامەزراوەی دیپلۆماسیی چین گڵۆپی سەوزییان بۆ دیپلۆماتکارەکان هەڵکردبوو، لە چواردەی ئازاری ١٩٧١ دەزگای دیپلۆماسی چین لە ڕێگای یەکێک لە دیپلۆماتە ئەوروپییەکانەوە ڕایگەیاند: "وڵاتەکەی ئامادەیە دەرگای گفتوگۆ لە ئاستێکی باڵادا بە ڕووی ئەمریکادا بکاتەوە"[3].

هەرچەندە دوای دامەزراندنی کۆماری میللی چین لە ساڵی ١٩٤٩ وە، پەیوەندییە کولتوورییەکانی چین و ئەمریکا بۆ ماوەی زیاترلە ٢٠ ساڵ وەستان بوون، ئەمریکا دانی بە کۆماری میللی چیندا نەدەنا، بەڵام دوای ئەو پەیوەندیە وەرزشیەیی نێوانیان و پاشان سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا نیکسۆن لە ساڵی ١٩٧٢، پەیوەندییەکانی هەردوولا ئاسایبونەوەو ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان دەستیان پێکردەوەو زۆر زیادیان کرد، لە ساڵی ١٩٧٢ ڕێکخراوی گەلی چینی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە لۆس ئەنجلس دامەزرا[4].

لایەنێکی گرنگی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو چین، گەشەکردنی ئاڵوگۆڕە زانستی و کولتوورییەکان بوو،

پێش ساڵی ١٩٧٨ هیچ ئاڵوگۆڕی خوێندکاران نەبوو، بەڵام ساڵی دواتر چوار هەزار خوێندکاری چینی لەزانکۆکانی ئەمریکا و ١٠٠ خوێندکاری ئەمریکیش لە چیند دەستیان بەخوێندن کرد، تا مانگی ٦ی ١٩٨٠ نزیکەی حەفتا هەزار ئەمەریکی سەردانی چینیان کردوە، (٢٥) شاندی کولتووریی و وەرزشی چینی سەردانی ئەمریکایان کردووە، هەر لەو ساڵەدا ئاڵوگۆڕی تیپی ئۆکێستراو یاریە ئۆڵۆمپیەکان و گروپە کولتوورییەکانی تر لە نێوانیاندا هەبووە، (١٣) ڕێکەوتنی نوێیان لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا واژۆکردووە، ئەمەش تایبەتمەندی بازرگانی و سیاسییان پیشاندا، کە هەلی بەشداریکردنی توێژینەوەکانی چین لە بواری پزیشکی و پێشبینی بومەلەرزەو کشتوکاڵکردن دەڕەخساند[5].

لە ماوەی هەشتاکاندا ژمارەی خوێندکارو توێژەران سودێکی زۆریان لە هەلی چوونە زانکۆکانی هەردوو وڵات بینی و ژمارەیان ڕوو لە زیادبوون بوو[6]، لە ساڵی ١٩٧٨ ئاژانسی زانیاری ئەمریکا و

---

[1]Michał Marcin Kobierecki: Op. Cit, P. 312.

[2]وەرگیراوە: راشد البراوی: م.س، ل٢٨٥.

[3]John W. Graver: China's Decision for Rapprochement with the United States (1968-1971), Cambridge, Harvard University Press, 1982, P174.

[4]Lingmin Kong: Op. Cit, P126.

[5]Foreign Relation of the United States: 1977-1980, Volume Xlll, China, Document, p .1138.

[6]Nancy Bernkopf Tucker: American diplomats and Sino-American relations 1945-1996, COLUMBIA UNIVERSITY PRESS, NEW YORK, 2001, P414.

وەزارەتی پەروەردەی چین یاداشتێکی لێکتێگەشتنیان لە بواری ئاڵوگۆڕی خوێندکاران و لێکۆڵەرەوان واژۆکرد، ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی و زانستی پرۆسەی دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی چین-ئەمریکای بەهێزکرد، وایکرد ژمارەیەک لە بزنسمان و هونەرمەندان، خوێندکاران، شارەزایان، توێژەران، بەشداری لە چالاکییە جۆر بە جۆرە کولتوورییەکان بکەن، پەیمانگاکان، ڕێکخراوەکان، بەرنامە هاوبەشەکان بە تایبەتی لە چیندا بە شێوەیەکی خێرا فراوانبوون، لە ساڵانی ١٩٧٨- ١٩٨٥ حکومەتی چینی نزیکەی دە هەزار خوێندکاری بەمەبەستی خوێندن بۆ ئەمریکا نارد، لە ساڵی ١٩٨٩ نزیکەی ٧٠ خوێندکاری ئەمریکی لە پەیمانگاکانی چین دەیانخوێند، لە دوای ڕوداوی تیانانمین پەیوەندییە کولتوورییەکان وەستان، بەڵام دوای شەش مانگ دەستیان پێکردەوە[1].

ئەو ئەمریکییانەی لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان سەردانی چینیان دەکرد، بە زۆری خوێندکاری گەنج بوون، کە لە بواری مێژووی چین، هونەرو سیاسەت، ...، تاد دەیانخوێند، بە هەمانشێوە خوێندکارە چینییەکانیش لە ئەمریکا بەزۆری لە بواری بابەتە تەکنیکییە پراکتیکییەکان، کیمیا، تەکنۆلۆژیای دۆزینەوەی نەوت دەیانخوێند، چونکە لەوکاتەدا بەمەبەستی بەرەوپێشچونی بەرنامەی ڕیفۆرم و کرانەوە چین زۆر پێویستی بەو بوارانەبوو[2].

هەروەها بەشێک لە شارەکانی چین کرانە دەستە خوشکی شارەکانی ئەمریکا، لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییە بازرگانی و ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان گەشەیان سەند[3]، ئەمە وایکرد پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ چین بەرەوپێشبچێت، بە تایبەت لە بوارەکانی زانیاری و بازرگانی و ڕۆشنبیری هاوتەریب لەگەڵ فراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانیەکان و ڕۆشنبیرییەکان، گرنگی بە بواری پەیوەندیی و ڕاوێژکاریی درا، تاکو بتوانن لەکێشەو گرفتەکان هاوکاری یەکتربن[4]، بەتایبەت کە دینگ بە پێویستی دەزانی سیستمی پەروەردەیەکی ڕێکوپێک دووبارە دابڕێژرێتەوە[5].

ئاڵوگۆڕی خوێندن گرنگترین لایەنی پەیوەندییە کولتوورییەکانە کە چین و ئەمریکا گەشەیان پێدا، چین زۆرترین خوێندکاری بۆ ئەمریکا نارد، لەبەرئەوە چین پلەی سێیەمی لە ناردنی خوێندکار بۆ ئەمریکا هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٣ خوێندکارە چینیەکان لە ئەمریکا بەتەنها ١٠٪ خوێندکارە بیانییەکانیان پێکهێناوە، کاتێک ئەو خوێندکارانە خوێندنیان تەواوکردو گەڕانەوە، بەشداریەکی کاریگەریان لە بەرەوپێشبردنی ئابووریی چین هەبوو و سودێکی زۆری لێبینین[6]، زمانی ئینگلیزی بووە بەشێکی گرنگی زمانی خوێندنی چین، ئەمەش سودێکی گرنگی هەبوو بۆ ئەوەی خوێندکارە چینیەکان بە ئاسانی پەیوەندیی بە وولاتانی

---

[1]Lingmin Kong: Op.Cit, P.126.

[2]Wang Ji-nan: The Evolving Roles of Chinese Visiting Scholars and Students in Sino-US Relations: 1978-2018, DAVID publishing, Shanghai International Studies University, china, 2019, P.106.

[3]Sohaela Amiri& Benjamin Leffel: Sino- US Sister City Relation: Subnational network s and Paradiplomacy, rising powers Quarterly, volume 3, issue 3, 2018, P. 112.

[4]Foreign Relation of the United States: P.1138.

[5]Suzanne Pepper: China's Education Reform in the 1980s –Polices, Issues, and Historical Perspectives, INSTITUTE OF EAST ASIAN STUDIES UNIVERSITY OF CALIFORNIA AT BERKELEY, United States of America,1990, p.71.

[6]Kaitlin Peck :The Impact of Academic Exchange between China and the U.S., 1979-2010, The Journal of the UNLV, Winter 2014, Vol. 8, Iss. 1, Psi Sigma Siren, P.31.

تـرەوە بـكەن، هاوكـات بەكولتـوورو خوێنـدنی (پەروەردە)ی ئەمریكی كـاریگەربوون، بە هەمـان شـێوە لە ئەمریكـا كۆرسـی زمـانی چینـی و مێژوو و كولتـووری چینـی كرایەوە[1]، هەروەهـا لەهەشـتاكاندا ژمـارەی خوێندكارانی ئەمریكی لە چین، چەند هەزار خوێندكارێكی لە دامودەزگا فێرخوازییەكانی چین تێپەڕاند، ئەم ئـاڵوگۆڕە یـارمەتی فراوانكردنـی مەودای ئامادەكارییەكـانی ڕێكخـراو و دامودەزگـا نـا حكومیەكـانی ڕەخساند تا یارمەتی هەردوو حكومەت بدەن[2].

لە مـاوەی دە سـاڵی یەكەمـی ئاسـایبوونەوەی پەیوەنـدییەكانی چـین-ئەمریكـا ئـاڵوگۆڕێ خوێنـدن بەشێوەیەكی بەرچاو گەشەی سەند، زانكۆكانی چین زیاتر بەرەو مۆدێلی زانكۆ ئەمریكییەكان دەچوون و لە مۆدێلی زانكۆكانی سۆڤییێت دوركەوتنەوە[3]، بە گوێرەی ئامارەكان تـا ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٩ نزیكەی ٨٠ هەزار خوێندكار چینی لە ئەمریكا خوێندویانە[4].

لە سەرەتای ئاسـایبونەوەی پەیوەندییەكانی ئەمریكا –چین بە گشتی خوێندكاران بۆ خوێندن بەرەو ئەوروپاو یابـان دەچوون، بەڵام لە سـاڵی ١٩٨٣ زۆربەیـان بەرەو ئەمریكـا چـون، بە گـوێرەی ئامارەكانی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٦ی باڵوێزخـانەی چـین ٤٩٨٧ تـوێژەر بەڕێـژەی ٤٦٪و ٥٧١٦ خوێنـدكاری خوێندنی باڵا بە ڕێژەی ٥٣٪و ١١٦خوێندكاری بەكالۆریۆس ١٪ لە ئەمریكادا سەرقاڵی خوێندن بوون، لەو ساڵەدا بە تێكڕا ١٠٨١٩ ڤیزای خوێندن بە خوێندكاران دراوە[5].

خوێنـدكارە چینیەكـان تەنهـا هەر بە كولتـووری ئەمریكـی كـاریگەرنەبوون، بەڵكـو بە سیسـتمی سەرمایەدارییش كاریگەربون، دەیانویست ئەو بیرۆكانە لە كۆمەڵگەی چینی تاقیبكەنەوە، ئەمە وایكرد كە لەخۆپشاندانە خوێندكارییەكاندا ڕۆڵێكی كاریگەر ببینن، هەروەهـا ئاژانسـی زانیاری ئەمریكا ترسی لەو خوێندكارە چینیانە هەبوو كە لە ئەمریكا دەیانخوێند، دەترسان كاری سیخوڕی بكەن، هەر بۆیە دەزگای (F.B.I) چاودێرییەكی توندی لەسەر خوێندكارانی زانكۆ دانـابوو[6]، دوای ڕوداوی تیانـانمین ١٩٨٩، ئەمریكا (یاسـای پاراسـتنی خوێنـدكارە چینیەكـان)ی لە ئەمریكـا دەركـرد، بە پێـی ئەم یاسـایە خوێنـدكاران گـرین كارتیان پێدراو دەیانتوانی لە ئەمریكا بمێننەوە، چین ڕەخنەی لەم كارە گرت و بە سیاسـەتێكی هەڵەی دانـا، ئەمریكـای بە دەسـتێوەردانی كاروبـاری نـاوخۆی چـین تۆمەتبـاركرد، ئەمە كـاریگەری خراپـی كـردە سـەر گەشـەكردنی ئاڵوگۆڕەكـانی خوێنـدن، لەبەرئەوە ئـاڵوگۆڕی خوێنـدن لە سـاڵی ١٩٩٠ بەشـێوەیەكی بەرچاو كەمیكرد[7].

سـودێكی گشـتی لە ئـاڵوگۆڕی خوێنـدن هەبـوو، كە لە كـاتی قەیرانەكانـدا دەیتـوانی یـارمەتی كەمكردنەوەی گرژییەكانی وڵاتـان بدات، ویلایەتە یەكگرتووەكان ئاڵوگۆڕی خوێندنی لەگەڵ چیندا بۆ

---

[1]Ibid , P.31.

[2]Robert Sutter: Op.Cit, P.51.

[3]Priscila Robert: Sino – American Relations..., p131

[4]Ibid, P.126.

[5]Wang Ji-nan: Op.Cit, P.106.

[6]Joshua A. Litten :American-educated Chinese Students and Their Impact on U.S.- China Relations, A thesis submitted in partial fulfillment of the Requirements for the degree of Bachelor of Arts with Honors in History from the College of William and Mary in Virginia, Virginia,2009, p.71-72.

[7]Wang Ji-nan: Op.Cit, P.107.

برەودانی زۆرلایەنی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان بەکارهێنا، تێیدا ئاڵوگۆڕی بەرنامەکان کە فۆکەسی خستبووە سەر چالاکییە کولتوورییەکان، لە ئەنجامدا ئاڵوگۆڕە پەروەردەییەکان یارمەتی ئامانجە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکایدا، جگە لەمە ئاڵوگۆڕی خوێندن هەلێک بوو بۆ زیاتر لێکتێگەشتنی نێوانیان، برەودان بە پەیوەندییەکی ئاشتیانە، چونکە بەشێکی ئەو خوێندکارانەی لە وڵاتانی یەکتری دەیانخوێند، دوای گەڕانەوەیان دەبوونە سەرکردەی داهاتوو و سیاسەتمەدار لە وڵاتەکانیان و برەویان بە پەیوەندییە دیپلۆماسییە ئاشتیخوازییەکان دەدا[1].

جگەلەلایەنی خوێندن گرنگی بە ئاڵوگۆڕی هونەربەگشتی درا. پەیوەندییە کولتوورییەکان، بەتایبەتی ئاڵوگۆڕە هونەرییەکان لە نێوان چین و ئەمریکا، هەر لە ساڵی ١٩٧٩ ئاڕاستەی وەرگرتبوو، ئەو کاتەی گروپێکی دە کەسی لە هونەرمەندانی ئەمریکا بە مەبەستی چالاکی هونەری سەردانی چینیان کرد، لە هەمان ساڵدا گروپێکی هونەری چینی سەردانی ئەمریکایان کرد، ئەم گەشتانە لەلایەن سەنتەری ئاڵوگۆڕی هونەری ئەمەرکی و چینی سپۆنسەری کران، ئەم سەنتەرە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ دامەزرابوو، هەروەها کۆمپانای هەناردەو هاوردەی فیلمی چینی دامەزرا، ساڵی ١٩٧٩ یەکەم فیلمی ئەمریکی بەناوی (Convy کاروان)، ڕاستەوخۆ لە کۆمپانیایەکی ئەمریکی کڕی، دوای ئەوە فیلمی (Future World) داهاتووی جیهان و فیلمی (Nightmare) کابووس، هەرسێ فیلم لە هەمان ساڵدا لە سینەمای چیندا نمایشکران، هەروەها وێستگەی تەلەفزیۆنی چینی بە پێی گرێبەستێک درامایەکی حەڤدە زنجیرەیی ئەمریکیان کڕی و نمایشیان کرد، بە هەمانشێوە هەر لەساڵی ١٩٧٩ کۆمپانیایەکی ئەمریکی چواردە فیلمی چینیان کڕی و لە ئەمریکادا نمایشیکردن[2].

لە سەردانەکەی دینگ بۆ ئەمریکا لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ دا (ئۆکێسترای سەمفۆنیای بۆستن)ی بۆ چین بانگهێشتکرد، لە ئازاری ١٩٧٩ ئەو تیپە گەیشتنە چین و کۆنسێرتێکیان لە چین ئەنجامدا و دینگ ستایشی تیپەکەی کرد، بەم شێوەیە پەیوەندییە کولتوورییە هونەرییەکانی چین و ئەمریکا تا ساڵی ١٩٨٢ بەردەوامبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ بە هۆی گرژییە سیاسیەکان ئاڵوگۆڕە کولتووریەکان بەرەو کزی چوون[3]. لەساڵی ١٩٨٠ نوێنەرە کولتوورییەکان لە ئاستی باڵادا سەردانی وڵاتی یەکدییان کرد، بۆ نمونە جێگری وەزیری کولتووری چین لیۆ فوژی Liu Fuzhi بە مەبەستی یارمەتیدان و هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری چالاکیەکانی ئاڵوگۆڕی کولتووری سەردانی ئەمریکای کرد، بە هەمانشێوە بەڕێوەبەری ئاژانسی پەیوەندییە نێودەوڵەتەکانی ئەمریکا جۆن ئی ڕینهارد John E. Reinhardt لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییە کولتوورییەکان سەردانی چینی کرد[4].

ڕێکەوتنی ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکانی چین –ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٣، چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان دامەزراند، کە بریتیبوون لە هونەر بەگشتی و هونەرەکانی گرافیک و

---

[1]Kaitlin Peck :Op.Cit, p.32.

[2]Zhang Ru: THE CHINESE EXPERIENCE: SINO-AMERICAN ARTS EXCHANGE 1972-1986, Royal Asiatic Society Hong Kong Branch, 1991, Vol. 31, P.66.

[3]Ibid, P.66-67.

[4]Zhang Ru: P.86.

ڕۆژنامەگەری و پەخش (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت) بەتایبەتی، هەروەها هەوڵدرا ناوەڕۆکەکانیان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، کە چەند چالاکییەکی دیاربوون؛ وەکو گەشتی کۆمپانیای سەمای جێرۆمی ڕۆبنس Jerome Robbins dance company، کردنەوەی پێشەنگایەکی وێنەکێشان لە چین کە لەلایەن هونەرە جوانەکانی ویلایەتی بۆستنەوە ئامادەکرابوو، هەروەها بواری وەرزشی گرتەوە، ئەمە ڕێخۆشکەربوو کە نزیکەی ١٠٠ زانکۆی ئەمریکی ئاڵوگۆڕی خوێندنیان لەگەڵ زانکۆ چینیەکان دەستپێکرد[١].

لە سەردانەکەی ڕییگن بۆ چین ڕێکەوتننامەیەکی واژۆکرد، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵێ چالاکی کولتووری ئەنجامدران، پێشەنگایەکی وێنەکێشان لەلایەن مۆزەخانەی بروکلینەوە Brooklyn Museum لە پەکین کرایەوە، پێشەنگاکە بە ناونیشانی (شار و لادێ) بوو، وێنەکان گوزارشتیيان لە ژیانی خەڵکی شارو لادێ ئەمریکییەکان دەکرد، ئەم پێشەنگایە لە شینجیان و شەنگەهای و گوانگژۆ نمایشکرا، بە هەمان شێوە چینیەکانیش پێشەنگایەکی وێنەکیشانیان کردەوە بە ناونیشانی (پێنج وێنەکێش) لە واشنتۆن و ئیندیانا پوڵ و نیۆرک و نیوئۆرلیانز پیشاندرا[٢].

پەیوەندییە کولتوورییەکان لە سەردەمی کارتەردا ١٩٧٧-١٩٨١ گرنگیەکی زۆریان پێدرا، بەڵام بە پێچەوانەوە لەسەردەمی ڕییگن١٩٨١-١٩٨٩ پەیوەندییە کولتوورییەکان بە بەراورد بە سەردەمی کارتەر لە ئاستێکی نزمدابوون، لە سەردەمی کارتەردا مەسەلە ئایدیۆلۆژییەکان و گومانە هاوبەشەکان وەلا نرابون، لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیوانی ئامانجەکانی سیاسەتی گشتی دەکرد، وەک بابەتی دژایەتی ستراتیژی سۆڤییێت لە پەیوەندییەکانی چین –ئەمریکا، ئەمریکاش بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆی لە ئاڵوگۆڕی هونەری لەگەڵ چیندا بەسیاسی کرد[٣]. لی شیانی سەرۆکی چین لە نیسانی ١٩٨٤ کۆمەڵێ ڕێکەوتننامەی لەبواری ئاڵوگۆڕی کولتووری و خوێندن لەسەردانەکەی ئەمریکا واژۆکرد[٤].

بە هۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی کرانەوەی چین بە ڕووی جیهاندا، گەشتکردنی هاوڵاتیانی ئەمریکی بەرەو چین ساڵ بەساڵ زیاتر دەبوو، بە جۆرێ لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ گەیشتە نزیکەی ١١٠ هەزار ئەمریکی کە سەردانی چینیان کردووە[٥].

سەبارەت بەچاپ و وەرگێڕانی بەرهەمی نوسەران، لە ساڵی ١٩٧٩ یەکەم ڕۆمانی ئەمریکی بە ناوی (ڕۆشتن لەگەڵ با) کە تیراژەکەی لە ١٠٠ هەزار بۆ ٦٠٠ هەزار بوو چاپکرا، هەر چەندە سەرکردایەتی سیاسی چین ڕەخنەی لەم کارە هەبوو، چونکە پێیانوابوو مەبەست لەم ڕۆمانە ڕۆشتنی یان نەمانی

---

[1]Harriet Culley :US -China Educational and Cultural Exchanges, gist, June 1984, p.1.

[2]Ibid, P.1.

3Zhang Ru: Op.Cit, P.82.

[4]Richard Baum: Op.Cit, P.49.

[5]Guocang Huan: CHINA'S OPEN-DOOR POLICY, 1978-1984, Journal of International Affairs Editorial Board, 1986, CHINA, Vol. 39, No. 2, p.11.

سۆسیالیزمە بەدەم باوە، دینگ بە پێچەوانەوە بە باشی پەسنی ڕۆمانە ئەمریکیەکە دەکات و ووتی: "نوسینێکی باشە"[١].

سەبارەت بە پەیوەندییە ئاینییەکانی چین و ئەمریکا، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە کۆچبەرە چینیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بۆ ئەمریکا کۆچیانکرد، لەوێ پەرستگاو شوێنە ئاینییەکانیان دروستکرد، ڕەگەزە ئاینیەکانی تری وەک ڤێتنامییەکان و لاوس و کەمبۆدیە پەنابەرەکان لەو پەرستگایانە خەریکی پەرستشەکان بوون، ژمارەی پەرستگاکان لە قۆناغی نزیکبوونەوەی ئەمریکا و چین زیاتربوون، لە حەفتاکان و هەتاوەکو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ژمارەی پەرستگا چینییەکان لە ئەمریکادا لە زیادبوندا بوو[٢]. کۆچبەرە چینیەکان لە ئەمریکا لە ڕوی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بە خێرایی تێکەڵی کۆمەڵگەی ئەمریکی بوون، زۆربەیان کە دەگەیشتنە ئەمریکا دەیانخوێندو پاشان لە کۆمپانیا و کەرتی حکومەتدا ئیشیاندەکرد، بە هۆی بە جیهانی بوونی کولتوورو ئابووریی ئەمریکا، وایکردبوو کۆچبەرەکان پێش ئەوەی بچنە ئەمریکا زۆرینەیان خۆیان فێری زمانی ئینگلیز دەکردو لەسەر شێوازی ژیان و بەها کولتووریەکانی ئەمریکا شارەزاییان هەبوو، لەبەرئەوە وەرگرتنی کار لە ئەمریکا بۆیان ئاسانبوو[٣].

سەرەڕای پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان کە هۆکاری ناکۆکی نێوان هەردوولا بوون، پەیوەندییە کولتووریەکانیش سەرچاوەیەکی تری ناکۆکی بوو، چونکە سەرکردەکانی چین هەوڵیاندەدا بە ڕێگرتن لە دزەپێکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی کولتووری ئەمریکی گەنجان بپارێزن، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە ئەمریکی کردنی چینی لێدەکەوتەوە، بەتایبەتی بە ڕۆژئاواییکردنی بەها و نەریتەکانی چین[٤].

بەربەستێکی دیکەی بەردەم ئاڵوگۆڕی خوێندنی نێوانیان، تێڕوانینی سەرکردایەتی سیاسی چین بوو بۆ ئەو خوێندکارە چینیانەی لە ئەمریکا دەیانخوێند، چونکە پێیانوابوو توشی وشکبونەوەی مێشک "brain drain" دەبن[٥]، زۆربەیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ داوای نوێکردنەوەی نیشتەجێبونیان کردوە، ئەوانەشی خەریکی خوێندنی دکتۆرا بوون داوای حەوت ساڵیان کردبوو، واتە کاریگەریی بینینی کولتووری ڕۆژئاوا و ئەمریکا، خواستی مانەوەو نیشتەجێبوونی تەواوی لەم خوێندکارانە دروستکردبوو، نەیاندەویست بگەڕێنەوە نیشتیمانی خۆیان، هەر بۆیە چین لەم دیاردەیە مەترسی هەبوو، لەبەرئەوە لە کۆتایی هەشتاکاندا بڕیاری سنووردارکردنی لە خوێندنی دەرەکی درا[٦].

---

[1]Robert Lawrence Kuhn: How China's Leaders Think the Inside Story of China's Reform and What This Means for the Future, John Wiley & Sons (Asia) Pte Ltd, Singapor, 2010, P. 336.

[2]Pyong Gap Min And Jung Ha Kim: Religions in Asian Building Faith Communities, Altamira press, NewYork, 2002, P.78-81.

[3]Ibid, p.92.

[4]Vladimir Lukin: Op.Cit, P.1153-1154 .

[٥] مەبەست لەم زاراوەیە سودوەرگرتنە لە سەرچاوە مرۆییەکانی کۆچبەران بە مەبەستی گەشەکردنی وولات، کە زیانی دەبێت بۆ ئەو وولاتەی کە کۆچبەرەکەی لێوە هاتووە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

(Frédéric Docquier and Hillel Rapoport: THE BRAIN DRAIN, Université Catholique de Louvain, October 2006, P.1-9)

[6]Joshua A. Litten :Op. Cit, p.74.

بەشێک لە خوێندکارە چینییەکان بە ئازادی و دیموکراسی ئەمریکا سەرسامبوون، ئەمەش بەتەواوی لەو نامە کراوەیە دەردەکەوێت، کە لە کانونی دووەمی ١٩٨٧ لەلایەن نزیکەی هەزار خوێندکار ئاڕاستەی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست کراوەو لەسەر پرسی ئازادی و دیموکراسی لە چین، ڕەخنەیان لە پارت و حکومەت گرتبوو، جگەلەوە ئەو خوێندکارانە لە ساڵانی دواتر ڕۆڵێکی کاریگەریان لە هاندانی خۆپشاندانە خوێندکارییەکانی پەکین و شارەکانی تر هەبوو[١].

لەگەڵ دەستپێکی ئاساییکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو چین، ئەمریکا کۆمەڵێک پەیمانگەو سەنتەری لێکۆڵینەوەی لە زانکۆکانی چیندا دامەزراند، کۆمەڵەی توێژینەوەی ئەمریکی لە چین American History Research Association of China لە ساڵی (١٩٧٨)، کۆمەڵەی ئابووریی ئەمریکی (١٩٧٨)، کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەمریکی لە(١٩٧٩) دامەزران، هەروەها لە ئایاری ١٩٨١ (ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان Chinese Academy of Social Sciences)ی دامەزراند، هەروەها ساڵی ١٩٨٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەمریکیCenter for American Studies at Fudan University لە زانکۆی فودان و سیچوان دروستکرا، ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای کولتووری ئەمریکی چینی لە زانکۆی نانژین و زانکۆی جۆن هۆپکینگس کرایەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦ ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی بەناوی (لێکۆڵینەوەی ئەمریکی American Studies) لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەمریکی و بەشی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی فودان لە شەنگەهای دەردەکرا، کە تێیدا بابەتی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی ئایین و کولتووری ئەمریکی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە شرۆڤە دەکران[٢].

مێژووی کۆچکردن لە چینەوە بۆ ئەمریکا بۆ ساڵانی ١٨٤٠ دەگەڕێتەوە، ساڵانە ئەم کۆچکردنە لە زیادبوندابوو، دوای جەنگی دووەمی جیهانی کۆچکردن بۆ ئەمریکا بە یاساییکرا، لە ساڵی ١٩٦٠ ژمارەی چینیەکان لە ئەمریکا ٢٣٧٢٩٢ کەس بوون، لە ساڵی ١٩٩٠ ئەم ژمارەیە گەیشتە ١٦٤٥٤٧٢ کەس، لەم ژمارەیە لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٩٠دا، ٧٩٢٥٢٩ کەسیان بە شێوەیەکی یاسایی ڕێگەیان پێدرابوو لە چین و هۆنگ کۆنگ و تایوان بۆ ئەمریکا کۆچبکەن، لە هەشتاکاندا کۆمەڵێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەو هەفتانە هەبوون، لەلایەن چینیەکانی دانیشتوانی ئەمریکاوە بە زمانی ئینگلیزی دەردەکران وەک ( Chinese Daily News١٩٧٦ بنکەی سەرەکی لە نیۆرک و لۆس ئەنجلوس) بوو (Sing Tao Daily ١٩٦٠ دامەزراوەو بنکەی سەرەکی هۆنگ کۆنگ) بووە، (China Press ١٩٩٠ بنکەی سەرەکی نیۆرک) بوو، (Chinese Today ١٩٨١ بنکەکەی لۆس ئەنجلۆس) بوو، (Chinese American Daily News ١٩٩٠ لۆس ئەنجلس) بوو، ( Southern Daily Chinese ١٩٧٩ هۆستن) بوو ... تاد[٣].

---

[1]Ibid, p.78-79.

[2]Priscilla Roberts: The Power of Culture: Encounters between China and the United States, Cambridge Scholars Publishing, British Library,2016, P.242.

[3]Min Zhou& Guoxuan Cai :Chinese Language Media in the United States: Immigration and Assimilation in American Life ،Qualitative Sociology, Vol. 25, No. 3, 2002, P.419-427.

هەروەها کۆمەڵی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ئەمریکا کرانەوە کە بەزمانی ماندارین و کانتۆنسی چینی بەرنامەکانیان پەخشدەکرد کە بریتیبون لە[١]:

- TVB (USA) بنکەکەی لە سانفرانسیسکۆ بوو، لە ساڵی ١٩٨٥ دامەزرا.
- Pacific Television ١٩٨٦ لە سانفرانسیسکۆ
- World Television ١٩٨٥ لە نیۆرک دامەزرا
- Texas Chinese Television ١٩٨٣ هۆستن
- Chinese American Television ١٩٨٨ لۆس ئەنجلس
- Panda Television ١٩٨٩ لۆس ئەنجلس
- Vinlux Television ١٩٩٠ لۆس ئەنجلس
- Chicago News Television ١٩٨٩ شیکاگۆ
- Sinovision١٩٩٠ نیۆرک

هەروەها کۆمەڵێ ڕادیۆ دامەزران بریتیبون لە:

١-Chung Wah Commercial Radio ١٩٨٢ نیۆرک

٢-Chinese American Voice ١٩٨٦ نیۆرک

٣-San Francisco Chinese Radio ١٩٩٠ سانفرانسیسکۆ

٤-Sinocast (KMRB) ١٩٨٧ لۆسئەنجلس

٥-Chinese News and Money Radio ١٩٨٧ لۆس ئەنجلس

٦-Unicoast (KWIZ) ١٩٩٠ لۆس ئەنجلس.

بەرنامە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان زیاتر تیشکیان لەسەر بەرنامە خۆشیبەخشەکانی- ترفیهیات وەک؛ فیلمی کلاسیکی چینی و ئۆپێرای چینی نەریتی و شانۆگەریی و کۆنسێرت و زنجیرەی کۆمیدی و بەرنامەی کارتۆنی منداڵان و وەرزش و هەواڵەکان و پەروەردەی و ئابووریی و هاتوچۆو... تاد بوو[٢].

بەهەمان شێوە دینگ ڕێگەیدا ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا لە چیندا چالاکی خۆیان ئەنجامبدەن، ڕۆژنامەوانی ئەمریکی دەیانتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەکانیان لە چین بۆ جیهانی دەرەوە بگوازنەوە، گۆڤاریی تایمزی ئەمریکی هەواڵەکانی چینی بڵاودەکردەوە، هەروەها هەڵێکی باشی بزنسی ئەمریکی بوو بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵە ئابوورییەکانی چین، تەنانەت هەندێ بابەتی هەستیاریان لە چیندا وروژاند، لە ساڵی ١٩٨٣ وێنەیەکی دینگی بە ناونیشانی (دورکەوتنەوە لە تارمایی ماو) بڵاوکردەوە، دوو ساڵ دواتر بەهەمان شێوە وتارێک بەناونیشانی (دورکەوتنەوە لە مارکس) بڵاوکرایەوە[٣].

بەگشتی کاری ڕۆژنامەگەری ئەمریکی لە چیندا سەردەمی ماوی بەسەردەمێکی دواکەوتوو ئاماژە پێکردووە، سەردەمی دینگی بە سەردەمی کرانەوە پەسنکردووە، هەروەها چالاکیە کولتوورییە

---

[1]Ibid, P.429.
[2]Ibid, P.432.
[3]TIMOTHY B. WESTON :Pressing the Issue: Sino-American Discourse on the Proper Role of the Media, Past and Present, International Journal of Communication, USA,2017, P.1347.

ئەمریکییەکانی لە چیندا بۆ دەرەوە گواستۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ یەکەمجار فاشیۆنی ئەمریکی لە چیندا کرایەوەو ستایلی جلوبەرگی ڕۆژئاوای تێدا نمایشکرا، دیزاینەری جلوبەرگەکە بەناوی هاڵستۆن لەچاوپێکەوتنێکدا وتی: "ئامانجی من یارمەتیدانی گەلی چینە کە بەرەو جیهان هەنگاوی زیاتر بنێن"[١].

تاڕادەیەک لە چین سانسۆر لەسەر میدیای ئەمریکی هەبوو، چونکە بەشێکی میدیاکاری لەسەر بڵاوکردنەوەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین دەکرد، لە ڕوداوی تیانانمیندا ئەم میدیایە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕومالّکردنی خۆپیشاندنەکان بینی، گواستنەوەی داواکاری و دروشمی خۆپیشاندەران وەکو مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، ئازادی کرانە مانشێت و بابەتی سەرەکی[٢]، ئاسایبونەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین و کەمبونەوەی گرژیە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان و سیاسەتی ڕیفۆرم و کرانەوەی چین، هاندەرێکی بەهێزی میدیای ئەمریکی بوو، کە لە چین کارو چالاکی میدیایی بکەن[٣].

بەشێکی دیکەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا، هاریکاری تەندروستی نێوانیان بوو، ئەویش بە واژۆکردنی کۆمەڵێ ڕێکەوتنی دووقۆڵی لە بواری تەندروستی و پرۆتۆکۆڵی خزمەتگوزاریی مرۆیی و سەردانکردنی ئاژانسە زانستییەکانی ئەمریکا بۆ چین، دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پەیمانگای نیشتیمانی بۆ تەندروستی National Institutes of Health ئەمریکا و سەنتەری چین بۆ ڕێگرتن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان China Center for Disease Control and Prevention دروستبوو[٤].

چین ساڵانە لە سەرانسەری جیهانەوە میوانداریی چەندین چالاکی کولتووریی دەکرد، ئاسانکاری بۆ بڵاوکردنەوەو سەرنجڕاکێشانی کولتووره کۆن و دەگمەنەکەی دەسازاند، ساڵانە ١٣٠٠ ئاڵوگۆڕی کولتووری ئەنجامدەدا، چەندین چالاکی کولتووری لە ناوخۆدا سازدەکرد و میوانداری خەڵکانی بیانی بۆ ئەو چالاکییانە دەکرد، وەک (ساڵی کولتووریی چینیەکان)، (ڤیستیڤاڵی کولتووریی چینی)، ئاهەنگەکانی سەری ساڵی چینی و... تاد، لە ڕێگەی کۆمەڵێ کەناڵەوە چالاکی و ڤستیڤاڵە هونەری و کولتوورییەکان و پێشانگاکانی فیلمی بۆ جیهانی دەرەوە دەگواستەوە[٥].

---

[1]Ibid, p1347.
[2]Ibid, P.1348-1349.
[3]Zengjun Peng :Representation of China: An Across Time Analysis of Coverage in the New York Times and Los Angeles Times, Routledge, Asian Journal of Communication ،Vol. 14, No. 1, March 2004, p.56
[4]Deborah Seligsohn :The Rise and Fall of the US-China Health Relationship, Johns Hopkins University Press, 2021, P.205.
[5]Kalika A. Tullock: China 's Soft Power Offensive in the United States: Cultural Diplomacy, Media Campaigning, and Congressional Lobbying, SENIOR THESIS, CLAREMONT McKENNA COLLEGE ,2013, P.24.

## بەشی چوارەم

# پاڵنەر و ئاستەنگی پەیوەندییەکانی

# چین-ئەمریکا

## باسی یەکەم - پاڵنەرەکانی دروستبوونی پەیوەندییەکانی چین- ئەمریکا ١٩٧٨-١٩٩٢:

سەرکەوتن و دروستبوونی حکومەتێکی کۆمۆنیستی لە چین، هەر ئەوەی لێ چاوەڕواندەکرا کە لە ڕووی ستراتیژییەوە و بە هۆی سستمە کۆمۆنیستییەکەیەوە، بە ئاڕاستەی هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیێت بڕوات و بچێتە بەرەی دژ بە ئەمریکاوە، ئەمریکاش بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لە بەرەی شەڕی سارددا لاوازبکات، لە هەلێک دەگەڕا کە خۆی لە چین نزیکبکاتەوە، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین بەرەو ئاساییبوونەوە بڕۆن، لەبەرئەوە پاڵنەرەکانی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و چین جۆراوجۆربوون، لەدیارترینیان:

**<u>یەکەم – پاڵنەری سیاسی و سەربازی</u>:**

بۆ ماوەیەک لە دوای دروستبوونی کۆماری میللی چین١٩٤٩، یەکێتی سۆڤیێت هاوکاری هەمەچەشنەی چینی لە بواری ئابووریی و پەرەپێدانی سەربازیی و تەکنیکیدا کرد، ئەم هاوکارییانە بڕبڕەی پشتی گەشەپێدانی چین بوون، وێڕای ئەم هەموو پەیوەندیی و هاوکارییە، ناکۆکی و جیاوازیی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا دروستبوو، بە تایبەتی لەسەر دیاریکردنی سنوور و تەنانەت پێکدادانیشی لێکەوتەوە، دواجار ئەمە بواری بۆ ئەمریکا ڕەخساند سەرنجی چین بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وەک پاڵنەرێک سوودی لێوەربگرێت[١].

دەرکەوتنی سەرکردە نوێیەکان زیاتر خواستی بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی برەوپێدا، بەتایبەت ئەم سەرکردانە نەرمییان نواند و پەرۆشی ڕەواندنەوەی گرژییەکان بوون، کارتەر لە پێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ چیندا، بە کشانەوەی هێزەکانیان لە تایوان و کۆتاییهێنان بە پەیماننامەی بەرگریی هاوبەش لەگەڵ تایوان ڕازیبوو، بە هەمان شێوە دینگ شیاو پینگ پێگە سیاسییەکەی بۆ لێبوردەیی و بەردەوامی پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ ئەمریکادا تەرخانکرد، سەرەڕای ڕەخنەکان لەناوخۆی هەردوو ووڵاتدا، لەسەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان بەردەوامبوون[٢]. نیکسۆن ئامادەیی دەربڕی یەک لەسەر سێی هێزەکانی بکشێنێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بە ئاشتییانە لە نێوان کۆماری میللی چین و تایوان بمێنێتەوە، بەڵام چین ڕازینەبوو، کیسنجەر ڕاگەیاند کە هەنگاوێکی لەو جۆرە ڕەزامەندی ڕای گشتی و کۆنگرێسی دەوێت، ناکرێت پێش تەواوبوونی کێشەکان هەنگاوی لەو جۆرە بنرێت و ئەو ناوچانە بێ هێزی سەربازی تایوان بمێننەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هەلێک بۆ یەکێتی سۆڤێت تایوان داگیربکات[٣].

---

[١]محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٩٣.

[2] Harry Harding: A fragile Relationship the United States and China Since 1972, the booking institution, Washington, 1992, p.6.

[٣] سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٨٦.

پەیوەندییە فەرمییە سەربازییەکانی لەساڵی ١٩٧٩ بەستران، هەردوولا هاریکاری یەکتریان دەکرد سەبارەت بەوکێشانەی دەبوونە مەترسی لەسەر یەکتری، پەیوەندییە سەربازییەکانیان تاوەکو ڕوداوی مەیدانی تیانانمین بەردەوامبوو، چونکە لەم ڕوداوەدا حکومەتی چین لە دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان سەربازی بەکارهێنا، ئەمریکا لەو کارە نیگەران بوو[1].

سەرکردایەتی سیاسیی چین گرنگییەکی زۆری بە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و سەرمایەی دارایی و ناردەنی و هەلی خوێندن لە ئەمریکا دەدا، ڕۆشنبیرە لاوەکانی چین وەک ڕاوێژکار بۆ چاکسازی لە پارت و حکومەتدا کاریان دەکرد، وەکو مۆدێلێک بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی دامەزراوە ئابوریی و سیاسییەکانی وولات سەیری ئەمریکایان دەکرد، هەروەها ئەو گەشەکردنەی چین بەهۆی چاکسازییەکانیەوە ئاڕاستەی وەرگرتبوو، سەرنجی ئەمریکای ڕاکێشا و ژینگەیەکی لەباری بۆ بازرگانی و وەبەرهێنانی ئەمریکی و ئاڵوگۆڕە کولتووری و ئەکادیمییەکانی لەگەڵ چین ڕەخساند، ئەمریکا هەوڵیدا چین بەرەو گۆڕینی سستەمی سیاسی و ئابوری ئاڕاستەبکات، تا زەمینەی ئازادی سیاسی و ئابوری فراوانتر لەو وڵاتە بینیتە ئاراوە[2].

ترس لە یەکێتی سۆڤیێت لایەنێکی تری گەشەپێدانی پەیوەندییە سیاسییەکان بوو، بەتایبەت کاتێک سۆڤییەت لە ڤێتنام نزیکبویەوە، هێزەکانی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا فراوانکرد، ڤێتنام هاوکاریکرد و ڕێگەیدا سۆڤیێت سەرجەم بەندەرەکانی بەکاربهێنێت، ئەمەش ئازادی بۆ گواستنەوەی کەشتیەکانی سۆڤیێت لە زەریای هیندییەوە بۆ زەریای ئارام دەستەبەرکرد، چین ئەمەی بەهەڕەشەیەکی گەورە دانا، ترسا بوار بۆ سۆڤیێت برەخسێت بنکەی موشەکی لە ڤێتنام دابمەزرێنێت، دینگ ڤێتنامی بە کوبای ئاسیا دانابوو، ئەمە وایکرد لە کانونی یەکەمی ١٩٧٨ دا چین پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەمەریکادا ببەستێت[3].

نیکسۆن لەو باوەڕەدا بوو بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین، لەبەرانبەر دوژمنەکەیان واتە یەکێتی سۆڤیێت، دەتوانن ببنە خاوەن هاوپەیمانێکی بەهێز[4]، ئەمەش بە خاڵێکی بەهێز دادەنرێت لە ڕەوتی ڕووداوەکانی شەڕی سارددا، هەرچەند تا ئەو ساتەوەختە هەر یەک لە سۆڤیێت و چین لە بەرەی دژ بە ئەمریکادا بوون[5]. لەلایەکی ترەوە نیکسۆن هەوڵیدەدا بەرژەوەندی هەردوولا لە ڕوبەڕوبونەوەی یەکێتی سۆڤێت ڕوونبکاتەوە، بەوەی چین دەتوانێت سوود لە بەرژەوەندی هێزی سەربازیی ئەمریکا وەربگرێت، چونکە لەکاتی نەبوونی هێزە ئەمریکییەکان لە ئاسیا و چۆڵکردنی زەریای ئارام، ڕێگە بۆ یەکێتی سۆڤێت والا دەبێت کە ئەو ناوچانە پڕبکاتەوە، ئەمە مەترسییەکی زۆر بۆ ئاسایشی نەتەوەیی چین دروستدەکات، یەکێتی سۆڤێت هەوڵیدەدا توانای چەکی ناوەکی چین کەمبکاتەوە، بوونی ئەمریکا لە هاوسەنگی چەکی ئەتۆمی لەو ناوچەیە بۆ چین گرنگ بوو، چونکە ڕێگە نادات یەکێتی سۆڤێت هیچ

---

[1] Members and Committees Of congress: U.S.-China Relations, Congressional Research Service, August 29, 2019, P.15.

[2] Harry harding: Op.Cit, p.10.

[3] Ezra F. Vogel: Op. Cit, P.269.

[4] آرون. ال فرید برگ: مسلح کردن چین علیه خودمان، ت: بهزاد شاهنده، اسرائیل شناسی – آمریکاشناسی، جلد چهارم، ١٣٧٩، ص١٢١.

[5] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٩٣.

دەستدرێژییەک بکاتە سەر کۆماری میللی چین، خستنە بەرچاوی ئەم مەترسییە لەلایەن ئەمریکاوە، لە مەترسی چین لە هەژمووونی یەکێتی سۆڤێت سەرچاوەی گرتبوو، ئەمە وایکرد دانوستانکارانی چین بە پێشنیارەکانی ئەمریکا ڕازیبکەن[١].

هێرشی سۆڤییێت بۆ سەر ئەفغانستان لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین بوو، جیمی کارتەر لە سالآنی سەرەتای سەرۆکایەتیدا لەگەڵ ئەو بیروڕایەدا بوو بە خۆپارێزیەوە سیاسەتی سەرۆکەکانی پێشووتری وڵاتەکەی لەگەڵ چیندا پەرەپێبدات[٢]. ئەمریکا پێیوابوو بەداگیرکردنی ئەفغانستان، سۆڤیەت خەونی کۆنترۆڵکردنی زەریای هیندی دێنێتەدی، ئەمەش مەترسی لەسەر ڕێگەی کەشتیوانی ئەمریکا لە زەریای هیندی دروستدەکرد، بۆیە کارتەر لە ڕێگەی بریجنسکییەوە لە دژی سۆڤیەت داوای هەماهەنگی سەربازیی و سیاسی لەچین کرد[٣]، دواجار چین بە داواکانی کارتەر ڕازیبوو، چین و ئەمریکا و پاکستان پێکەوە هەماهەنگبون، چەکیان بۆ چەکدارە ئەفغانییەکان دەنارد، تاوەکو لە دژی یەکێتی سۆڤییێت شەڕبکەن، زۆربەی چەکەکان لە چینەوە لە ڕێگەی CIA دابیندەکران[٤].

ئامانجی چین لە نزیکبوونەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تەبایی لەگەڵ ئەمریکا لە پێناوی ئەوەدا بوو یەکێتی سۆڤییێت ناتەبایی ئەمریکا و چین لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکارنەهێنێت، لە لایەکی دیکەوە ڕێکاری پێویست بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی تایوان و ئەمریکا بگرێتەبەر و بە مەبەستی ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕاندنەوەی تایوان بۆ چین کاربکات[٥]، چونکە پێشتر لەبری ئەوەی دان بە کۆماری میللی چیندا بنێت و پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵیدا هەبێت، ئەمریکا حکومەتی تایوانی وەک حکومەتی شەرعی چین ناساندبوو[٦].

هەر یەکە لە ئەمریکا و چین چوونە ناو پەیوەندیی هاریکاری ستراتیژیەوە، گۆڕانکاریی لە پەیوەندیی نێوانیان وایکرد پێگەی چین لە یەکلاییکردنەوەی کێشە هەرێمایەتییەکاندا دیاربێت، ئەمریکا ئاسانکاری بۆ چین کرد لەگەڵ پاراستنی جیاوازییەکانی لە ئەمریکا، ببێتە کاراکتەرێک بۆ پاراستنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی، بە پێی ئەو بڕوایەی لای حکومەتی ئەمریکا دروستبوو سەبارەت بەوەی هیچ سستمێکی نێودەوڵەتی توانای سەقامگیریی نابێت، ئەگەر زلهێزێک لە دەرەوەی سستمەکە بمێنێتەوە یاخود هەڵوێستی دوژمنکارانەی بەرانبەری هەبێت، لەم دیدەوە ئەمریکا بەردەوامی سیاسەتی کۆکبوونی لەگەڵ چین بەپێویست دەزانی، لەسەر ئەم بنەمایە زەمینەی ڕۆڵگێڕانی چینی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا ڕەخساند[٧]، دینگ لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا، دەیویست باڵانسێک بەرانبەر مۆسکۆ دروستبکات، بۆ

---

[١] سلام فاضل حسون المسعودي: م.س، ص١٩٢-١٩٣.

[٢] آرون. ال فريد برگ: م.پ، ص١٢١.

[3] S. Mahmud Ali: US–China Cold War Collaboration, 1971–1989, Routledge, USA and Canada, 2005, P.172-173.

[4] Radha Sinha: Sino-American Relations Mutual Paranoia, PALGRAVE MACMILLAN, Britain, 2003, P.74; Ibid, P.175.

[٥] زينب عبدالله منكاش: م.س، ص٧٠-٧١

[٦] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٩٣.

[٧] زينب عبدالله منكاش: م.س، ص٧٠.

ئەوەی ڤێتنام تەمێکات و سزای بدات، چونکە لەوکاتەدا هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیێت بوو و کەمبۆدیای داگیرکردبوو، چینیش هاوپەیمانی کەمبۆدیا بوو، هەربۆیە دینگ داوای هاریکاری ئاسایش و ئابوریی لە ئەمریکا کرد[١].

لەهەشتاکانی سەدەی بیستدا، چین بۆ دووربونی لە بازنەی ململانێ ئەمریکی – سۆڤیێتی ڕاستەوخۆ هەوڵیدا، سود لەو ململانێیە ببینێت، بەتایبەتی کاتێ چین سودی لە هەڕەشە ناڕاستەوخۆکانی یەکێتی سۆڤیێت بینی و نەرمی لە ستراتیژیی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا زیاتر گەشەیکرد و ئەم ئاڕاستەیەی چین لەلایەن ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا[٢].

کێشەی تایوان خاڵێکی دیکەی کاریگەری نێو پەیوەندییە سیاسییەکان بوو، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا حکومەتی پەکین توانی کورسی چین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێت و لەلایەن ئەمریکاوە دان بە حکومەتی پەکیندا نرا، بەڵام وێڕای بە فەرمی ناساندنی حکومەتی کۆمۆنیستی چین، ئەمریکا لەسەر سیاسەتی پشتیوانی لە سەربەخۆیخوازی تایوان بەردەوامبوو[٣].

لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ لە یاداشتێکی هاوبەشدا لەبارەی ڕێکەوتنی ١٩٧٨ ساڵی پێشوویان بڵاوکردەوە، تێیدا داننان بە کۆمار میللی چین ئاماژەی پێدرا، باسیشیان لە بە فەرمی کردنەوەی باڵیۆزخانەی هەردوو وڵات لە پەکین و واشنتۆنی پایتەخت کرد[٤].

لە ڕاگەیاندنی شەنگەهای ساڵی ١٩٧٩ ئەمریکا تایوانی وەک بەشێک لە چین سەلماند، بەمەرجێک ئەم کێشەیە بە ئاشتیانە چارەسەربکرێت[٥]، لەبەرانبەردا چین داوایکردبوو ئەمریکا هەموو جۆرە بوونێکی سەربازیی لەسەر خاکی تایوان کۆتایی پێبهێنێت و سەربازەکانی لە تایوان بکشێنێتەوە و ڕێکەوتنی سەربازیی و ئاسایش لەگەڵ تایوان هەڵبوەشێنێتەوە[٦].

وەک پاڵنەرێکی زیاتر و ڕەواندنەوەی دوڕدۆنگییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکان لەبارەی تایوانەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ ئەمریکا باڵیۆزخانەی خۆی لە تایوان بۆ (نووسینگە پەیوەندییەکان) دابەزاند و بە پێچەوانەوە نووسینگەی پەیوەندییەکانی خۆی لە پەکین بۆ ئاستی باڵیۆزخانە بەرزکردەوە[٧]، لەم سۆنگەیەوە ئەمریکا چاوی بە سیاسەتی گەمارۆدانی ڕاستەوخۆی چین خشاندەوە و قۆناغی دوای سیاسەتی گەمارۆدان دەستیپێکرد، هەموو ئەمانە ڕێگەی بۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پەیوەندیی ئابووری

---

[1] David shambaugh: Tangled Titans the United States and China, Rowman & Littlefield publishers, inc, United Kingdom, 2013, p.36–37.

[٢] زینب عبدالله منکاش:م.س، ص٧٢.

[٣] محمود رضا گلشن پژوه – ولی کوزەگر کالجی: روند همگرایی و بهبود جایگاه چین در نظام بین‌الملل از دیدگاه قدرت نرم، مجله سیاسی –اقتصادی، شماره ٢٦٥-٢٦٦، تهران، ١٣٨٨، ص٥٩.

[٤] محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص ٩٣- ٩٤.

[٥] حذفاني نجيم: م.س، ص٧٥.

[٦] حنان محمد نمر عياد: العلاقات الصينية – الأمريكية بعد انتهاء الحرب الباردة: المتغير في الموقف الأمريكي من انضمام الصين الى منظمة التجارة العالمية، الرسالة الماجستر، جامعة بيرزين، ٢٠٠٧، ص٣.

[٧] رابرت د. شولزینگر: دیپلماسی آمریکا در قرن بیستم، ترجمه: محمد رفیع مهرآبادی، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران، زمستان ١٣٨٩، ص ٥٦٩-٥٧٠.

ئەمریکا سەبارەت بە چین خۆشکرد، کە وایکرد ئەمریکا هێدی هێدی ئەو کۆت و بەندانە لەبەردەم ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ چین لابەرێت[١].

ئەم پرۆسەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسییانە، ئەکتیڤکردنی پەیوەندییە سەربازییەکانیشی لێکەوتەوە، لەبەرئەوە جیمی کارتەر دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین، ڕەزامەندی ڕاستەوخۆی فرۆشتنی چەکی (جگە لە چەکی کۆمەڵکوژ) پیشاندا؛ وەکو ڕاداری بەرگری ئاسمانی و کەرەستەی ئەلیکترۆنی، ئەم کارەی کارتەر ئەو پرۆسەیەی کە پێشینانی پێش خۆی دەستیان پێکردبوو تەواوکرد[٢].

هاوکات (کارتەر) برێجینسکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بەنهێنی بۆ چین نارد، بۆ ئەوەی کارتی چین لە دژی یەکێتی سۆڤێیت بەکاربهێنێت، لەبەرئەوە برێجینسکی تەنها پەیوەندییەکی دیپلۆماسی سادەی مەبەست نەبوو، بەڵکو پەیوەندیی سەربازیی لە چین داواکرد، لەم پێناوەدا ئەمریکا فرۆشتنی چەک و تەکنەلۆژیای سەربازیی بەچین دەستپێکرد، لەم ڕێگەیەوە ئەمەریکا بنکەیەکی هەواڵگریی (چاودێریی) لە ناوچەی (شینگجیان)، بۆ چاودێریکردنی جوڵە سەربازیی و هەواڵگرییەکانی سۆڤێیت دامەزراند، چونکە پێشتر بەهۆی شۆڕشی ئێرانەوە ئەو توانایەی نەمابوو[٣].

لە هەشتاکاندا بەرپرسانی ئەمریکی بەرخودانێکی گرنگیان گرتەبەر لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە چین و تایوان، بەڵام بە هۆی کەمبونەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چیندا پاش شەڕی سارد، هێرشەکانی کۆنگرێس بۆسەر چین دەستیان پێکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ بە هۆی هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت ئەم هێرشانە وەستان و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١ سەرکردایەتی جەنگی دژ بە عێراق گرتە ئەستۆ، بەڵام لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا پێویستی بە دەنگی چین بوو تا هێرش بکاتە سەر هێزە عێراقیەکان لە کوەیت، چینیش دواجار ڕازیبوو، ئەمە وایکرد پەیوەندییەکانیان برەوپێبدەنەوە[٤].

## دووەم – پاڵنەری ئابووری:

هەرچەند پەیوەندی چین – ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٢ بە دواوە دەستپێکرد، بەڵام پەیوەندیی ئابووری لە بوارەکانی دروستکردنی میوانخانەو چێشتخانەی گەورە پێشتر هەبوو، سەرمایەدارانی ئەمریکا لە چین وەبەرهێنانیان لە بازاڕ و پرۆژەی پیترۆکیمیاوی دەکرد[٥]، بازرگانی نێوان ئەمریکا و چین لە ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٧ کەم و سنورداربوو، بەزۆری پەیوەندییە بازرگانییەکانیان ناردنی گەنم و لۆکەو سۆیا و ئەلەمنیۆم لە ئەمریکاوە بۆ چین، چینیش قوماشی هەناردەی ئەمریکا دەکرد[٦].

---

[١] زینب عبدالله منکاش: م.س، ص٧٠.

[٢] آرون. ال فرید برگ: س.پ، ص١٢٢.

[3] David shambaugh: Op.Cit, p.36.

[4] Ibid, p.109.

[٥] مظفر ترابی: دو قدرت بزرگ یک جهان کوچک (مروری بر مذاکرات استراتژیک اقتصادی چین و آمریکا)، روند اقتصادی، بهمن ١٣٨٥، شماره ٢٩، ص ٢٩.

[6] J. Mishell George and Others: Trade with the People's Republic of China: Current Status and Future Prospects, North western Journal Of International Law & Business , Vol.3 ,Spring 1981.P32-33.

بەرزترین شاندی بازرگانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٢ لە سەرەتاکانی دروستبوونی پەیوەندیی دوو وڵات سەردانی چینیان کرد، لەو شاندەدا هەر یەک لە وەزیرانی بازرگانی، کار، وزە، تەندروستی و خزمەتگوزراری مرۆیی ئەمریکا بەشداربوون و لەگەڵ ١٠ وەزیری چیندا دیدار و گفتوگۆیان کرد[١].

دینگ بە گرتنەبەری سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوە و لەمیانەی دروشمی (هەڵبژاردنێکی نوێ)، بە ئامانجی بونیادنانی بناغەیەکی ئابوریی و تەکنۆلۆژیی، کە چین بتوانێت بچێتە ناو ئەزمونی کێبڕکێی بازاڕە جیهانییەکانەوە، بەڕووی جیهانی دەرەوەدا و بە تایبەتی ویلایەتە یەگرتووەکان هەنگاوەکانی کرانەوەی دەستپێکرد[٢].

پاڵنەری کرانەوەی چین بەڕووی جیهاندا، پێویستی چین بوو بە ژینگەیەکی نێودەوڵەتیی جێگیر، بۆ ئەم مەبەستە پێویستی لەگەڵ ئەمریکا بە بونیادنانی پەیوەندییەکی نوێبوو، تا لەو ڕێگەیەوە تەکنەلۆژیاو سەرمایەی دەرەکی بباتە چینەوە[٣].

هەروەها قۆناغی نوێ و خۆبەهێزکردنی چین، بەتایبەت بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازییە ئابورییە ڕیشەییەکان و جێبەجێکردنی، زیاتر چینی هاندا، لەم پێناوەدا پەکین پێویستی بە بازاڕو سەرچاوەی تەکنۆلۆژیی ئەمریکا هەبوو[٤]، کە بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری چین لە هەموو ڕوویەکەوە سوودی لێوەردەگرت.

لە ساڵانی ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٨ نووسینگەیەکی تایبەت، کاروباری بازرگانی و ئابووری و کۆنسوڵی نێوان هەر دوو وڵاتی ڕادەپەڕاند، لەو ساتەوە پەیوەندیی بازرگانی و تەکنۆلۆژیی و زانستی و کولتووری هەردوو وڵات پەرەیپێدرا[٥].

بەدرێژای هەشتاکان بەهۆی ئاساییبونەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکاو چین و چاکسازییە ئابورییەکانی چین ڕێگە خۆشکەربوون بۆ ئاڵوگۆڕی شمەک و بیرۆکەو زانست و تەکنەلۆژیا، ئەمە بۆ هەردوولا سود مەندبوو[٦].

لەڕووی پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانەوە، چین هەندێک کەرەستەی ئەلیکترۆنی و کۆمپیۆتەری بۆ ئەمریکا هەناردە دەکرد و بۆ کەرتی کشتوکاڵیش ئەمریکا بۆ ساغبوونەوەی بەروبوومەکان بازاڕێکی لەباربوو، ئەمریکا خوازیاری سوودوەرگرتن بوو لەو پەیوەندییە، بەتایبەت لە بواری سیاسیدا و هەوڵدان بۆ ئەوەی لە زەریای هێمندا پێگەی هەبێت[٧].

---

[١]مظفر ترابي: م.پ، ص ٢٧.

[٢] حذفاني نجيم: م.س، ص٣٩

[٣] وليد سليم عبدالحي: م.س، ص١٤٨.

[4] David shambaugh: Op.Cit, p.36.

[٥]مظفر ترابي: م.پ،ص ٢٨.

[6] Dong Wang: China’s Trade Relations with the United States in Perspective, China’s Trade Relations with the United States in Perspective, in: Journal of Current Chinese Affairs, 39, 3, GIGA, Hamburg, 2010, P175.

[٧]سميحة زروخي: م.س، ص٥٦.

چین پێش هەر بوارێکیتر هەستانەوەی ئابووری مەبەستبوو[١]، هاتنە کایەی دیپلۆماسی نێوان چین و ئەمریکا کاریگەریی لەسەر ئابووریی و بازرگانی هەبوو[٢].

بەرەنجامی پەیوەندییە ئابوورییەکان، (یوان) وەک دراوێکی بازرگانی دەرەکی ناسێنرا، چوار ناوچەی بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی کردەوە و لە ساڵی ١٩٨٢ بڕیاری کردنەوەی شەش ناوچەی دیکەی خستە بەرنامەوە[٣]، ئەمەش پاڵنەرێکی باشبوو کە ئەمریکا لە ڕێی سەرمایە بەگەڕخستنەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا زیاتر پەرەپێبدات، بە کرانەوەی ئابوری چین بەڕوی جیهانی دەرەوە، وولاتانی ڕۆژئاوا بەگرنگییەکی زۆرەوە پەیوەندیی بازرگانیان لەگەڵ چیندا بەست، ئەمریکاش لە پەیوەندییە ئابورییەکانی لەگەڵ پەکیندا، زیاتر مەبەستی دابڕینی لە سەربازگەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی بوو[٤].

کەرەستەی هەرزانی چین هەمیشە هۆکار و پاڵنەری پەیوەندیی بووە، لەم نێوەندەدا کۆمپانیا ئەمریکییەکان سوودمەندی ئابووری بوون، بە تایبەتی موشەکە هەرزانەکانی چین کە بۆ هەڵدانی مانگی دەستکرد زۆر هەرزان لەسەر ئەمریکا دەکەوتن[٥]، ئەگەرچی بە هۆکاری تەنگژە سیاسییەکان تاڕادەیەک پەیوەندیی ئابووری تا ساڵی ١٩٨٥ کەم بوو، بەڵام هاوسەنگ بوو[٦].

لە ماوەی دە ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٩ قەبارەی هەناردەی ئەمریکا گەیشتە ٢٢٪ و قەبارەی هاوردەکردنیشی لە چین گەیشتە ١٥٪، ئەمەش بەرژەوەندیەکی گەورەی ئابووری بوو کە دەستهەڵگرتن لێی کارێکی ئاسان نەبوو[٧]. قەبارەی بازرگانی نێوانیان لە ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە ٣٣ ملیار دۆلار[٨].

بازرگانی شمەک و کاڵا بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوان هەردوولا گەشەیکرد، بە پێی ئامارەکانی چین بەهای بازرگانی لەساڵی ١٩٧٩ نزیکەی ٢.٤٥ ملیار دۆلار بووە، ئەم ڕێژەیە ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە ١٧.٤٥ ملیار دۆلار، بەڵام بە پێی ئامارەکانی ئەمریکا لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لە ٢.٣٧ بۆ ٣٣.١٥ ملیار زیادی کردووە[9].

چین بەپێچەوانەی ئەمریکاوە، هەمیشە لەپشتی پەیوەندییە سیاسییەکانییەوە، بەدوای سوودی ئابوورییەوە بوو، بۆ نموونە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ بۆ

---

[١] م.ن، ص٦٠.

[٢] عرفان الحسنى و هبة عبد المنعم: التوترات التجارية بين الولايات المتحدة الأمريكية والصين، أسبابها وآثارها على الاقتصادات العربية، صندوق النقد العربى،الامارات العربية المتحدة،٢٠٢٠، ص ٣٥.

[٣] إيمان مكركب أبران: م.س،ص١٠٢.

[٤] زينب عبدالله منكاش: م.س، ص١٨٧.

[٥] آرون. ال فريد برگ: م.پ، ص١٢٧.

[٦] روابط اقتصادى آمريكا و چين (مچ اندازى دو ابر قدرت)، اقتصاد سياسى جيهان، ماهنامەی اقتصاد ايران، دى ١٣٨٨، ص ٣٩.

[٧] سيد داوود آقايى و عليرضا اكبريان: تعامل يا تقابل چين با آمريكا در خليج فارس؟، نشريەی سياست، مجلەی دانشكده حقوق و علوم سياسى، تابستان ١٣٩٦، دورەی ٤٧، شماره ٢، ص ٣٠١.

[٨] مظفر ترابى: م.پ، ص ٢٩.

[9] HUO Jianguo: The Development of U.S.-China Economic Relations, 1978 to the Present, Chinese Academy of International Trade and Economic Cooperation, 2013, P.5.

١٩٩٠، کردە هۆکاری دڵنیایی ئاسایش و سەقامگیریی ناوخۆیی و دەرەکی، خۆی لە پڕچەککردن و پەرەپێدانی سوپا بە دوورگرت، بە جۆرێک نزیکەی لە ٥٠٪ بووجەی سەربازی کەمکردەوە و خرایە خزمەتی کایەکانی دیکەوە[١].

پەیوەندیی چین بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گرنگییەکەی وابەستەی بازاڕی ئەمریکی بوو، کە بە گەورەترین بازاڕ دادەنرێت بۆ هەناردەکانی چین، لەبەرانبەردا کارگە ئەمریکییەکان بازاڕی چینیان بە گرنگ دەبینی، چونکە کایەیەکی زۆرباشی بەگەڕخستنی مرۆڤەکان و هەلی کار بوو.

**<u>سێیەم – پاڵنەری ناوخۆیی</u>**:

یەکێکیتر لە پاڵنەرەکانی نزیکبونەوەی چین لە ئەمریکا لایەنی ناوخۆیی بوو، لەڕووی ناوخۆییەوە: شکستهێنانی سیاسەتی چەپە توندڕەوەکان کە لەسەروبەندی شۆڕشی کولتوورییەوە سەریهەڵدابوو، هەنگاوێکی گرنگی کرانەوەو چاکسازیی بوو، چینیەکان دەیانزانی چونەناو مەیدانی نێودەوڵەتی ناچاریان دەکات بۆ گۆڕانکاریی گەورە لە تاکتیکی نێودەوڵەتیدا، لەبەرئەوە لە ماوەی شۆڕشی کولتووریدا کارەسات و لێکەوتەکانی چەپە توندڕەوەکانیان لەیادنەکردبوو[٢]. بەرپرسانی باڵای چین کە جەختیان لە ئەنجامدانی چاکسازیی و پێویستی کرانەوە بە ڕووی جیهاندا دەکردەوە، دەیانزانی دەرەنجامی ئەم سیاسەتە، دۆخی ناوخۆ ڕووبەڕووی جۆرێک لە ئاڵنگاری ناوخۆیی دەکاتەوە، بەڵام ئەم سیاسەتە چینی بە جۆرێک لەگەڵ بەرنامەی سستەمی نێودەوڵەتی لێک ئاڵاندبوو کە چیتر دابڕان لە جیهان ئاسان نەبوو[٣].

لە سەرەتای نەوەدەکاندا ڕۆڵی جەمسەربوونی ئەمەریکای قبوڵکرد، بەڵام بە هەموو توانایەوە هەوڵی بۆ بەهێزکردنی دۆخی ناوخۆی دەدا، بابەتە ئایدیۆلۆژییەکان لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان وەلانران، چینیەکان بەو ئەنجامە گەیشتن کە زلهێزیی و پاراستنی پێگە و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، ستراتیژێکی گشتی دەخوازێت، لەبەرئەوە چەندین پلان و بەرنامەی مۆدێرنیزەکردن و پێشکەوتنی ئابوریيان داڕشت، بەردەوامی ئەم بەرنامانە بە پەیوەندیی دۆستانە یان لانیکەم نەبونی ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا بەسترابونەوە، ئەم بیرکردنەوەیە لە دینگەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەمریکاش تاڕادەیەک لە پێناو بەرژەوەندییە ئابورییەکانی، هەوڵیدەدا چاوپۆشی لە ناکۆکیەکانی لەگەڵ چین سەبارەت بە مافی مرۆڤ بکات[٤]، واتە کۆمەڵێ هۆکار و ئاماژە بونە پشتیوانی نزیکبونەوەی چین و ئەمریکا[٥]:

---

[١] سعید وثوقی و دیگران: نوسازی نظامی چین، اهداف، راهبردها، فصلنامەی تحقیقات سیاسی و بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، شماره پنجم، زمستان ١٣٨٩، ص ١٩٨.

[٢] محمد یوسف صالح درادکە: م.س، ص٥١.

[٣]حیدر علی بلوچی(دکتر): قدرت افکنی چین، مجلەی راهبرد دفاعی، دوره هشتم، شماره ٣٠، پاییز ١٣٨٩، ص ١١.

[٤] عبداله قنبرلو: مناسبات اقتصادي آمریکا– چین ...، ص١١٩

[٥] محمد یوسف صالح درادکە: م.س، ص٥١-٥٢.

١- بنیاتنانی متمانەی چین بە ئەمریکا لەسەر ئەوبنەمایەی کە ئەمریکا لایەنگری چینیەکانی کرد دژی داگیرکاری یابان لە سیەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا..

٢-هەوڵەکانی چین بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشـەکانی سۆڤیێتی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی ئەگەر سۆڤیێت هەوڵی بۆ بدات.

٣-دەرچونی چین لە قۆناغی شۆڕشی کولتووریی، کە بەردەوامی کاریگەرییەکانی تاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکان مابوو، ئەمەش کاریگەری لە پەیوەندییە دەرەکیەکانی چین و سـەرکەوتنی بەرەی چاکسازی لە دەستەبژێری سەرکردایەتی فەرمانڕەوای چین دیاربوو.

٤- جیاوازی یەکەمینەکانی سیاسـەتی دەرەکی چین دوای وەرگرتنی دەسـەڵات لەلایەن دینگ شیاو پینگ، بەرنامە چوار نوێگەریەکەی گەشە پێداو سیاسەتی دەرگا کراوەکانی بۆ دەستکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا لە پێناو خزمەتکردنی بەرنامەکانی چاکسازی پەیڕەوکرد.

## چوارەم - پاڵنەری ووزەو بەرنامەی ئەتۆمی:

بەرنامەی ئەتۆمی چین هەمیشـە جێی نیگەرانی بووە، ئەمریکا بە مەترسی سەر ئاسایشی جیهانی ئەژماردەکرد، بۆ ئەوەی ئەمریکا ڕاستەوخۆ نەکەوێتە شـەڕەوە، ئاڕاسـتەی سیاسـەتی دەرەکی لەبارەی چینەوە گـۆڕی، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ چیندا، پەیوەندییەکانی بونیادنایەوە، چونکە پێیوابوو گفتوگۆ لەگەڵ چین و ئاسایشی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، بۆ ئاسایشی ئاسیا و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە گرنگە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ چیندا لەلایەن وڵاتانی دیکەی ئاسیاوە پێشوازی لێکرا[1].

ژاو زیانگی سەرۆک وەزیرانی چین لەگەڵ ڕێیگن دانوستانی دەستپێکرد، تەوەرەی سەرەکی پرسی ووزەی نـاووکی بـوو، چـین ڕەتیکردەوە کەمەبەستی بێت چەکی نـاووکی بڵاوبکاتەوە و وەک چەک بەکاریبهێنێت، لەبەرئەوە ڕێیگن لە سەردانی چین، بەڵێنی هاریکاری بازرگانی و تەکنۆلۆژیا و چەکی پێدا[2].

هەروەهـا وزە، بەتـایبەت نەوت یەکێـک لە پـاڵنەرە بەهێزەکـانی هاتنەکـایەی پەیوەنـدیی و هاوکـاریی نێوانیان بوو، هەردوو وڵات لە ڕووی بەرهەمهێنانی نەوتەوە هەندێک سـەرچاوەی نەوتییان هەیە، بەڵام چـونکە خـاوەنی چەنـدان کـارگە و پیشەسـازیی هەمە چەشـنەی مەزنـن، پێویسـتیان بە دابینکـردن و هـاوردەکردنی بڕێکـی زۆر لەو کەرەسـتە و وزە پێویسـتە هەیە، بـۆ نمـوونە ئەمریکالەکۆتـای هەشـتاکان ساڵانە بڕی ٩٥٠ملیۆن تۆن نەوت لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنا، بەڵام بڕی ٣٣٠ملیۆن تۆن بەرهەم دەهێنـا، بێگومـان بەرهەمـی نەوتـی چـین کەمتربـوو، دروسـتکردنی پەیوەنـدیی نێوانیـان بە تـایبەتی لە گواستنەوە و دابینکردن و دیاریکردنی نرخ و پاراستنی سەرچاوەکانی نەوت خـاڵی هاوبەشـی نێوانیـانە، ئەمریکـا وەک یەکەم سـەرچاوەی بەکـارهێنەری نەوت، چینـیش وەک هێزێکـی مەزنـی بەکـارهێنەری ئەو

[1] م،ن، ص١٨١.

[2] Hong N. Kim and Jack L. Hammersmith: U.S.-China Relations in the Post-Normalization Era, 1979-1985, Pacific Affairs, University of British Columbia, 1986, Vol. 59, No. 1, p.85.

کەرەستە و وزەیە، وایکرد بە ئاراستەی تێپەڕاندنی بەربەستەکان هەنگاوبنێن، لە توندکردن و شلەژاندنی نرخ و بازاڕی نەوت خۆیان بە دووربگرن[١].

**پێنجەم - پاڵنەری تەکنەلۆژیی و زانیاریی:**

یەکێکی تر لە پاڵنەرەکانی نزیکبونەوەی چین و ئەمریکا ،پاڵنەری زانست و تەکنەلۆژیابوو بەتایبەتی پێداویستی چین بەو زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتەی ئەمریکا. هەربۆیە لەگەڵ ئاسای بوونەوەی پەیوەندیەکانی چین-ئەمریکا، پەیوەندیی زانست و تەکنۆلۆژیی دەستیپێکرد، هەرلەسەرەتای دەستپێکرنی دانوستانەکانی نێوانیان لە ساڵی ١٩٧٩ ئەمریکا ڕەزامەندی خۆی بە هاریکاریی زانست و تەکنەلۆژیا لەگەڵ پەکین پیشاندا[٢].

ئەگەرچی ڕووداوەکانی گۆرەپانی تیانانمین بووبوونە ئاستەنگ لە پەیوەندییەکانی نێوانیان، بە جۆرێک ئەمریکا کۆمەڵێک ڕێوشوێنی گرتەبەر کە بووە هۆی لاوازکردنی ئەو پەیوەندییانە، لە بەرانبەردا چین لە دوای هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق و شەڕی کەنداو سوودی لەم هەلە وەرگرت و خۆی لە کۆتوبەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەربازکرد، هاوکاتیش لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە بە هۆی ئەو پێشکەوتنەی لە سوپای چیندا هاتبووە کایەوە، سوپای هەر دوو وڵات ئاڵوگۆڕی تەکنۆلۆژیی وزانیاری سەربازییان دەستپێکرد[٣].

دەتوانین بەگشتی بڵێین دیارترین هۆکاری دامەزراندنەوەی پەیوەندیی دیپلۆماسی ئەمریکا لەگەڵ چین بریتیبوون لە[٤]:

١- گەمارۆدانی تەوژم و فراوانخوازیی سۆڤیێتی لە ناوچەی ئاسیاو زەریای هادی، بەتایبەتی پشتیوانی سۆڤیێت بۆ ڤێتنامی باکور و داگیرکردنی ئەفغانستان، ئەمە وایکرد واشنتن چین پڕچەک بکات و یارمەتی سەرخستنی بەرنامەی نوێگەری پیشەسازیی وسەربازیی چین بدات، ساڵی ١٩٧١ کورسی نەتەوە یەگرتووەکانی لە تایوان سەندەوەو بەچین بەخشرا، هەروەها ساڵی ١٩٧٩ کارتەر تەواوی پەیمانەکانی ئەمریکا -تایوانی هەڵوەشاندەوە.

٢-توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چیندا دەبێتە لەمپەرێک لە بەردەم گەڕانەوەی هێزی سەربازیی یابان بۆ چین، کە چین ماوەیەکی زۆر بەدەستیەوە دیناڵاند، هەوڵدان بۆ دروستکردنی باڵانسێکی نوێ لە نێوان یابان و چین لە ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

٣- پاڵنەری ئابوری پاڵنەری ئەمریکییەکان بوو بۆ گەیشتن بە هاوبەشێکی ئابوری لە بازاڕی چینی و بەتایبەت لە ژێر سایەی سیاسەتی دەرگا کراوەکان، کە چین لە ساڵی ١٩٧٨ گرتیەبەر.

---

[١]شیاو جي شو: الصین و الهند و الولایات المتحدة الامریكیة التنافس علی مصادر الطاقة و آفاق التعاون، في الكتاب: مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتیجیة: الصین و الهند و الولایات المتحدة الامریكیة التنافس علی الموارد الطاقة، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتیجیة،ابوظبی، ٢٠٠٨، ص ٣٠٣-٣٠٨.

[2]United states of America, Department of Defense: Op.Cit,P1-2.

[٣] سید داوود آقایی و علیرضا اكبریان: م.پ، ص ٣٠٠.

[٤] محمد یوسف صالح درادكە: م.س، ص٥٤-٥٥.

## باسی دووەم - ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی چین- ئەمریکا:

ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا زۆر و ئاست جیاوازن، هەندێکیان بە ڕوونی دیارن و هەندێکیشیان دەچنە بواری نادیاری و جۆرێک لە جەنگی سارد لەوانەش:

**یەکەم – کێشەی تایوان:**

لەدیارترین کێشەکان لە پەیوەندیی نێوان چین و ئەمریکا کێشەی تایوانە، بەتایبەت لە ماوەی ١٩٥٠ تا کۆتایی ١٩٧٨، لە ئەنجامی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازیی ئەمریکا بۆ ئەم کێشەیە، ناکۆکی و ململانێی چین و ئەمریکا بەردەوامبووە، لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی ئەمریکاو چین بەرەو ئاساییبونەوە ڕۆیشت، بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دەستیان پێکردەوە، لە یەکی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩، ئەمریکا یەکپارچەیی چینی قبوڵکرد و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکانی لەگەڵ تایوان و کێشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان واژۆکرد[١].

لە میانەی سەردانەکەی دینگ بۆ ئەمریکا، بە کارتەری ڕاگەیاند کە ئەگەر بێت و تایوان ئامادەی دانوستان نەبێت، یان سۆڤییەت دەستوەربداتە کێشەی تایوان، چین بە شەڕ ئەو کێشەیە یەکلادەکاتەوە و هێرش دەکاتە سەر تایوان[2]. ئەمریکا هەمیشە مافی پارێزگاریکردنی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان چین و تایوانی بۆ خۆی قۆرخکردبوو، جەختیدەکردەوە کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت[3].

کێشەی تایوان هەمیشە گرنگترین و هەستیارترین کێشەبووە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا–چین، ئەمریکا وەک خاڵی لاوازی چین و هاوکار و هاوپەیمانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ تایوان کردووە، لەبەرئەوە بە فەرمی و نا فەرمی پەیوەندیی لەگەڵ تایوان دەبەست و یارمەتی لۆجیستی و هاوکاری تایوانی دەکرد، چەکی پێ دەفرۆشت و کەشتی گەلی ئەمریکی لە کەناراوەکانی تایوان جێگیر دەکرد، ئەمەش بووە جێی نیگەرانی چین و هەندێ جار هێزی سەربازی و موشەکی لە دژی تایوان بەکاردەهێنا[4].

هەرچەند حکومەتی ئەمریکا لە پێناو گەیشتن بە یەکلابونەوەی کۆتایی لەگەڵ چین، ڕایگەیەند کە فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی بە تایوان کەمدەکاتەوە، بەڵام پابەندی بەڵێنەکەی نەبوو، لە حوزەیرانی ١٩٨٠ کارتەر بەبڕی ٢٨٠ ملیۆن دۆلار چەکی بە تایوان فرۆشت، هەروەها پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ تایوان بەست، پەکین بەتوندی ئەوکارەی ڕەتکردەوەو بە پێشێلی ڕێکەوتنەکانی نێوانی داناو بە ڕێگرتن بە گەڕانەوەی تایوان بۆ سەرچین تاوانباریکرد[5]. هەروەها لە هاوینی ١٩٨١ بەهەمان شێوە ئەمریکا هەندێ

---

[١] لیو شیە تشنج ولی شی دونج: م.س، ص ٢٥٥.

[2] EZRA F. VOGEL: Op.Cit, p.340.

[3] Ibid, p.318.

[4] Susan V. Lawrence and Others :U.S.-China Relations, Congressional Research Service, 29August 2019, p.36-37.

[5] Hong N. Kim and Jack L. Hammersmith: Op.Cit,p.74.

فڕۆكەی شەڕكەرو ژێردەریای هەڵگری كڵاوەی ئەتۆمی بە تایوان فرۆشت و چین نیگەرانی دەربڕی و ڕایگەیاند لە ڕێگەی هێزەوە كاردانەوەی توندمان دەبێت[1].

ئەنجام لە ساڵی ١٩٨١ ئاڵۆزیی لە پەیوەندییەكان دروستبوو، بەڵام بە سەردانی جۆرج بۆشی جێگری سەرۆكی ئەمریكا بۆ پەكین لە ساڵی ١٩٨٢، پەیوەندییەكان جارێكی دیكە ئاساییكرانەوە و جۆرج بۆش توانی نیگەرانییەكانی پەكین لەبارەی پەیوەندییە نافەرمیەكانی وڵاتەكەی لەگەڵ تایواندا برەوێنێتەوە[2].

لەسەر بەرژەوەندییەكانی حكومەتی چین و ستراتیژیی ئەو وڵاتە (دینگ)یش لە هەشتاكاندا سوور بوو لەسەر ئەوەی كە پەیوەندی بە كێشەی تایوانەوە هەیە، پێویستە ئەمەریكا دەستوەرنەداتە كێشەی تایوانەوە و چین داوا دەكات ئەمریكا هیچ ڕۆڵێكی (نەرێنی) لە كێشەكەدا نەبێت[3].

ئەگەرچی لە ١٧ی ئابی ١٩٨٢ بەیاننامەیەكی هاوبەشییان واژۆكرد، ئەمریكا بەڵێنیدا چەک بە تایوان نەفرۆشێت، بەڵام بەهاتنی ڕێیگن و هاوسۆزبوونی لەگەڵ تایوان، لە بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵێنیدابوو پەیوەندییەكانی ئەمریكا برەوپێبدات، لەبەرئەوە دوای ماوەیەک چەک فرۆشتنیان بەتایوان دەستپێكردەوە[4]، لەلایەكی ترەوە چەندین جار ڕایگەیاند كە بە تەواوی (یاسای پەیوەندیی لەگەڵ تایوان) دەخاتە بواری جێبەجێكردنەوە، سەرەڕای واژۆكردنی بەیاننامەی ١٧ ی ئاب كە لە سوودی هەردوولا بوو، بەڵام فرۆشتنی چەک بە تایوان لەلایەن ئەمەریكاوە بەتەواوی نەوەستا[5].

سەرباری ئەو بەڵێن و ڕێكەوتننامانەی نێوان ئەمریكاو چین، ئەمریكا لە پەیوەندییە دیپلۆماسیەكانی لەگەڵ تایوان بەنهێنی و ئاشكرا بەردەوابوو، ئەمەش چینی نیگەران كردبوو، بۆ ئەم مەبەستە ژاو زیانگی سەرۆک وەزیرانی چین لە كانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٤ سەردانی واشنتۆنی كرد، لەمیانەیدا نیگەرانی چینی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریكا و پەیوەندییەكانی لەگەڵ تایوان بە ڕێیگن گەیاند، داوایكرد ئەمریكا پابەندی ڕێكەوتنە هاوبەشەكانی ساڵانی ١٩٧٢، ١٩٧٨، ١٩٨٢ بێت[6]، هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریكا بەرانبەر بە وڵاتانی جیهانی سێیەم و پێشبڕكێی چەک، ڕەخنەی لە ئەمریكا گرت[1].

---

[1] Ibid, P.78.

[2] محمد عطية محمد ريحان :م.س، ص٩٤.

[3] ليو شيه تشنج، ولى شى دونج: م.س، ص ٢٥٩.

[4] David shambaugh: Op.Cit, p.40.

[5] Foreign languages press: A concise History …, p.339.

[6] یەكەم: بەیاننامەی كانوونی یەكەمی ١٩٧٢؛ لەم بەیاننامەیەدا چین جەختی كردەوە تایوان بەشێكە لە چین و بۆ هیچ دەوڵەتێک نییە دەست وەربداتە ئەم كێشەیە، چونكە بابەتێكی ناوخۆییە، دەبێت هێزە ئەمریكییەكانی ناو تایوان بڕۆن، ئەمریكا ڕەزامەندی دەربڕی كە چین یەک پارچەیە و تایوانیش دەگرێتەوە، بەڵام پێویستە ئەم كێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بكرێت، هێزە ئەمریكییەكانیش ورده ورده لەوێ كۆتایی پێبهێنرێت.

بەیانی كانوونی یەكەمی ١٩٧٨: بە كۆتاییهێنان بە پەیوەندی پارێزگاریكردنی هاوبەش لە نێوان ئەمریكاو تایوان، داننان بەوەی تایوان كێشەیەكی ناوخۆیی چینە، ناوچەیەكە كە كارگێڕیەكی تایبەتی هەیە و توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەیە لەناو چین. مافی ئەوەی هەیە هێزی سەربازی ناوخۆی هەبێت، نابێت هیچ گۆڕانكاریەک لە پەیوەندیەكانی بكات لەگەڵ دەوڵەتانی تر لە بواری ئابوری و ڕۆشنبیری .

تەنانەت ئەمریکا پەیوەستی و پشتگیریکردنی تایوانی وەک بەشێک لەو سنوردابیەی کۆمۆنیزمی چینی بەکاردەهێنا، بەتایبەت کە دەیویست نمونەیەکی سەرکەوتوی دیموکراسی بۆ ناوچەکە و ئاسیا وەک وڵاتێکی ئازادو دوور لە کۆمۆنیزم پیشانبدات، هاوکات بەو پێیەی هەڵگری دروشمی دیموکراسیە، ئەمریکا وەک هێزێکی هەژمونگەرا دەیپارێزێت، هەربۆیە کاتێک مەترسی سستمی کۆمۆنیستی چین بەرانبەر بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کەمدەکات، زۆر بەئاسانی پاڵپشتییەکانی بۆ تایوان کەمدەکاتەوە[٢].

چین بۆ رێگریکردن لە سەربەخۆیی تایوان هەموو ئامراز و میکانیزمێکی بەکارهێناوە، بەرپرسانی چین ئەم ڕاستیەیان نەشاردۆتەوە و لە ئەگەری دەستێوەردانی ئەمریکا لەم بابەتەدا، چینییەکان وەڵامی توندیان هەبووەو تەنانەت ئامادەیی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمییان هەبووە، ئەگەر پێویست بکات، دۆسیەی تایوان بۆ ئەمریکا تاقیکردنەوەیەک بوو، ئەو وڵاتە بە دڵنیاییەوە نەیدەوویست لۆس ئەنجلس بەرانبەر بە تایوان بکاتە قوربانی[٣].

لە ساڵی ١٩٩٢ جیانگ زیمین سکرتێری گشتی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمەنیست بۆ پشتیوانی و گەڕانەوەی یەکپارچەی ووڵات، بەشێوەیەکی ئاشتیانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی تایوانیدا[٤].

**دووەم – سستمی کۆمۆنیستیی چین:**

کاتێک پارتی کۆمۆنیست ساڵی١٩٤٩ دەسەڵاتی چینی گرتەدەست، گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرانبەر بە چین ڕوویدا، ئەمریکا نیگەرانبوو، بەتایبەت کە بەتەنیشت یەکێتی سۆڤێیتەوە بوو، هەروەها خاوەن جوگرافیاو هێزێکی مرۆیی گەورە بوو، ئەوە جگە لەوەی ڕێگریی لە تەشەنەکردنی سۆسیالیزم لە دونیا لەستراتیژە نەگۆڕو سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمریکا بوو، لەبەرئەوە لە هیچ بارودۆخێکدا و تا ئەو ساتە وەختە ملی بە هاتنە سەرحوکمی هیچ پارتێکی کۆمۆنیستی نەدابوو، لەم سۆنگەیەوە سستمی نوێی چینی ڕەتکردەوە[٥].

سستمی کۆمۆنیستی چین نەک تەنها تەنگژەی بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دروستکردبوو، بەڵکو هەندێک لەدەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا ئەو سستمی کۆمۆنیستییەیان ڕەتکردەوەو ئامادەنەبوون

---

بەیاننامەی ئابی ١٩٨٢: تێیدا جەختکرایەوە لەسەر ئەوەی تایوان بابەتێکی تایبەتە بە چین و ناوخۆییە، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی فرۆشتنی چەک بە تایوان لە لایەن ئەمریکاوە لە بڕی پێشوو تێپەڕنەکات و بەرەو کەمکردنەوەی بەرن. (ولید سليم عبدالحي: م.س، ص ٢٦٢).

[1] Hong N. Kim and Jack L. Hammersmith: Op.Cit, p.85.

[٢] محمد يوسف صالح درادكة م.س، ص١١٥-١١٦.

[٣] آرون ال فريد برگ: م.پ، ص١١٩.

[٤] محمد يوسف صالح درادكة م.س، ص١٩٤.

[5] Robert S. Ross: Negotiating Cooperation the United States and China 1969-1989, Stand ford University Press, united states of America, 1995, p12 .

مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بە فەرمی دانیپێدابنێن، لەوەش خراپتر بۆ چین ئەوەبوو کە تایوان و حکومەتی تاراوگەی چینیان لەو دوورگەدا وەک نوێنەری یاسایی چین ناساند[١].

سیاسەتی ئایزنهاوەر بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی چین لەسەر بنەمای لاوازکردن و شکستپێهێنانی ئەو سستمەبوو، چونکە پێیانوابوو دەتوانن ببنە مەترسی و هەڕەشە لەسەر هەژموون و ئاسایشی ئەمریکا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا و پەراوێزخستنی ئەمریکا لە زەریای هێمن، ئایزنهاوەر کێشەو بەربەستی لە بەردەم هەر چالاکیەکی توندوتیژانە دادەنا، کە ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا، لەبەرئەوە لە ململانێیی سەربازیی لە نیمچەدورگەی تایوان سەرکەوتوو بوو[2]، لەبەرانبەردا سستمە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکانی دونیای ئەوکات، لەپێشیانەوە یەکێتی سۆڤێیت و هەندێک لە دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، حکومەتی میللی چینیان وەک نوێنەری یاسایی چین لە قەڵەمدا، ئەمە وایکرد دوو بەرەی دژ بە یەک لەنێو دەوڵەتانی جیهاندا بێتە ئاراوە[٣].

ئەمریکا لە کاتی گرژی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا، لە مەترسی هەژمموونی کۆمۆنیزمی چینی پشتی بە وڵاتانی باشووری ئاسیا دەبەست، ئەگەرچی ئەم سیاسەتە توندیەکەی بە دروستبوونی ناکۆکی نێوان چین و یەکێتی سۆڤێیت کەمبووەوە، لەبەرئەوە لەشەڕی ئایدۆلۆژییدا، ئەمریکا دژی چین، وروژاندنی کێشەی سنووریی چین و دەوڵەتانی (باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)ی وەک بیانوو و کارتی فشار بەکاردەهێنا[٤].

ئەم لایەنە دیوێکیتریشی هەبوو، بەتایبەت ئەمریکا ترسی لەوە هەبوو دەوڵەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یەک لە دوای یەک بکەونە ناو بەرەی کۆمۆنیزمەوە، ئەو کات چیدی نەخشە ڕێگاکەی ترومان بۆ ڕزگارکردنی جیهان لە کۆمۆنیزم زەمینەی کارکردنی نامێنێت[٥]. چین بە ئامانجی گەیشتن بە سەنتەری هێز بۆ دەستخستنی پێگە و کاریگەریی دەسەڵاتەکەی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کاریدەکرد، پێیانوابوو ئەم ئامانجە نایەتەدی ئەگەر دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کۆتایی نەهێنرێت[٦].

---

[١]محمد عطية محمد ريحان: م.س، ص٩٣.

[2] JEFFREY PETER CREAN: WITH FEAR AND FAVOR: A RISING CHINA THREAT AND THE PATH TO NORMALIZATION 1954-1971, A Dissertation Submitted to the Office of Graduate and Professional Studies of Texas A&M University in partial fulfillment of the requirements for the degree of DOCTOR OF PHILOSOPHY, Texas University, May 2017, P.24-25.

[٣] أميمة علي طه: م.س، ص.١٠٢

[٤] باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا: بەشێکی گرنگی ئاسیایە، ٦٠٪ ڕووبەرەکەی ئاو و ئەوی دیکەی وشکانیە، ٦٠٪ دانیشتوانەکەی لە دوورگەکاندا دەژین، وڵاتانی ئەو ناوچەیە سەرجەمیان پایتەختەکەیان دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریا، جگە لە "ڤینتیان"ی پایتەختی لاوس نەبێت، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان هەر دوو زەریای هیندی و هێمن، هەر بۆیە بۆتە جێگەی مشتومڕی نێوان دەوڵەتە گەورەکان لەبەرئەوەی زۆربەی ڕێڕەوە ئاویەکان بۆ هاتووچۆی بازرگانی بە گەرووی مەلقادا دەڕوات کە دەکەوێتە ئەو ناوچەیەوە، (بڕوانە: أميمة علي طه: م.س، ص٩٧-١٠١).

[٥] بيار ميكال: تاريخ العالم المعاصر (١٩٤٥-١٩٩١)، ت: يوسف ضومط، دارالجيل، بيروت، ١٩٩٣، ص ٦٥.

[٦] أميمة علي طه: م.س، ص٩٧.

بیردۆزی مەترسی چینی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لایەنێکیتری ئەو ئاستەنگە بوو، چونکە بە مەبەستی ڕێکخستنەوە و ڕێکاری سەربازیی، سوپای چین و بە تایبەتی هێزی دەریایی؛ چاکسازیی لە بنکە و توانا سەربازییەکانی خۆی لە دەریای باشوری چین و چەند بنکەیەکی دەریایی بۆ کەشتی گەلەکەی لەو ناوچانەدا دەستپێکرد[1].

## سێیەم-کێشەی دەریای چینی باشور:

دەریایی چینی باشور یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی نێوان واشنتۆن و پەکین بوو، لەبەرئەوەی چین بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا لە هەڵکشاندابوو، دەسەڵاتی ئابوری و هێزی سەربازیی پەکین لە زیادبووندابوو، زۆربەی شارەزایان پێیانوابوو دەریای چینی باشور خاڵی گەوهەری ململانێی ئەمریکا و چینە، واشنتن بڕیاریدا دەریای چینی باشور یەکێک لە بەرژەوەندییە باڵاکانی لە ناوچەی ئاسیاو زەریای هێمنە، ئەمریکا پابەندە بە یاسا نێودەوڵەتیەکان، هەوڵی دەدا ڕێگری لە چین بکات ڕێرەوە مەرجانیەکان (الشعاب المرجانیة) داگیرنەکات و دورگەی دەستکرد بونیادنەنێت، ئەمریکا سوربوو لەسەر پاراستنی ئازادی دەریاوانی و چارەسەری ئاشتیانە بۆ ناکۆکیە هەرێمیە دەریایەکان لە ناوچەکەدا، سەرەنجام ئەمریکا ڕێبازێکی پتەو و جێگیری گرتەبەر بەرانبەر دەریای چینی باشوور[2].

جگە لەوەی چین ناکۆکی لەسەر دەریای باشووری چین لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی لەسەر کۆمەڵێک دوورگە هەبوون، لە گرنگترین دورگەکان: دوورگەی میستشیف کە لەگەڵ فلیپیندا کێشەیان لەسەری هەبوو، دوورگەی بارسیل کە لەگەڵ ڤێتنام ناکۆکییان هەبوو، دوورگەی سبراتلی کە وەک کێشەیەکی هەرێمی چین لەگەڵ تایوان و ڤێتنام و فلیپین و بروونای و مالیزیا ناکۆکییان لەسەری هەبوو، هەریەک لە لایەنەکانی ناکۆک لەگەڵ چیندا، لەسەر ئەم دوورگانە دەیانویست ڕاستی و بەڵگەی مێژوویی و سیاسی خاوەنداریێتی خۆیان بسەلمێنن، ئەگەر بە گوێرەی بەڵگەی مێژوویی و شوێنەواری بێت ئەوا چین لە هەموویان زیاتر مافی خاوەنداریێتی ئەو دوورگانەی هەبوو، چینیەکان یەکەمین بوون لە دۆزینەوەی ئەو دوورگانە و ئاوەدانیان کردونەتەوە و بەو پێیەش سەروەری بۆ چین دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمەریکا ئاستەنگی لەبەردەم گەڕانەوەی ئەو دورگانە بۆ چین دروستدەکرد[3].

دەتوانین بڵێین کرۆکی ناکۆکی لەسەر دەریای چینی باشوور، کە ڕێگەیەکی دەریایی گرنگ بوو و لە یابان و کۆریا (بەهەردولایدا) درێژدەبێتەوە، هەروەها نزیکەی ٧٠٪ ی پێویستی نەوتی تێدابوو، چین یەدەگی نەوتی لەو ناوچەیەدا زیاترە لە ڕێژەی ٣٠٪ یەدەگی دەوڵەتی کوەیت[4].

بە پێێ ئاماری کۆتایی هەشتاکان ،دەریایی چینی باشور یەدەگی نەوتی خاو و گازی سروشتی تێدایە، بە پێی مەزەندەی چین ١٠٥ –٢١٣ ملیار بەرمیل نەوت لەو ناوچەیە هەبوو، بەڵام بەپێی

---

[1] م.ن، ص١١٣.

[2] أندرو سكوبل: بحر الصين الجنوبي والتنافس بين الولايات المتحدة الامريكية والصين، ت. سرى فؤاد عبدالكريم، مجلة قضايا آسيوية، المركز الديمقراطى العربى، ج٢، ع٨، افريل ٢٠٢١، ص١١٣-١١٤.

[3] أميمة على طه :م.س، ص١١٣-١١٧.

[4] وليد سليم عبدالحي:م.س، ص١٨١-١٨٢.

هەڵسەنگاندنەکانی ئەمریکا ١٥.٦ ملیار نەوتی تێدابووە، زۆربەی ئەو نەوتە دەکەوتە ئەو ناوچانەی چین داوای دەکرد، ئەمریکا دژی بونیادنانی دورگەی دەستکردو دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی چین بوو لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەردەوام لەڕێگەی فڕۆکەوە چاودێری چالاکیەکانی چین دەکرد، چینیش چەک و جبەخانەی سەربازی و موشەکی لەو ناوچانە جێگیرکردبوو[١].

هەروەها ساڵی ١٩٨٩ لە ڕاپۆرتێکی فەرمی ڕۆژنامەی China Daily بڵاویکردوە کە ئەو ناوچانە خاوەنی ٢٥ ملیار مەتر سێجا یەدەگی گازە، بۆیە سەرکردایەتی چین هەوڵیدەدا بەهەرشێوەیەک بێت کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات[٢]، ئەمریکا بەبیانوی پشتیوانی تایوان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هێزی دەریای و کەشتی فڕۆکە هەڵگری ڕەوانەی دەریای باشوری چین و ڕۆژئاوای زەریای هێمن کرد، تا لە کاتی پێویستدا لە دژی چین بەکاریانبهێنێت[٣].

لەڕوانگەی ئەمریکاوە بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەناوچەی دەریای چینی باشوور بریتین لە[٤]:

**سەربازیی**: بەرگری لە نیشتیمان و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەرژەوەندی باڵای ئەمریکایە لە ناوچەکەدا.

**سیاسی**: ئەمریکا هەوڵدەدا بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا.

**ئابوری**: ئەمریکا هەوڵی پارێزگاریکردن لە بازرگانی جیهانی و سستمی دارایی دەدات، بەوەی گرنگی دەدات بە ئازادی دەریاوانی لە ناوچەکەدا.

### چوارەم – ئاستەنگی ناوخۆیی:

ڕاستە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨، ئەمریکا و چین سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی خۆیان ئاساییکردەوە و ئەمریکا چەک و کاڵای بە چین فرۆشت، بەڵام ئەم پەیوەندییانە لە ناوخۆی وڵاتدا چەند ئاستەنگ و دژایەتیکردنی بۆ دروستبوو، هەندێک لە کاربەدەستانی حکومەتی ئەمریکا وەک (پاوڵ وۆلفویزتز – Paul wolfowitz) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریای هێمن لە ساڵانی (١٩٨٢ – ١٩٨٦) و (ریچارد ئارمیتاج –Richard armitage) یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵانی (١٩٨٣ – ١٩٨٩)، چینیان بە مەترسی دەزانی، هەرچەندە ئەم دوو کەسایەتیە بوونی چینیان وەک بەربەستێک و هاوپەیمانێک لە بەرانبەر یەکێتی سۆڤییەتدا بە گرنگ لەقەڵەمداوە، هاوکات جەختییان دەکردەوە کە پێویستە لە بەرانبەر چین بە خۆپارێزی و ئاگایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوە داوایانکردووە بڕ و ئاستی فرۆشتنی چەک و ئامێری ئەلیکترۆنی بەو

---

[١] د.عبد المالک حطاب وإبراهيم مشعالي: الصعود البحري الصيني و تأثيره على الأمن الإقليمي في جنوب شرق آسيا، مجلة المعيار، ج٢٣، ع٤٦،الجزائر ،٢٠١٩، ص٧٣٦-٧٣٥.

[2] Bill Hayton: THE SOUTH CHINA SEA THE STRUGGLE FOR POWER IN ASIA, YALE UNIVERSITY PRESS, NEW HAVEN AND LONDON, 2014, P.122.

[3] Bill Hayton: Op.Cit, P.201.

[٤] أندرو سکوبل: م.س، ص١٢٦.

قەبارەیە بێت، کە چین بەرگریی لە سنوورەکانی پێبکات، نەوەک چین بخاتە سەر ڕێبازێک بتوانێت لە هەموو کایەکانی پیشەسازی چەکدا گەشەبکات و پەرەپێدانی سەربەخۆیانە بگرێتەبەر[١].

تەنانەت ڕێیگن جیاواز لە پێشینەکانی بڕیاریدا چەک و شمەکی سەربازیی بە تایوان بفرۆشێت، لەکاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنیش هاوکاریی و کۆمەکی تایوان یەکێک لە دروشمەکانی بوو[٢]، کە دەیسەلمێنیت دۆخ و ڕای گشتی ناوخۆی ئەمریکا زیاتر مەیلی بەلای تایواندا بووە، هاوکات دژایەتی چینیان کردووە.

هەڵوێستی ناوخۆیی چینیش لەسەر پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا باشتر نەبوو، بەتایبەت کە هەمیشە بەدگومانیی لە بەرانبەر ئەمریکا و بەتایبەت لەلایەن ڕەوتی توندڕەو و نەریتخوازیی گۆڕەپانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی بوونی هەبوو.

پارێزگارە چینییەکانیان ڕوداوی تیانانمینیان بۆ چڕترکردنەوەی مەترسییەکان بەکارهێنا، ئەوان پێیانوابوو ئەو قەیرانە کاریگەریی وێرانکەری لێکەوتوەتەوە، کە بەهۆی فراوانی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئەمریکا سەریهەڵداوە، داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بۆ زیاترکردنی کەشی دیموکراسی، بەهۆی کرانەوەی چین بووە بەرەو ڕۆژئاوا، ئەمریکا بەرنامەی گەشەپێدانی ئاشتی بۆ مەبەستی زاڵبون بەسەر پارتی کۆمۆنیستی چینی بەکاربردووە، لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بەهۆی گۆڕانی ژینگەی نێودەوڵەتی و قەیرانی ناوخۆی چین کاریگەری خراپ لەسەر پەیوەندییەکانی چین –ئەمریکا دروستبوو، هەروەها ڕوخانی کۆمۆنیزم یەکەمجار لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، پاشان یەکێتی سۆڤیێت، ئەمریکای بەهێزتر کردو چیدی حکومەتی چینی بایەخی لای ئەمریکا نابێت[٣].

## <u>پێنجەم – مافی مرۆڤ و ڕووداوی تیانانمین:</u>

جیاوازی سستمی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی چین و ئەمریکا، کە هەر یەکەیان خاوەنی ڕوانگەی تایبەتی سیاسی و ناخۆیی خۆیانن، چین سستمی سۆسیالیستی تاکڕەو و ئەمریکا سستمی لیبرالی و یاسا سەروەریی بوونیان هەیە، بنەماکانی ئەم سستمانە کاریگەریی بەهێز و ڕاستەوخۆیان لەسەر پرەنسیپەکانی پابەندبوون بە مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی تاک و ... تاد هەیە، لەم گۆشەنیگاوە ئەم دوو وڵاتە کە هۆکاری مێژوویی و کولتووری تایبەت بەرهەمیهێناون، وایکردووە لە مامەڵە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر سڵبکەنەوە، لەبەرئەوە لە هەندێک هەڵوێست و ڕووداودا یەکتری بەدەستێوەردانی ناوخۆیی تاوانبار دەکەن[٤].

---

[١] آرون. ال فرید برگ: م.پ، ص١٢٣.

[2] Robert Sutter: Op.Cit, P.lxivp.

[3] Harry harding: Op.Cit, p.11.

[٤] محمد مهدی، مظاهری: تبین رقابتهای چین و ایالات متحدەی امریکا در چارچوب نظریەی چرخەی قدرت، فصلنامەی تحقیقات سیاسی و بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، شماره دوم، تابستان ١٣٨٨، ص ٨٦.

ناکۆکییەکان لە بارەی مافی مرۆڤەوە بۆ تێڕوانینی هەر دوو وڵات دەگەڕایەوە، ئەمریکا مافی مرۆڤ و دیموکراسی بە بەشێکی دانەبڕاوی سستمی دەرەوەی خۆی دەزانێت، چینیش پێوابوو ئەمە بابەتێکی ناوخۆییە، نابێت هیچ وڵاتێک دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتاندا بکات[1].

لەبەرئەوە مافەکانی مرۆڤ هەمیشە یەکێک لە خاڵەکانی ئاستەنگ و زۆرجاریش جێگای وەبەرهێنانی ئەمریکا بووە، چونکە بە گوێرەی بارودۆخە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بابەتی مافی مرۆڤی وەک پرەنسیپێکی جیهانی بەکاربردووە، بۆیە پەیوەندیی ئەمریکا و چین گەلێک تەنگەژە و ناکۆکی بەخۆوەبینیووە، چونکە چین بە هۆی جۆری سستمە تۆتالیتاریەکەیەوە تۆمەتبار بوو بە پەیڕەونەکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە زیندانیە سیاسییەکانەوە هەیە و ڕێگەنەدان بەوەی خاچی سوور بچێتە نێو هەرێم و ناوچەکانی چین، هەروەها ئەو دۆسیە خراپەی لە مافەکانی مرۆڤدا لە ناوچەی تبت هەیەتی، ئەمریکا لە ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، دەستگیرکردنی ئۆپۆزسیۆن و خراپی بارودۆخیان لە زیندانەکاندا ڕۆڵی گێڕاوە[2].

جیمی کارتەر لەبەرئەوەی زۆر گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدا بە (سەرۆکی مافەکانی مرۆڤ) ناسرابوو، هەردوای بەستنی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی نێوان ئەمریکاو چین، بە یەک هەفتە دینگ جولانەوەی دیواری دیموکراسی سەرکوتکرد و چالاکەوانێکی بەناوبانگی بەناوی (Jingshen Wei – وی ژینگشینگ)ی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ حوکمدا و زیندانیان کرد، ئەمەش لەلایەن کۆنگرێس و کارتەرەوە نارەزایەتیەکی زۆری لێکەوتەوە، هەرچەندە کۆنگرێس داوای کرد پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ چیندا هەڵپەسێرن، بەڵام هەوڵەکەیان سەرینەگرت[3].

لەسەردەمی ڕێیگن ناکۆکییەکان لە بارەی مافی مرۆڤەوە بە ئاشکرا دەرکەوتن، کێشەی گەورەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان بوو، ساڵی ١٩٨٢ ڕێیگن هێرشی کردە سەر پێکهاتەی سیاسی چین، لەبەرئەوەی کە بەردەوامە لە کۆتوبەند خستنە سەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین، لەبەرئەوە دەستی وەردایە ناو کاروباری چینەوە کە پەیوەستبوو بە بابەتەکانی مافی سیاسی و سنوردانانی وەچە خستنەوە و مافی مرۆڤ لەتبت و مەسەلەکانی تر[4].

تەنانەت بەهۆی کێشەی یاریزانی تێنسی چینی (هونا) لەساڵی ١٩٨٣، چینی نیگەرانکرد و سەرجەم ئاڵوگۆڕە کولتووری و وەرزشییەکانی هەردوو وڵاتی بۆ ماوەی حەوت مانگ هەڵوەشاندەوە[5].

دوای مردنی (هۆیۆبانگ)ی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە بەهاری ١٩٨٩، خۆپیشاندانێکی گەورە لە ناوەڕاستی پەکین و لە (مەیدانی تیانانمین) لەلایەن خوێندکاران و ڕۆشنبیران دەستیپێکرد،

---

[1] حذفاني نجيم: م.س، ص١٧١-١٧٢.

[2]جهاد عمر محمد الخطيب: العلاقات الأمريكية الصينية آفاق الصراع والتعاون ٢٠٠٨م – ٢٠١٥، المركز الديمقراطي العربي، مصر،٢٠١٦، ص٢١-٢٢؛ أميمة على طه: م.س، ص ١١٨.

[3] David shambaugh: Op.Cit, p.37.

[4] ليو شيه تشنج، ولى شى دونج: م.س، ص٢٠٥-٢٠٦.

[5] Joshua A. Litten :American-educated Chinese Students and Their Impact on U.S.- China Relations, College of William and Mary, A thesis Williamsburg, Virginia,2009, p74

داوای مـافی ئـازادی و ڕادەربـڕین و کۆتاییهێنـان بە گەنـدەڵییان کـرد، لە ٣-٤ حـوزەیرانی ١٩٨٩ ئەم خۆپیشـاندانانە بە هێـز وەڵامـدرانەوەو کـوژراو برینـدارێکی زۆری لـێکەوتەوە، ئەمریکـا نـاڕەزایەتی خـۆی دەربڕی و سەرجەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین هەڵپەسارد[١].

لە دوای ڕوداوی (تیانـانمین)ی سـاڵی ١٩٨٩، سـەرۆکی ئەمریکـا جـۆرج بوشـی بـاوک لە پێنجـی (حـوزەیران) ڕایگەیانـد: کە چەنـد ڕێکـارێکی سـزا ئـامێز لە دژی چـین دەگـرێتەبەر، لەوانەش ڕاگرتنـی سەرجەم (سەردانەکانی گەورە بەرپرسەکان، مامەڵە سەربازیی و بازرگانی)یەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، دوبـارە چاوخشـاندنەوە بە بـابەتی وەرگرتنـی خوێنـدکارە چینیەکـان لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان، ئەم ڕووداوە بـووە هـۆی دەسـتپێکێکی نـوێ لە پەیوەنـدییەکانی ئەمریکـا و چـین، بێمتمـانەییەکی ترسـناکتر لە جاران سەریهەڵدا[٢].

لەو مـاوەیەدا نـاجێگیری لە پەیوەنـدییەکانیان بەدیکـرا، بەهـۆی ئـاڵوگۆڕی سـەردانی سـەرکردایەتی سیاسـی ئەمریکـاو تـایوان تەنـانەت کارگەشـتە ئەوەی لە ٥ی حـوزەیرانی ١٩٨٩ بە هۆکـاری پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەمریکا سزای بەسـەر چیندا سـەپاند، داوای لە دەوڵەتـان و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکـان کرد هیچ هاوکاری و قەرزێک بە چین نەبەخشن[٣].

جۆرج بوشـی بـاوک نیگەرانـی خـۆی بەو ڕەفتـارانەی حکومەتی چـین دەربـڕی، زنجیرەیەک ڕێکـاری گرتەبەر بۆ سەپاندنی سزا بەسەر چیندا، کە ئەویش ڕاگرتنی فرۆشتنی سەرجەم چەک و کاڵای بازرگانی بوو، وەستانی کاتی بۆ سەردانە هاوبەشەکانی سەرکردە سەربازییەکان لە نێوانیان، ڕەزامەنـدی دەربـڕی لە سـەر دوبـارە چاوخشـاندنەوە بە بـابەتی تـازەکردنەوەی مـانەوەی کـاتی خوێنـدکارە چینیەکـان لە ئەمەریکـا، پێشکەشـکردنی هاوکـاری تەندروسـتی و مرۆیـی لە ڕێـگەی کـۆمەڵەی خـاچی سـوور، پێداچوونەشی بە سـەرجەم بوارەکـانی دیکەی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیـان کرد، لە شەشـی حـوزەیرانی ١٩٨٩ ئەنجـومەنی پیرانـی ئەمریکـی هـانی سـەرۆکی ئەمریکایـدا کە سـزاکان لەسـەر چـین جێبەجێبکـات، کۆمەڵێـک ڕێکـاری لەخـۆدەگرت وەک؛ داواکـردن لە بـانکی بازرگـانی ئەمریکـا و کۆمپانایـا وەبەرهێـنە تایبەتەکان بە کەمکردنەوەی کۆمەڵێک هاوکاری دارایی و بازرگانی، کۆتوبەند لەسـەر بازرگانی چین و مۆڵەتی بازرگانی چینی سنوردار کرد، داوای لە ڕادیۆی ئەمریکـا کرد بە زیـادکردنی ئەو بەرنامـانەی بە زمـانی چینـی پەخـش دەکران، هاوکـات ئەنجـومەنی نـوێنەران ڕەزامەنـدی لە سـەر ئەو سـزا و ڕێکـارانە دەربڕی[٤]، ڕێگرتن لە ناردنی مانگی دەستکردی ئەمریکا و فرۆشتنی وزەی ئەتـۆمی و تەکنەلۆژیا بە چین و پێداچوونەوە بە ڕێگەدان بە ٤٠ هەزار خوێندکار و توێژەری چینی بە مانەوەیان لە ئەمریکادا[٥].

ئەمریکا بە ئەنقەست دۆسیەی مافی مرۆڤیان وەک کارتی فشار لەسەر چین بەکارهێنا بۆ ئەوەی چین لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنگەتاوبکەن، فشار خستنە سەری لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەگەڵ چین،

---

[1] Nancy Bernkopf Tucker: Op.Cit, p.437-438.

[2]Harry harding: OP.Cit, p.8.

[٣] علی محمد رسن زكي: م.س، ص٢٤٦.

٤ ليو شيه تشنج: م.س، ص٥٨-٥٩.

٥. م.ن، ص٦٠-٦١.

ڕاپۆرتی ساڵانەی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا بڵاودەکردەوەو تێیدا ڕەخنەو گازاندەی سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە چین دەخستەڕوو.

ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام دروشمی دیموکراسی و مافی مرۆڤی دەوروژاند، لە ناویاندا مافی ئازادی بیروڕا بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر چین، لەو چوارچێوەیەدا بەتوندی دژایەتی کۆمەڵێک بابەتی دەکرد، لەناویاندا بابەتە سیاسییەکان کە سستمی کۆمۆنیزمی دەگرتەوە و ڕەخنەی لێدەگرت و داوایدەکرد چاکسازی تێدا بکرێت[1].

## شەشەم – رووخانی سۆڤییت و گۆڕانی هاوسەنگی هێز:

یەکێتی سۆڤێت و تەوژمی سۆسیالیستی و جەنگی سارد، ڕۆڵێکی دیارو کاریگەرییان لەسەر فۆرم و ئاڕاستەی پەیوەندییەکان و لێکنزیکبوونەوەی چین و ئەمریکا هەبوو، بەتایبەت لە کەمی هاوپەیمان و دۆستە سیاسییەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا، دوای شۆڕشی ئیسلامی ئیران و کۆتایی ڕژێمی پەهلەوی لە ١٩٧٩، پێویستی ئەمریکا بە پەیوەندییەکی تەباو هاوڕێک لەگەڵ چین زۆر زیاتربوو، بەڵام لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیست، ئەم پەیوەندییانە گۆڕانی بەسەرداهات، بەتایبەت لەسایەی سستمی تاکجەمسەریی و شکستی سۆڤێت. لەبەرئەوە هاتنی بۆشی باوک بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، دوای ڕوخانی جەمسەرە ڕکابەرەکەی (یەکێتی سۆڤێت)، مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ چین بەتوندی دەرکەوت، ئەگەرچی بۆش پێشتر خۆی باڵیۆز بوو لە چین و سەرۆکی دەزگای ئاسایش و جێگری سەرۆکی پێشوو بوو، بەڵام سەرۆکایەتیەکەی بە دروستکردنی قەیران لەگەڵ چین دەستیپێکرد، بەتایبەت کە لە هەوڵدابوو دیدی خۆی بەسەر سستمی نێودەوڵەتی تازە بسەپێنێت[2].

بوشی باوک لە توندی سەرکردە چینییەکان نا ئومێد بوو، لەسەر بازرگانی و کێشەکانی تر هەڵوێستی توندی گرتەبەر، هەروەها گومرگی زیاتری لەسەر کاڵای چین سەپاند، هەرچەندە کۆنگرێس و ڕاگەیاندنی ئەمریکی ناڕازی بوون، بوش پەیوەندییە فەرمییەکانی لەگەڵ تایوان بە ناردنی شاندێکی وەزاری بۆ تایپی و فرۆشتنی ١٥ فڕۆکەی F-16 بەتایوان بە بڕی ٥ ملیار دۆلار دەستپێکردەوە[3]، کە ئەمە یەکێک لە قەیرانە مەترسیدەرەکانی نێوان هەردوو وڵات بوو[4].

## حەوتەم – پەیوەندییە دەرەکییەکانی چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

مافی مرۆڤ تەنیا نیگەرانی نێوان چین و ئەمریکا نەبوو، بارودۆخی وزەی جیهان و هەبوونی گریمانەکانی تەواوبوونی نەوت لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی بیستدا و هەبوونی پەیوەندیی چین لەگەڵ وڵاتانی نەیارانی ئەمریکا، دیپلۆماسی ئیدارەدانی وزەش هاتە سەر ئاستەنگی ئەو پەیوەندییانە، هەرچەند هەڵسوکەوتەکانی چین بە ئاڕاستەیەک نەبوو بگاتە ئاستی تێکدانی پەیوەندییەکان یاخود پێکدادانی

---

١. زینب عبدلله منکاش :م.س،ص٢٥٨.

٢ م.ن، ص٧٨-٧٩.

3 Robert Sutter: Op.Cit, p.lxvii

٤ لیو شیه تشنج ولی شی دونج: م.س، ص ٢٥٦.

سەربازیی، بەڵام ڕکابەری هەردوولایان لەسەر وزە بە تایبەتی نەوت، لەو سۆنگەوە کە هەر دووکیان بەکارهێنەری سەرەکین لە جیهاندا بە ڕوونی دەرکەوتبوو، چین لەم ڕووەوە سیاسەتێکی ئارامتری پەیڕەوکردووە و لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ناوچە نەوتییەکانی جیهان بووە[١].

سیاسەت و جوڵەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاستەنگێکی پەیوەندیی چین و ئەمەریکایە، هاوکات لەگەڵ گەشەی ئابووریی و فراوانکردنی هاوکارییە ئابوورییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە؛ وڵاتە عەرەبییەکان، ئێران، تورکیا، ئیسرائیل، دەسەڵات و هەژموونی سیاسی چین لە ناوچەکەدا ڕوو لە زیادبوون بوو، لە هەمانکاتدا چین ئارەزووی دەستێوەردانی لە کێشەکانی ناوچەکە هەبوو، زۆرجاریش بە گوێرەی بارودۆخی جیهان، خۆی وەک بێلایەن دەرخستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا چین جۆرێک لە هاوسەنگیی بە تایبەتی لە شەڕی عێراق و ئێراندا پاراستووە، چونکە ئەو جەنگە هاوکات بوو لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی دینگ لەگەڵ ئەمریکا، نەیدەویست ببێتە هۆکار و کۆسپێک بۆ ئەو پەیوەندییانە و تێکچوونیان[٢].

هەژموونی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هۆکار بوو بۆ ئەوەی واشنتۆن بەرانبەر بە کارەکانی چین هەستیاربێت، لە ئەمەریکادا بۆچوونێکی وا لە ئارادا بوو کە گوایە چین بە شێوەیەکی ئامانجدار پشتیوانی لەو وڵاتانە دەکات کە لەگەڵ ئەمەریکادا ناکۆکن، لەوانە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمەریکییەکان دەیانزانی هەژموونی چین لە ناوچەکەدا بەنەیارەکانی ئەمەریکاوە ناوەستێت، بەڵکو وڵاتە دۆستەکانیشی لە ڕێکخراوی هاریکاری کەنداو، ئەردەن و ئیسرائیلی گرتۆتەوە[٣].

کێشەی سەرەکی ئەوە بوو کە ناکۆکییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە تێچوویان زۆر بوو، ئەمەش هەلێکی گەورەی خستە بەردەم پەکین و لە کۆتاییدا خەرجی و بارگرانی ئەمەریکای زیاتر کرد، چین تەنانەت لە گفتوگۆکانی نێوان هێزە گەورەکان بە شێوەیەکی سنووردار هەڵوێستی وەرگرت، لە دۆسیەکانی دیکەی وەک کێشەی (ئەتۆمی ئێران)یش هاوسەنگی ڕاگرت و خۆی لە چوونە ناو ئەو گەمەیە پاراست، کە تێچوونێکی زۆری هەبوو، چین لە پرۆسەی هەژموونی ئابووری و سیاسییەکەی بەردەوامبوو، درێژەی بە ستراتیژیی هەستانەوەی بێدەنگی خۆی دەدا[٤].

یەکێکیتر لە ئاستەنگەکانی پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا، فرۆشتنی چەک و ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و فرۆشتنی چەک بە وولاتانی تر بوو، ئەوکاتەی چین موشەکی M.11ی دوری ناوەندی بە پاکستان فرۆشت، ئەمریکا سزای ئابوری بەسەر چیندا سەپاند، بە هەمانشێوە بە پێی

---

[١] مسعود موسوی شفائی و گلتاب درابی: اهداف و ابعاد دیپلومای انرژی چین، فصلنامەی روابط خارجی، سال سوم، شمارە چهارم، زمستان ١٣٩٠، ص ٧٧.

[٢] نوذر شفیعی: سیاست خارجی چین و جنگ تحمیلی، فرهنگ پایداری، پیش شمارە هفتم، آذر ١٣٨١، ص٥٧.

[٣] عبداله قنبرلو: آثار دوگانە گشایش ....، ص٦٢.

[٤] هـ .م، ص ٤٥–٦٨.

ڕاپۆرتە ئەمریکییەکان دەرکەوت کە چین لەڕێی تەکنەلۆژیاوە یارمەتی گەشەپێدانی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران دەدات، ئەمریکا نیگەرانی دەربڕی و بڕیاری سەپاندی سزای ئابوری بەسەر چیندا ڕاگەیاند[1].

هەرچەندە لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق – ئێران ١٩٨٠–١٩٨٨، چین بێلایەنی هەڵبژارد، نەیدەویست پشتیوانی ئێران بکات لە جەنگەکەدا، چونکە لە کۆی ٢٢ وڵاتی ئەندام لە وڵاتانی یەکێتی عەرەب پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵ ١٩ وڵاتیان هەبوو، لەگەڵ ئەوانیتریشدا پەیوەندی نا فەرمی هەبوو، لە لایەکی ترەوە پشتیوانی ئێرانی بە ئاشکرا نەدەکرد، ڕەچاوی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەروی هەمویانەوە ئەمریکا دەکرد[2]. بەڵام بە نزیکبونەوەی سۆڤیەت لە ئێران لە کەنداوی فارسدا ،چین ئەمەی بەمەترسی لەسەر بەرژەوەندییە ئابوریەکانی دەزانی لە ناوچەکەدا، وایکرد چین لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا پاشەکشەبکات و ئێران ئەمەی بەهەلزانی مەودای پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکین فراوانترکرد، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی چین چەک بە ئێران بفرۆشێت. ئێران لە ساڵانی ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٦ نزیکەی ١٨٤٥ گرێبەستی کڕینی چەکی لەگەڵ چین بەبڕی ١١٦٥ ملیۆن دۆلار واژۆکردووە، ئەمەش ئەکاتە یەک لەسەر حەوتی کۆی هاوردەکردنی چەک بۆ ئێران، چەکەکانیش بریتی بوون لە ٥٠ فڕۆکەی G– 7 و تانک و تۆپخانە و موشەکی کاتیۆشا، ئەم چەکانە لە ڕێگەی پاکستانەوە دەنێرانە ئێران، هەروەها لە ساڵانی ١٩٨٠–١٩٨٨ چین بەبڕی ١٥٧٩ ملیۆن دۆلار چەکی بە عێراق فرۆشتووە، ئەمەش پێنج لەسەر شەشی کۆی بوجەی تەرخان کراوی کڕینی چەک بووە لەو ساڵانەدا، بەگشتی چەکەکان بریتیبوون لە تانکی جۆری ٥٩ و٦١ و تۆپی ١٢٢،١٣٠،١٥٢ میلیمەتر، موشەکی F-6 و F-7 بوون، ئەم چەکانە لەڕێگەی میسرەوە دەنێرانە عێراق[3].

بە پێی بەڵگەنامەیەک کە کۆنگرێس لە١٤ی تەموزی ١٩٨٨ بڵاویکردووەتەوە، چین لەهەشتاکاندا موشەکی لە جۆری (کرمی ئاوریشم)[4]ی بە ئێران فرۆشتووە، ئەمەش کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکای نیگەرانکردووە، چونکە دەبوونە هەڕەشە لەسەر گواستنەوەی دەریایی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لەسەر کەشتی و دەریاوانە ئەمریکییەکان، هەروەها لەو بەڵگەنامەیە ئاماژە بە فرۆشتنی چەک بە ئێران و عێراق

---

[1] محمد یوسف صالح درادکة: م.س، ص١٩٠

[2] محمد حسین جمشیدی و گلتاب دارایی: سیاست خارجی چین در قبال جنگ ایران وعراق، مجله سیاست دفاعی، سال هجدهم، شماره ٧٢، پایز ١٣٨٩،ص٣٣.

[3] م .پ، ص٤٥–٤٦.

[4] گرنگترین ڕەهەندی هاوکاری چین بۆ ئێران لە جەنگی عێراق ئێران، فرۆشتنی موشەکی ئاوریشم بوو، (ئەم موشەکە مەودای١٠٠ کیلۆمەتر دەبڕێت و کڵاوەیەکی ٤٥٠ کیلۆیی هەڵدەگرێت، مەترسیەکی گەورەی لەسەر هاتوچۆیی کەشتیە نەوت هەڵگرەکانی کەنداوی فارس هەبوو، ئەم موشەکە ساڵی ١٩٨٦ داواکرا و لەساڵی ١٩٨٧ گەیشتە ئێران، هەرچەندە ڕێیگن داوای لە چین کرد فرۆشتنی چەک بە ئێران بوەستێنن، ئەوەیان خستەڕوو کە ئەو چەکانە لە داهاتودا دەبنە مەترسیش لەسەر بەرژەوەندیەکانی چین، چونکە لەوانەیە بەسودوەرگرتن لەو چەکانە ئێران گەروی هورمز دابخات و ئابوری جیهان بخاتە مەترسیەوە، بڕوانە: (محمد حسین جمشیدی و گلتاب دارایی: م.پ، ل٤٧–٤٩).

کراوە، موشەکی CSS-2 بە سعودیەو موشەکی بالستی بە سوریا فرۆشتووە، لەبەرئەوە کۆنگریس داوای وەستاندنی پەیوەندییە سەربازی و تەکنەلۆژییەکانی ئەمریکای لەگەڵ چیندا کردووە[1].

جەنگی عێراق ئێران درێژەی کێشا، جەنگ خزابووە ناوچەی کەنداوی فارس، کە بووە جێگەی مەترسی کەشتیوانی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، ئەمریکاو بەشێک لە وڵاتانی عەربی فشاریان خستە سەر ئەنجومەنی ئاسایش تا سنورێک بۆ هێرشەکانی ئێران دابنێت لە ناوچەکەدا، نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٨٤بڕیاری ٥٥٢ دەرکرد، کە تایبەت بوو بە پاراستنی کەشتیوانی لە ناوچەکەداو چین دەنگی بەبڕیارەکەدا، بەڵام دەنگی بە بڕگەیەک لە بڕیارەکە نەدا کەتایبەت بووبە گەمارۆ خستنەسەر چەک فرۆشتنی بە ئێران، چین داوایکرد بەڕێوبردنی کەنداوی فارس بسپێردرێت بە وڵاتانی ناوچەکە[2].

ئێران لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ خۆی بووە لەمپەر و ئاستەنگێک کە خەریک بوو پەیوەندی نێوان هەر دوو وڵاتی چین و ئەمریکا بخاتە مەترسیەوە، چونکە لەو ساڵەدا لە گەرمەی شەڕی عێراق و ئێراندا، چین ژمارەیەک موشەکی دژە کەشتی بە ئێران فرۆشت، ئەمەش ئەمریکای زۆر بە خێرایی هێنایە سەر هێڵ، لە ئەنجامدا گەلێک کۆمپانیای چینی کەوتنە بەر سزا و ئابلۆقەی ئابووریی، لە ڕێی گوشارەکانەوە بە تایبەتی (کارتی تایوان) گەلێک مامەڵە و گرێبەستی گرنگیان لەگەڵ ئێران پێهەڵوەشاندەوە، چونکە لەو ساڵانەدا ئەمریکا زۆر بە وردی فرۆشتنی چەکی بە ئێران خستبووە ژێر چاودێریەوە، جگە لە بابەتی تایوان چەندین بەرژوەندی خۆی لەگەڵ چیندا هەڵپەسارد، هەرچەندە چین لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێراندا بە جۆرێک لە جۆرەکان حەزی لە وەبەرهێنان بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ گوشارەکانی ئەمریکا فراوانبوون و لە ساڵی ١٩٩٢ توانی وا لە چین بکات بە تەواوەتی لەم ڕوانگەوە کۆتایی بە هاوکاری ئێران بهێنێت[3].

هەرچەندە چین سیاسەتی بێلایەنی بەرانبەر جەنگی عێراق ئێران ڕاگەیاندبوو، بەڵام بە بۆچونی سەرکردایەتی چین ئەمە بەواتای گۆشەگیربونی چین نەبوو، بەڵکو بەسەرنجدان بەرێرەوی بەرژەوەندی چین لە سیاسەتی دەرەوەیدا ئەم جەنگە دەتوانێت ببێتە هەلێکی باش بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی ناوچەکەو نێودەوڵەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت، لەلایەکی ترە پەیوەندیەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی عەرەب وایکرد چین پشتیوانی ئێران نەکات، لەلایەکیتریشەوە بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە پاراستنی تایوان و تبتیەکان چین نیگەرانبوو، ئەمە وایکرد چین هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە بپارێزێت و نەهێڵێت لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبیەوە ئێران گۆشەگیر بکرێت، ئەمەش وایکرد چەک و جبەخانە بە ئێران و عێراقیش بفرۆشێت؛ فرۆشی چەک بە عێراق لەسەر بنەمای سیاسەتی هاوسەنگی ناوچەی کەنداوی فارس بنیادنرا، فرۆشی چەک بە ئێران لەسەر بنەمای هاوسەنگی لە هەیکەلی نێودەوڵەتی بوو[4].

---

[1] Congress of the Uited States house of Representatives Washington.Dc 20515, july 14 1988, P.18. .(٥) پاشکۆی ژمارە

[2] محمد حسين جمشيدی و گلتاب دارایی: م.پ، ص٤١ .

٣. محسن شريعنی نيا: عوامل تعيين كنندەی روابط ايران و چين، فصلنامەی روابط خارجی، سال چهارم، شماره دوم، تابستان ١٣٩١، ص ٢٠٢.

[4] هـ .م،ص٤٤.

**هەشتەم – (یوان) وەک جێگرەوەی (دۆلار):**

کێشـەیەکی دیـار لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی چین و ئەمەریکادا بۆ لۆژیکی سستەمی دراوی چین دەگەڕێتەوە، پسپۆڕ و شارەزایانی بازرگانی ئەمریکی بە سەرنجدان لە سیاسەتی دراوی نەختینەی چین، بۆیان ڕوونبوویەوە کە سیاسەتی ئابووریی و نەختینەیی چین دابەزینی بەهـای دۆلار بەرانبەر بە (یـوان) بەدوای خۆیـدا دەهێنێـت، ئەمەش پرۆسـەی بازرگـانی نێـوان ئەو دوو وڵاتە بە زیـانی ئەمەریکـا دەشـکێنێتەوە[1]، لەبەرئەوە یەکێک لە کێشـە گەورەکـان لە پەیوەنـدییە بازرگانیەکـانی ئەمریکـاو چـین و (هەندێ وڵاتی دیکە) بابەتی سیاسـەتی نەختینەییی بوو، چونکە پییانوابوو خستنەڕوی تـایبەتی چین بە دانانی نرخی رینینمبی یان یوان لەبەرانبەر دۆلار، هاوردەکردن لە چینەوە بۆ ئەمریکا گرانتر دەکات و بە پێچەوانەشـەوە، هەنـاردەکردن لە ئەمریکـاوە بـۆ چـین هەرزانتـر دەکـات، لە ئەنجامـدا ڕێـرەوی بازرگـانی نێوان ئەو دوو وڵاتە هاوسەنگی لەدەستدەدات[2].

بە بۆچـوونی ئەوان، جێگیرکردنـی نرخـی یـوان بەرانـبەر دۆلار بە جۆرێک لە پاڵپشـتی پێناسـە نەکـراو هەژماردەکرێت، کە لاوازبوونی چەند پیشەسازییەکی جۆراوجۆری ئەمەریکای لێدەکەوێتەوە، ڕەخنەگرانی ئەمەریکـا لەو بڕوایەدابـوون سیاسـەتی دراوی نەختینـەی چـین لەلایەن وڵاتە ئابوورییەکـانی دیـکەی ڕۆژئـاوای ئاسـیا پەیڕەوکـراوە، کـاریگەرییەکی هاوشـێوەی لەسـەر ئـابووری ئەمەریکـا بەجێهێشـتووە، بە پشـتیوانی فراوانـی یەدەگـی نەختینـەی چـین کەتوانـایەکی گەورەی هەیە بـۆ جێگیرکردنـی نرخـی دراو، کۆشکی سپی چەندین جار چینیان بە تۆمەتی ڕەفتاری خراپ و قۆستنەوەی بازرگانی سەرزەنشتکرد[3].

بـابەتی دراوی چینـی (یـوان) کێشـەی هەڵواسـراوە لە پەیوەنـدیی بازرگـانی چـین و ئەمریکـا، چـونکە ئەمریکـا پێیـوایە چـین هەوڵـدەدات ئاڕاسـتەو کۆنترۆڵی دراوی خـۆی بکـات، ئەمەش کـاریگەری نەرێنـی لەسەر نرخی دراو دەبێت، لەبەرئەوە داوایکرد کە نرخـی دراوەکەی دیاریبکرێت[4]. واتە نـاکۆکی بازرگانی چین و ئەمریکا لەسەر نرخی خەرجکردنی یوان دروستبوو، ئەمریکا سستمی هەڵسەنگاندنی دراوی چینی بە بەرپرسیاری ئەو کەموکورتییە ئاشکرایانە لەقەڵەمدا کە لەئاڵوگۆڕە بازرگانییەکاندا دروستدەبوون و لەبەرژەوەنـدیی چـین بـوون، تـاوەکو قـازانجێکی زیـاتر لەسـەر ئەژمـاری هاوسـەنگیی بەرژەوەنـدییە بازرگانییەکانی ئەمریکا بەدەستبخات، بەئامـانجی کەمکردنەوەی تێچووی کەرەستەی خـاو و سـەرچاوە مرۆییەکانی، لەکاتێکدا حکومەتی پەکین ڕایگەیاند کە لەڕێگەی مـانەوەی لەسـەر سستیمی هەڵسـەنگاندنی نرخـی خەرجکردنـی دراوەکەی نەبێت، ناتوانێت ڕوبەڕوی ئاڵنگارییە ئابوورییەکـان ببێتەوە و بەسـەریدا زاڵبێت، ئەمریکا کەلوپەلەکانی بەدۆلار لە چین دەکڕی، چینیش دراو و دۆلاری ئەمریکی کۆدەکردەوە، ئەم

[1] زینب عبدالله منکاش: م.س، ص٢٤٧.

[2] عبداله قنبرلو: مناسبات اقتصادی آمریکا- چین، ص١٢٤.

[3] هـ .م، ص١٢٤-١٢٥.

[4] زینب عبدالله منکاش: م.س، ص٢٤٧.

پرۆسەیە چینی کردە خاوەنی ٢.٥ ترلیۆن دۆلار لە یەدەکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، کە هەمووی بەشێوەی سەنەد بەسەر بەڕێوەبەری گەنجینە ئەمریکییەکاندا دابەشیدەکرد[١].

**نۆیەم – کێشەی تبت:**

هەرێمی تبت دەکەوێتە ئەوپەری ڕۆژئاوای چین، لەگەڵ هندستان لە باشور و یەکێتی سۆڤێت (پێشوو) لە باکور، ئەفغانساتان و پاکستان لە ڕۆژئاوا هاوسنورە، ڕوبەرەکەی ٨٠٠ میلە، لەساڵی ١٩١١ کاتێک فەرمانڕەوای کینگ کۆتای پێهات، تبتیەکان حکومەتێکی سەربەخۆی دیفاکتۆیان دامەزراند، بەڵام چین هەر بەبەشێک لە خۆی دادەنا ودانی بەوحکومەتە نەدەنا، بەریتانیا پشتیوانی لە تبتیەکاندەکردو دەیپاراستن بەمشێوەیە ئەم دەوڵەتە بەردەوامبوو هەتاوەکو دامەزراندی کۆماری میللی چینی لە ساڵی ١٩٤٩، سوپای چین لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٠ هێرشی کردە سەر تبت وکۆتایی بەوحکومەتەی دەلایلاما هێنا، سەرەڕای بەردەوامی شەڕو ململانێ لەنێوان تبتیەکان وسوپای چیندا دواجار لە ساڵی ١٩٦٥ ئۆتۆنۆمی درا بە تبتیەکان[٢]. ئەم هەرێمە بە کێشەیەکی هەستیاری پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین ئەژماردەکرێت، لەوکاتەی پارتی کۆمۆنیستی چین ساڵی ١٩٥١ تبتی کۆنترۆڵکرد و ڕووبەڕوی دەسەڵاتی تبت بووەوە، سیاسەتی بێدینی پارتی کۆمۆنیست نیگەرانی لای تبتیەکان دروستکرد[٣]. بە گوێرەی سەرچاوەکان دەزگای هەواڵگری ئەمریکا CIA هەر لە پەنجاکاندا کەمپێکی سەربازیی بەناوی (هاڵ) لە کۆلارادۆ بۆ مەشقپێکردنی شۆڕشگێڕە تبتیەکانی تاراوگە دامەزراندووە، لە کۆتایی ١٩٥٩ بەهۆی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی تبتیەکان لەلایەن حکومەتی چینەوە، دەلایلاما بە یاوەریCIA بۆ هیندستان هەڵهات، لەوێ ئێزگەیەکی ڕادیۆیان بۆ کردەوە[٤].

لە هەشتاکاندا کێشەی تبت بە هۆی بڵاوبونەوەی بابەتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەردەوامی سەرکوتکردنی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلایەن چینەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا وەک تەوەرەیەکی سەرەکی گرنگی پێدەدا، جیاوازی هەبوو لە سەرکردایەتی سیاسی ئەمریکا، کۆنگرێس زیاتر ئەم بابەتەی زەقدەکردەوە بەڵام کۆشکی سپی بەهۆی ئاسایبونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین، دەیویست گرژییەکانی لەگەڵ چین کەمبکاتەوە، ساڵی ١٩٨٧ کۆنگرێس فشاری خستە سەر کۆشکی سپی بۆ پاراستنی کولتووری تبتیەکان و ناچارکردنی پەکین کە ماف و ئازادی بە تبتیەکان بدات[٥].

کێشەکانی مافی مرۆڤ لە تبتدا لە ناوەڕاستی هەشتاکان زیاتر گرنگی پێدرا و تبتیەکان چالاکانە دەستیانکرد بە وروژاندنی ڕای گشتی ئەمریکاو کۆنگرێس، تا فشار بکەنە سەر پەکین بۆ بەدەستهێنانی

---

[١] م.ن، ص٢٤٧ –٢٤٨.

[٢] علي محمد رسن التميمي: م.س، ص٦٥؛
Elliot Sperling: The Tibet – China Conflic: History and Polemics, The East – West Center Washington, Washington Dc, 2004, P.60.)

[3] Susan V. Lawrence & Thomas Lum: US-China Relations: Policy issue, congressional Research Service, USA, 2011, p.20.

[4] Kerry Dumbaugh: Tibet: Problems, Prospects, and U.S. Policy, Congressional Research Service, Order Code RL34445, July 30, 2008, P.14.

[5] Kerry Dumbaugh :Op.Cit, P.15.

مافەکانیان، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧ دەلایلاما سەردانی ئەمریکای کرد، پاش چەند ڕۆژێک زنجیرەیەک خۆپشاندان لە شاری (لهاسا)ی تبت دەستیپێکرد، حکومەتی چین بە شێوەیەکی توند خۆپشاندانی تبتیەکانی سەرکوتکرد، ٢٠ کوژراو و سەدان برینداری لێکەوتەوە[١]. بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٩٠ زنجیرەیەک خۆپشاندان هەرێمی ئۆتۆنۆمی شینجیانگ Xinjiangی گرتەوە و بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکرا، گروپێک لەموسڵمانە ئیگۆرییەکان جیهادیان لە دژی حکومەتی چین ڕاگەیاندو لە چەند ڕوبەڕوبونەوەیەکدا ٢٢ ئیگۆری کوژران و٢٠٠ دەستگیرکران[٢].

**دەیەم – پەرەپێدانی سوپا:**

هەمیشە ئەمریکا لە هەڵکشانی تێچونە سەربازییەکانی چین و گەشەسەندنی سوپای چینی لە هاوردەکرنی چەک و تەکنەلۆژیا لە ڕوسیاو دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بەدگومان بوو، چونکە پێیوابوو ئەمە دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە زەریای هێمن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ڕۆڵی سوپا لەسیاسەتی چین زیادبوو[٣].

لە ساڵی ١٩٩٠ چین بە هۆی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و بە تایبەتی ئەمریکا هەیبوو، هاوکات بەهۆی فراوانبوونی سەرمایە و داهاتی، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، پەرەپێدانێکی مەزنی بۆ سوپاکەی هەبوو[٤]. ئەم هەوڵانە کاردانەوەی فراوانی لەلایەن وڵاتانی زلهێز و دراوسێکانی لە ئاسیا لێکەوتەوە، لەم نێوەندەدا ئەمریکا، بەهۆی بەرژەوەندییە فراوانەکانی لە هەموو جیهاندا و بە تایبەتی ئاسیا، زیاتر لە وڵاتانی دیکە، لە فراوانبوون و بەهێزبوونی چین لە بوارەکانی ئابووری و بە تایبەتی سەربازیی نیگەران بوو، چونکە لەدیدی ئەمریکاوە چین هێزێکە لە سستمی نێودەوڵەتیدا بە هەبوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی هێز، کە بریتین لە: ژمارەی دانیشتوانی زۆر، ڕووبەری فراوانی زەوی، ئابووری پتەو و سوپای بەهێز، توانای ئەوەی هەیە ببێتە هێزێکی مەزن و هەژموونی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە[٥].

هەمیشە پرسیارێکیش وەک نیگەرانی و ئاستەنگی پەیوەندی چین و ئەمریکا لە بارەی چالاکی و پەرەپێدانی سەربازییەوە بوونی هەبوو، ئەویش بریتی بوو لەوەی لەگەڵ ئەوەی هیچ دەوڵەتێک نەبووەتە هۆکاری مەترسی بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام بۆچی چین بەردەوام توانای سەربازی خۆی پەرەپێدەدات؟ ئەمەش ئاستی ئەو نیگەرانییە هەمیشەییەی ئەمریکا و ئاستەنگی بەردەم پەیوەندییەکانی هەردوولا دەردەخات[٦].

---

[1] Nancy Bernkopf Tucker: Op.Cit, p.411-412.

[2] JONATHAN FENBY: Op.Cit, p.645.

[٣] أميمه على طه: م.س، ص٨٤

[٤] احمد جانسيز و سجاد بهرامى مقدم: آمريكا و ظهور جهانى چين، فصلنامه روابط خارجى، سال هفتم، شماره سوم، پاييز ١٣٩٤، ص ١٢٥.

[٥] سعيد وثوقى و ديگران: تأثير قدرت يابى چين بر روابط و رقابت آمريكا، فصلنامەی پژوهشهای بين الملل، دورەی هشتم، شماره چهارم، شماره پياپى سى ام، زمستان ١٣٩٧، ص٢٠.

[٦] حيدر على بلوچى: قدرت افكنى چين، مجلەی راهبرد دفاعى، دوره هشتم، شماره ٣٠، پاييز ١٣٨٩، ص ١٨.

**پانزەیەم – ناهاوسەنگیی بازرگانی:**

یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی پەیوەندییەکانی چین ئەمریکا، زیادەی بازرگانی (زیاتربوونی هاوردە لە ناردەنی) بوو، سەرەڕای گەشەسەندنی پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان، کۆنگرێسی ئەمریکا بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین نیگەرانبوو، لەبەر مافەکانی مرۆڤ لەلایەک و هەروەها بوونی ناهاوسەنگی لە بازرگانی هەردوو دەوڵەتدا کە بەردەوام لە بەرژەوەندی چیندا بوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بە گرتنەبەری چەند سیاسەتێکی ئابوری ستەمکارانە چینی تۆمەتبارکرد، کە دەبووە هۆی پڕبوونی بازاڕی ئەمریکی بە کەلوپەلی چینی هەرزان، لەلایەن خۆیەوە چین وەڵامیدایەوە کە بەرپرسەکانی وەزارەتی بازرگانی ئەمریکی بۆ دەرخستنی کورتهێنانی بازرگانی بەرانبەر بە چین، پەنادەبەنە بەر یاریکردن بە ژمارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی[١].

هۆکاری سەرەکی لە کورتهێنانی بازرگانی ئەمریکی لەگەڵ چیندا، بۆ نزمی نرخی شمەک و کاڵا چینییەکان دەگەڕێتەوە، چین تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی نرخی دراوەکەشی بەرانبەر دۆلار جێگیربکات، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری کردبووە سەرنزمی نرخی دۆلار، لە ڕێگەی کڕینی سەنەدەکانی گەنجینەی ئەمریکاوە، چین گەورەترین دابینکاری قەرزبوو بە ئەمریکا، زۆری و هەرزانی شمەک و کاڵای چینی، بەشێکی کارگە ئەمریکیەکان توانای ڕکابەری شمەکە چینیەکانیان لەدەستدابوو، بۆ کەمکردنەوەی تێچون ناچار بە دەرکردنی کارمەندەکانیان بوون، ئەمەش زیادبونی بێکاریی لێکەوتبوویەوە، لەبەرئەوە کۆشکی سپی چەندین جار گومرگی لە سەر شمەک و کاڵای هاوردەی چینی زیادکرد[٢].

ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی زیادەی بازرگانی، هەندێ کۆتوبەندی بەسەر بازرگانی لەگەڵ چیندا سەپاند، ڕێژەی هاوردەی قوماش و جلوبەرگی چینی کەمکردەوە، چینیش بەرپەرچی ئەوکارەی ئەمریکای دایەوەو کۆتوبەندی بەسەر هاوردەی لۆکەی ئەمریکیدا سەپاند، هەڕەشەی گەڕانەوە و کارپێکردنی هەندێ یاسای دژی سیاسەتی فرۆشتنی شمەک و کاڵا بە کەمتر لە بەهای خۆی خستەڕوو، دزینی بیرۆکەی داهێنانەکان لەلایەن چینەوەو کۆپیکردنی سیدی مۆسیقاو گۆرانی و سیدی کۆمپیوتەرو دیزاینی جیاوازی پەیڕەوکرد، بە هۆی ئەمکارەی چینەوە ساڵانە ئەمریکا نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار زیانی بەردەکەوت، ڕێگرتن لە هێنانی گەنمی چینی بۆ ئەمریکا بە هۆکاری بوونی نەخۆشی کشتوکاڵی بە گەنمەکەوە، لەبەرئەوە بەرپرسانی ئەمریکی لە ئاستی باڵا سەردانی چینییان دەکرد بۆ فشار خستنەسەر چین تا بازاڕەکانی چین بەڕوی بەرهەمە ئەمریکییەکاندا بکرێنەوە[٣]. زیانە ئابووریەکانی دزینی بیرۆکەو کۆپی کردنی بەرهەمە ئەمریکییەکان ساڵانە زیاتر دەبوو . لەسەرەتای نەوەدەکان ئەمریکا ڕایگەیاند کە بەهۆی دزینی بیرۆکە ساڵانە نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن دۆلار زیان دەکات (ئەمریکا پێیوابوو چین ٩٠٪ بەرنامەکانی مایکرۆسۆفت بەشێوەیەکی نایاسایی کۆپی دەکات)[٤].

---

[١] باهر مردان (الدكتور): العلاقات الصينية – الامريكية، دار انكي للنشر و التوزيع، بكين، ٢٠١٤، ص٨.

[2] Usha Kashyap&, Neha Bothra: Sino-US Trade and Trade War, Management and Economics Research Journal, Issue 54, Vol. 5, USA, 2019, P.3.

[٣] حنان محمد نمر عياد: م.س، ص٢٧-٢٨.

[٤] باهر مردان(الدكتور): العلاقات الصينية ...، ص٨.

ئەم گرفتانە قەبارەی بازرگانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی نێوانیانی کەمکردەوە، لە نیوەی یەکەمی ١٩٨٢، لە ٦٦٢.٧ بۆ ٣٣.١ ملیۆن دۆلار لە نیوەی یەکەمی ١٩٨٣ کەمیکرد، ئەمەش کاریگەریی کردە سەرپرۆژە بازرگانییەکانی ئەمریکا، ٥٥٠ ملیۆن دۆلار زیانیان بەرکەوت[١].

ئەمەریکا لە کورتهێنانی بوجەی بازرگانی نیگەرانبوو، کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا هۆکاربوو بۆ ئەوەی ئەمریکا ڕێگربێت لەوەی چین بچێتە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، چونکە ناردەنی چینی بۆ ئەمریکا ٢٠٪ بوو، بەڵام هاوردەی ئەمریکی بۆ چین ٢٪ بوو، بە واتایەکیتر هاوردەی چینی بۆ ئەمریکا زۆر زیاتر بوو لە هاوردەی ئەمریکی بۆ چین[٢]، لە ساڵی ١٩٩٠ چین هەوڵی بچوککردنەوەی بازاڕی ئەمریکای دەدا، بەردەوام لە هەندێ بابەتی بازرگانی و داراییدا لە ناکۆکی و ململانێدا بوون، یەکێک لەو ناکۆکیانە کورتهێنانی بازرگانی نێوانیان بوو، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٠ بڕی ٢.٧ ملیار دۆلار زیادەی بازرگانی ئەمریکابوو لەگەڵ چین، واتە چین ڕێژەی کورتهێنانی بازرگانی هەبوو، ئەم ژمارەیە ساڵی ١٩٨٥ دابەزی بۆ سفر، دواتر بۆ خوارتریش لە کاتێکدا کورتهینانی بازرگانی ئەمریکا لە بەرانبەر چین لە ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە ١٠.٤ ملیار دۆلار[٣].

لەساڵی ١٩٩١ زیادەی بازرگانی لە بەرژەوەندی چیندا ١٥ ملیار دۆلاربوو، لە ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە ١٨.٢ ملیاردۆلار[٤].

بەگشتی ڕێژەی هاوردەو ناردەنی چین بۆ ئەمریکا ساڵانە زیادیدەکرد، لەساڵی ١٩٨٥ ڕێژەی هاوردەی چین لە ئەمریکاوە ٣.٨٥٥.٧ ملیار دۆلار بوو، ناردەنی لە چینەوە بۆ ئەمریکا٣.٨٦١.٧ ملیار دۆلار بوو، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٩٢ زۆر زیادی کرد، هاوردەی چین ٧.٤١٨.٥ ملیار دۆلار بوو، لەکاتێکدا ناردەنی چین بۆ ئەمریکا گەیشتە ٢٥.٧٢٧.٥ ملیار دۆلار، واتە زیاد لە ١٨ ملیار دۆلار لە بازرگانی ئەمریکی کورتیهێناوە[٥].

یەکێکی تر لە گۆڕەپانەکانی پرۆسەی فراوانخوازی پەکین ئەفەریقابوو کە تێیدا وەبەرهێنان و هەژمونی چین ڕکابەریەکی توندی ئەمریکا دەکرد، دەستبەسەراگرتنی بازاڕی بەکاربردن، کەشی وەبەرهێنان و سەرچاوەی سروشتی ئەم کیشوەرە بۆ ئەم دوو هێزە گرنگ بووە، بەتایبەت دەستبەسەراگرتنی سەرچاوە سروشتیەکانی ئەفەریقا خاڵی گرنگی ڕکابەرێتی ئەو دوو هێزەبوو[٦].

لە سەدەی بیستەم بۆ پاراستنی مافی خاوەنداریێتی فیکری مەیلێکی زۆر دروستبوو، بابەتی خاوەنداریێتی فیکری گرژیی لە پەیوەندییە بازرگانیەکانی ئەمریکاو چین دروستکرد، ئەمریکا تۆمەتی

---

[1] Vladimir Lukin: Op.Cit, p.1152-1153.

[٢] حنان محمد نمر عیاد: م.س، ص٢٥-٢٧.

[٣] عبداله قنبرلو: مناسبات اقتصادي آمريكا- چين ...، ص١٢١.

[٤] زينب عبدالله منكاش: م.س،ص١٩٣.

[٥] م.د. علي طارق الزبيدي: الحرب التجارية بين الويلايات المتحدة الامريكية والصين وتأثريها فى الاقتصاد العالمى ٢٠١٧-٢٠١٩، مجلة العلوم السياسة ،ع٦٠، الجامعة العراقية/كلية الادارة والاقتصاد ،٢٠٢٠، ص٤١٩.

[٦] عبداله قنبرلو: آثار دوگانه گشايش اقتصادي ... ،ص٦٢.

ئاڕاستەی چین دەکرد، کە کۆمپانیاکانی لە ڕێگەی پێشێلکردنی ئەو مافە بێ ئەوەی تێچووەکەی بدەنە بەرهەمێنەرە ئەمریکیەکان هەڵدەکوتنە سەر مافی خاوەندارێتی کۆمپانیا ئەمریکیەکان[١].

[١] زینب عبدالله منكاش: م.س، ص٢٦٢.

## ئەنجام

لە پاش لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون بۆ سیاسەتی ریفۆرم و کرانەوەی چین و کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی چین -ئەمریکا لە ماوەی (١٩٧٨-١٩٩٢)، گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا بخرێنەڕوو:

• ئەزموونی فەرمانڕەوایی دینگ شیاوپینگ، ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە ئەگەرچی بەربەست و تەنگژەکان گەورە و گران بن، بەڵام هێشتا ویستی گۆڕین و چاکسازیی و زاڵبوون بەسەر کێشەو قەیرانەکاندا، لە ڕووانگەی بەرنامە و میتۆدێکی گونجاو بەکات و شوێن، توانستی هەنگاو و بازدانی گەورەی هەیە، بەجۆرێک لەماوەیەکی کورتی ١٤ ساڵیدا، توانی بناغەی چین وەک هێزێکی ئابووریی و سیاسی و کولتووریی جیهانی بونیاد بنێت.

• ئەگەر یەکێک لە پرسیارە گەوهەرییەکانی مێژوو، هەوڵدان بێت بۆ یەکلاییکردنەوەو دەستخستنی ئەو وەڵامەی کە (ئایا مێژوو پاڵەوان دروستدەکات، یاخود پاڵەوان مێژوو دروستدەکات)، لەم سەربەنەوە سەیری مێژووی چین بکەین لە سەردەمی دینگ شیاوپینگ و لە قۆناغی ١٩٧٨-١٩٩٢، ئەو ڕاستییە دردەکەین کە چۆن جیهانبینی و متمانە ویستی تاکەکەسی لە ئاڕاستەپێدان و پەرەپێدانی کۆمەڵگە، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەو چارەنوسساز دەبینێت، کۆمەڵگەیەک کە بونیادێکی شلۆق و لاوازی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی هەبوو، ئاستی هەژاریی تێیدا بەرز و ڕێژەی بێکاریی فراوان بوو، سستمی سیاسیی و حزبی بە ڕایەڵە ئایدیۆلۆژییەکان تەنرابوو.

ئەم وڵات و کۆمەڵگەیە لەسایەی بوێریی و پلانڕێژیی دینگ، توانی بە ئاستێکی خێرایی چاوەڕواننەکراو، چین لە قۆناغی کۆمۆنەوە، بۆ سەردەمی پیشەسازیی و مۆدێرن بگوازێتەوە، گرنگترین میکانیزم و میتۆدی کارکردنی، بەزاندنی سنورە ئایدیۆلۆژییەکان و دروستکردنی مۆدێلێکی نوێی بونیادیی ئابووریی، کە تێکەڵێکبوو لە سۆسیال – سەرمایەداریی.

• لایەنێکی دیکەی ئەم قۆناغە و ئەزموونی چاکسازیی چین، ئەو تێگەیشتنە گشتی و هەمەلایەنەیە کە بۆ چاکسازی هەیە، دینگ زۆر بە وردی توانی پێداویستی و کەرەستەکانی چاکسازیی فەراهەمبکات، تێگەیشتبوو کە چاکسازیی تاکڕەهەند نییە، تەنها ئاستی ناوخۆیی ناگرێتەوە، دۆست و هاوپەیمان و هاوئاوازە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی بەسنین.

لەبەرئەوە بەئەندازەی کارسازیی و خۆسازدانی ناوخۆیی و گۆڕانکارییەکان، هەڵوێست و مامەڵە و میتۆدی سیاسەتی دەرەکی و نێودەوڵەتی گۆڕی، لەبری ئەو خۆ قەتیسدانە ئایدیۆلۆژییانەی سەردەمانێک بوو چینی خزاندبووە بازنەی پەیوەندییە سۆسیالیستییەکانی ناوچە و ئەو ڕق و بوغزاندنەی چینی لە

وڵاتانی سەرمایەداریی و ڕۆژئاوایی گۆشەگیرکردبوو، پراگماتیکیانەو بەدروشمی بەکارهێنانی بەرانبەرەکان ڕەش بن یاخود سپی، لەپێناو تێکشکاندنی بەربەستەکانی پەرەسەندنی چین و ڕاوکردنی بەرژەوەندییەکان، تەواوی پەیوەندییەکانی سەرلەنوێ بونیادنایەوە.

- چین لە پرۆسەی خۆبونیادنان و چاکسازییدا و لە قۆناغی جیاجیادا ڕووبەڕووی چەندین شکست و کێشەی گەورە بووەوە، بەڵام چینییەکان هەمیشە بە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخ و هەڵەکانیان هەنگاوی گەورەتر و بوێرانەتر ڕەخنەکاریی خۆیان دەکرد، لەبەرئەوە جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕیفۆرم و کرانەوە بە شێوازی هەنگاو بە هەنگاو لە ئاراستەی خۆی بەردەوامبوو، بەجۆرێک سەرەتا لە چەند ناوچەیەکی هەڵبژێردراودا ئەزموون کرا، لە هەر ناوچەیەکدا ئەزموونەکە سەرکەوتووبووایە، چاکسازییەکە فراوانتر دەکراو بۆ هەرێمەکانی دیکە دەگوازرایەوە.

- گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان و پشتبەستن بە لێهاتوویی و توانا بەرزەکان، لەڕێگەی گۆڕینی پەیکەر و پرۆگرامی فێرکردن و ئامانجدار بەرەو بەدەستهێنانی زانست و تەکنەلۆژیا، بەتایبەت بە ناردنی ژمارەیەکی بەرچاوی خوێندکار بۆ دەرەوەو خوێندنیان لە پسپۆڕییە گرنگ و ناوازەکانی سیاسەت و ئابووری و تەکنۆلۆژیا و فیزیا و ... تاد، پاشان گەڕانەوەیان بۆ چین و خستنە کاری زانست و زانیارییەکانیان لە خزمەت گەشەی وڵاتدا، هەنگاویکی گرنگ و کاریگەری سیاسەتی دینگ بوو.

- یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی دیکەی چین، بەرزکردنەوەی ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی بوو، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێکڕای وەبەرهێنانی ناوخۆیی چین، پێشکەشکردنی جیاووک و ئاسانکاریی تایبەت لە بواری باجەکان و ڕێکارەکانی هاتنە ناوەوە و دەرچوون بۆ بازرگانە بیانییەکان، سەرنجی وەبەرهێنەکانی بۆ خستنەگەڕی سەرمایەکانیان لەچین ڕاکێشا، کە وایکرد وەبەرهێنانی بیانی لە هەموو لایەکەوە بۆی دەڕۆیشتن و پشکی گەورەشیان لە نێوان وڵاتە گەشەسەندووەکاندا بەردەکەت.

لەپێناو زیاتر بەهێزکردنی ئەم پرۆسەیەشدا، بە درێژایی کەناراوەکان چەند ناوچەیەکی ئابووری تایبەتی دامەزراند، ئەم ناوچانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە سیستەمەکانی بیرۆکراسی و دەستێوەردان خاڵیبوون.

- بوونی ڕێژەیەکی گەورەی ژمارەی دانیشتوان، هۆکاری زۆریی دەستی کاری هەرزان و لێهاتوویی بوو، کۆمپانیا بیانییەکان و بەتایبەتی ئەمریکیەکان سوودی زۆرییان لێوەرگرت، ئەمە بۆ چینییەکانیش گرنگ بوو، چونکە ئەزموون و شارەزایی بونیاتنراو و کەڵەکەبووی وڵاتانی پێشکەوتووی دەهێنایە چین و کرێکارە چینییەکان ئەو ئەزموونانەیان وەردەگرت.

- هێزی نەرم چەمکێکی نوێی بواری پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانە، بەڵام ڕیشەکانی لەفیکری ئایینی و سیاسیی چیندا بوونی هەبوو، کەوایکردووە ئاسانتر دەسەڵاتدارو سیاسییەکانی چین وەک میکانیزمێکی گرنگ و قبوڵکراو بڕوای پێبهێنن.

لەســەردەمی سیاســەتی چاکســازیی و کـرانەوەی چینـداو لەسـایەی دەســەڵاتی دینـگ، هێـزی نەرم میکانیزمێکی گرنگی کرانەوەو سیاسـەتی دەرگـای کـراوەی چـین بـوو، کلیلـی ڕزگـاربوونی چـین بـوو لە دابڕاوی سیاسی و نێودەوڵەتی.

هێـزی نەرم لە چەنـد لایەنەوە بـۆ چـین گرنگبـوو؛ یەکەمیـان تێپەڕانـدنی قۆنـاغی پەراوێزخـراوی نێـودەوڵەتی بـوو، دووەمیـان گرەنتـی کردنـی سـەرچاوەی ووزەی ڕەوتـی سـەرپێخراوی پیشەسـازیی ناوخۆیی بوو، سێیەمیشیان دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی بوو بۆ بەرهەم و شمەکە بەرهەم هاتووەکان.

- پەیوەنـدییەکانی چـین – ئەمریکـا، لەمێـژووی چینـدا بەفەرمـی بـۆ ١٧٨٤ دەسـتپێکردووە، بەڵام دوای جەنگی ئەفیون ١٨٣٩ەوە پەیوەندییە سـەربازییەکان دەسـتیان پێکردووە، کردنەوەی باڵوێزخـانەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان دەستپێکردووە.
- سیمایەکی دیاریی پەیوەندییەکانی چـین – ئەمریکـا تـا هـاتنی مـاو بـۆ دەسـەڵات لە سـاڵی ١٩٤٩، زۆرتر پەیوەندییەکانیان هێورو باشبووەو ئەمریکا بەهـۆی سیاسـەتی دەرگـای کـراوە، جیـاواز لە هێزە ئەوروپییەکان، نەک نەیویستووە کە چین داگیربکات، بەڵکو لە زۆربـاردا هـاوکـار و پاڵپشـتی چـین بـووە، لەبەرئەوە بەرژەوەندییەکانیشی پارێزراو بووە.
- بەهۆی گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکانەوە لەسەردەمی ماو تاسـاڵی حەفتاکـانی سـەدەی بیست، پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا، ئاستێکی زۆر خراپی بەخۆوەبینی، بەتایبەت نزیکبوونەوەی ماو لە سۆڤییێت کاریگەریی گەورەی هەبوو، هەروەهـا کێشـەی تـایوان لەو پەیوەندییانەدا پێگەیەکـی دیـاری هەبـوو، بەتـایبەت کە ئەمریکـا هەمیشـە لەبەرانـبەر سیاسـەتەکانی مـاو پاڵپشـتی تایوانیـدەکرد، ئەمە وایکردبوو کە چەندینجار مەترسی بەریەککەوتنی سەربازیی لەنێوانیاندا ڕوودەدات.
- ئەگەرچـی پەیوەنـدییەکانی چـین – ئەمریکـا لەسـەردەمی دینگدا سـڵەمینەوەو دڕدۆنگی لەنێـوان هەبوو، هاوکات بەربەستەکان بەئەندازەی پاڵنەرەکـان و هەنـدێک کـات زیـاتریش پەیوەنـدییەکانیان خـاو دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چین توانی سودێکی زۆر لە داڕشتنەوەی ئەو پەیوەندییانە وەربگرێت و بیکاتە یەکێک لە بونیـادە سـەرەکی و بناغەییەکـانی چاکسـازی نـاوخۆیی. واتە بەرنـامەی پەرەپێدانی ئابووریی و کولتووریی و تەکنۆلۆژیی چین کە دینگ وەک ستراتیژ بەئامانجی گرتبـوو، پێویسـتیکردبوو کە لەگەڵ ئەمریکـا پەیوەنـدییەکان بەهێزبکـاتەوە، بەتـایبەت کە پەروەردەکردنـی هێـزی مرۆیـی بـۆ چاکسازییەکان و بەدەستخستنی میکانیزمەکانی ئەو چاکسازییە لە ئەمریکاوە کارێکی ئاسـان بـوو، واتە پێویستی چاکسازیی هۆکارێکی بەهێزی باشبوون و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی چین ئەمریکا بووە.

## ڕاسپاردەکان

دوای توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە مێژووی چین لە ئەنجامی بینینی چەندین سەرچاوە دەکرێت چەند ڕاسپاردەیەک بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ لەسەر مێژووی چین بنوسن بخەینەڕوو:

١-بابەتی ڕیفۆرم و کرانەوەی چین وکاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی چین –سۆڤیەت پێویستە لای لێبکرێتەوە و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت.

٢-ڕۆڵ و کاریگەریی دینگ شیاوپینگ لە ڕزگارکردنی چارەنوسی چین، لەشکستی سیستمی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی.

٣- کاریگەریی کێشەی تایوان لەسەر پەیوەندییەکانی چین-ئەمریکا.

٤-کاریگەریی هێزی نەرم لەسیاسەتی دەرەوەی چیندا.

٥-هاوکات دەکرێت قۆناغی چاکسازیی و کرانەوەی چین وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو، هەموو ئەو نەتەوەو دەوڵەتانە سوودی لێوەربگرن کە خواستی چاکسازیی و گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریی و تەکنۆلۆژییان هەیە، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد دەکرێت زۆر وانەو هەنگاوی گرنگی لێوەفێرببین.

# سەرچاوەکان

**یەکەم - بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

1) Congress of the United States house of Representatives Washington. DC 20515, July 14 1988.
2) Deng Xiaoping, Selected Works of Deng Xiaoping, Vol. 3 (1982–1992), 2 Ed. Foreign Languages Press, Beijing,1995.
3) Foreign Relation of the United States: 1977-1980, Volume Xlll, China, Document.
4) General Agreement on Tariffs and Trade, Restricted, L. 3545, 28 June 1971 Limited Distribution.
5) Nai- Ruenn Chen: China under the four modernizations part 2 selected papers submitted to the joint economic committee congress of the United States, Washington, December 30, 1982.
6) United States General Accounting Office: Nuclear Agreement Cooperation between the United States and the Peoples Republic of China, GAO, Washington, November27 1985.
7) United states of America, Department of Defense: US-China Scientific and Technological Relationships, The Joint Chiefs of Staff, no 20301, Washington, 5 September.
8) Work paper: United States- Military Relations, 1979-1985: Analysis and Chronology, 2January1986.

**دووەم - نامە زانکۆییەکان:**

أ- بەزمانی عەرەبی:

٩) أميمه على طه: العلاقات الصينية – الأمريكية بعد الحرب الباردة، الماجستير في العلاقات الدولية، جامعة الخرطوم، ٢٠٠٢.
١٠) إيمان مكركب أبران و زوجة سرغين: مكانة العامل الاقتصادي و دوره المستقبلي في العلاقات الأمريكي الصينية 1990- 2020، الماجستير في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة الجزائر٣، السنة الجامعية: ٢٠١٣– ٢٠١٤.
١١) بلحربي عومار:الثقافة الكونفوشيوسية: دراسة في ألابعاد الثقافية للصعود الإستراتيجي الصيني، اطروحه دكتوراه .جامعة الجزائر ٣ـ ابراهيم سلطان شيبوط، 2019/2018
١٢) توفيق حكيمي: مستقبل التوازن الدولي في ظل الصعود الصيني، أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه العلوم في العلوم السياسية تخصص العلاقات الدولية، جامعة باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم العلوم السياسية،٢٠١٤-٢٠١٥.
١٣) حذفاني نجيم: العلاقات الصينية الأمريكية بين التنافس و التعاون –فترة ما بعد الحرب الباردة-، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية والعلاقات الدولية، مقدمه لجامعة الجزائر، ٢٠١١.
١٤) حنان محمد نمر عياد: العلاقات الصينية – الأمريكية بعد انتهاء الحرب الباردة: المتغير فى الموقف الأمريكي من انضمام الصين الى منظمة التجارة العالمية، رسالة الماجستر، جامعة بيرزين، ٢٠٠٧.

١٥) زينب عبدالله منكاش: العلاقات الأمريكية الصينية بعد الحرب الباردة وأبعادها السياسية والاقتصادية، الدكتوراه في العلوم السياسية، جامعة النهرين، بغداد ،٢٠١٥.
١٦) سلام فاضل حسون المسعودي: هنري كيسنجر ودوره في سياسة الانفتاح الأمريكي على الصين (١٩٦٩-١٩٧٧)، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب قسم التاريخ، جامعة بغداد، ٢٠١٢.
١٧) سميحة زروخي: العلاقات الصينية – الأمريكية بين التعاون و الصراح منذ أحداث ١١ سبتمبر ٢٠٠١ و، الماستر في العلوم السياسة و العلاقات الدولية، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، ٢٠١٦-٢٠١٧.
١٨) سها عادل عثمان البياتى: ماوتسى تونغ و دوره السياسى فى الصين، رساله ماجستر، جامعة بابل، كلية التربية للعلوم الانسانية، ٢٠١٤.
١٩) سي محاند شهيناز نور الهدى: الإستراتيجية التجارية الجديدة للصين: دراسة حالة العلاقات الصينية الافريقية بعد الحرب الباردة، ماجستر في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة تيزي وزو، ٢٠١٨-٢٠١٩.
٢٠) شريف عبدالحكيم: تحديات السياسة الخارجية الصينية تجاه منطقة القرن الافريقي – بعد الحرب الباردة، رسالة ماجستر، كلية: الحقوق والعلوم السياسية قسم العلوم السياسية، جامعة محمد بوضياف المسيلة، الجـزائر، ٢٠١٧ -٢٠١٨.
٢١) صلاح حسن ربيح الربيعي: التجربة الاقتصادية الصينية ١٩٧٨-٢٠٠٠،بحث مقدم للحصول على درجة دكتوراه في التاريخ الحديث و المعاصر، كلية الاداب قسم التاريخ، جامعة بغداد،٢٠١٨.
٢٢) صهب سيف الدين شرباتى: التحول فى العلاقات الامريكية الصينية من المهمة الى الوفاق ١٩٤٥-١٩٧٢، رسالة الماجستير، معهد ابراهيم أبو لغد للدراسات الدولية، ٢٠٠٦-٢٠٠٧.
٢٣) عبدالرحمان بن سانية: الانطلاق الاقتصادي بالدول النامية في ظل التجربة الصينية، أطروحة الدكتوراه ،كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير والعلوم التجارية،جامعة أبي بكر بلقايد – تلمسان، ٢٠١٢-٢٠١٣.
٢٤) عبدالرحمن أوجانة: الصعود الصيني فى العالم المعاصر من خلال أهم المؤشرات والتقارير الدولية (١٩٩١-٢٠١٦)، و هي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في العلوم السياسة تخصص دراسات أمنية و إستراتيجية، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح، ٢٠١٧.
٢٥) علي حسين محمود باكير: مستقبل الصين فى نظام العالمي (دراسة في الصعود السلمي و القوة الناعمة)، مقدمة كجزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في العلوم السياسة، قسم العلوم السياسة، جامعة بيروت، ٢٠١٦.
٢٦) علي محمد زكي رسن التميمي: دينغ شياو بينغ و دوره السياسي فى الصين حتى عام ١٩٩٢م، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في التاريخ الحديث، كلية التربية الأساسية، الجامعة المستنصرية.

٢٧) فاطمة عوامر: تأثير القوة السيبرانية على الإستراتيجيات الأمنية للدول الكبرى ـ دراسة حالة الصين، الماستر في ميدان الحقوق و العلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية الحقوق و العلوم السياسية ،قسم العلوم السياسية، ٢٠١٧-٢٠١٨ .

٢٨) محمد عطية محمد ريحان: التجربة الإقتصادية الصينية و تحدياتها المستقبلية، رسالة ماجستير، كلية الإقتصاد والعلوم الإدارية، جامعة أزهر، ٢٠١٢.

٢٩) محمد محمود صبرى صيدم: دور النفط فى السياسة الصينية، هذه رسالة الماجستير، كلية الاقتصاد والعلوم الإدارية، جامعة الازهر،منشورة، غزة، ٢٠١٤ .

٣٠) محمد يوسف صالح درادكه: دراسة فى السياسة الخارجية الصينية (١٩٨٠-١٩٩٦ )،الماجستير في العلوم السياسية، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية، ١٩٩٨.

٣١) منال حسونة: الصين في السياسة الأمريكية: بين الحملات الانتخابية والسياسات الرسمية، الماجستير في الدراسات الدولية - تركيز الدبلوماسية، كلية الدراسات العليا، جامعة بيرزيت- فلسطين، ٢٠١٥.

٣٢) مولود خدايش: السياسة العسكرية الصينية في بحر الصين الجنوبي وانعكاساتها على ألامن الإقليمي للمنطقة، الماجستر في العلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح- ورقلة -، ٢٠١٦-٢٠١٧.

٣٣) ناديه كاظم العبودى: تطور الاوضاع السياسية الداخلية فى الصين ١٨٥٠-١٩١١، اطروحه الدكتوراه فى التاريخ الحديث، جامعة بغداد، ٢٠٠٦، ص٢٢٣.

ب- بەزمانی ئینگلیزی:

34) Chaudhry Saeed Ullah: CHINA’S SOFT POWER: CHANGING THE WORLD PERCEPTION, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degrees of MASTER OF SCIENCE IN DEFENSE ANALYSIS and MASTER OF ARTS IN SECURITY STUDIES (MIDDLE EAST, SOUTH ASIA, SUB-SAHARAN AFRICA), NAVAL POSTGRADUATE SCHOOL, MONTEREY-CALIFORNIA, 2015.

35) Eingereicht von Claus Knoth: Special Economic Zones and Economic Transformation the Case of the People's Republic of China, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Economics of the Department of Economics, the University of Konstanz, 2000.

36) JEFFREY PETER CREAN: WITH FEAR AND FAVOR: A RISING CHINA THREAT AND THE PATH TO NORMALIZATION 1954-1971, A Dissertation Submitted to the Office of Graduate and Professional Studies of Texas A&M University in partial fulfillment of the requirements for the degree of DOCTOR OF PHILOSOPHY, May 2017.

37) Joshua A. Litten :American-educated Chinese Students and Their Impact on U.S.- China Relations, A thesis submitted in partial fulfillment of the Requirements for the degree of Bachelor of Arts with Honors in History from the College of William and Mary in Virginia, Virginia,2009.

38) Kalika A. Tullock: China's Soft Power Offensive in the United States: Cultural Diplomacy, Media Campaigning, and Congressional Lobbying, SENIOR THESIS, CLAREMONT McKENNA COLLEGE ,2013

